# کۆسرەت رەسوڵ عەلی
# لەپەرلەمانی کوردستان

( ١١/٤/١٩٩٣ ـ ٢٢/١٢/١٩٩٤ )

ئامادەکردنی:
**مەسعودی مەلا هەمزە**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٢

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەلایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لەبوارە هەمەجۆرەكاندا.


كۆسرەت رەسوڵ عەلی لەپەرلەمانی كوردستان

ئامادەكردنی: مەسعودی مەلا هەمزە

بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران

سلێمانی ـ ٢٠١٢

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ( ٢٦١٥) ساڵی ٢٠١٢

لەدەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپ كراوە

دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر

تیراژ: (٣٠٠٠) دانە

ژ. زنجیرە: (٤٩٠)

**سەرپەرشتیاری زنجیرەی كتێب**

**عوسمان حەمەرەشید گورون**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ........................................................................................... | ٥ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦) رۆژی یەکشەممە (١١/٤/١٩٩٣) ............... | ١٣ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣١) رۆژی یەکشەممە (٢٥/٤/١٩٩٣) ............... | ١٦ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٢) رۆژی سێشەممە (٤/٥/١٩٩٣) ............... | ١٩ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦) رۆژی سێشەممە (١١/٥/١٩٩٣) ............... | ٢١ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٩) رۆژی سێشەممە (١٨/٥/١٩٩٣) ............... | ٣٨ |
| پرۆتۆکۆلی ئاهەنگی یادی یەك ساڵەی دەست بەکاربوونی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق ، شەممە ڕێکەوتی (٥/٦/١٩٩٣) ........................................ | ٤٧ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) رۆژی سێشەممە (١٥/٦/١٩٩٣) ............... | ٥٢ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) رۆژی سێشەممە (٢٢/٦/١٩٩٣) ............... | ٥٨ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) رۆژی سێشەممە (٢٩/٦/١٩٩٣) ............... | ٨٥ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی رۆژی شەممە (١٠/٧/١٩٩٣)...... | ١٠٢ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێکی خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ رۆژی یەکشەممە (٢٦/٩/١٩٩٣) ........................................................................ | ١٠٩ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) رۆژی سێشەممە (١٢/١٠/١٩٩٣) ............... | ١١١ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥) رۆژی چوارشەممە (١٥/١٢/١٩٩٣) .......... | ١١٨ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی یەکەم ساڵی ١٩٩٤ رۆژی چوارشەممە (٢/٣/١٩٩٤) ................................................................................ | ١٢٦ |

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥) رۆژی یەكشەممە رێكەوتی (٢٧/٣/١٩٩٤) .. ١٢٩
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢) رۆژی یەكشەممە (٣/٤/١٩٩٤) ............... ١٣٥
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٨) رۆژی دووشەممە (٤/٤/١٩٩٤) ............... ١٣٨
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١) رۆژی پێنجشەممە (٣٠/٦/١٩٩٤) ........... ١٥٢
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٧) رۆژی دووشەممە (٢٥/٧/١٩٩٤) ............... ١٥٦
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٨) رۆژی چوارشەممە (٢٧/٧/١٩٩٤) ............ ١٦٠
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٩) رۆژی شەممە (٣٠/٧/١٩٩٤) ............... ١٨٠
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١)ی نائاسایی رۆژی دووشەممە (١٥/٨/١٩٩٤) ٢٠٢
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢)ی نائاسایی رۆژی سێشەممە (١٦/٨/١٩٩٤) ٢٠٤
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣)ی نائاسایی رۆژی پێنجشەممە (٢٥/٨/١٩٩٤) ٢١٠
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤) ی نائاسایی رۆژی شەممە (٢٧/٨/١٩٩٤) ... ٢١٢
پرۆتۆكۆلی خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ رۆژی سێشەممە (٦/٩/١٩٩٤) .......... ٢١٤
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥) رۆژی یەكشەممە (٩/١٠/١٩٩٤) ............... ٢٢٠
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٨) رۆژی یەكشەممە (١٦/١٠/١٩٩٤) ............... ٢٢٧
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١) رۆژی پێنجشەممە (٢/١١/١٩٩٤) .......... ٢٣٦
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١) رۆژی پێنجشەممە (٢٤/١١/١٩٩٤)
كۆبوونەوەی دووەم ........................................................................ ٢٤٠
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٢) رۆژی شەممە (٢٦/١١/١٩٩٤) ............... ٢٤٨
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٤) رۆژی سێشەممە (١٣/١٢/١٩٩٤) ............ ٢٥١
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢١) رۆژی پێنجشەممە (٢٢/١٢/١٩٩٤) ........ ٢٥٩

# پێشەکی

هەموو سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاگاداری ئەو راستیەن کە لەساڵی ( ١٩٩٢) دا جەنابی مام جەلال داوای لە کاك کۆسرەت کرد پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکەمین حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، بەلاّم کۆسرەت رەسوڵ عەلی لە ترۆپکی رۆحی شۆڕشگێڕانەو زادەی شۆڕشی نوێو سەردەم و قۆناغی نوێی خەباتەوە داوای کرد هەڤاڵ فوئاد مەعسوم دەستنیشان بکرێت بۆ ئەو پۆستە، بەلاّم ساڵی ١٩٩٣ هەڤاڵ مام جەلال دوبارە هەمان داوای دوبارە کردەوەو کۆمیتەی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیش وەکو ئەرکێکی پێشمەرگانە و بە بڕیار بەسەریاندا سەپاند.

لە ١٧-٣-١٩٩٣ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کۆسرەت رەسوڵ بەرەسمی تەکلیف کراو لە ١١-٤-١٩٩٣ پەرلەمان بە تێکڕای دەنگ متمانەی بە کابینەکەی بەخشی.

لەسەرەتای پێکهێنانی کابینەی دوەمەوە کۆسرەت رەسوڵ عەلی گەورەترین کێشەی ئابوری هاتەڕێ، پارەی (٢٥) دیناری چاپی سویسری لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئیلغا کرایەوە، بەلاّم لەماوەیەکی کورتدا بەسەر ئەو تەنگوچەڵەمە ئابورییەدا زاڵبوو، کۆنترۆڵی داهاتەکانی کوردستان کراو

لـه بانكەكانـدا كۆكرايـەوە، موچـەی فەرمانبـەران و كەسـوكاری شـەهیدان و پێشـمەرگە دابەشـكرا، لـەو رۆژگـارەدا ژیـان و گـوزەران زۆر گرانبـوو، هێشـتا بڕیاری ( ٩٨٦) لە ئارادا نەبوو، كۆسرەت رەسوڵ بە یارمـەتی كابینەكـەی و بـە مەبەسـتی یارمـەتیـدانی خـەڵكی كوردسـتان دوو هـەنگاوی نـا: یەكـەمیان دەرگـای دامەزرانـدنی بـە روی خەڵكەكـەدا كـردەوە، دوەمـیش دابەشـكردنی زەوی نیشـتەجێ بەسـەر فەرمانبـەران و كەسـوكاری شـەهیدان و هاوڵاتیـان و ڕێگەشـی دا بـە فرۆشـتنەوەی ئـەو زەویانـە و دابینكردنـی بـژێوی ژیـان و جموجۆڵ كەوتەوە بازاڕەكانی كوردستان.

لـە مـاوەی كـاركردنی كابینـەی دووەمـدا ئاسـایش گەڕایـەوە شـارو شارۆچكەكان، یاسا لـە شـارەكاندا چەسـپا، هێزێكـی نـاوخۆی ڕێـك وپێـك پێكهێنـراو رێـژەی تـاوان زۆر كـەمبوەوە، كۆلێـژی پـۆلیس كرایـەوە، پێداویسـتیەكانی خوێنـدن و پـەروەردە و تەندروسـتی و گواسـتنەوەو گەیاندن و خزمەتگوزارییەكانی شارەوانی ڕێكخرانەوە.

ڕێگـەی تـازە بـۆ گونـدە ئاوەدانكراوەكـان كرایـەوە، موچـەو دەرماڵـە بـۆ زۆربـەی توێـژە جیاجیاكـان زیـاد كـرا، كەسـوكاری شـەهیدان موچـەیان بـۆ بڕایـەوە، دادوەران و پزیشـكان، خوێنـدكاران ..... دەرماڵـەیان بـۆ زیـادكرا. لەكابینەی یەكەم لە زانكۆكانی سلێمانی و دهـۆك تـەنها یـەك یـان دوو كۆلیـژ كرایـەوە، لـە كابینـەی دوەم بوون بە چوار كۆلێـژو چـەندین بـەش، لەدوایـدا تەنها لە زانكۆی سلێمانیدا (١٥) كۆلێژ بونی هەبوو.

هەر لە كابینەكەی كۆسرەت رەسوڵدا و لە ١٧-٨-١٩٩٣ یەكەمین هەنگاو نرا بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی خۆماڵی، كە دواترو لـە ٢٣-١٠-١٩٩٧ لەلایـەن ئەندازیارو تەكنیككارانی كوردەوە ئیش بە پاڵاوگەكە كراو لە ٥-١٢-١٩٩٧ بۆ یەكەمین جار لەمێژوی كورددا نـەوتی كـورد بـە دەسـتی كارمەنـدی كـورد بەرهەمهێنرا.

کۆســــــرەت رەســـــوڵ و حکومەتەکـــــەی لـــــە گەرمـــــەی کـــــارە خزمەتگوزارییەکانیانـدا بـوون شـەڕی نـاوخۆ لـە ١-٥-١٩٩٤ هەڵگیرسـا، کۆسـرەت رەسـوڵ هـەوڵێکی زۆریـدا بـۆ راگرتنـی شـەڕەکەو ئارامکردنـەوەی بارودۆخی کوردستان، لەو پێناوەشدا موجازەفەی بە ژیانی خۆشیەوە کردو رەنگە مێژوو خەڵکێکی زۆریش شایەدی روداوەکەی گونـدی میراوەی نێوان حەریرو شەقلاوە بن.

کۆسـرەت رەسـوڵ عـەلی لـە مـاوەی (٨) سـاڵی سـەرەکوەزیرانیدا زنجیرەی پرۆژەکـانی ئاوەدانکردنـەوەو بوژانـەوەو خزمـەتگوزاری بـەردەوام بـووەو لـە هـەموو لایەنەکانـەوە گەشـەی کـردوە، ئێمـە نـاتوانین لـەم پێشـەکیە کورتـەدا سـەرجەم کـارو پرۆژەکـان بخەینـە ڕوو، تـەنها ویسـتومانە لەڕێگـەی چـەند گوتـەو گفتوگۆیـەکی کۆسـرەت رەسـوڵەوە کـە لەپەرلەمانـدا کردوونـی کـارو هـەوڵ و مانـدوبونی سـەرکردەیەکی ئـەم گەلـە بخەینـە روو، کـە لەخـەباتی شاخ و پێشمەرگانەو شارو ئاوەدانی و نوێبونـەوەدا بـەرد بـە بـەردی کۆشـکی ژیـانی مـەدەنی و پەرلـەمانی و حکـومی هـەرێمێکیان دانـاوەو شـەونخونیان کـردوەو ئازاریـان چەشـتوەو جگـەر گۆشـەو کەسـوکارو خۆشەویسـتانیان لـە دەستداوە .

ئێمە ویستومانە نەوەی نوێ ئاگاداری ئەو راستیە بن کە سەرکردەکانیان چۆن بیریانکردۆتەوەو چۆن بڕیاریان داوەو لە رۆژنامـەو گۆڤارو پەرلـەمان و حکومەتدا چیانگوتوە. چیان ئاوەدان کردۆتەوەو چەندیان بنیاتناوەو چـەند خوێندنگەو قوتابخانەیان دروستکردوەو ....هتد

دەمانـەوێت نـەوەی نـوێ هـەموو سـەرکردەکانی دوێنـی بـە نەخوێنـدەوارو نەشـارەزای دونیـای ئـەمرۆو مۆدێرنێتـە لـە قەڵـەم نـەدەن، هەنـدێك لـەو سەرکردانە باسیان لەکۆمەڵێك پایەکانی دیموکراسی و مۆدێرنێتە کردوە کە سـالآنێك دوای ئـەوە کۆمەڵگەکـەمان پێـی ئاشـنابون، بـۆ نمونـە: خـودی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٩٥ دا مەکتەبی مافی مرۆڤی دامەزراند، بەڵام کۆسرەت رەسوڵ عەلی لە ٢٨-٤-١٩٩٣ دا، واتە ١٩ ساڵ بەر لە ئێستا و ١٠ ساڵ بەر لە روخاندنی رژێمی بەعس لەبەردەم کۆمەڵێك فەرمانبەردا دەڵێت: (ئێمە ئومێدەوارین کوردستان و ئەم حکومەت و پەرلەمانە ببێتە بنەمایەکی دیموکراسی وسەرانسەری عێراق بگرێتەوە و رژێمی دیکتاتۆری نەمێنێت و تەعەدودیەت هەبێ و دیموکراسیەت ومافی مرۆڤ بپارێزرێ و عەدالەت و یەکسانی لە بەینی خەڵکی عێراق هەبێ ). دە ساڵ دوای ئەو لێدوانە حکومەتی بەعس روخاو ئەم پەرلەمان و حکومەتەی خۆمان بوو بە بنەمای دیموکراسی و عێراقی گرتەوە .

تازە بە تازە خەڵکانێك بانگەشە دەکەن هێزی چەکدارو پێشمەرگە بکرێنە هێزێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی، بەڵام کۆسرەت رەسوڵ ٢٠ ساڵ بەر لە ئێستاو لەژمارە (٣٢) ی رۆژی ٢-٣-١٩٩٢ ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا، دەڵێت: ( ئێمە چەندینجار بڕیارمانداوە ئەم دیاردەیە ( چەکداری) نەهێڵین و هێزی پێشمەرگە لە یەك لەشکری یەکگرتودا کۆبکەینەوە، هیوادارین هەموو لایەنەکان ئەم مەسەلەیە بەجدی وەربگرن تا یاسا حوکم بکات ).

گەورەترین و پرشنگدارترین داواکاری و مافێك کە کۆسرەت رەسوڵ ساڵانێکی دورودرێژە بانگەشەی بۆ دەکات ستراتیژێکی نەتەوەیی و قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردییە، ئەوەتا لە ژمارە (١٥٥) ی رۆژی ٣-٨-١٩٩٢ ی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا دەڵێت: ( من بەش بە حاڵی خۆم زۆر لام گرنگە ئەم دوو حزبە ((یەکێتی و پارتی )) لەسەر ئاستی ستراتیژیەتی نەتەوەییەوە چوارچێوەیەکی هاوبەش دابڕێژن، دیارە دروستبونی هەر حزبێك ستراتیژیەتی حزبیش لەگەڵ خۆیدا دەخولقێنێ، هەر حزبەش ستراتیژیەتەکەی لەپێناو مەسەلە قەومیەکان و ستراتیژیەتی نەتەوایەتی دەداتە قەڵەم، بەڵام لەبەر بیرو بۆچونی جیاجیا روانین لە ستراتیژیەتیش

دەگۆڕێ، هەرچ حزبێك لەپێناو ستراتیژیەتی حزبەكەی خۆی تێدەكۆشێ، لەبواری بیروبۆچونیشدا وا حیساب دەكات كە بۆ دروستكردنی قەوارەیەك بۆ میللەتێك خەبات دەكات، ئەمەش بە ئاشكرا لە شیعاری حزبەكانی سەر گۆڕەپانی كوردستاندا دیارە، هەیە ئۆتۆنۆمی، ئەویتر مافی چارەی خۆنوسین. فرە حزبی دیاردەیەكی دیموكراسیەو ڕێگا لەوە ناگرێت خاڵە هاوبەشەكان یەكبخەین لەپێناو ستراتیژیەتی نەتەوایەتیدا ...).

دوای ٢٠ ساڵ لەو چاوپێكەوتنەی كوردستانی نوێ، لە ژمارەی ڕۆژی (٢٠١٢/٨/٢٨) ی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا كۆسرەت رسوڵ عەلی داوای هەمان ستراتیژیەتی نەتەوەیی و ڕێكەوتنامەیەكی ستراتیژیی گشتگیرو هەمەلایەنەی نێوان سەرجەم حزبە سیاسیەكانی كوردستان دەكات.

ئەوانەو دەیان نمونەو بابەت و گوتارو پێشبینی و لێكدانەوەی ئەگەرە سیاسیەكان كە كۆسرەت رەسوڵ عەلی لێی دواوە، لەم كتێبەو كتێبەكانی تردا دەیخەینە بەر دیدی خوێنەری كورد بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاگاداری ئەو كارانە بن كە سەركردەیەكی خۆنەویستی بە ئەمەك پێشكەشی كردووە، بۆ نمونە تەنها لەسەردەمی حوكمڕانی حكومەتەكەی كۆسرەت رەسوڵدا چەند نمونەیەك لە كارەكان دەخەینەروو كە لە ١٧-٣-١٩٩٣ دا لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە تەكلیف كراو لە ١٤-١-٢٠٠١ دا خودی كۆسرەت رەسوڵ یاداشتی دەستلەكاركێشانەوەی پێشكەش كرد.

- لە سەرەتای دەستبەكاربونەوە ئەمن و ئاسایش كۆنترۆڵكراو یاسا لەشارەكاندا چەسپێنرا.
- گیانی تەبایی و برایەتی رەچاوكرا.
- پێداویستیەكانی خوێندن و پەروەردەو تەندروستی و گواستنەوەو گەیاندن و شارەوانی ڕێكخرانەوە.
- ڕێگەی تازە بۆ گوندەكان كرانەوە.

- موچەو دەرماڵە بۆ چینە جیاجیاکان زیادکرا.

- کۆلێژی تازەو بەشی تازە لە زانکۆکان کرانەوە .

- لە ١٧-٨-١٩٩٣ یەکەم هەنگاو بۆ بەرهەمهێنامی نەوتی خۆماڵی لە بیری شیواشۆك و دروستکردنی پالاۆگە نرا.

- بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا هێڵێکی ستراتیژی ١٣٢ ك راکێشراو کەوتە کار.

- لەبواری دبلۆماسیدا چەندین نوسینگەی حکومەتی هەرێم لەپایتەختەکانی جیهاندا کرایەوە .

لە بواری داراییدا:

- دابینکردنی موچەو دەرماڵەی مانگانە بۆ فەرمانبەران.

- دابینکردنی پارەی پێویست بۆ پرۆژەی وەزارەتەکان.

- کۆنترۆڵکردنی داهات و زیادکردنی.

لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا:

ئاوەدانکردنەوەی زۆربەی گوندەکان.

- دروستکردنی ٣٧٠٠ یەکەی نیشتەجێبون بۆ ئاوارەوکەسوکاری شەهیدان.

- دروستکردنی ١٢ عیمارەی گەورە لە شاری سلێمانی.

لە بواری بازرگانی و پیشەسازیدا:

- بە گەڕخستنەوەی کارگە ستراتیژییە گەورەکانی وەکو چیمەنتۆی تاسلوجە، سەرچنار، جگەرەی سلێمانی، جلوبەرگی ئامادەکراو.

- هاوکاریکردنی کەرتی تایبەت .

- دامەزراندنی ویستگەیەکی ٢٩ میگاواتی کارەبا.

پەروەردە:

- دروستکردنی ٥١١ خوێندنگە .

- گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن.

- کردنەوەی ٥ پەیمانگای تازە لە قەزاکان بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان .

تەندروستی :

- دروستکردنی ٢١ نەخۆشخانەو ٣٤٣ بنکەی تەندروستی.

- زیادبونی ڕێژەی پزیشکان بە ٣٠٪ .

کشتوکاڵ:

- پەرەپێدانی کشتوکاڵ و زیادبونی بەروبومی کشتوکاڵی .

- گەشەپێدانی پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر.

- هەڵمەتێکی فراوان بۆ سەوزکردنەوەی کوردستان .

- دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی.

شارەوانی :

- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان .

- قیرتاوکردنی بەشێکی زۆری شەقامەکانی ناوشارو شارۆچکەکان .

- دروستکردنی سەدان باخچە .

- دابەشکردنی زیاتر لە ١٥ هەزار پارچە زەوی بەسەر فەرمانبەرو کەسوکاری شەهیداندا.

- تەواوکردنی بەشێکی زۆری کارەکانی پرۆژەی پارکی ئازادی ناو شاری سلێمانی .

- دانانی بەردی بناغەی شانۆی نیشتیمانی لەسلێمانی.

ئەوانەو دەیان کاری تر لە بوارەکانی گواستنەوەو گەیاندن و ڕۆشنبیری و خوێندنی باڵاو دادوەریدا .

ئـەم کتێبـە گفتوگـۆو وتووێـژەکانی کۆسـرەت رەسـوڵ عـەلی سـەرۆکی حکومـــەتی هـــەرێمی کوردســـتانی لـــەماوەی نێـــوان (١٩٩٣/٤/١١ ـــ ١٩٩٤/١٢/٢٢) لەپەرلەمانی کوردستان لەخۆ گرتووە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت کۆسرەت رەسوڵ لەوتەکانیدا لەپەرلەمان لەخەمی چەسـپاندنی ئاسـایش‌و چـاککردنی بـاری ئـابووری و ئاوەدانکردنـەوەی هــەرێمی کوردســتان‌و دابینکردنــی مووچــەی فەرمانبــەران‌و کەســوکاری شەهیدان‌و پێشمەرگە بووە.

هەموو ئەوانەش مشـتێکن لـە خـەرواری کارەکـانی کۆسرەت رەسوڵ عـەلی دەبـا مێــژووش شــایەدی پیــاوە ســەرکردەو دڵســۆزو خزمــەتگوزارەکانی گەلەکەی خۆیان بێت .

**سەمەد زەنگەنە**

**٢٩- ٩- ٢٠١٢**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ٢٦ )
# رۆژی یەكشەممە ١٩٩٣/٤/١١

كاتژمێر "١٠"ی سەرلەبەیانی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی ١٩٩٣/٤/١١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆكی ئەنجومەنو بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە ٢٦ی خولی ئاسایی یەكەمی سالی ١٩٩٣ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانو بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.

**بەڕێز: سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەكو ئاگادارن، پاش ئەوەی بەڕێز د. فوئاد مەعسوم سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستانی عێراق بە ئارەزووی خۆی داوای دەستكێشانەوەی لە پلەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستان كرد، ئەو داوایە لە ١٩٩٣/٣/١٨دا لەئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان پەسەند كرا، داواش لەبەڕێز د. فوئاد مەعسوم كرا بەردەوام بێ لەسەر بەڕێوەبردنی ئیشوكاری ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستانی عێراق تاكو كابینەی داهاتوو لە ئەنجومەنی نیشتمانییەوە متمانەی پێ دەدرێت، پاش وتووێژو راوێژكردن لەگەڵ كوتلەكانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان بەڕێز عەبدوللا رەسوڵ دەستنیشان كرا بۆ پۆستی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی

کوردستانی عێراقو بەڕێز "د. ڕۆژ نوری شاوەیس"یش بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق دەستنیشانکراوە، جا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیازە پەسەند کرا، بەش بەحاڵی خۆمان پیرۆزبایی لەهەردوو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەکەینو داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین، بەو بۆنەیەوە بۆ ماوەی نیو سەعات پشوو دەدەینو پاشان ئاگادارتان دەکەینەوە کە نووسراوی تایبەت بۆ هەردوو برایان ئامادە بکرێت.

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

**هەولێر/ نووسینگەی سەرۆک**

**ژمارە/**

**ڕۆژ/**

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی**

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سلاو و ڕێزمان**

حەزدەکەین بەرەسمی پێتانی ڕابگەیەنین کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە "٢٦"ی خولی یەکەمی ساڵی "١٩٩٣"یدا کە لە ١٩٩٣/٤/١١دا بەسترا، بڕیاری ژمارە "٢٢"ی خۆیدا بەناولێنانی بەڕێز "عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی" بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەڕێز "دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس" بەجێگری سەرۆک، دوای پەسەندکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز "دکتۆر فوئاد مەعسوم" لەپایەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمدا لە ١٩٩٣/٣/١٨دا. بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەین، خۆشحاڵین بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیتان پێ ڕابگەیەنین کە ڕاسپاردراون بە پێکهێنانی وەزارەتی هەرێمی کوردستان بەراوێژو هاوکاری نێوانتان، ئاواتەخوازین ناوی

هاوکارانتانمان لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی یا کەسانی تردا بۆ خۆتان دەمێنێتەوە بەپێی حوکمی بڕگەی "٣" لە مادە ٥٦دا لە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە یەك ساڵی ١٩٩٢، هەروەها ئاواتەخوازین تازووە ئەو ئەرکەی کە پێتان سپێردراوە، ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیو داوا بکرێت متمانەی خۆی پێ ببەخشێت بەپێی حوکمی بڕگە "٤" لە مادە "٥٦"ی یاسای ناوبراو لەگەڵ سڵاوٚمان هیواداریـن سەرکەوتووبن.

**جەوهەر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسول عەلی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەناوی خۆم و برای خۆشەویستم کاك د. رۆژ سوپاستان دەکەین، بۆ ئەو بڕواو متمانەیەی کە بە ئێمەتان دا، ئەو بەرپرسیاریەتییە مێژووییە بگرینە ئەستۆ، ئێمەش دڵنیاتان دەکەینو لەرێگەی ئێوەشەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەین کە جێگای رەزامەندی ئێوەی بەڕێز دەبینو هەروەهاش هەوڵ دەدەین لە ماوەیەکی کورتدا کە لیستی کادری نوێتان پێشکەش بکەین لەگەڵ بەرنامەی وەزارەتەکەمان، لە کاتێکدا سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەین بۆ ئەو بڕواو متمانەیە، لەهەمان کاتدا سوپاسی کادری وەزارەتی پێشوو دەکەینو بەتایبەتی سەرۆکی کابینە بەڕێز کاك د. فوئاد کە لەسەردەمێکی زۆر ناسکدا ئەو ئەرکە مێژووییەی گرتەئەستۆ و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دامەزراند، دیسان سوپاس و رێزمان دووبارە دەکەینەوە، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣١)
# یەکشەممە ١٩٩٣/٤/٢٥

کاتژمێر "١٢"ی نیوەڕۆی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/٢٥ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەنو بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە "٣١"ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی ١٩٩٣ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسای دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانو بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- بڕواپێدان بە سەرۆك و وەزیرەکانی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- سوێندخواردنی سەرۆكو وەزیرەکانی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز: سەرۆکی ئەنجومەن**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بڕوا پێدانە بە سەرۆكو ئەندامانی دووەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەپێی برگەی "٤"ی ماددەی ٥٦ لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان. خاڵی دووەم سوێند خواردنە بەپێی حوکمەکانی ماددە ٦ی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٩٢. وەکو ئاگادارن پێش ماوەیەك برایانی خۆشەویست

کاك عەبدوڵڵا، كاك د. ڕۆژ داوای پێکهێنانی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیان لێ کرا، دوێنێ بەڕێز عەبدوڵڵا کابینەی خۆی دانا ناوەکانیش گەیشتنە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ئاگاداریشمان کرد کە سەعات ١٢ی ئەمڕۆ ئامادە بن لەم کۆبوونەوەیەدا، بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمی بڕوا پێدانو سوێند خواردن ئەنجام بدەین، ئێستاش داوا لە کاك عەبدوڵڵا دەکەین کە بێتە سەر سەکۆ "مەنەصە" و کابینەی خۆی بناسێنێ بۆ متمانە پێدان.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

ئەندامانی ئەنجومەن لەلیستی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخەینە پێش چاوی بەڕێزتان بۆ ئەوەی کە بڕوای پێ بدەنو لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١- بەڕێز جەبار فەرمان عەلی ئەکبەر بۆ کاروباری پێشمەرگایەتی

٢- بەڕێز یونس سەلیم ڕۆژبەیانی بۆ وەزارەتی ناوخۆ

٣- بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان بۆ وەزارەتی پەروەردە

٤- بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم بۆ وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری

٥- بەڕێز دارۆ نوری سالح بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری

٦- بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری

٧- بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود بۆ وەزیری پیشەسازی و وزە

٨- بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

٩- بەڕێز کەمال شاکر محەمەد بۆ وەزارەتی تەندروستیو کاروباری کۆمەڵایەتی

١٠- بەڕێز خوشکە کافیە سلێمان عەبدوڵڵا بۆ وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار

١١- بەڕێز مامۆستا محەمەد عەبدولقادر بۆ وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئیسلامی.

١٢– بەڕێز كاك د. ئیدریس هادی ساڵح بۆ وەزارەتی گواستنەوە

١٣– بەڕێز كاك نوری محەمەد بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو گەشەپێدان

١٤– بەڕێز كاك قادر عەزیز محەمەد جەباری بۆ وەزارەتی داد

١٥– بەڕێز كاك یونادم یوسف كنا بۆ وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێكردن

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رسوڵ عەلی**

سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و رێز لە یاسا رەچاوكراوەكان بگرم و بەرژەوەندییەكانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق:

بەناوی خۆم و كابینەی دووەمی حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراقەوە زۆر سوپاستان دەكەین بۆ ئەو بڕوایەی كە بە كابینەكەمانتان دا، هەروەها بەڵێن بە بەڕێزتان و كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دەدەین كە كابینەی وەزارەتی تازەمان كابینەی سەقامگیربوونی یاساو بەرقەراربوونی ئەمن و ئاسایش و بەهێزكردنی برایەتی و تەبایی بێ لەناو ریزەكانی گەلەكەمان و لەناو ریزی حكومەت و هەروەها بایەخی زیاتر بدات بە كەسوكاری شەهیدەكانی پێشمەرگەی كوردستان، كە قوربانی زۆریان داوە لەپێناوی ئەوەی ئەم ئازادی و دیموكراتیە بێتە كایەوەو لە نزیكترین دەرفەتدا بەرنامەی حكومەتەكەمان پێشكەش دەكەین و جارێكی تریش بەناوی خۆم و دەستەی حكومەتی كوردستانی عێراق سوپاستان دەكەم، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ٣٢ )
## سێشەممە ١٩٩٣/٥/٤

کاتژمێر "١٠"ی سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٥/٤ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومەنو بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا دانیشتنی ژمارە "٣٢"ی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- سوێند خواردنی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢- گفتوگۆکردن لەسەر یاسای خوێندنی باڵا

### بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا "تعليم العالي" بەرای ئێمە ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لەوێ لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران پێناسی سەرۆکایەتی "رئاسة" بکرێت، لێرەش پەیوەندی بە سەرۆکەوە دەبێت و بۆ ئێمەی لێ بگەڕێن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پێموایە ئەو رستەیەی کە هاتیە دەڵێ دەستەی سەرۆکایەتی، خۆی "رئاسە هیئە" نییە، چونکە لە سەرۆكو جێگری سەرۆك پێکهاتووە ئەگەر ٣ کەس بایە دەبووایە "هیئە" بایە، جا ئەگەر "رئاسە" بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەنجومەنی وەزیران بەزووترین کات پرۆژەیەکمان بۆ بنێرن، یان داوا بکەین لە لیژنەی یاسا پرۆژەیەك ئامادە بکات و پاشان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا باسی بکات.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

خۆمان شتەك ئامادە دەکەینو ئاڕاستەی ئەنجومەنی نیشتمانی دەکەین.

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ٣٦ )

## سێشەممە ١٩٩٣/٥/١١

كاتـژمێر ١٠ی سـەرلەبەیانی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی ١٩٩٣/٥/٥ ئەنجومـەنی نیشـتمانی كوردسـتان بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز جەوهـەر نـامیق سـالم سـەرۆكی ئەنجومـەنو بـە ئامـادەبوونی جێگـری سـەرۆك بـەڕێز نـەژاد ئەحمـەد عـەزیز ئاغـاو سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلآ، دانیشـتنی ژمـاره ٣٦ خـولی ئاسـایی یەكـەمی سـاڵی ١٩٩٣ی خـۆی بەسـت، سـەرەتا لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆكایەتییەوە رادەی یاسـایی دانیشـتنەكە چەسـپێنرا، ئـەوجا بـەڕێز سـەرۆكی ئەنجومـەن بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان و بـەناوی گـەلی كوردسـتانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.

**بەرنامەی كار:**

١- وەلآمدانـەوەی پرسـیارەكانی ئەنـدامانی پەرلـەمان لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانەوە.

٢- گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای خوێندنی بالآ.

٣- تازە بابەت

### بەڕێز: فرەنسۆ تۆما هەریری

**بەڕێز: سەرۆكی ئەنجومەن**

لـە جـەنابتان شـاراوە نییـە ژمارەیـەكی زۆر ئاوارەمـان هێشـتا لـە ئێـران مـاون، بەتایبـەتی هـی ئـەو دێهاتانـەن كـە تـا ئێسـتا ئـاوەدان نەكراونەتـەوەو لەبەرئـەوەی

جێگەو ڕێگەیان نییە، نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە، زۆربەی هەرە زۆریان لە شوێنی چاك ئیش دەكەن، كەسی وا هەیە مانگانە نزیكی "٦- ٧" هەزار دینار مووچە وەردەگرن بەپارەی ئێرانی "تمن" كە ئێستا دینار زۆر لە خوارەوەیە، لەبەرئەوە ئەوانیش پارەیەكی زۆریان هەیە لای خۆیان لەوێ لەو ڕۆژەی كە بڕیاری كێشانەوەی ٢٥ دیناری لەلایەن حكومەتی مەركەزیەوە دراوە، تا ئێستا زیاتر لە ١٠ بروسكەمان بۆ هاتووە لەلای برادەرانمانەوە داوا دەكەن ئەگەر شتێك كرا بۆ ئەو خەڵكەی لێرەیە حسابێك بۆ ئەوانیش بكەن، منیش بە بروسكە وەڵامم دانەوە دەڵێم ئەگەر شتێك بۆ خەڵكی ئێرە كرا، بۆ ئێوەش دەكرێ، بەڵام بەمەرجێك نەچن پارەی خەڵكی ئێران بە هەرزان بكڕن، ئەگەر كەسێك بڕە پارەیەكی زۆری هەبوو لەوانە هیچ حسابی بۆ ناكرێ، وتم ئەو خاڵە ئەگەر باس بكرێ بە نسبەت ئەوان چ دەكرێ چ ناكرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز: سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە وەكو پرسیارێك ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری دەكەین ئەگەر ئامادەبێ بۆ وەڵامدانەوەی.

## بەڕێز: فرەنسۆ تۆما هەریری

**بەڕێز: سەرۆكی ئەنجومەن**

تەواوم نەكرد لێرە لە سەركردایەتی ناوچەی هەولێر (١٠) دیناری و (٥) یان لێ وەرگیراوە، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی كە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پ.م و وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە بەبازگەكان دراوە، دوێنێ شەو پەیوەندیان بەئێمەوە كرد، منیش ئاگاداری كاك ڕۆژم كردووە ئەگەر وەكو پرسیارێك بێت لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیاره شتێکی شاراوه نییه ڕژێمی فاشی عەفلەقی بەغدا به هەموو شێوەیەك دژی گەلەکەمان کاردەکا، ئێستاکه ناتوانێ شەڕی کیمیاباران و کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کوردستان بکات، شەڕی ئابووریمان لەگەڵ بکات، بەڵام لەماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا ئەو رژێمه چەند کارێکی کردووه هەموو کارەکان بەپێچەوانەوە دژی خۆی گەڕاونەتەوە، هەم لە شەڕی ئێران و عێراقی، هەم لە داگیرکردنی کوێت، هەم لەرێکنەکەوتنی لەگەڵ بەرەی کوردستانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان، بڕیاری لابردنی "الغا"کردنی ٢٥ دیناریش پێمان وایه بەپێچەوانەوە دژی خۆی دەگەڕێتەوە، راسته حکومەتی کوردستان گیروگرفتی گەورەی بۆ دروست دەبێ، ناتوانین مووچه بدەین، هەڵلایەك دروست دەبێ، ئەو چەند رۆژەش نرخی دۆلار زۆر بەرز بووەتەوە، دەربارەی ئەو بڕیاره لە ئەنجومەنی وەزیران زنجیرەیەك کۆبوونەوەمان کردووەو هەروەها وەزارەتی دارایی و ئابووری بەردەوامه لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ لێزانان و پسپۆڕانی شارەزا لەو بارەیەوە، هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ کاك مەسعودو مام جەلال کردووەو پێشنیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان بۆ ناردوون. بەردوام پەیوەندیمان هەیه. لێرەدا داوا لە پەرلەمان دەکەین که کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان دڵنیا بکەنەوە، که ئەو وەزعەی ئێستا هەیه و نامێنێتەوە، ئەو بازاڕە که تۆزێ گیروگرفتی تێکەوتووە، رێك دەخرێ و هەروەها داوا لە بازرگانە نیشتمانپەروەرەکان دەکەین ئەوخواردەمەنیەی هەڵیانگرتووه و پێشتر هەیان بووە، له بازاڕ نەیشارنەوە و ئەمڕۆ که بەدیار دەکەوێ که خەڵك نیشتمانپەروەره یان "استغلالی" بازاڕ دەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کەسانەی لەبیر ناچێتەوە وەکو ئێستاکه به دەنگی کۆمەلآنی خەڵکی کوردستانەوە دێن و خۆراك به نرخی پێشوو که کڕیویانە، دەیفرۆشنەوە، هەروەها

ئەو کەسانەش کە ئێستا بیانەوێ "استغلال"ی بازاڕ بکەن، لەو بارەیەوە زۆر کارکرا بۆ ئەم مەسەلەیە. مام جەلال سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە، چاوی بە دوکتۆر "ئەلیاسۆن" کەوتووە بە دوورو درێژی باسی ئەو مەسەلەی لەگەڵدا کردووە، "ئەلیاسۆن" گفتی داوە کە ئەو شتانە بخاتە بەردەست سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەو رەوشەی ئێستا بکرێ، ئێستا هیچ کارێکی وامان نەکردووە کە ببێتە مایەی ئەوەی پابەندیمان هەبێ بەرامبەر بەو وەزعە، بەڵام ئیشی بۆ دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی رژێم بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان سەرنەگرێ و پێشمان وانییە کە سەربگرێ، بۆیە هەر لە یەکەم رۆژەوە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارمان دا کە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەنکێت بە سەر ئەو خەڵکەدا، کە پارەی "٢٥" دیناریيان هەیە لە رێگای بانقەکانی کوردستانەوە دابەشی بکات، ژمارەی پارەکانیان تیا بنووسن، ئەو ژمارانە لە لایەن بانقەکانەوە دیاریبێ نەوەکو لە دەرەوەش لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی وەك ئوردن و تورکیاو ئێران یا ئەو خەڵکانەی کە "٢٥" دیناریان بۆ بردوون بۆ رۆژێکی دیاریکراو، جارێکی تر بیهێننەوە کوردستان. دەبێ رێگا بەوە بگیرێ، ئەمە تەنیا بۆ خەڵکی کوردستانە کە زەرەریان لێ کەوتووە، ئینجا ئێستا بەو شێوەیە کارمان کردووە لەو ماوەیەدا ئومێدمان زۆرە ئەو بڕیارەی رژێم پووچەڵ ببێتەوە "احتیاط"مان وەرگرتووە، هەروەها لە بۆ مەسەلەی مووچەی کارمەندان وەزعی پارە لە کوردستان چۆن کاری پێ بکرێ، بە کورتی ئەوە بوو کە باسم کرد، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ڕاستە ئەو یاداشتە بەزمانی ئینگلیزی بوو کە کاك رۆژ روونی کردەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش دێینە سەر چەند پرسیارێك، ئەو پرسیارانەی کە کاتی خۆی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراون لەسەر ئەو شتەی کە ئێستا باسی کرا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان چ پرسیارێکیان لەسەر ئەم بابەتە هەیە کە ئێستا باس کرا با ناو نووسیان بکەین. پرسیارەکان باراستەوخۆ و بێ پێشەکی و ئاگاداری کات بن، چونکە کات دیاری کراوە، تکا دەکەین با فراکسیۆنەکان لەنێوان خۆیاندا هاوئاهەنگی بکەن بۆ ئەوەی قسەکان دووبارە نەبنەوە.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەزدەکەم تۆزێ بەخۆماندا بچینەوە دەربارەی ئەو برایانەی کەوا لە دەرەوەی وڵاتن، جگە لە ئاوارەکانی ئێران و تورکیا، روون نییە کارێکی وابکرێ کە بتوانین چارەسەری هەندێ شت بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بانگەوازێك بڵاوبکاتەوە تایبەت بێ بە خەڵکی دەرەوە، ئەو بانگەوازەمان بە فاکس بۆ وڵاتەکان نارد کە بڵاوبکرێتەوە، ئەوان هەستن بە خۆپیشاندان بە نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەو بڕیارەی کە دەرحەق بەخەڵکی کوردستان دراوە، هەروها هەوڵ بدەن کۆمەك کۆبکەنەوە بۆ خەڵکی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز: سەرۆکی ئەنجومەن**

من پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئەنجومەنی وەزیران چ پلانێکی بەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی پلاندانان بۆ نرخی خواردەمەنی یا هێنانی خواردەمەنی، لەو چەند رۆژەدا چەند کۆبوونەوەیەکمان کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ بازرگانەکانی کوردستان یا دەوڵەمەندەکانی کوردستان کە خۆیان ئارزووقە بێنن قسە بکەین بەرنامەیەکمان داناوە بەهاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو بازرگانانە بچن خواردەمەنی بهێنن و بەنرخی خۆی لەبازاڕ بیفرۆشن و تەنیا کرێی گواستنەوەو کڕینەکەی نەبێ قازانجی لێ وەرنەگرن، ئەم پلانەمان داناوە لەم بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز: د. عزەدین مستەفا رەسوڵ**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیاری یەکەم کە زۆرجار وابڵاوە سنوورەکانمان بەباشی نەگرتووە، پارەی زۆر کە هی خۆمان نییە هاتۆتە ئێرە، ئایا هیچ شتێکی ئەوتۆ کراوە کە ئەوەی هی هەرێمی کوردستانە جیابکرێتەوە؟ بەتایبەتی لەسنووری ئێرانەوە پارەیەکی زۆر گوایە هێنراوە کە حەقە لێیان وەربگیرێ، دووەمین ئێمە بەداخەوە لەزۆر مەسەلە تا ئێستا لەباری بەرگریداین بەرامبەر بە رژێم. ئێمە رەنگە توانای هەندێ هێرشمان نەبێ، بەڵام دیسانەوە دەبێ کۆمەڵێ ئیجرائاتمان هەبێ کە هەموو وەختێك ئەو دەستپێشخەر نەبێ بۆ لەمەودوا، نازانم ئەگەر بیری لێ کرابێتەوە لە ئەنجومەنی

وەزیراندا. کۆمەڵێ ئیجرائات بکەین. شتێکی هەست پێکراو نازانم، بەلأم ئێستا سنووری گرتووە، ئەم ئەمڕۆ بیکاتەوە ئێمە نەیکەینەوە یانە لێی بزانین چ قازانجی هەیە بۆ ئێمە دەست پێشخەریمان بەدەستەوەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەو پرسیارەی یەکەمی کاك دکتۆر ئێمە "احتیاط"مان وەرگرتووە، وەزارەتی ناوخۆ لە هەموو شوێنەکان بازگەی داناوە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگایەتی، ئەو دوو وەزارەتە لەباری ئامادەباشیدابوونەو هەموو بەرپرسەکانیان بەشدارییان کردووە لە کۆنترۆڵکردن، ئێستا خەڵکی ئەودیو لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە رەوانەیان دەکەنەوە بە پارەکانیانەوەو هەروەها ئەو ئەنکێتانە بۆ ئەو ماوە کورتە لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە ئەو پارەیە لەوێوە یەتە ناوەوە، دەربارەی ئەو هەڵمەتی راگەیاندنە شتی بۆ کراوە، کە دەیان وتار لەسەر ئەم مەسەلە لە رۆژنامە ئینگلیزیو ئەمەریکییەکان نووسراوەو خۆشمان رۆژانە بیرخەرەوەمان نووسیوەو رووداوەکانی ئێرەمان راگوێزاوە بۆ برادەرانی دەرەوە، ئەوانیش پێم وایە ئیش دەکەن لەسەر ئەو بنەمایە، ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی سیاسییەو بڕیاری سیاسی دەوێ، ئەو رۆژەی کە گەمارۆ لەسەرمان هەڵگیرا، یان ئێمەیان جیا کردەوە وەکو حاڵەتێکی تایبەتی لەگەڵ رژێم هەموو گرفتەکانمان چارە دەکرێن، ئێمەش ئێستا لەسەر ئەو مەسەلەیە ئیش دەکەین، ئەگەر ئەو مەسەلە سەری گرت، هەموو کێشەکانی ترمان چارەسەر دەکرێت. ئەوە بونیادی شتەکانی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز: عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەنیا یەك پرسیارم هەیە ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەم، ئەوەی کەوا بەڕێز مام جەلال لەگەڵ "ئەلیاسۆن" گفتوگۆی کردووە، دەڵێ بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود یاداشتیان دا بە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، لە راستیدا وەکو پێنج شەممەی رابردوو بەڕێز وەزیری دارایی وتی هەنگاوی ئایندە "٥–١٠" دیناری لەغو بکرێ ئایا هەر چەندە بێگومان بیرمان لەوە کردۆتەوە، بەڵام باشتر وانییە بیر لە هەنگاوی ئایندە بکەینەوە؟ کە رژێمی بەغدا "٥–١٠" ئیلغا بکات چ بکەین ئێمە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئێمە لە کۆبوونەوەکانی خۆمان قسەمان کردووە کە چی بکەین و چی نەکەین، بەڵام ئێستا "٥–١٠" دیناری لانەبراوەو لەغو نەکراوە، ئێمە ئەو مەترسیەی ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یان ناو میللەتەکەی خۆمان بڵێین کەوا لەغو بکرێتەوە، بەهای ئەو پارەش دابەزی لە بازاڕ و هەتا ئێستا ئەو مەسەلەیە نەبووە، بەڵام بۆ بیرکردنەوە ئێمە ئەوەشمان لێکداوەتەوە کە چی بکەین ئەو پێشنیارە کراوە کە مەبلەغێك پارەی راگیراوی "مجمدی" عێراق بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چارەسەری هەموو کێشەکان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پێموایە ئەوە دەرفەتێکی زۆر باش بوو بۆ قەدەغەکردنی "٢٥" دیناری، هەتا ئێمەش لەگەڵ عێراقدا بەباشی سنوورەکانمان دابخەین و بیکەین بەهەرا کە بڵێین

بەزۆر ئێمە دادەبڕی، دووەمیـان قەدەغـەی پـارەی "تـەزویر" بکـەین نـەهێڵین هـیچ پارەیەکی تەزویر بێتە کوردستانەوەو سێیەمیان ئەوەیە هەقە دەوڵەمەندەکان بـانگ بکرێن کە ئەو پارەیـان بردۆتـە بانك بیهێـنین لـە تورکیـا و ئێـران و شـوێنەکانی تـر ئازووقەی پێ بکڕین و دابەش بکرێ بەسـەر کۆمـەڵانی خـەڵك. ئیجرائـاتی تونـدوتۆڵ لەلایەن وەزارەتی "پ.م" و وەزارەتی ناوخۆ وەرگیرێ بۆ ئەوکارە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربـارەی ئـەو مەسـەلە چـەند بـرادەرێکیش باسـیان کـرد، مـن پـێم وایـە حەقـە هـەموومان ئـەو راسـتیە بـزانین ئێمـە حکومـەتێکی دیمـوکراتین حکومـەتی بـەعس حکومەتێکی دیکتاتۆرییە، ئێمە لە دیموکراتییەت ناترسین ئـەو ئازادییـەی کۆمـەڵانی خەڵکی کوردستان ئەگەر ئەوان ئـازان بـا بیدەنـە خـەڵکی عێـراق، دەوڵەمەنـدەکانی ئێمە پشتیوانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکـەن، بازرگانـەکانمان دەیانـەوێ حکومەتی عێراق بڕوخێ، کۆنترۆڵکردنی سـنوورەکانی ئێمـە لەگـەڵ ئـەم لا پێموایـە دەبێ وامان لێ بکـات کـە ئێمـە بترسـین لـە بـەعس خـەڵکی دێـت و خـەڵکی دەڕوات دەچێت یا خەڵکی ئێمە دەچێتە ئـەوێ ئـەوە حەقیقەتـە، ئێمـە پێمـان وایـە خـەڵکی کوردستان بازرگانە نیشتمانپەروەرەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حکومـەت و پەرلەمانی خۆیان خۆشدەوێ و پشتیوانی لێ دەکەن و سـەلمێندراوە لـە کۆڕەوەکـە هەموو خەڵکی کوردستان هەموو سـامانی خۆیـان بـەجێ هێشـت لەبـەر پێشـمەرگەو شـۆڕش هاتنــە دەرەوە، ئێسـتاکەش پشـتیوانی دەکـەن کەلوپەلــەکانی خۆیــان دەڕوێنن، بەڵام ئەوە پێم وانییە رای هەموو بازرگانەکان بێ، رای هەموو ئەو کەسانە بێت کە کەلوپەلی خۆراکیان هەیە یان پارەیـان هەیـەو لـەم چـەند رۆژەش هـەموویان زۆر بە گەرمیو پەرۆشەوە لەگەڵ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لەگـەڵ وەزارەتـی

دارایی لەوتووێژکردن دان، پێموایە بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی رژێم بەو شێوەیە دەبێ کەوا چ رەفتار بکا ئێمەش پێچەوانەی ئەوبین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەوەش زیاتر ئێستاش بازاڕ دابەزیوە، دوێنێ دۆلار بە چەند بوو ئەمڕۆ بەچەندە؟ پێری کەلوپەلی خۆراکی بەچەند بوو؟ ئەمڕۆ بە چەندە؟ لەراستیدا دابەزیوە، سوپاس.

**بەڕێز: فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پرسیارێکم هەیە ئایا هەڵوێستی رەسمی (INC) جاڕ دراوە؟ سەبارەت بەو هەڵوێستەی بەعس بەرەسمی هیچ بۆ ئەوە هاتووە؟ ئەمە یەك، دووەم من باسی ئاوارەکانم کرد هەم د. رۆژ هەم وەزیری ئابووری وەڵامی دامەوە، بەڵام پرسیارێکی کرد دەڵێ بۆ چ پارەی خۆیان کردۆتە ٢٥ دینار کە ٧٠ تمەنی دەکرد، ئێستا دینار گەیشتە ٦ تمەن و ٧ تمەن، خێزانی ئاوارەی ئێمە هەیە مانگانە داهاتی ١٠ هەزار دیناری هەیە "٥-٦" کەس یان هەیە لە کارخانە ئیش دەکەن، هەر یەکیان لە ٣٠ هەزار تمەن زیاتر مانگانە وەردەگرێ، من دەڵێم ٣٠ هەزار، بەڵام هەیە ٥٠ هەزار وەردەگرێ، رۆژانەی کرێکار دەگاتە ١ هەزار تمەن، یانی ئەوانە دەچنە ناو بازار ئیش دەکەن بەلای کەمیەوە وەکو کرێکار مانگانەیان ٣٠ هەزار تمەنە، حساب بکەن ئەو ٣٠ هەزار تومەنە بکاتە دیناریش بە ٦ تمەن دەکاتە چەند ئەوانیش دەزانن رۆژێك لە رۆژان دیناری عێراقی سەردەکەوێ ئەوانیش ئەوەیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی پەیوەندیکردن بە(inc) پەیوەندیان پێوە کردوون و تێبینی و پێشنیازی خۆیان ناردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە کوردستان هەنەو دیسان دەگەڕێتەوە، دەبێ لەنەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێك وەربگیرێ بۆ ئەو مەسەلەیە پێشنیارەکانی سەرکردایەتی (INC) یا ئەوانی تر شارەزاییان هەیە ئێمە ناتوانین هچ ئیجرائاتی دەولی بکەین لە کوردستان، ئەوان خۆیان لەو بارەیەوە ئیش دەکەن بۆ ئەوەی سیاسەتی رژێم پووچەڵ بێتەوە، بەشی دووەمی پرسیارەکە پەیوەندی بە بەڕێز وەزیری داراییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

١- دەربارەی دەرەوە، بەپێی یاسا حکومەتی عێراقی مافی خۆی هەیە سنوور لەگەڵ ئوردن دابخات، بەڵام مافی ئەوەی نییە لەگەڵ ئێمە ئەوە بکات، ئێمە هەرێمی فیدرالی ئەوین، ئەو خاڵە زۆر بەهێزە، لەگەڵ ئێمە دایبخات و ئەمە شتێکی باشە بەدیاربخرێ کە حکومەتی عێراقی سەودای دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەگەڵ کوردستان دەکات.

٢- هەندێ هەیە کەلوپەلی خۆراکی داکردووە ئەو عەمبارکردنە بەپێی یاسا "ئیحتیکارە"، ئیحتیکار بەپێی یاسای سزادان دەتوانین تۆ ئەو عەمبارکردنە نەهێڵی، بانگی بکەی ئەو کەلوپەلە خۆراکییانەی بۆ عەمبار کردووە، بیهێنی و دابەشی میللەتی بکات بەگوێرەی نرخێکی گونجاو، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی پرسیاری یەکەمی مامۆستا حەسەن، لەراستیدا عێراق ئێمەی جیاکردۆتەوە، بەخۆمان ئێستا خۆمان بە بەشێك لە عێراق دەزانین، بەلاّم مامەڵەکردنی لەگەڵ ئێمە وەکو دەوڵەتەکانی ترە. ئەم پێشنیارە پێشکەشی برادەران کرایە چ لەسەر ئاستی (INC) چ لەسەر ئاستی بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود. بەنسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکە ئێمە باسمان کرد لە قسەکانمان چاودێری بازرگانەکانی خۆمان دەکەین کێ ئێستا بە دەنگمانەوە دێن، ئێستا لیژنەی ئابووریمان هەیە لە هەموو پارێزگاکان چاودێری وەزع دەکەن، کێ دەیەوێ "استغلال"ی بازاڕ بکات، کێ شتەکان گران دەکات؟ کێ دەیشارێتەوە؟ لەدوارۆژ ئێمە پێمانوایە ئاسۆیەکی رووناك دەبینین مۆڵەتی هاوردەو ناردنەدەر "استراد وتصدير" دەکەینەوە ئاسانکاری بۆ بازرگانەکان دەکەین، ئەوانەی دەزانین استغلالی ئەوە دەکەن ئەوانە لەبەرچاو دەگرین کە ئەو رۆژەی قۆزیوەتەوە "استغلال" کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەم شێوەیە ئەوکاتە تەواو بوو کە دیاری کرابوو بۆ پرسیارکردن دەربارەی ئەو روونکردنەوەیەی کە سەرۆك ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی دەربارەی بارودۆخی ئێستای کوردستان باسیان کرد، بەلاّم تکامان هەیە لەمەودوا برادەران کە پرسیار دەکەن تۆزێك ئاگاداربن و جیاوازی بکەن لەنێوان پرسیارو پێشنیازدا، چونکە هەر لەسەرەتاوە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رەوشەکەی خستەڕوو و وتمان ئەوەی پرسیاری هەیە دەربارەی ئەو قسانەی کە کردی، بەلاّم زۆر لە برادەران

پرسیاریان گۆڕی بەپێشنیار، پێشنیاریش بواری تری هەیە بۆ ئەوەی سوود لەوەختەکە وەربگرین ئێستاش پرسیارێکی ترمان هەیە بەراستی چەندجار هاتووە دەربارەی ئەو هێز مۆڵدانەی کە ئێران کردوویەتی و وەکو ئاگادارن پێش ماوەیەك ئێران سنووری بەزاند، چەند جێگایەکیشی بەرتۆپداو لەم ماوەی دواییەدا چەند جێگایەکیش سنووربەزێنی کردووە، ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێ کە لەم بارەیەوە چی کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەلای هەمووتان روون و ئاشکرایە کە ماوەیەکی زۆرە حکومەتی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەمان لێ دەکات، یان هێز دەنێرێتە سەر سنوورەکان، یا تۆپبارانی گوندەکان دەکات، ئەو ماوەیە زیاتر تیشکی خستۆتە سەر ئەو مەسەلەیە لەشوێنێك هاتۆتە ناوەوە لە ناوچەی "بەمووسەر"، هەروەها لەناوچەی "شلێر" هەروەها لە ناوچەی "قەڵاتوکان" و گوندەکان چۆڵ بوونە لە ئەنجامی تۆپ باران، هێزێکی زۆری هێناوەتە سەر سنووری کوردستان هەر لە خانەقین تاوەکو کێلەشین هێزی مۆڵداوە وەکو ئێمە زانیاریمان هەیە گوایە بۆ کۆنترۆڵکردنی سنووری خۆیەتی و دەرپەڕاندنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیە، یا دەرپەڕاندنی "دیموکراتی" کوردی رکابەرە لە کوردستانی ئێران، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە دیارە لە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی باسی ئەو مەسەلە بەدوورودرێژی کرا لەنێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان. باس و قسەکرا کە ئێمە وەفدێك بنێرین بۆ لای کۆماری ئیسلامی ئێران، قسەیان لەگەڵدا بکات و بزانین ئەوان مەبەستیان چییە؟ ئایا هاوئاهەنگی هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقی کە هەردوو لایان دەیانەوێ دژی ئەو ئەزموونە دیموکراتییەی ئێمە بوەستن؟ یان مەبەستیان ئەوەیە وەکو باسی دەکەن رکابەری ئێرانی لەسەر سنوورەکان نەمێنێ؟ ترسیان هەیە لە رەوشی ئێستای کوردی ئێران،

بۆیە شاندێك "وەفدێك" پێك هاتیە بە سەرۆکایەتی وەزیری داد، کاك قادر جەباری، هەروها بەڕێز پارێزگاری هەولێر نوێنەرایەتی وەزارەتی ناوخۆ دەکات، هەروەها بەڕێز مامۆستا بەکر سەرکردەی ناوچەی هەولێر نوێنەرایەتی پێشمەرگە دەکات و بڕیاربوو دوو نوێنەری پەرلەمان بەشداربن لەو شاندە "وەفدە" لەو ڕۆژانە لەوانەیە سەفەر بکەن، ئێرانییەکانیش رازینە بەوەی کە پێشوازی وەفدەکە لەو ڕۆژانە بکەن، قسەیان لەگەڵ بکەن لەسەر مەسەلەی هێز مۆڵدان. لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانە خەڵکی زۆر کە گەڕابوونەوە گوندەکانی خۆیان ئاوارە بوونەوە، لە ناوچەی قەڵادزێ و پێنجوین ئێستا رێکخراوە خێرخوازەکان یارمەتیان دەدەن ئێمەش ئاگاداری قائیمقام و بەرپرسی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەمان کردووە کە هاوکاریان بکەن، بە کورتی وەزعی هێزمۆڵدانی ئێرانی لەسەر سنووری کوردستان ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕێزان لە هاتنە ژوورەوەی لەشکری تورکی، پرسیاری کاك عەبدولخالق دەربارەی وەرگرتنی هەندێ ئیجرائات و نەبوونی دەست بەکاربوون "ئیجرائات" بەرانبەر بە ئێران، پێموایە لەوێ بۆ ئێران زۆر لەوە زیاتر کراوە کە بووە مایەی ئەوەی ئێران زیاتر نەیێتە پێشەوە، ئاگاداری هەموو لایەنەکان کراوە چ لە دەرەوە و چ لەو رێکخراوانەی کە لێرەنەو ناوەندی هاوئاهەنگی سەربازی ئەو مەسەلە زۆر بایەخی پێ دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

چەند پرسیارێکی ترمان هەیە پەیوەندییان بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، یەکێك لەوانە ئایا چی کراوە بۆ چۆڵکردنی ئەو خانووانەی کە ئێستا سەر بە وەزارەتی ئابوورین و دانراون بۆ ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە

ئەویش ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە؟ پرسیاری دووەمیش دەڵێ چی کراوە دەربارەی ئەو خانووانەی کە خانووی حکومەتن یان ئەوانەی کەرتی گشتین و سەر بە فەرمانگەکانن و لەلایەن خەڵکەوە یان لەلایەن لایەنەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، چی کراوە بۆ ئەوەی ئەو خانووانە چۆڵ بکرێن؟! ئەو پرسیارە لەلایەن کاك سالار عەزیز لە کتلەی سەوزەوە کراوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی ئەو خانووانە دیارە ماوەیەکی دوور و درێژە کێشەی لەسەرە لەسەر چۆڵکردنی و چۆڵ نەکردنی، پێشەکی من داوا لە هەردوو فراکسیۆن دەکەم با ئەوان ئەندامانی خۆیان دەربکەن، ئەوەی دەمێنێتەوە بێ لایەنە لە بۆ حکومەتی بەجێ بهێڵین وەزارەتی ناوخۆ پێیان چۆڵ دەکات، ماوەیەکی زۆرە هەندێکیان چۆڵ کراون، ئەو خانووانە بە کەڵك ئەوە نایەن کە خەڵك تیایاندا بژین و پارەیەکی زۆری دەوێ بۆ چاککردنەوە، خانووەکانی تر مەسەلەی هەموومانە تەنیا مەسەلەی حکومەت نییە،پەرلەمان بڕیار بدات کە حکومەت دەبێ چۆلیان بکات یا چۆڵی نەکا چونکە دەرکردنی ئەو خەڵکە زۆر ئاسان نییە لە کاتێکدا گرفتی نیشتەجێکردن هەیەو لەکاتێکدا خەڵکێك خۆیان بەشایان "مستحق" دەزانن لەو خانووانە بمێنێتەوە چەندین ساڵە خەباتیان کردووە و پێشمەرگە بوونە خۆیان لەخەڵکی تر بەشایان "مستحق" تر دەزانن حەزدەکەم ئەمە گفتوگۆی لەسەر بکرێ هەر نەبێتە بڕیارو بڵێن حکومەت چۆڵی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

خۆی تەنها وەزیر مافی هەیە لەناو پەرلەماندا ئامادەبێ و وەڵامی پرسیار بداتەوە، یان پرسیار بکات، ئەگەر فەرمانبەرێکی پایەبەرزی شارەزاش لەگەڵ خۆیدا بهێنێ

دەتـوانیَ تـەنها راویـَژی پـیَ بکـا، بـەلاَم پێشـەکی دەبـیَ رەزامەنـدی دەسـتەی سەرۆکایەتی وەربگریَ بۆ ئەوەی لێزانێك "خـبیر"ێك یـا شـارەزایەك لەگـەلَ خۆیـدا بهێنێتە ژوورەوە، لەراستیدا کارەکە وایە بەو شێوەیە لەسەری ئەڕۆین.

**بەڕێز عەبدوڵلاَ رەسولَ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی ئامادەبوونی بەڕێز پارێزگاری هـەولێر، لەسـەر داوای خۆتـان بـووە کـە ئامادە ببیَ وەلاَمی ئەو پرسیارانە بداتەوە دەربـارەی ئـەو خانووانـە، لەوکاتـەی کـە ئەنجومـــەنی نیشـــتمانی کوردســـتان دامـــەزراوەو ئەنجومـــەنی وەزیرانـــی هـــەرێمی کوردستان دامەزراوە، ئەو مەسەلە قسەی لـیَ دەکـریَو خـەڵکێکی زۆری دەرچـووە، ئێمە قسەمان لەگەلَ ئەو برادەرانە کردووە کـە لیژنـەی چارەسـەرکردنی خانووەکـان بووە لەئەنجومەنی نیشـتمانی بـەڕێزان کـاك مـەلا هـادی، کـاك شـێخ مەزهـەرو ئێمـە دراسەتی دەکەین ئەو خەڵکانەی کە شیاونین یا شیاون "مستحەقن"، هەردوو لایـەن دەخەینە بەردەمی بەڕێزتانو ئەوانەی کە نا مستەحەقن بێگومـان بـە زووتـرین کـات دەردەکرێن، ئەو برایانەی کە جێگەو رێگەیان نییـە کـە باسـیان کـرد لـە سـلێمانی و دهۆك و کەرکوك دێن، ئەوانیش حەقی خۆیانە، کە ئوتێل بەڕاستی لەلانی ئاسـایش و دەروونییەوە جێگەی ئەوەی لیَ نابێتەوە کە ئەوانە لەویَ بن، بەلاَم هـەموو شـتەکان بە توندوتیژی چارەسەر نـاکریَ، بـەلاَم دەبـیَ یاسـاش جـێگیر بـبیَ، بـەڕێزتان دڵنیـا دەکەینەوە کە لەماوەیەکی کورت ئەو خەڵکانەی کە نا مستەحەقن لـە پێشـەوە ئـەو کەسانە لە خانووەکـان دەچـنە دەریَ، هـەروەها لیژنەیـەك دادەنـێین بـۆ مەسـەلەی چاککردنەوەی خانووەکان، بەلاَم دەبیَ حیسابی ئەوە بکریَ کە بودجـەی حکومـەتی هەرێمی کوردسـتان یـا داهاتەکـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان زۆر سـنووردارە، ئـەوە نییـە کـە باسـی لـیَ دەکـریَ کـە بودجـەمان بـەو شـێوەیە بـیَ، بـەلاَم ئەگـەر

ئابلۆقەمان لەسەر نەماو خانووەكان چەندى تێچوو، بێگومان يەكەم هەفتـە لـەبۆتان جێبەجێ دەكەين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

پرسيارى تر هەيە دەربارەى ئاوى هەولێر، ئەوا بەرەو هـاوين دەچـين هـەولێريش بێ ئاوە، ئايـا حكومـەت خـۆى بـۆ چارەسـەركردنى ئـەم كێشـەيە ئامـادە كـردووە؟ پرسيارى تريش هەيە دەربارەى كارەبا و ئەو خەتەى دەربەنديخان، ئەمە مـاوە لـەم بەرنامەيە ئەگەر جەنابى سەرۆكى ئەنجومەنى وەزيران شتێكى ديارى كراوى هەيە بـا بفەرمووێ، ئەگەرنا ئەوە دواى دەخەين بۆ سێشەممەى ئاينده.

## بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلى/ سەرۆك وەزيران

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

دربارەى ئاوى هەولێر، ئێستا پرۆژەى افراز ٧٠٪ ئاوى هەولێر دەدات و بە تەواوى ئيش دەكات، لە راستيدا "١٥٠" بـير هەيـە لـەناو شـارى هـەولێردا ئـەو "١٥٠" بـيرە ئيشــكردنيان دەگەڕێتــەوە بــۆ كارەبــا، لــەو بارەيــەوە لەگــەڵ بــەڕێز وەزيــرى شـارەوانييەكان قسـەمانكرد لـەبۆ ئـەوەى چارەسـەرى ئـەو بيرانـە بكـرێ، هەنـدێ مۆتۆڕى كارەبايان لەبۆ پەيدا بكرێ و بە بەردەوامى ئيش بكەن، ئـەو شـوێنانەى كـە ئاويان نيە، ئاويان بدرێتێ، هەروەها چەند مۆتـۆرى كارەبـا هـەبوو لـە وەزارەتـەكان پێشكەشـى وەزارەتـى شـارەوانيان كـرد ئێسـتا وا چـاكى دەكەينـەوە. خۆمـان وا خەريكى ئەمـەين كـە گرفتـى ئـاوى هـاولێر چارەسـەر بكرێـت، كارەبـاى سـلێمانى و دەربەنديخان... بەڕێز دكتۆر رۆژ وەڵامتان دەداتەوە، سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ٣٩ )
## سێشه‌ممه ١٩٩٣/٥/١٨

كاتژمێر ١٠ی سه‌رله‌به‌یانی رۆژی سێشه‌ممه ١٩٩٣/٥/١٨ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز جه‌وهه‌ر نامیق سالم سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و به‌ئاماده‌بوونی جێگری سه‌رۆك به‌ڕێز نه‌ژاد ئه‌حمه‌د عه‌زیز ئاغاو سكرتێری ئه‌نجومه‌ن به‌ڕێز فه‌رسه‌ت ئه‌حمه‌د عه‌بدوڵڵا، دانیشتنی ژماره ٣٩ی خولی ئاسایی یه‌كه‌می ساڵی ١٩٩٣ی خۆی به‌ست، سه‌ره‌تا له‌لایه‌ن ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تییه‌وه راده‌ی یاسایی دانیشتنه‌كه چه‌سپێنرا، ئه‌وجا به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان و به‌ناوی گه‌لی كوردستانه‌وه دانیشتنه‌كه‌ی ده‌ست پێكرد.

**به‌رنامه‌ی كار:**

١- ئاماده‌بوونی سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران و وه‌زیره‌كان بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی پرسیاره‌كانی ئه‌ندامان.

٢- تازه بابه‌ت

**به‌ڕێز د. كه‌مال عه‌بدولكه‌ریم محه‌مه‌د فوئاد**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن**

وابزانم هه‌ردوو فراكسیۆنه‌كه له‌سه‌ر ئه‌وه بیروڕایان وه‌كو یه‌ك وایه، كه‌وا له‌ هه‌موو كۆبوونه‌وه‌یه‌كدا نوێنه‌رانی حكومه‌ت لێره ئاماده بن، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و پرسیارانه‌یان لێ بكه‌ین كه‌وا تا ئێستا چیان كردووه بۆ مه‌سه‌له‌ی چۆڵكردنی خانووه‌كان، هه‌فته‌ی پێشوو به‌دوور و درێژی باسی ئه‌وه‌مان كرد، له‌هه‌ردوو

فراكسیۆنەكەوەش كۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمان قسەیان كرد و ئەوەی پێویست بوو لەم بارەیەوە گوترا، ئێستا تەنیا چاوەڕێی وەڵام دەكەین، تا بزانین لە هەفتەی رابردوو واتە لە سێشەممەی رابردوو تا ئەو سێ شەممەیە چی كراوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

دەربارەی خانووەكان، ئێمە وەكو ئەنجوومەنی وەزیران ئێستاكە ئەوە بەسەریان دەكەینەوە "جەرد"یان دەكەین، كە ئەو فەرمانبەرانەو خەڵكانەی لەو خانووانەدان یان لێكیان جیا بكەینەوە و بە زووترین كات ئەو خەڵكانەی نا موستەحەقن زوو لە خانووەكان بچنە دەرەوەو ئیجرائاتی پێویست بكرێت بۆ چۆڵكردنی خانووەكان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

دەربارەی ئەوەی لە كۆبوونەوەی هەفتەی رابردوودا باس كرا، جەخت لەسەر ئەوە كرا، كە زۆربەی ئەو خەڵكانەی لە خانووەكاندان هەمووی فەرمانبەری حكومەتن، لەو هەفتەیەدا قسەیان لەگەڵ كراوە، كە خانووەكان چۆڵ بكەن، هەروەها ئەوانی دیكەش پیاچوونەوە بووە لەگەڵ ئەوەی لە كۆبوونەوەكەدا ئەوەمان باس كرد، كە كێ نا شایستەیە زوو بچێتە دەرێ، ئەوەی كەوا موستەحەقیشە مۆڵەتێكی بدرێتێ تاكو چارەیەك بۆ ماڵ و منداڵەكەی دەدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێکی هاوێشتووە بۆ مانەوەی پۆلیسی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کوردستاندا؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەبارەی رۆیشتنی ئەو پۆلیسانەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە دوو سەدو پەنجا کەسن لە کوردستاندا، ئێمە پەیوەندیمان بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کردووە لە شاری "واشنتۆن" لە ئەمریکا، هەروەها پەیوەندیمان بە بەڕێزان "مام جەلال و کاك مەسعود"یشەوە کردووە، کە لەو بارەیەوە ئەوان قسەیان لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئێمە پێمان وایە کەوا فەرمانبەر و پۆلیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مەسرەفیان یەکجار زۆرە لەسەر ئەو پارەیەی کە بۆ کوردستان تەرخان دەکرێت، خۆشتان لە رۆژنامەکاندا بینیتان کەوا مانگانە ئەو پۆلیسانە چەند خەرج دەکەن، بۆیە مەسەلەکە تەرخانکردنی پارەیە، بەشیان ناکات بۆیە رۆیشتوون، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جەوهەر عەزیز**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لێرە برادەران دەزانن کە لەدەوروبەری هەولێر، ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئۆردوگای زۆرەملێ هەنە، کە خەڵکێکی زۆریان تێدا دەژی، پێموایە زیاتر لەدووسەد هەزار کەس دەبن، ئەو خەڵکە زۆرەش بێگومان گرفت و کێشەی زۆریان هەیە، یەکێ لەو

کێشانەی تـا ئێستا ئەوانـە هەیانـە کێشـەی گەڕانـەوەی ئیدارەکانـە، بـە تایبـەتیش بەڕێوەبـەری ناوچـە "ناحیـە" و دەزگـای پـۆلیس دەبـێ ئەمانـە چارەسـەر بکـرێن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

شـتێکی روون و ئاشـکرایە کـە لـە کوردسـتان مـاوەی ٢٥ سـاڵ بـەعس حـوکمی کردووەو توانیویەتی لە کۆمەڵێکی بەرهەم هێنەوە بیکاتـە کۆمـەڵێکی "اسـتهلاکی"، ئـەو خەڵکـەی لـە ئۆردوگـا زۆرەملێکـان کۆکردیتـەوە بـۆ ئـەوەی هـەردەم چـاویان لەدەستی حکومەت بێت، کە نەتوانن لەسـەر دەسـکەوت و دەرامـەتی خۆیـان بـژین، ئەمـە ئـەرکێکی زۆری بـۆ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان زیـاد کـردووە، وەختێکـی تەواوی دەوێ تا ئەو ئەرکە زۆر و پێویستە جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، ئەوەیـە ئایـا کشانەوەی پاسەوانەکانی (UN) تا چ رادەیەك کاردەکاتە سەر کاروبـاری مانـەوەی رێکخراوە مرۆڤایەتی و خێرخوازەکان لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وابزانم وەڵامی ئـەو پرسـیارەمان دایـەوە، بـەوەی کـە کشـانەوەی پاسـەوانەکانی خۆیان کاریگەری ناکات، حکومەتی هەرێم دەتوانن پارێزگاری ئەو رێکخراوانە بکـەن،

بەو شوێنانەشەوە کە لێی دادەنیشن، دەزگای پۆلیس و ئاسایش دەیانپارێزن، مەسەلەکەش سیاسی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی دارایییە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وەك ئاشکرایە لەماوەی شەڕی عێراق و ئێراندا ڕژێم زیاتر لەبیست تۆماری بنەڕەتی پارێزگای سلێمانی هی "نفوسی" ساڵی ١٩٧٥ی بردووە، گوایا ڕوونووسیان دەکات و نەیگەڕاندووەتەوە و ئێستا مامەڵەی زیاتر لە سەد و سی هەزار هاووڵاتی لە سلێمانیدا ڕاگیراوە، لێرەدا دەپرسم: ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێکی ناوە کە لە ڕێگەی (UN)ەوە شتێکی وابکرێت نوسخەی ئەو تۆمارانە بگەڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئاگاداری ئەوانە کراوەتەوە کە لە دەرەوەی کوردستانن، بۆ ئەوەی یارمەتی حکومەتی هەرێم بدەن، لەبارەی تۆماری نفوسیشەوە، هەوڵ دەدرێ ئاماری نوێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو ئاگادارن، کێشەی کارەبا دواخراوە بۆ ئەم دانیشتنە، چەند پرسیارێك کاتی خۆی دەربارەی ئەم بابەتە کرا، بەگشتی وەزعی کارەبای کوردستان چۆنە؟ ئایا پرۆژەی کارەبای دەربەندیخان تەواو بووە؟ پرسیارێکی تریش هەیە دەربارەی کارگەکانی جگەرەو شەکر.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

پرۆژەكەی كارەبای دەربەندیخان دەستی پێ كراوەو وەزیری پیشەسازی بۆ خۆی چووە بۆ سەردانی، لەبارەی كارگەی جگەرەو شەكریش با وەزیری پیشەسازی خۆی باسی بكات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بەڕای من ئەم مەسەلانە لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەدرێژی باس بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من سێ پرسیارم هەیە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران:

یەكەم: لەبارەی ئەو زەرەر و زیانەی لە خەڵكەكە كەوتووە لە ئەنجامی لافاوەكەوە ئایا چی كراوە؟

دووەم: بۆ وەرگرتنی بەروبومی تووتن حكومەتی هەرێم چی كردووە؟

سێیەم: لەبارەی دابینكردنی ئازووقە بۆ خەڵكی كۆمەڵگا زۆرەملێكان ئایا چی كراوە؟

سوپاس

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەبارەی لافاوەوە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ پارێزگاکان لیژنەی تایبەتیان داناوە بۆ ئامارکردنی زەرەر و زیانەکان. خەریکین مەسەلەی وەرگرتنی بەروبومی تووتن چارەسەر دەکەین و مەسەلەی دابەشکردنی ئازووقەش لێی کۆڵدراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە تووتن دێت بۆ چ گومرگی لێ وەرگیرێ؟ خۆ لەناو کوردستان دێت نەك لەدەرەوە. سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

راستە لە گومرگ وەرگرتندا کەموکوڕی هەبووە، ئێستا خەریکین لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری ئەم کێشەیە بە تەواوی چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

خەڵکێکی زۆر لە پێنجوینەوە هاتوون بۆ نووسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی، دەڵێن هەروەکو جاران کۆمەڵێك ئاغا دەستیان بەسەر زەوی و زارەکان داگرتووە و زۆربەی جووتیاران ناتوانن بچنەوە سەر زەوییەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

كێشەی زەوی و زار لەنێوانی جووتیار و خاوەن زەوییەكاندا كۆنە، بەڵام ئێمە بە هەموو جۆرێك هەوڵ دەدەین كە چارەیەكی بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چەند پرسیارێك هاتوون لەبارەی وەزعی دراوەوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بەڕێز وەزیری دارایی باسی ئەم مەسەلەیەی كردو ئەم مەسەلەی "دراو"ەشمان تەنانەت خستە بەردەم مام جەلال و كاك مەسعودیش، هیوادارم ئەنجامێكی ببێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

ئێستا وەرزی دروێنەی دەغڵ و دانە بەتایبەتی لە گەرمیان و لەو شوێنانەی كە نزیكن لە سنووری دەسەڵاتی رژێم، ئایا حكومەتی هەرێم چ ئاسانكارییەكی ئامادە كردووە بۆ جووتیارانی ئەو ناوچانە؟ سوپاس

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

لەبارەی سووتاندنی دەغڵ و دان لەو ناوچانەی نزیك سنووری دەسەڵاتی رژێم، ئێمە ئاگاداری وەزارەتی كاروباری پێشمەرگەمان كردووە، كە بە چ جۆرێ لەو

ناوچانە کاری وا ئەنجام نەدەن کە ئاگر بکەوێتەوەو دەغڵ و دانەکە بسووتێ، لەبارەی یارمەتیدانی جووتیارانیشەوە بۆ درویێنە خۆتان دەزانن کە ئێمەی "دەڕاسەی" وامان نییە هەڵمەتی دروێنەی پێ بکەین بۆیە یارمەتییەکەمان دیاریکراو دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەم داواکارییەی مامۆستا مەلا موحسین بۆ هەڵەبجەی شەهید، داواکاری هەموو خەڵکی کوردستانە، ئێمە لەگەڵ دامەزراندنی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم داوایەمان پێشکەش بە کاک عەبدوڵڵا کردووە، هەموو لایەك چاوەڕوانی خزمەتکردنی هەڵەبجە و هەموو شوێنێکی زیان لێکەوتووی کوردستانین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

سوپاستان دەکەین هەر خۆتان وەڵامی خۆتان بدەنەوە، وەك کاك شەوکەت گوتی: سەردانی هەڵەبجەی شەهیدمان کردو بڕیارماندا زۆر گرنگی بە داخوازییەکانی بدرێتو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو توانایەکی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ خزمەتی هەڵەبجەو بنیاتنانەوەی، سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی ئاهەنگی یادی یەك ساڵەی دەست بەكاربوونی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق شەممە رێكەوتی ١٩٩٣/٦/٥

**بەرێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان. سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی بەرێز، نوێنەرانی لایەنە سیاسییەكان، بەرێزان ئەندامانی ئەنجومەن، بەناوی خۆم و ئەنجومەنی وەزیران و حكومەتی هەرێمی كوردستان گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوەی بەرێز و گەلی كوردی قارەمان و كەمە نەتەوایەتییەكانی كوردستان ئەكەم بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزراندنی یەكەم پەرلەمانی كوردستان لە هەمان كاتدا پرسەو سەرەخۆشی لە خۆمانو لە ئێوەی بەرێزو برا ئاشوورییەكانمان دەكەین بەبۆنەی شەهیدبوونی هاورێی خۆشەویستمان كاك فرەنسیس كە بە راستی كارەساتێكی دڵتەزێن بوو شەهیدكردنی كاك فرەنسیس دژی دیموكراتیەت و حكومەتی هەرێمی كوردستانو پەرلەمان بوو، كە ئەو تاوانە پیسەیان ئەنجامداو دوژمنانی گەلەكەمان لە پارێزگای دهۆك لە ماوەیەكی كورتدا دوو تاوانی پیسیان ئەنجامدا یەكێكیان شەهیدبوونی كاك فرەنسیس ئەوەی تریان شەهیدبوونی كاك رەئوف ئاكرەیی بوو كە پاڵێوراوی لیستی سەوز بوو لە پەرلەمانی كوردستاندا، ئەو دوو تاوانە بەرای ئێمە دژی دیموكراتیەت و حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئەو ئەزموونەیە كە لە كوردستانی عێراقدا هەیە، دیارە دامەزراندنی پەرلەمانی كوردستان ئەنجامدانێكی

گەورەیە لەمێژووی خەباتی گەلەکەمان کە بۆ یەکەمین جارە گەلی کورد بتوانێ پەرلەمانی خۆی دابمەزرێنێ. ئەو پەرلەمانە لەکاتو سەردەمێکدا بوو کە دوژمنانی میللەتەکەمان پێیانوابوو لەکاتی هەڵبژاردنە مێژووییەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عێراق لە ٥/١٩ گرەویان لەسەر دەکرد، کە لە کاتی هەڵبژاردنەکە خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی پێکدا بدەنو ببێتە ناخۆشی، بەڵام خۆشبەختانە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لایەنەکانی ناوبەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی بە هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تواندرا باشترین ئەزموون ئەنجام بدرێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، کە لەو ماوە کورتەدا لەماوەی ساڵێك کاری زۆر گەورەی ئەنجامدا، هەروەها بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن دەستنیشانی زۆربەی مەسەلەکانی کرد ئەویش یاسادانانی وەزارەتەکان بوو، هەروەها لە رێزی پێشەوەی یاسای وەزارەتی پێشمەرگایەتی، کە خەون و ئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و میللەتەکەمان بوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چوارچێوەی یەك وەزارەت کۆبکرێتەوە ئەویش لە ئەنجامی هەڵبژاردنە مەزنەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دامەزراندنی حکومەتی کوردستان، وەزارەتی پێشمەرگایەتی دروست بوو هەموو هێزەکانیان لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەوە، هێزی شۆڕشگێڕی کوردستان و هەروەها بڕیاری فیدالیەت لەبۆ کوردستان، بڕیاری دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو بڕیارانە بڕیاری زۆر گرنگ و گەورەنە لە تەمەنی کورتی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیاریان لەسەردا لەبۆ کوردستانی عێراق فیدرالیەت، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دیارە هێشتا ساڵێك بەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێنەپەڕیوە، کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری گرنگیان ئەنجامداوە لەرۆژی دامەزراندنیانەوە تاکو دامەزراندنی دووەم کابینەی، ئەویش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دانانی دامودەزگاکان و زۆری وەزارەتەکان، بەشێك لە وەزارەتەکان بەڕاستی

تازەبوون، هیچ دەزگایەکیان نەبوو، ئەو وەزارەتەو دامەزراندنیان جێگای شانازی کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان و میللەتەکەمانە، کە خۆمان سەلماندمان کە دەتوانین حوکمڕانی خۆمان بکەین، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، تاوانی ئەوە خراوەتە پاڵ گەلی کورد کە ناتوانێ خۆی بەڕێوەببات، ناتوانێ خۆی حوکمڕانی خۆی بکات. لە ماوەی ئەم ساڵەدا ئێمە سەلماندمان بۆ دۆستەکانمان، بۆ ناحەزان و دوژمنانی میللەتەکەمان کە دەتوانین خۆمان بەڕێوەببەین و باشترین شێوەی حوکمڕانی خۆمان بکەین، چونکە ئەو تاقیکردنەوە بەڕاستی زۆربەی زۆری لایەنەکانی بەرەی کوردستانی لە هەڵبژاردن بەشدارییان کردووەو ئەوانەی دەرەوەی بەرەی کوردستانی و پشتیوانی زۆری لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کرد، کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان زۆرباش هاوکاری پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد، حکومەتی بەعس دوژمنانی گەلەکەمان کە ئێستا ناتوانن لەبەر چەکووشی ئامادەو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هێرشی سەربازیمان بکەنە سەر بۆ سەر کوردستان، یاخود پەلامارمان بدەن، بەلآم بە شێوەی تر پیلان دادەنێنەوەو دەیانەوێ کۆسپ و تەگەرە بخەنە پێش حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، ئەویش ئێستاکە خۆتان دەزانن لەم ڕۆژانە شەڕی ئابووریمان لەگەڵدا دەکەن، ئەو شەڕەش شەڕێکی گەورەیە، بەلآم ئێمە بەهیمەتی کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان و دڵسۆزانی میللەتەکەمان و هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانەکە، کە چۆن زاڵ بوون بەسەر تەنگوچەڵەمەکانی، بەسەر ئەوەشدا زاڵ دەبین بەوەش داوای پشتیوانیمان لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و لە ڕێکخراوە خێرخوازەکانی دنیا کردووە، کە چۆن پشتیوانیمان لێ دەکەن لە هێرشی سەربازی، ئاواش پشتیوانیمان لێ بکەن لە جەنگی ئابووری، کە ئەمەش زۆر گرنگە بە تایبەتی لەم ڕۆژانەدا لە پاش ئەوەی "٢٥" دیناریان ئیلغاکردووەو هەروەها پڕوپاگەندە دەکەن "٥ ،١٠" دیناریش ئیلغا بکەن، ئەمە ڕۆژ بە ڕۆژ پڕوپاگەندەی ژەهراوی لەناو کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان بلآودەکەنەوە، کە ئەمڕۆ وادەبێ، بەیانی وادەبێ، دەیانەوێ نرخی دۆلار

بەرزبکەنەوە، لێرە تاکو نرخی خواردەمەنی زیاد بکا لە بازاڕی کوردستان کاربکاتە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەلاَم بە هاوکاری پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەخشەو بەرنامەی دانایە لەبۆ هەموو بوارەکان بە تایبەتی لەبارەی ئابووری، ئێمە کۆبوونەوەیەکمان کرد شاندێکی بەرزی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئەمریکا، ئوستراليا، بریتانیا، تورکیا دانیشتین لە "جنێف" لەو ماوەیەدا کۆبوونەوەیەك کرا "٣٠" دەوڵەت بەشدارییان کرد لەسەر کورد و یارمەتیدانی کوردستان، هەروەها ئەو پاسەوان و پۆلیسەکانی (UN) کە لە کوردستان کشانەوە، ئێستاکە دەگەڕێنەوە، هەرچەند کاریگەری مەعنەویان هەبوو، بەلاَم ناحەزانی گەلی کوردستان و ناحەزانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پڕوپاگەندەیان دەکرد کە ئەوە سەرەتای کشانەوەیە، سەرەتای کشانەوەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان (UN) لە گەلی کوردستان، بە تەنیا دەیانهێڵنەوە، بەلاَم ئێمە دڵنیاتان دەکەین ئێستاکە کێشەکەمان زۆر چۆتە پێشەوە، لەجاران زیاتر حیساب بۆ مەسەلەی کورد دەکرێ و ئەو وەفدەی INC لە دەرەوە لەگەڵ وەفدی کوردستان کە لەزۆربەی زۆری دەوڵەتەکان پێشوازی کران، لە لایەن سەرۆکی دەوڵەتەکان، جێگری سەرۆکی دەوڵەتەکان. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە کێشەکەمان چووتە پێشەوە، بەلاَم لە هەمان کاتدا کە کێشەکەمان دەخەینە پێشەوە بێگومان دوژمنان زیاتر دەکەونە ئەوەی کە پیلان و پڕوپاگەندەو نەخشە دابنێن دژی ئەو ئەزموونە دیموکراتیە، دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە زیاتر هۆشیار بین، زیاتر خۆمان کۆبکەینەوە لە یەکێتی، ریزەکانی گەل بپارێزین، یەکێتی خۆمان بەهێز بکەین، تاکو بتوانین زاڵ بین بەسەر ئەو پیلانانەی دوژمنانی گەلی کوردستان و ئەو تاقیکردنەوەیەش کە هەیە لە کوردستانی عێراقدا، حکومەت و پەرلەمان، لە ئەنجامی خەبات و تێکۆشانی زیاتر لە سەدەیەك خەباتی گەلی کوردستانە، کە ئەو پەرلەمان و حکومەتەمان هەیە، ئەوە لە ئەنجامی خوێنی هەزاران شەهید و کاولکردنی کوردستانە، کە ئەو ئەزموونەمان

هەیە، پێویستە پاراستنی لەسەرشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ، خۆشتان دەزانن پاراستنی دەستکەوت زەحمەت ترە لەوەی کە وەری بگری، زیاتر بەو ماندووبوون و قوربانیە کە ئەو ئەزموونەمان هێناوەتە کایەوە ئەو ئازادی و دیموکراتییە هی هەمووانە، ئەو وەزعەی کە خۆمان حوکمڕانی خۆمان دەکەین پێویست بەمەش هەیە کە توانای دانبەخۆداگرتنمان زۆربێ، هێزی بەرەنگاری هەبێ بەرامبەر بەو وەزعەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، وەزعی ئابووری بە تایبەتی لەرێزی پێشەوەدایە، لە کۆتاییدا جارێکی تریش پیرۆزبایی لە خۆمان و پەرلەمانی کوردستان و گەلی کورد و کەمە نەتەوایەتییەکان دەکەم و سلاو و رێزم دەگەینم بۆ هەموو ئەو لایەنە سیاسییانە کە ئێستا ئازادبوونە لە زیندانەکانی رژێمی فاشی بەغداو سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان دادەنەوێنم، زۆر سوپاس.

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٣)
## سێشەممە ١٩٩٣/٦/١٥

كاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممە رێكەوتی ١٩٩٣/٦/١٥ ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆكی ئەنجومەنو بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمارە ٤٣ی خولی ئاسایی یەكەمی ساڵی ١٩٩٣ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەستپێكرد.

**بەرنامەی كار:**

١- پێشچاوخستنی پێشنیاری فراكسیۆنی پارتی دەربارەی ئەو ئەندامانەی كە دەستنیشان كراون لە لیژنەكانی پەرلەماندا كاربكەن.

٢- زیادكردنی مووچەی فەرمانبەران و خێزانی شەهیدان و خانەنشینەكان

٣- تازە بابەت

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

لیستی مۆر باسمان لەگەڵدا كردوون، لەوانەیە لەو رۆژانە بگاتە سەرۆكایەتی، كە گەیشت، ئەیخەینە بەرنامەوە، هیوادارین پەلەی لێ بكەن بەیارمەتی خوا لەو

هەفتەیەدا شتێکمان بۆ بکەن، دێینەوە سەر خاڵی دووەم و پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران دەربارەی زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران و خێزانی شەهیدان و خانەنشینەکان. ئەم خاڵە لەسەر داخوازی وەزارەتی داراییەو چاکوایە کە گفتوگۆ لەسەرکردنی تۆزێك نەیێنی بێ، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، برادەرانی راگەیاندن تکایە ئێرەمان بۆ چۆڵ کەن و دوایی کە تەواوی دەکەین، پاشان بانگتان دەکەین، پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بەو شێوەیەیە:

بەهۆی باری ئابووری ئێستای کوردستان پێشنیار دەکەین کەوا:

١- هەر فەرمانبەرێكو مووچەخۆرێكو خانەنشینێك لە هەرێمی کوردستاندا ٣٠ دیناری زیاد بدرێتێ لەهەر مانگێکدا.

٢- بۆ خێزانی شەهیدان هەر خێزانێك ٢٠٠- ٢٥٠ دینار مانگانەی بۆ تەرخان بکرێ تا ئەوکاتەی دەزگای شەهید دادەمەزرێت و مووچەی خانەنشینیان بۆ دەبڕێتەوە.

ئەمە پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیرانە، کاك عەبدوڵلا فەرموو.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وابزانم ئەوەشی تێدابوو کە خانەنشین "٣٠" دینار وەرگرن جەنابتان ئەوەتان باس نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڵێ ئەوەشم باسکرد کە هەر فەرمانبەرێك و مووچەخۆرێك و خانەنشینێك لە هەرێمی کوردستان لە هەر مانگێکدا ٣٠ دیناری زیاد بدرێتێ.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

دیارە بارودۆخی ئێستای كوردستان لەلای هەموو لایەك شاردراوە نییە وەزعێكی زۆر ناخۆش هاتۆتە پێشێ بە تایبەتی پاش ئەوەی "٢٥" دیناری لەغو كراوە، ئێستاكە پڕوپاگەندەیەكی زۆر هەیە، ئینجا نازانین، ئەو پڕوپاگەندەیە چ بنەڕەتێكی هەیە كە دەیی و پێنج دیناری لەغو دەكرێتەوە، دۆلار زۆر بەرزبۆتەوە نرخی خواردەمەنی لەناو بازاڕدا زۆر بەرزبۆتەوە، كە كاری كردۆتە سەر ئەو خەڵكە هەژارە بە تایبەتی فەرمانبەران كە تۆێژێكن توانایان كزە، ئێمەش لەو ماوەیەدا حكومەتی هەرێمی كوردستان بەردەوام كۆبوونەوەمان لەگەڵ خەڵكی پسپۆڕو شارەزادا كردووەو هەروەها لەگەڵ خەڵكی ناو بازاڕ و بازرگانە نیشتمانپەروەرەكان و لەناو خۆشماندا لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ ئەم مەسەلەیە گەیشتینە ئەوەی ئێستا لەو بارودۆخەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان تێیدا دەژی كە تەنیا پشت بە گومرگ دەبەستین و دەتوانین مانگی "٣٠" دیناری بڕاوە بدەینە هەموو فەرمانبەران و خانەنشینان بۆ ئەوەی بتوانین تۆزێك رادەی ژیانیان بەرز بكەینەوە دەزانین ئەوە زۆر زۆر كەمە، بەڵام حكومەتی هەرێمی كوردستان جارێ توانای هەر ئەوەندەیە، لەو كاتەدا لەوە زیاتر ناتوانین، بەڵام بەڵێنتان دەدەینێ ئەگەر توانامان باش بوو، ئەوەش بەرەو پێش ببەین و زیادی بكەین، هەروەها بۆ كەسوكاری شەهیدان هەر لە سەرەتاوە باسمان كرد كە بایەخ بدەین بە كەسوكاری شەهیدان و ئەو خەڵكانەی كە فیداكاری و قوربانیان داوە، بوونەتە سووتەمەنی شۆڕش، ئەوان دەبێ حسابێكیان بۆ بكرێ، ئێستاكەش نابێ خەڵك خۆی بەخاوەن شەهید حیساب بكات، ئەو لیستانەی كە هەیە سەرژمێری كراون لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، دەتوانین "٢٠٠-٢٥٠" دینار مانگانەیان بدەینێ لەوكاتەدا ناتوانین بڵێین ئەوەش ژیانی خەڵك بەرزدەكاتەوە، بەڵام ئەو مەبلەغە بچێتە بازاڕەوە

کاریگەری دەبێت بۆ خەڵکی بۆ وەزعی بازاڕی ئێستای کوردستان، بەڵام ئەوەی ئێمە لە بەڕێزتانی داوا دەکەین ئەوەیە کە هەتا ئێستا بەڕاستی هەتا لێپرسراوی خۆشمان بەدوای پرۆپاگەندەی بەعس دەکەون چاوەڕێی دەکەن، چونکە دوژمنی ئێمە کە بەعسە بە هەموو دەوروبەرەکانیشی هەوڵدەدەن، کە ئەم ئەزموونە سەرنەکەوێ دەیانەوێ بازاڕی کوردستان بشێوێنن، ناتوانین ئێستا شەڕی عەسکەریمان لەگەڵدا بکەن شەڕی ئابووریمان لەگەڵدا دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی مـن دەمەوێ بڵێم وەزعی ئێستای ئەو ئەزموونەی ئێمە وەزعی کوردستان لە مەترسی دایە، بەداخەوە دیارە لێرە هەموو قسەیەك بکرێ باسی هەموو مەسەلەکان بکرێ لەگەڵ رێزم بۆ برادەرانی ئەندامانی ئەنجومەن وادەزانن کە حکومەتی ئێمە داهاتێکی زۆر گەورەی هەیە و توانای زۆرە، بەڵام ناتوانێ ئەم داهاتەو توانایە بە شێوەیەکی باش بەکاربهێنێ، ئێمە لە رۆژی ٢٥/٤دا کابینەکەمان ئاراستەی بەڕێزتان کردو رەزامەندی لەسەرکراو متمانە درا بە وەزیرەکان، لەوکاتەدا ئێمە تووشی وەزعێکی خراپی ئابووری بووین، کە زۆر وەزعێکی ناخۆشە بە تایبەتی ئیلغاکردنی "٢٥" دیناری، ئێمە شەو و رۆژ خەریکی کۆبوونەوە بووین لەگەڵ هەموو پسپۆڕان لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ خەڵکی ناو بازاڕ و هەمیشەش لە پەیوەندی دابووینە لەگەڵ بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود هەروەها بە تەلەفۆنی تایبەتیشەوە پەیوەندیمان کردووە بە خەڵکی شارەزا لە دەرەوەش پەیوەندیمان بە (I.N.C) کردووە، ئێستا بژێوی ئێمە تەنیا گومرگەکانە، هیچ داهاتێکی ترمان نییە دوو ئابلوقەمان لەسەرە، ئەو ئەزموونەی ئێمە جیاوازی نەکراوە لەگەڵ ئەو رژێمەی کە بە دیکتاتۆری حوکم دەکات، لێرەش حکومەتێکی دیموکراتی هەیە خۆشتان باش دەزانن گومرگەکان بڵێین گومرگی ئیبراهیم خەلیل کە داهاتی سەرەکی کوردستانە

حکومەتی تورکیا بیانوو بەشۆفێرەکان دەگرێ دەڵێ نابێ ئەوەندە بێنن یان لەوەندە زیاتر، جاری وا هەیە هەر لە هەزار لۆری چوار لۆری نەهاتووە، لە شوێنەکانی تریش ئێستا دامودەزگاکانمان بە شێوەیەکی پێویست نییە لەو خەڵکانە پێك هاتوون هەر یەکێك سەر بە میلیشیاتی حزبێك بووە چ پۆلیسە چ پێشمەرگەیە، هی ئەوەنییە کە ئێستا بڕیار دەردەچێ لە ١٠٠٪ ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکرێن بە پێچەوانەوە لەوانەیە تێپەڕاندن لەلایەن ئەو لێپرسراوانە دەکرێ کە دایان دەنێن واتا ئەو داهاتەی لە گومرگ بێت لە ١٠٠٪ ناگەڕێتەوە بودجەی وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئێستاکەش حکومەتی عێراقی ناتوانێ هێرشی سەربازیمان لەسەر بکات، بەهۆی ئەو پارێزگارییەی کە دەکرێتن، ئێستا شەڕی ئابووریمان لەگەڵدا دەکات، ئێمە لەسەر بنەڕەتی زانیاری قسە دەکەین زانیاریمان بۆ دێت لە رێگای وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و لەرێگای تر کە ئەوان دەیانەوێ بەهەر شێوەیەك بێ خەڵکی کوردستان هان بدەن دژی حکومەت خۆپیشاندان بکەن و هەروەها لەلایەنی حکومەتی ئێرانیشەوە خەڵك هان دەدەن دەڵێن کە چتان بۆ دەکەینەوەو ئازووقەتان دەدەینێ، دەیانەوێ شەڕی ئابووری و دەروونیمان لەگەڵدا بکەن، ئێستاکەش راستە راگەیاندن زۆر گرنگە، بەلام لەگەڵ راگەیاندنیش ئەندامانی پەرلەمان هەوڵ دەدەن ئەوە بگوێزنەوە بۆ خەڵك کە لە شوێنەکان نوێنەریانن کە کۆڕ بگێڕن، کۆبوونەوە بکەن، باری ئابووری بۆ خەڵك روون بکەنەوە راستە ئێستا بەگوێرەی ئەوەی لە کوردستان دەژین خۆمان دراسەمان کردووە لە ٣٠٪ خەڵك هیچی نییە، بەلام خەڵکی تر هەیە کە لە ٢٠٪ وەزعیان زۆرباشە ئەو لە ٢٠٪ یەی کە وەزعی باشە ئەگەر هان بدرێن یارمەتی هەژارەکان بدەن، ئێمە ئێستا ناتوانین باج وەربگرین لە هەموو دنیا باج هەیەو وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ چارەسەری ئەم هەموو کێشانە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

یــەك تێبینـــی هەیــە كــاك دارۆ باســـی مەســـەلەی خانەنشـــینی كــرد، ئێمــە خانەنشـینانمان بەگشـتی جـێگیر كـردووە، خانەنشـینەكان دەستنیشـان نـەكراون، چونكە ناكرێ بڕیاری تایبەتی بۆ خانەنشینەكانی كە لەهەرێمی كوردستان خانەنشین كراون وەربگرین و دیسان بڕیـاری تایبـەتیان بـۆ دەربكـرێ، ئـەوانی تـر بـە ڕێنمـایی تایبەتی، یا حكومەت خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بكات بە شێوەیەك كە كار لەوە نەكات كە كاك دارۆ باسی كرد.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بەڕاستی من لەسەر شـێوازی ئـەو بڕیـارە تێبینـیم هەیـە، حەقـە وا بنووسـرێتەوە پەرلەمان ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر ئەو پێشنیارەی حكومەتی هەرێمی كوردسـتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

هەموو بڕیارێك دەبێ وابنووسـرێ، دەبـێ بـوترێ كـە كـێ جێبـەجێی بكـات؟ خـۆ پەرلەمان جێبەجێی ناكات.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

وەكـو بڕیـارێكی جێبەجێكردنـە "علـی مجلـس الـوزراء تنفیـذ هـذا القـرار" ئـەوە عادەتەن سەرۆك كۆمار دەریـدەكات و دەڵـێ ئەنجوومـەنی وەزیـران ئەمـە جێبـەجێ بكات، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤)
## سێشەممە ١٩٩٣/٦/٢٢

کاتـژمێر ١٠ی سـەرلەبەیانی رۆژی سێشـەممە رێکـەوتی ١٩٩٣/٦/٢٢ ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز جەوهـەر نـامیق سـالم سـەرۆکی ئەنجومـەن، بـە ئامـادەبوونی جێگـری سـەرۆك بـەڕێز نـەژاد ئەحمـەد عـەزیز ئاغـاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمـارە ٤٤ی خـولی ئاسـایی یەکـەمی سـاڵی ١٩٩٣ی خـۆی بەسـت، سـەرەتا لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆکایەتییەوە رادەی یاسـایی دانیشـتنەکە چەسـپێنرا، ئـەوجا بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەن بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان و بـەناوی گـەلی کوردسـتانەوە دانیشتنەکەی دەستپێکرد.

**بەرنامەی کار**

١- بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢- گفتوگۆکردن لەسەر دیاریکردنی نرخی گەنم لە هەرێمی کوردستاندا.

٣- تازە بابەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وەکـو پێشـنیارێك، کـە باسـی دیـاریکردنی نرخـی گـەنم دەکـرێ کـە لەلایـەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دانراوە، لێرە ئەگەر بە پەسەندی دەزانن لە پرۆگرامی ئـەمڕۆ جێگیری دەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم بابەتە بـاس بکـرێ؟ کـێ لەگـەڵ نییـە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

خاڵی یەکەمی ئەمڕۆمان، بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش دەکرێ، جا بفەرموون بۆ گفتوگۆکردنی ئەم بەرنامەیە، پاش ئەوەی کە تەواو دەبێ ئێمە وای بە بەرژەوەند دەزانین کە خاڵ بە خاڵ گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

(پرۆژەی بەرنامەی تایبەتی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان..)

(بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەکەی بە تەواوی خوێندەوە) (ئەوەش هاوپێچی ئەم مەحزەرەیە)

لە کۆتاییدا خۆمانو هاوکارەکانمان سوپاستان دەکەین کە ئەم هەلەتان بۆ رەخساندین تا بەرنامەی کاری خۆمانتان پێشکەش بکەین. ئێوەش بڕیاری لەسەر بدەنو جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە کە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و دابینکردنی گوزەرانی خەڵکی و پاراستنی هێمنی و ئاسایش و ژیان و ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان، ئەرکی هەرە گرنگی ئەم کابینەیەمانەو هەمیشە سەرکەوتووین لەپێناوی بەرژەوەندی و مافی گەلی کوردستاندا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من خاڵێکی نیزامیم هەیە، لە بەندی ٥١ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەڵێ:

ئەندامی پەرلەمان لەکاتی قسەکردندا تەنیا رووی دەمی لە سەرۆکی ئەنجومەن دەکات و قسە دەکات، ئەگەر رێکەوتنێکی جەنتلمانی هەیە بۆ نەمانی ئەم خاڵە لە پەیڕەودا دەبێ رۆژێك لە رۆژان بخرێتە ناو بەرنامەوەو قسەی لەسەر بکرێ، بۆ ئەوەی راست بکرێتەوە، بەڵام پێموایە هەتا پەیڕەوی ناوخۆی خۆمان وایە بەڕێز

سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران پـێش ئـەوەی سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران بـێ، ئەندامی پەرلەمانەو ئەویش دەوری بینیوە لەدانانی پەیڕەوی نـاوخۆدا، مـن پێموایـە حەق نییە هەتا دەسکاری نەکرێ پێشێل بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

کاك فرەنسۆ سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد مەبەستی ئەوەبێ من رووی قسەکردنم بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن بووە. لەبونیاددا خۆی بەرنامەکە عەرزی ئەنجومـەن دەکـرێ و ئێمەش کە قسەمان کردبێ بە سەرۆکایەتی هەموویان دەگرێتەوە. نازانم ئـەو رێ و رەسمە لەکوێ دەهێنن؟ و نازانم ئەو خاڵە یاساییەی لەکوێ دەرهێنا؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من لەسەر پێشەکییەکە تێبینییەکم هەیە، کە دەبووایـە بەرنامـەی وەزارەت دوای ئەوەی پێشەکی پێشـکەش دەکـات، ئـەو درێـژە پێدانـە لەهـەر بوارێکدا پێشـکەش دەکات، دەبێ لەو بەرنامەیە تەرکیز بکرێتە سەر دوو سێ خاڵ کە ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی ئەو وەزارەتەیە، کە لەوانەش چارەسەر کردنی باری ئـابووری کوردسـتانە، هەروەها سنوور دانانێك بـۆ ئـەو گرانییـەو ئـەو بەرزبوونـەوەی نرخـی شـتومەکە لـە بازاڕدا و پیادەکردن و رێز لێنانی یاسا لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیـارە کـاك عەبـدولخالق لــە پێشــەکی باســی ئــابووری تێدایــە، نــازانم ئەگــەر خوێندبێتتانــەوە و چــەند رۆژیشــە لاتانــە، ئــەو پرۆژەیــە باســی ئــابووری تێدایــە، دووەمیش هاتینە سەر درێژەپێدانی، خـاڵ بـە خـاڵو بـەش بـەش باسمـان کـردووە، لەبواری ئـابووری، لـە بـواری پیشەسـازیدا... ئـەو مەسـەلەیە روون کراوەتـەوەو کـە دەشگوترێ میللەتەکەمان لە چ ژیانێك دا دەژی، پێموایە ئەوە باسی ئابوورییە.

مەســەلەیەکی تــر کــە پرۆژەکــە بــەناوی ئەنجومــەنی وەزیرانــەوە نــەبووە، ئــەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەن پێشکەشی کردووە لـە جیـاتی هـەموو ئەنجومـەنی وەزیـران هــەرێمی کوردســتان و وەزیــرە بــەڕێزەکانیش بەشـدارییان لـە دانـانی بەرنامەکـەدا کردووەو بەشی هەرە زۆریشیان لێرە ئامادەنە بۆ گفتوگۆکردن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەبەشی یەکەمدا لەسەر ئاستی سیاسی ئێمە هەست دەکەین کە خاڵێکی بـۆ زیـاد بکرێ، ئەویش پەیوەندی حکومەتی هەرێم و I.N.C یە کە لەبەرنامەکەدا هـاتووە و ئەمەش گرنگی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی من تێبینیم لەسەر بڕگەی یەکەم هەیە کە دەڵێ هەوڵدان بـۆ رێکخسـتنی پەیوەندی حکومەتی ناوەندی ئایندەو بنچینەی بەگشتی ئارەزوومەندانە و رێزگرتنی لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی کە تەواوی مافە ڕەواکـانی گەلەکـەمانی

تێدا پارێزراو بێت، بە بۆچوونی من ئەوە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران نییە، بەڵکو دەستەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرەشەوی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پێشەکی داوای سەرکەوتن بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەکەم و یەک تێبینیم هەیە لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراق، چونکە لەناو سەرانسەری میللەتی کورددا بڵاوە کە گفتوگۆ دەکەن، ئایا ئەمە پێشەکییە یان ئاخافتنە بۆ ئایندە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە سەیدا مەلا مەحمود بەچاکی نەیخوێندۆتەوەو دەڵێ لەگەڵ حکومەتی ئایندە ڕێککەوتن بکات و من لەگەڵ رایەکەی کاك بەختیارم ئەگەر ئەمە بمێنێ بۆ ڕێکخستن بەو شێوەیەی ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاری لەسەر دەدات، چونکە ئەوە ڕێکخستنە نەك بڕیار، دەبێ ئیزافە بکرێ شێوەی ڕێکخستنەکە بەو شێوەیە بێت کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەم خاڵە تەواو بوو، ئێستاش بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران با لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بێ.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

دیارە كاك د. رزگار پێشنیاری ئەوەی كرد كە ئێمە نوێنەرێكمان هەبێ لە نەتەوە یەكگرتووەكاندا، ئەوە ئاواتی هەموو لایەكمانە و خەباتیشی بۆ دەكەین كە نوێنەرمان هەبێ، ئێمە كە ئەو بەرنامەیەمان ئاراستەی بەڕێزتان كردووە هەر ئەوەندەمان لە توانادایە، پێمان وایە ئێستا ئەوەی جەنابی دەیڵێ لە توانامانددا نییە، بۆیە نەمان نووسیوە و هەروەها لەبەر وەزعەكەی خۆشمان پێویستی بەوە نەدەكرد ئەوە زیاد بكەین كە هەوڵ بدرێ نوێنەرمان هەبێ لە نەتەوە یەكگرتووەكاندا.

كاك شێخ عەبدولكەریم باسی ئەوی كرد پەیوەندی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و INC ئێمە پێمانوایە كۆنگرەی نیشتمانی شتێكی كاتییە لەوانەیە (١٠) رۆژی تر ئەگەر حكومەتی ناوەندی ئێستای عێراق بڕووخێ كۆنگرەی نیشتمانی نامێنێت، لەبەر ئەوە ئەو شتەمان نەخستۆتە ناو، ئەوەی كاك بەختیار باسی كردووە، ئێمە نەمان گوتووە بڕیاردان، ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بڕیاری لەسەر دەدات پەیوەندی لەگەڵ حكومەتی مەركەزی چۆن دەبێت فیدراڵی راگەیاندووە و لەسەر ئەو بنەمایە بڕیارەكانی ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێی دەكات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

ئەوەی مامۆستا مەلا مەحمود باسی كرد، ئێمە وەك كاك فرەنسۆ گوتی لەگەڵ حكومەتی ئایندەمانە، بەڵام لەگەڵ حكومەتی رژێمی ئێستا هیچ شتمان نییەو هیچ شتێك نەخراوەتەڕوو، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من هیوام وایە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەو تێبینییەی ئێمە جارێکی تر پێدابچنەوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ INCدا، چونکە ئەوەی ئێستا لە ئارادایە کە وەکو بەدیلێك بۆ حکومەتی دیکتاتۆری عێراق دانی پێدا بنرێ و لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بێتو ئێمە پەیوەندی خۆمان لەگەڵ ئەوان ڕوون بکەینەوە، پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری، دەبێتە هاندان بۆ ئەوانیش و دەبێتە مایەی بەهێزکردنیان و ئیعتباریان زیاتر دەبێت لەرای گشتی جیهانی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕای ئێمە پێویست ناکات ئەو خاڵە زیاد بکەین، چونکە لە پێشەوە هاتووە، هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی هەرێم بە حکومەتی ناوەندی ئایندەوە، ئێستاش پێمان وایە جێگرەوەی "بەدیلی" دیموکراتی حکومەتی ئایندە، I.N.Cیە، بۆ دوارۆژی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

واتا زیادکردنی جۆری پەیوەندی لەگەڵ INC و هاوکاری کردن لەگەڵیدا وەك پێشنیازێك خراوەتەڕوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پێشنیازە جێگیر بکرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە جێگیر دەکرێ، پاشان با لیژنەی داڕشتن زیادی بکەن.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

گوتمان لاریمان نییە زیادی بکەین، پێویستی بە جێگیرکردن نەبوو، چونکە ئێمە ئەگەر لەسەر شتێك لاریمان هەبێت، ئینجا بخرێتە دەنگدانەوە، دووەمین ئەو پێشنیارەی کاك د. کەمال دەخوێنینەوە کە دەقەکەی بەم جۆرەیە:(رێکخستنی پەیوەندی هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی عێراقدا I.N.C لە پێناوی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ دا)، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئایا ئەو خاڵە زیاد دەکەین(رێکخستنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی I.N.C لە پێناوی عێراقێکی فیدراڵ دا؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من لە خاڵی ٧دا کە دەڵێ"رێزگرتنی مافی مرۆڤ" لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لە تاوان، بەکارنەهێنانی زەبرو زەنگ لەکاتی قسە وەرگرتن و نەپشکنینی دوکان و هیچ ماڵێك و شوێنێك بەبێ بڕیاری دادگا، لێرەدا بەخورتی زۆر ڕۆشن نییە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە پاش بە خورتی ئەم بڕگەیە بێت "بەخورتی و یان بە ئەشکەنجەدانی دەروونی یان بەهەر رەفتارێك کە لە کەرامەتی مرۆڤ کەم دەکاتەوە" چونکە بەخورتی چەند بۆچوونێك دەگرێتەخۆی، بۆی هەیە گوشارێکی ئاسایی بێ، بۆی هەیە گوشارێکی زیاتر بێت، بەڵام ئەو دەقەی کە من پێشنیارم کردووە، لە یەکێك لە بەندەکانی جاڕدانی گەردوونی مافی مرۆڤ وەرگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی ئەو پێشنیارەی کاك ئەیاد پێمان وایە هەموو ئەو تۆژەرەوانەی کە کات "افادە" وەردەگرن زۆری و فشار بەکارنەهێنن و ئازاری جەستەیی نەدەن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەوە دووجارە کەس لەمن تێ ناگات، من پێشنیارەکەم بەم دەقەیە، پشتگیری و پاراستنی، گوتوومە دینارێکی بدەنێ و کورسیەکی بدەنێ "پشتگیری و پاراستنی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئاسانکردنی کارەکانیان" ئاسانکردنەکە زۆر گرنگە، ئازادی هەبێ ئەوەش گرنگی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەبارەی پاراستنەوە ئەوان داوای پاراستنی خەڵك دەکەن، بەڵام پشتگیری و ئاسانکردنی ئیش و کارەکانیان لە دام و دەزگای کاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کارێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من بۆ فەرمایشتەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دڵنیام لەوەی کە دەریان نەکەن و من ئەوەیان دەڵێم بیان پارێزن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لە سەرەتاوە باسمان کردووە، پاراستنی هەموو خەڵك ئەوانیش دەگرێتەوە و ئەوانیش هاووڵاتین لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی لەکاتێکدا لە کوردستان هەموو مزگەوتەکان وێران کراون دوژمن لە "ئەبرەها" زیاتری کردووە، چونکە ئەبرەها سەرنەکەوت لە رووخاندنی کابەتوڵلادا، بەڵام ئەبرەهاکەی ئێمە هەموو مزگەوتەکانی کوردستانی رووخاند، لەبەرئەوە حەزدەکەم لەم پرۆژەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێو هەوڵ بدرێ مزگەوتەکان لە کوردستان دروستبکرێنەوە، هەروەها ئەم مەلایانەی کە هاتوونەتە ناو شارەوە بگەڕێنەوە بۆ دێیەکانیان دوای ئاوەدان کردنەوەیان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی ئەو پێشنیارەی مامۆستا مەلا محەمەدەمین ئێمەش لاریمان نییە زیادی بکەین، هەوڵدان بۆ دروست کردنەوەی مزگەوتەکان، پرسیارەکانی تر کە مامۆستا مەلا تاهیر کردنی، رێزلێنان لەپیاوە ئایینییەکان بکرێتە زانایان، پێموایە "رجال الدین" هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەوەی جەنابی مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووی پیاوە ئاینییەکان بەراستی شتێکی گشتگیرە، پیاوە ئاینییەکان ئەوانەی تەریقەیان هەیەو دەروێشەکانیان ئەوانە هەموویان پێیان دەگوترێ پیاوی ئایینی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پێشنیازێك هەیە دەربارەی کەنیسەکان لەلایەن کاك ئەیادەوە هەیە دەڵێ"پاراستنی شوێنەوارە ئایینییەکانی هەرێم- مزگەوتەکان و کەنیسەکان و پەرستگاکانی ئیزیدییەکان" ئەوەش لەسەر پێشنیازی بەڕێز د. فوئادە.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی ئەوەی مامۆستا دەڵێ ئێمە ئەوە زیاد بکەین کە ڕێز لە زانایان و پیاوە ئایینیەکان بندرێ، ئێمە زانایان زیاد دەکەین، بەڵام دەربارەی پاراستنی شوێنەوارە ئایینییەکانی هەرێم و بەڕێوەبردنی کاروباریان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك هەمووی گشتگیرە، کەنیسەو مزگەوت دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمەعەبدولکەریم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من دوو خاڵم هەبوو، تەنها تێبینی بچووکن بۆ بەڕێزانی ئەنجومەنی وەزیران، لەرستەی دووەم خاڵی ٧ داوای کوژانەوەی ٤ وشە دەکەم، نووسراوە "گرنگە پیشەسازییەکان" ئەوە دیاری دەکات بۆ ئەوەی ببێتە گشتی، هەموو دام و دەزگاکان.

خـالێکی تـری تیادایـه، تـاوانی سیاسـی هـەر لـە خـاڵی ٧دا ڕێگـرتن لـە تـاوان و خراپـەکاری و تـاوانی سیاسـی "جەریمـەی سیاسـی" تێگەیشـتنێکی تایبـەتی خـۆی هەیە، ئەویش فت بکرێ.

خاڵی ٩ "ڕێکخستنی هاتنە ناو و چوونە دەرەوەی کەسانی بیانی" ئەوە تەنها بۆ بیانییە، سوپاس.

**بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی بڕگـە "٢" تێبینییـەکم هەیـە، هەرچـەندە خـۆی بـاش هـاتووە، بـەڵام ئەگەر ماوە هەبێ یـەك دوو تێبینـی پێشـکەش دەکـەم، ڕێکخسـتنەوەی دەزگاکـانی پۆلیس، دیارە خۆمان دەزانین پۆلیس لەم قۆناغەماندا چەند گرنگە و دەبـێ گرنگـی پـێ بدرێ بۆ جێبەجێکردنی یاسا، من وام پـێ باشە بنووسرێ "ڕێکخسـتنەوەی دام و دەزگاکـانی پـۆلیس و بـەهێزکردنی، بـۆ جێبـەجێکردنی یاسـا و پاراسـتنی نیـزام و ئاسایشی ناوخۆی هەرێم" ئەمە لەدوای "پۆلیس بەهێزکردن" بێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

خاڵی یەکـەم زۆر ڕەهایـە، دامـەزراوەی ناحیـەکان، چـونکە زۆربـەی زۆری ناحیـە دوورەکان ئاوەدانییان لێ نییە، ئەگەر بکرێ بگوترێ "هەوڵـدان" و شـتێکی وابکـرێ نـەك ڕەهـابێ، چـونکە زۆر ناحیـە هەیـە یـەك مـاڵی لـێ نییـە، ئەمەیـە یەکـەمیان، دووەمیان: زیادکردنێکم بۆ خاڵی چوارەم هەیە ئەگەر ئەوە بخرێتە سەری "بایەخدان بـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانیـاری سـەربازی، بـە گەشـەپێدانی قوتابخانـەکانی پۆلیس" بە نووسینیش بۆم ناردوون، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەبارەی ئەو تێبینییانەی کاك شێخ عەبدولکەریم، ئەوە لەلای ئێمە پەسەندە و لە شوێنی خۆیەتی و ئەوەی کاك ئیبراهیم باسی کرد هەمان تێبینییە کە کاك عەبدولکەریم دابووی، چارەسەر دەکرێ، بە نسبەت ئەوەی دوکتۆر خەسرۆ "رێکخستنەوە" هەمووی دەگرێتەوە و بەهێزیش دەبن، ئەگەر شتێك رێك بخرێتەوە، بەهێزیش دەبێ لەگەڵ رێکخستنەوەیدا.

تێبینییەکانی کاك فرەنسۆ بە نسبەت ناحیەکان، ئەمە بەرنامەی حکومەتە، لەوانەیە گەر حکومەت زۆر بەردەوام بێت، هەموو ناحیەکان دامەزرێنێتەوەو ئاوەدانیش دەبنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش دوابڕیار هی پەرلەمانە. بەنسبەت ئەوەی کە باسی کرد ئێمە رازین لەسەر ئەو برگەیە زیاد بکرێ بۆ گەشەپێدانی قوتابخانەکانی پۆلیس و بەڕێز دوکتۆر رزگار باسی کۆلیجی پۆلیسی کردبوو، ئەوە بڕیاری ئەنجومەنەو تێبینییەکەی پەسەندە، ئەوەی د. فوئادیش باسی کرد کە بکرێتە دوو برگە ئێمە لاریمان نییە، بەلأم خۆی لە بەرنامەکەدا زۆر بە درێژی نووسراوە کە کردوومانە بە برگە برگە ئەگینا دەکرا هەموو بەرنامەکە لە (٣-٤) لاپەڕە کۆبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

باسی شوێنە ئازادکراوەکان کراوە، بەلأم باسی شوێنە ئازاد نەکراوەکان نەکراوە کە تاکو ئێستا لەژێر دەسەلأتی حکومەتی رژێمی بەعسیدان، هەوڵ بدرێ بۆی یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەوەی من دەمویست بیلێم، مام ڕۆستەم گوتی، بەلاّم لێرەدا ئەوەی تێدا هاتووە و دەقەکە تۆزێك ناڕێکەو دەڵێ، بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گۆڕینی بەهێزێکی نیزامی بەدەستەڵات بۆ ئەوەی بتوانێ دەسکەوتەکان و ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بپارێزێ، ئەوە چاك بکرێت چونکە دیاری کردووە لەو حاڵەتەدا کەرکووك تێدەچێ، بە وشەیەك ئاماژەی بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من قسەکەم هەر هی مام ڕۆستەم بوو، ئەو بەشە رزگارنەکراوەی کوردستان پلانی بۆ دابنرێ بۆ ئازادکردنی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەرباری ئەو پرسیارەی مام ڕۆستەم و کاك شەوکەت و کاك عەبدولکەریم کردیان، کە تەنیا ناوچە ئازادکراوەکانی تێدایە، پێمانوایە کوردستان لە سەرەتاوە دیاری کراوە، فیدرالیەت بۆ کوێندەربێ؟ لە جوگرافیای کوردستان کوێندەرمان دەوێ، لەبەرئەوە نەمانویستووە ئەم مەسەلەیە بووروژێنین، لەوکاتەدا کە حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستان کابینەی تازەی دووەمی هەرێمی کوردستان، بەرنامەی ئەوەیە بچێ شارەکانی تری کوردستان رزگار بکات، نەمانویستووە بە زەقی باسی بکەین، ئەگینا هەر لە سەرەتاوە ئێمە فیدرالیمان بەتەنیا ناوێ بۆ ئەو ناوچەیەی ئێستا کە لەژێر دەسەلاّتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە، هەموو شوێنەکانی تری کوردستان دەبێ ئازاد بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنها ئەمێنێتەوە ئەوەی كاك د. فوئاد ئاماژەی بۆ كرد، لە راستیدا لە "بابی" پێشمەرگایەتیدا دوو سێ شت هاتوون، بۆچوونەكانی بەڕێز د. فوئاد لەجێگای خۆیاندان، ئەگەر بە وردی تەماشا بكرێن، بۆ نموونە لە خاڵی ٥ دا نووسراوە (دابینكردنی ماف خانەنشین و خەلاَتكردن و رێزلێنانی پێشمەرگەو پێشمەرگایەتی) دیسان دەگەڕێینەوە سەر پێشمەرگایەتی، كام پێشمەرگایەتی؟ پێش راپەڕین یان پاش راپەڕین؟ یان ئەو وەزعەی ئێستای حكومەتی كوردستان كە دروست بووە، ئەگەر مەبەست وەزارەتی پێشمەرگەیە، وابزانم پێشمەرگە ئەمڕۆ وەك كارمەندێكی حكومەتی كوردستانەو لە دام و دەزگاكانی كوردستان ماف خانەنشینیان پارێزراوە.

## بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

لەبارەی دابینكردنی ماف خانەنشینانو خەلاَتكردن و رێزلێنانی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی، مەبەست لە پێشمەرگایەتی پێش راپەڕینە، وەك باستان كرد ئەوانە ئێستا هەموویان مووچە وەردەگرن وكو هێزێكی "شبە نظامي" بەلاَم لێرەدا مەبەست لە پێشمەرگایەتی پێش راپەڕینە یان ئەو خەڵكەی بە درێژایی ژیانیان پێشمەرگە بوونە، سوپاس.

## بەڕێز فەوزیە عزەدین رەشید

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران فەرمووی: ئەنفالەكان لە وەزارەتی تەندروستی و كاروباری كۆمەلاَیەتی جێیان دەبێتەوە، من بەرنامەكەم خوێندۆتەوە، لەوێش ناویان نەهاتووە، حەزدەكەم وەكو دەزگایەكی سەربەخۆ بێ، چونكە ئەنفالكراوەكانیش خێزانیان هەیە، دەبێ شتێكیان بۆ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی ئەو شتانەی بەڕێز خاتوو فەوزیە وتی، ئەوە ئێوە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانن چەندە؟ ئەگەر بڵێین: هەوڵ بدەین بۆ دابینکردنی کەس و کاری ئەنفالەکان، ئەوە زیادی دەکەین، لاریمان نییە، بەڵام ئەوەی ئێستاکە شەهیدی پێشمەرگەیە، ئێمە خۆمان پرۆژەیەکمان ئاراستەی بەڕێزتان کرد، لێرە رەزامەندیتان لەسەر کرد، کە ئێستا یارمەتییان دەدرێتێ لەسەر ئەو بنەمایەی ئێمە هەموو شتەکانمان لەسەر بەرنامە نەنووسیە کە خۆمانی پێ بەستینەوە، لەوێ نەهاتووە، لەبەشی تەندروستی دامەزراوێك دابنێین، بەڵام ئەوانی تر هەمووی دەگرێتەوەو ئێمە مەبەستمان ئەوەی کاك د. فوئاد باسی کردو ئەوەی بەڕێزتان باستان کرد هەموو یەك دامەزراوەی هەبێ، تایبەت بێ لە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیو ئەوکاتەش پرۆژەیەك پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێ تاکو بیڕاستێنێ، لەبەرئەوە نەمانتوانی لێرە لە بەرنامەکەدا بەزەقی بەدیاری بخەین و دوایی پابەند دەبین جێبەجێی بکەینو لاریمان نییە بڵێین (هەوڵ دەدەین بۆ دابینکردنی ژیانی کەسوکاری ئەنفالەکان و وەزعی ژیانیان) چونکە ئەوان (١٨٢) هەزار کەسن، ئێمە ئەم حکومەتەی ئێستا ناتوانین لەبەردەمی ئێوەدا گفت بدەین کە ژیانیان لە ١٠٠٪ دابین دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەم بەرنامەیەی کابینەی دووەمدا لەبارەی پیشەسازی، لەبارەی سووتەمەنی هیچ شتێك نەهاتووە، ئینجا بۆ ئەوەی سووتەمەنی دابین بکرێ، کە هۆی چارەسەرکردنی زۆربەی زۆری تەنگوچەڵەمەی ئابووری و پیشەسازی و کارگەکانو ئاوەدانکردنەوە و

کشتوکاڵ و باری ژیانی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی کە تا ئێستا کە دارو دارستان زۆر کەم بوونەتەوە و نەماون، جا بەڕای من هەوڵدان بۆ دابینکردنی سووتەمەنی هەمەجۆر و گەشەپێدانی ئابووری و پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوە، ئەم خاڵە زیادبکرێ بۆ بەشی پیشەسازی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەو پێشنیارەی برادەران باسیان کرد لە شوێنی خۆیەتی و پەسەندە (هەوڵدان بۆ دابینکردنی سووتەمەنی) هەوڵدان نەك دابینکردن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵڵا**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕای من خاڵێك زیادبکرێ بۆ خاڵی ٥ (بەگەڕخستنی بانکی کشتوکاڵ) سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەشی هەشتەم خۆی پەیوەندی بە کشتوکاڵ و ئاودێرییەوە هەیە، بەڵام کە سەیری هەر چوار بڕگەکەی دەکەین، هیچ بڕگەیەك پەیوەندی بە ئاودێرییەوە نییە، جا پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیادبکرێ کە پەیوەندی بە مەسەلەی ئاودێرییەوە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

قسەکانی من کاک شێروان حەیدەری کردنی، بەڵام دەمەوێ تێبینییەك بکەم لەبارەی بابەتی پرۆژەکانی دی، زۆر پرۆژەی دیمان هەنە بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە زۆر بەرچاونین لەو دێهاتانەی ناوچەی خۆشناوەتی ئەو کانیاوانەی کە تەقێنراونەتەوە، گرنگییەك بە پرۆژە ئاوەکان بدرێ، ئەگەر توانا هەبێ کەڵك لە ئاوی دێهاتەکان وەربگیرێ بۆ کشتوکاڵ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیاری کاك حاجی ئیبراهیم، ئەوە لە مەسەلەی بانقەکان باس کراوە دەربارەی بەگەڕخستنەوەی بانقەکان و بووژاندنەوەیانو بانقی کشتوکاڵیش دەگرێتەوە.

بڕیاری کاك شیروان و کاکەڕەش لەجێی خۆیەتی. ئێمەش پێمان باشە ئەوە زیاد بکرێ. ئەوەی کاك عەبدولخالق باسی کرد لە خاڵی هەشتەم لەبارەی ئابووری دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

خاڵی دووەم (پێداچوونەوەی بەرنامەی خوێندن لە کوردستاندا، بەتایبەتی مێژوو پەروەردەی نیشتمانی و جوگرافیا) پێشنیار دەکەم کە زمان و ئەدەبی کوردی تێدا زیاد بکرێ.

خاڵی چوارەم (رێپێدان و چەسپاندنی خوێندنی زمانی زگماکی) چونکە وشەی خوێندنی زمانی زگماکی بکرێتە "خوێندن بەزمانی زگماکی" چونکە خوێندن تەنیا بەزمانی زگماکی نییە، دراسە بەزمانی زگماکییە، نەك هەر زمانەکە بەڵکو

خوێندنەکانی تر، لەبەرئەوە بگوترێ "خوێندن بەزمانی زگماکی" گشتگیرترە لەوەی "خوێندنی زمانی زگماکی"، سوپاس.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پێشنیازەکەم ئەوەیە ئەو مامۆستایانەی خەڵکی ئەو ناوچانەن لە پێشدان لە ناوچەکانی خۆیان دابمەزرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وەکو دەزانن ئۆردوگاکان پڕن لەو جۆرە کەسانەی کە کاتی خۆی چوونەتە خوێندنگاو نەچوونەتە قوتابخانە، ئێستاش زۆر زەحمەتە بتوانین ئەو کەسانە وەربگرین لە قوتابخانەکاندا، جاران شتێك هەبوو پێیان دەگوت قوتابخانەی ئێواران، ئەگەر بێتو برگەیەك بخرێتە سەر بەشی شەشەم بۆ ئەو کەسانەی کاتی خۆی نەچوونەتە قوتابخانە نابێ بەو جۆرە بمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەو پێشنیارەی مامۆستا عوسمان دزەیی لەبارەی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ ئەوەی لە خاڵی دووەمدا زیاد بکرێ، پێمان باشەو رازین.

دەربارەی ئەوەی کە خوێندن بە زمانی زگماکی بێ، پێمان وایە ئەمە لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە ئەگەروابێ هەموو دەرسەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر خوێندنی زمانی زگماکی بێ، مانای ئەوەیە یەك دەرس هەیە بۆ ئەوەی بە زمانی خۆیان بخوێنن.

مامۆستا عەفان باسی ئەوەی کرد کە گرنگی بدرێ بە کتێب و پەرتووک، ئەوە لە خاڵی سێیەمدا پەرتووک هاتووە، حەزدەکا دەیکەینە کتێب. نەسرین خان باسی ئەوەی کرد کە خوێندن "الزامی" بێت. حەزدەکەم ئێوە لە شوێنی ئێمەبن، دەتوانن لە رەوشێکی وەکو ئەمڕۆدا لەوباری ئابوورییە سەختەدا ئەمە بکەن؟ زۆر خەڵك هەنە پێیان باشترە منداڵەکەیان ئیش بکات، بۆ ئەوەی بژی نەك بخوێنێ، من ناتوانم بڵێم خوێندن دەکەین بە "الزامی" لەم کاتەدا، بەڵام هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا کە وەزعو گوزەرانی خەڵك چاك بوو، خوێندنی بەزۆر پیادە بکەین.

کاك ئەیاد هەر دەقەکەی مامۆستا عوسمان کە پێشنیاری کرد بوو هەر ئەوی زیاد کرد کە ئەویش مامۆستایەك وانە دەڵێتەوە با بیڵێتەوە، ئەگەر سەرپەرشتیار هەبێ و متابەعەی هەبێت، گرنگ ئەوەیە بزانین دەرسەکە چۆن دەڵێتەوە، ئەرکەکەی چۆن جێبەجێ بکات، ئێمە خۆمان کاتی خۆی بڕیاری ئاشت بوونەوەی گشتیمان دا کە پێش راپەڕین چی روویداوە هەموو بسڕێتەوە، هەر کەسێك بووبێ، مامۆستای کۆن بێ پیاوی خراپ بێ، ئەگەر ئێستا کەم تەرخەمی بکات لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە توێژینەوەی لەگەڵدا دەکرێ. دەبێ وانەی خۆی بەباشی بڵێتەوە، ئەوەی مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین باسی کرد ئەوە وانەی ئایین هەیە و قوتابخانەی ئایینیش هەنە، واتا لە هەموو قوتابخانەیەك وانەی ئایینی هەیەو تا دواناوەندی دەخوێنرێ.

ئەوەی کاك د. کەمال فوئاد باسی کرد ئێستا لێرەدا لە خاڵی (٧)دا هاتووە (بایەخدان بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کوردستاندا، بەرێگای کردنەوەی مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری) و ئێستاکە قوتابخانەی شەوی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان هەنە، ئەوان دەتوانن بەشەو بخوێنن و ئێستا ئۆردۆگا کە خۆتان باستان کردن دەربارەی ئاوەدان کردنەوە ئەو ئۆردوگایانە ئێستا جێگیر نین و دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بەپێی ئەو بەرنامەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە توانایان بۆ دابین دەکات و لە شوێنی

خۆیان قوتابخانەی لێ دەبێ و لە شارە گەورەکانیش دەتوانن سوودمەندبن کە قوتابخانەی شەوی لێیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وا پێشنیار دەکەین کە لەو خاڵانەدا، خاڵێکی تریش دەستنیشان بکرێت بۆ کردنەوەی کۆلێجی هونەرەجوانەکان، لەبەرئەوەی هەندێ کۆلیج کە کرابوونەوە، رەنگە ئێمە زیادەمان هەبووبێ لەوە، بەڵام لەو کۆلیجانەی کە نیمانە زۆر پێویستە کۆلیجی هونەرەجوانەکانە، سوپاس.

**بەڕێز مستەفا قادر مستەفا**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕای من ئەگەر خاڵێك زیاد بکرێ دەربارەی کۆڕی زانیاری کورد و بەم شێوەیە بێت(دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی کوردی بۆ رێکخستن و سەرپەرشتیکردنی لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی لە هەموو بوارێکدا) سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پێشنیارەکەی کاك ئەحمەد سالار لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام مەرج نییە لە بەرنامەکەمان دابێ ئێمە هەوڵ دەدەین و لێی دەکۆڵینەوە کە ئەوە زیاد بکرێ (کۆلیج بۆ هونەرەجوانەکان) بکرێتەوە.

ئەوەی کە کاك مستەفا گوتی لەبارەی کۆڕی زانیاری کورد، ئەویش لاریمان نییە زیاد بکرێ، بە نسبەت ئەوەی د. سەلیم باسی کرد نەك هەوڵدان، بەڵکو دابینکردنی "زمالە"، ئەوە لە دەستەڵاتی هەرێمدا نییە بڵێین مسۆگەری دەکەین و "زمالە" لە

دەرەوە وەرگرین بۆ قوتابییەکانمان، بەڵام هەوڵ دەدەین بۆ دابینکردنی، ئەوەی کاک بەختیار گوتی: هەوڵدان بۆ کردنەوەی چەند کۆلێج و بەشی تازە لاریمان نییە، کۆلیجەکانی دەخەینە سەر، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من داوا دەکەم وشەی کارەباش زیادبکرێ و بگوترێ (دابینکردنی کارەبا و ئاو) لە خاڵی ٣دا، هەروەها داوا دەکەم بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ، ئەویش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان، چونکە بەڕاستی مەسەلەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی زۆر پێویستن بۆ شار و شارۆچکەکان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خزر کوێخا**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پێش ئێستا من شتێکم دەربارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەڕەکەکان و ئەنجومەنی شارەوانی نووسی، ئێستا وەزعی شارەکان بەجۆرێکی ترە، لە سەردەمی پێشتر "مختار" هەبوو، ئەگەر یەکێك ئیشی هەبووایە لە فەرمانگەکان لە ڕێگای "موختارە"وە ئیشەکەی لە ناوەندەکانی پۆلیس جێبەجێ دەبوو، بەڵام ئێستا نە ئەنجومەنی گەڕەکەکان هەیە و نە "موختارە"کانیش ئیشیان پێ دەکرێ و نە دەسەڵاتیان دراوەتێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم بواری موختار بدرێ و موختاری نوێ دەستنیشان بکرێ لە هەموو گەڕەکەکان و دەسەڵاتیان پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

تێبینییەکەی بەڕێز کاك عەبدولخالق زەنگەنە، لە پیشەسازیدا هاتووە کە کارەبا دابین بکرێ، ئەوەی دووەم هەڵبژاردنی شارەوانی، لە یاسای وەزارەتی شارەوانیدا باس کراوە، بۆ وەڵامی پرسیارەکەی مامۆستا مەلا هادی، لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەڕەك، ئێستا بەڕێوەبردن و ئاسایش بۆ چارەسەرکردن و ڕێکخستنی وەزعی هێمنی کاردەکەن، شارەکانیان دابەش کردووە بە چەند "کەرت- قاطع" ئەوساکەش شارەوانی لەسەر ئەو بونیادە یان لەسەر بنەمای گەڕەك هەڵبژاردن بکات بۆ ئەنجومەنی گەڕەکەکان و هەروەها بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەراستی ڕێگای گواستنەوەی نێوان "دهۆك- هەولێر" بابەتێکی تایبەتە کە ئێستا سعری گەیشتۆتە "١٨٠" دینار بۆ یەك نەفەر، من پێشنیار دەکەم بایەخدانێك هەبێ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ڕێکخستنی هێڵی پاسەکان چ لەناو شار و چ لەنێوان شارەکاندا ئەمە یەك، بابەتێکی تریش هەیە، ئەویش بابەتی بەدالەی "دهۆك"ە، من چوار جار لێرە خستوومەتە روو کە نزیکەی "١٠" هەزار خەت بێنین و هەوڵمان داوە لە فەڕەنساوە بیهێنین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی پرسیارەکەی کاك ئیبراهیم، بەڕاستی ئێمەش زۆر قسەمان لەسەر کردووو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە زۆر پێیەوە خەریکن، کە ڕێگەی نێوان قەندیل و

ئەتروش قیرتاو بکەن، ئەوە مانای ئەوەیە نرخی هاتوچۆ کەم دەبێتەوە هەوڵیش دەدەین پاسی حکومەتی بکەوێتەوە گەڕ کە پێشان هەبووە بۆ تەلەفۆنیش ئەوە زیاد دەکەین (هەوڵدان بۆ پتەوکردنی هێڵی تەلەفۆنەکانی شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆك بە دانانی بەدالەی زیادە)، سوپاس.

**بەڕێز فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من چەند تێبینی و پێشنیارێکم هەیە دەربارەی ئەم بەشە، خاڵی یەکەم کۆمەڵێك نەخۆش هەنە لە کوردستانی ئەمڕۆدا چارەسەر ناکرێن، جاران ئەو نەخۆشانە لە بەغدا چارەسەر دەکران، ئێستا گرفتێکی گەورەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، زۆربەیان دێنە لای لیژنەی پزیشکی وەزارەت و هەوڵی ئەوە دەدەن بچنە دەرەوە، چونە دەرەوەش کارێکی زۆر گرانە، من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك بخرێتە سەر ئەو بەرنامەیەی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەم شێوەیەی خوارەوە بیّ، هەوڵدان بۆ دابینکردنی کادیری پزیشکی و پێویستی پزیشکی بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی کە ئەمڕۆکە لە کوردستاندا چارەسەر ناکرێن بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی خێرخوازەکانو ئەو دکتۆرە پسپۆڕانەی کورد کە لە دەرەوەی وڵاتن.

خاڵی دووەم: دکتۆرەکانی کوردستان لەبەر ئەم ئابلۆقە هەمەجۆرەی کە ئەمڕۆ لەسەر کوردستانە، ماوەیەکی زۆرە لە هەموو شێوەیەکی تازەی زانست و ڕێگاکانی مەشقکردن دابڕاون و کۆمەڵێك ڕێکخراوی خێرخواز هەنە دێنە کوردستان ئامادەن بێن و مەشق بە دکتۆرەکانمان بکەن، هەندێ شتی تازەیان فێربکەن و ڕێگای نوێیان پیّ نیشان بدەن و زانستی تازەیان پیّ بڵێن و ئەو مەشقە لە کوردستان بکەن، نەك بچنە دەرەوە.

تێبینی سێیەم: بەنسبەت خاڵی ٦ (بایەخدان بەژیانی پەککەوتەو کەمئەندامان و لێقەوماوان) پێشنیار دەکەم (خێزانی ئەنفالەکان)یان بۆ زیادبکرێ، چونکە وەختی خۆی ئێمە لە بەرنامەی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی پێشنیارمان کرد کە بەڕێوەبەریەتێکی تایبەت دروست بکرێ بەناوی "مدیریەتی شەهید و پەککەوتوو و ئەنفالەکان)ەوە.

خاڵێکی ترم هەیە، دەربارەی سیاسەتی خزمەتگوزاری پزیشکی لە کوردستاندا بەراستی ڕژێمی بەعس کاتی خۆی سیاسەتێکی تایبەتی هەبوو کە ناوەڕۆکەکەی لەوە دابوو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەخۆی ببەستێتەوە بەهۆی ئەو توانایە ئابوورییەی کە هەیبوو و کۆمەڵانی خەڵك دووربخاتەوە لە بەرهەمهێنان و ئەو سیاسەتەی ڕژێم بواری تەندروستیشی گرتەوە، من پێشنیاردەکەم کە لەمەودوا هەوڵ بدەین سیاسەتی خزمەتگوزاری بگۆڕین لەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە، کۆمەڵانی خەڵك پۆلین بکرێن بەپێی داهاتیان، هەموو کەسێك بەخۆڕایی چارە نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەوهەر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من زیادکردنێکم هەیە، بەم شێوەیە بێت (بایەخدان بە پاشماوەی ئەنفالەکان و خێزانی بارزانییە سەرگومکراوەکان و چارەسەری گیروگرفتیان بکرێ و هەوڵ بدرێ بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەو ئەنفالکراوانە).

خاڵی دووەم: هەوڵ بدرێ بۆ دامەزراندنی بەندینخانەی گشتی واتا "سجنی مەرکەزی".

خاڵی سێیەم: گەشە بە دابینکردنی تەندروستی بدرێ، چونکە ئێستا دکتۆرەکان لە عیادەی تایبەتی ڕەوشەکەیان قۆرتۆتەوەو کرێی فەحسیان زیاد کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من لەو بڕگەیەدا خاڵێك زیاد دەكەم، ئەویش ئەمەیە "هەوڵدان بۆ دابینکردنی زامنی کۆمەلأیەتی (ضمان اجتماعي) بۆ کرێکاران لەکاتی بێ کاری و نەخۆشی و پەککەوتەییدا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی ئەو پێشنیار و قسانەی کاك د. فائق، مەرج نییە هەمووی لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابێ، مەسەلەی مەشقکردنی کادیری پزیشکی یان هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەو رێکخراوە خێرخوازانەی کە لە کوردستان دان، تاکو یارمەتییان بدەن و دکتۆرەکانمان فێری زانستی تازە بکەن دیارە هەوڵ دەدرێ بۆ ئەوانە، بەلأم ئێمە دام و دەزگامان کەمە، بۆیە نەخۆشەکان دەچن بۆ بەغدا.

کاك جەوهەر ئەحمەد باسی ئەنفالەکانی کرد، ئێمە خۆمان ئێستا بە تەماین پرۆژەیەك ئامادە بکەین بۆ هەموو شەهیدەکان واتا دامەزراوی شەهیدان و راستەوخۆ بیبەستینەوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، یاخود پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلأیەتییەوە هەبێت.

ئەوەی کاك ئەیاد گوتی: هەوڵدان بۆ زامنکردنی کۆمەلأیەتی، ئەوە زۆر باشە، بەلأم ئەوەش پێویست نییە لە بەرنامەدا بێت، هەوڵ دەدرێ بۆ دابینکردنی "ضمان اجتماعي" لە کوردستان بۆ ئەو کرێکارانەی کە نەخۆش و پەککەوتەن. ئەوەی کاك مەلا هادیش کە وەلأمی درایەوە ئەگەر دژی ئەو خاڵەیە، با قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەو برایەی کە باسی کردنەوەی بەندینخانەی ناوەندی کرد، شتێکی خستەوە بیرم، ئەویش لەیەکێك لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا گوترا، وابزانم لەکاتی خوێندنەوەی بەرنامەی کابینەی یەکەمی ئەنجومەنی وەزیراندا باسکراو پشتگوێ خرا و من ئێستا دەیخەمەوە یاد ئەویش پێویستی کردنەوەی شێتخانەیەکە لە کوردستاندا، بەڕاستی ئەوە زۆر پێویستەو  گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی پێشنیارەکەی کاك د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد، ئێستا خۆمان هەوڵ دەدەین لیژنەیەکی ناوەندی دابنێین، بەڵام چەند شوێنێك تەماشا کراوەو پارەیەکی زۆری دەوێ، ئێمە دەمانەوێ کەمترین مەسرەفمان بچێ لەم کاتەدا کە حەپسخانەی ناوەندی دابنرێ، هەروەها جێگایەك بۆ ئەو خەڵکانەی کە عەقڵیان تەواو نییە واتە "شێتخانە"، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ( ٤٧ )
## سێشەممە ١٩٩٣/٦/٢٩

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٦/٢٩ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە "٤٧"ی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

وەلامدانەوەی پرسیارەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

مەرج نییە هەموو سێشەممەیەك بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی لێرە ئامادە بن لەوانەیە ئەوان هەندێکجار کاروباری خۆیان هەبێت، بەلام ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە پرسیارەکان پەیوەستن بە ئیشوکاری ئەوانەوە پێویستە ئەوان ئامادەبن، بەڕێز سەرۆکی وەزیران رۆژێك پێشتر پێیان بڵێ بەیانی ئێوە لەوێ ئامادەبن. من پرسیارێکم کردووە لەسەر مۆڵەتپێدانی یانە وەرزشییەکانەوە، پێش راپەرین چوار پێنج یانەی وەرزشی هەبوون لە سەرتاسەری کوردستاندا،

پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا لەسەر بنەمای کام یاسا مۆڵەت بە یانەکان دەدرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەین، بەڵام پێموایە لە یاسای وەزارەتی رۆشنبیریدا هاتووە لە دەسەڵاتی وەزیردایە کە مۆڵەت بە یانەکان بدات نەك کۆمەڵەکان ئەوەی کاك فرەنسۆ باسی کرد کۆمەڵەکانە یانەکان نییە، لەبەرئەوە پرسیارەکە رەوانەی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

یانەکانیش کۆمەڵەنە، چونکە ئەبێت داواکاری پێشکەش بکەن، دەستەی دامەزرێنەر لەگەڵ چەند ئەندامێك لەدەستەی گشتی ئەبێت داوا پێشکەش بکەن و بەرەسمی نابێت مۆڵەتیان پێ بدرێ، دوای ماوەیەك دەبێت هەڵبژاردنیش بکرێت، بۆیە یانەش کۆمەڵەن‌و ئسوڵی خۆیان‌و بەرزەفتکردنی "ضوابط"ی خۆیان هەیە کە چۆن مۆڵەتیان پێ دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وابزانم ئەو وردەکارییانە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە کە چ مەرجێك دادەنێ بۆ یانەکان و تەمەنی ئەندامانی دەبێ چەند بێت و کێ مافی هەیە بەشداری هەڵبژاردن بکات، ئەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتی رۆشنبیری دایە، ئەوە لە یاساکەشدا هاتووە کە پەیوەندی بە یاسای پەرلەمانەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیارەکەی من لە سەرۆك وەزیران دەربارەی ئەو گەنمەیە کە دەکڕێت، بە بۆچوونی من رەنگە بەشێوەیەکی دادوەرانە بەخەڵك نەگات و پێویستە پشتگیری نرخی نان بکرێ، جا بۆچی ئەو پشتگیریکردنەی نان تا ئێستا نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی گەنم فرۆشی و هاندانی برادەرە جووتیارەکان کە گەنم و بەرهەمەکانیان بخەنە بازاڕ و بە سایلۆکانی بفرۆشن کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێت، ئێستا ئێمە رامانگەیاندووە کە تەنیا گەنم وەردەگرین، ئەگەر گەنم و جۆش بێت دەبێ، ئێستاکە گەنمەکانیان دەنێرن لەبۆ بازاڕەکان و بەرەو پیرەچوونێکی باش هەیە لەبۆ ئەو مەسەلەیە، بەڵام بەداخەوە لەهەولێر و لە سلێمانی بەو شێوەیە نییە، یان لە کەرکوك کە برا جووتیارەکان بەرهەمی گەنم و داهاتەکانیان بنێرن لەبۆ بازاڕەکان کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ناوەندەکان داندراون کە لێیان بکڕن، ئێمە خۆمان ئێستا دراسەتی ئەو مەسەلەیە دەکەین بە شێوەیەکی تر ئەو خەڵکانەی کە "استغلال و احتکاری" ئەوە دەکەن کە دەیانەوێت گەنمەکان لەبرا جووتیارەکان بکڕن و دەیشارنەوە، پێویستە بەشێوەیەکی راست و رەوا ئەو گەنمانە بێت لەبۆ بازاڕەکان و لەبۆ سایلۆکانی خۆمان، ئەمڕۆ کۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵ لیژنەی تری بازاڕی پارێزگاکان لەبۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، ئەوەی کاك ئازادیش باسی کرد لەبۆ مەسەلەی فرنەکان، یا ئارد دان بە فرنەکان ئێستاکە پرۆژەکەیان لەبەردەستە لەبۆ ژیانەوە و بووژانەوەی ئەو فرنانەی کە لە کاتی خۆی لە پارێزگاکاندا هەبوون، فرنی "اعاشە"

هەبوو فرِنی سەمون هەبوو، ئەو فرِنانە بەکاربخرێنـەوە کـە لەلایـەن حکومەتـەوە بـە نرخێکی هەرزان سەموونەکانیان بدرێتە کۆمەلانی خەلکی کوردستان، سوپاس.

**بەرێز مستەفا قادر مستەفا**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لای هـەمووما‌ن ئاشـکرایە کـە پشـدەر ناوچـەیەك بـووە دەورێکـی دیـاری کـراوی هەبووە لە شۆڕشی کورداو دانیشتوانیشی قوربانیـەکی زۆریـان داوە، هـەر لـە سـالی ١٩٦٣وە جارێك بەر بۆردومانی فرِۆکەکان کەوتووە کە زۆری لە ٧٤ سووتاوە کە لای هەمووتان ئاشکرایە، لە ٨٢ بەهەمان شـێوە تـاکو دواجـار لـە ٨٩ راگـوێزراوە، ئێمـە کاتی خۆی دانیشتوانی ناوچەکە راپۆرتێکیان بە ئەنجومەنی نیشـتمانیدا، راپۆرتەکـە لەرێگەی من و کاك دکتۆر جەلالـەوە بـوو، ئەوکاتـە مـن لێـرە نـەبووم دکتـۆر جـەلال پێشکەشی کرد، لێرە برِیاری ئەوە درا کە دوو نوێنـەری ناوچـەکە بچـن لـە نزیکـەوە سەردانی ئەوە بکەن، لە کێشەو گیروگرفتی ناوچەکە بکۆلنەوە، مـن و کـاك محەمـەد چووین بۆ ئەوێ راپۆرتێکی دوور و درێژمان هێنایەوە لەوێ لەگەل خـەلکی ناوچـەکە بـــە دوورو درێـــژی کۆبونـــەوەی فراوانمـــان کـــرد لـــە کێشـــەکانیانمان کۆلیـــەوە راپۆرتەکەمان هێنایەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، سوپاس.

**بەرێز عەبدوللا رەسول عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەلای هەمووان ئاشکرایە کە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بە شێوەیەکی رێکوپێك نییە، ئەو رێکخراوە بیانیانەش کە هاتوون بۆ کوردستان، هەر کەسە لە شـوێنێکەوە دەستی پێ کردووەو بـەبێ ئاگـاداری حکومـەتی ناوەنـدی بـووە، ئێسـتا حکومـەتی هەرێمی کوردسـتان خـەریکی پرۆژەیـەکین کـە قسـە لەگـەل هـەموو ئـەو رێکخراوانـە بکەین چ ئەوانی بیانی چ ئەوانی ناوەوە، کۆبوونەوەیەکیان پێ بکـەین لـە داهـاتوودا

دەبێت بەبێ پرسی حکومەت لەهیچ شوێنێك پرۆژە دانـەنێن و قـەلآدزەش شـوێنێکە لەو شوێنانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بایەخی پێ دەدات، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران زۆر ئۆتۆمبێـل و بینـای حکومـەتی بەدەسـت خەڵك و حزبەکانەوەیە، خۆشمان دەزانین کە گێڕانەوەیان بـۆ حکومـەت کـارێکی زۆر پێویستەو ئەو کێشـەیەش وابـزانم پێشـتر باسـکراوە، پرسـیارەکەم ئەوەیـە کـە ئایـا حکومەت لەوبارەیەوە هیچی کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەو بینایانەی کە حکومەتین و حزبەکان داگیریان کردوون، زۆربەیان چۆڵ کردوون و گەڕاونەتەوە بۆ حکومەت و ئەوانەشی کە ماونەتەوە ئاگادار کـراون کـە بـەزووترین کات چۆڵی بکەن و، ئەو ئۆتۆمبیلانـەش کـە هـی فەرمانگـەکانی حکومـەتی هـەرێمن، هیچی لای حزبەکان نەماون و گەڕاونەتەوە بۆ حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز شێخ مەزهەر عەلی مستەفا**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیارەکەی من پەیوەنـدی بـە بـەڕێز وەزیـری تەندروسـتییەوە هەیـە، ئێسـتاکە ساردەمەنی و خواردنەوەیـەکی زۆر لـە بـازاڕە میللییـەکان دروسـت دەکرێـت بـەبێ ئەوەی کـە گـوێ بـدەن بـە هـیچ چـاودێرییەك، جـا چ چـاودێری تەندروسـتی بێـت چ چاودێری هەندێ فەرمانگەی تر بێـت، ئایـا حکومـەت تـا چ رادەیـەك ئاگـاداری ئـەو بابەتەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

دەربارەی ئەو پرسیارەی كاك شێخ مەزهەر، ئێمە ئاگاداری وەزارەتی تەندروستیمان كردووەتەوە كە چاودێری توند لەسەر ئەو شتانە دابنێت و بەشێوەیەكی ڕێكوپێك چاودێری بكات، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

پرسیارەكەم ئەوەیە ئەو دوو گۆلەی دوكان و دەربەندیخان، ئەگەر حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگای كۆمپانیاكانی بیانییەوە لێی سوودمەند بێ، بۆ ئەوەی سوود لە ماسی و گەشت و گوزار وەربگرێت، پرسیارێكی تریش ئەوەیە بە نیسبەت دێهاتەكانەوە ئەگەر ئەوەش باس بكرێت كە دێهاتییەكان دەڵێن لە كۆمەڵگاكانەوە ناگەڕێنەوە بۆ دێهاتەكانیان، لەبەرئەوەی نەخشەی بنەڕەتی دێهاتەكان چەند ساڵێك لەمەوپێش هەر شایانی ٥٠ خانوو بووە كە تیای بكرێت، ئێستا كە دێیەكە پێشكەوتووترەو پەرەی سەندووە دەشێ ٧٠ خانووی لێ بكرێ ئەو زیادانە كە گەڕاونەتەوە شوێنی خانوویان نییە، جا وەزارەتی كشتوكاڵ یا شارەوانی پەیوەندی بە كامیانەوەیە كەوا نەخشەیەكی ڕێكوپێكیان بۆ داڕێژن، بۆ ئەوەی خەڵكەكە هان بدرێن و بگەڕێنەوە، پرسیارێكی تریشم هەیە ئینجا ئەوەش نازانم بیكەم یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لە ئەنجومەنی وەزیراندا لەبەشی یەکەمی پرسیارەکەی کاك سیروان دەکۆڵینەوە، هــی دووەمــیش ئێمــە خۆمــان باسمــان کــرد بــۆ ئاوەدانکردنــەوە، هــەتا ئێســتا بەشـێوەیەکی نـا ڕێك بـووە، پرۆژەیـەکمان بەدەسـتەوەیە کـە بەرنامەیـەکی نـوێی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە هاوکاری وەزارەتی مرۆڤایەتی کـە شـوێنەکان ئـاوەدان بکەنەوە بە شێوەیەکی تازە کە ئەو پێداویستییانەی تێدابێت، ئـەوەی کـاك سـیروان باسی کردن، سوپاس.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا هیچ چارەسەرییەك بۆ قوتابخانەکانی (ئاکرێ) کراوە کە ٣٩ قوتابخانە هـەتا ئێسـتا داخـراون، لەبـەر نـەبوونی مـیلاك و ٥٠ قوتابخانـەمان هەیە کە میلاکیان بەموحازەرەیەو لەکاتی خۆی ئەنجومەنی وەزیران (٢٥٠)پلـەی بـۆ مامۆستای سەرەتایی و (١٠٠) پلەی مودەریسی دەستنیشان کرد، بەڵام هەتا ئێسـتا یەکێکی نەهاتوونەتە پێش، چونکە ڕێگەیان زۆر دوورن و پێشـنیازێکیان کردبـوو کـە خـولێکی پــەروەردەیی بکرێتــەوە بـۆ خــەڵکی خـۆجێیی لــە دەرچـوانی ئامۆژگـاو ئامـادەیی‌و شەشـی زانسـتی و وێـژەیی و شەشـی ئیسـلامی تـا ئێسـتاش نەهاتۆتـە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو ئێمە بەرنامەمان هەیە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە کاتی خۆی دەرچووینە و تا ئێستا دانەمەزراون کە دایانبمەزرێنن و بیان نێرینە قەزای ئاکرێ و هەروەها ئیمتیازێکیان پێ بدرێت دەرماڵەی رێگاوبان و نیشتەجێکردن بێ لەبۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی کە مامۆستا باسی کردن پڕبکرێتەوەو قوتابخانەکان ئامادە بن، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیارەکەی من دەربارەی ئەو لیستە تەندروستییەیە کە وەزارەتی تەندروستی پێکی هێنابوو، کە هاوەڵی حاجییەکان بێت بۆ مەکەی پیرۆز، ئەوە لەرووی هونەرییەوە واتە لەرووی دروستییەوە و لەرووی سیاسییەوە و لەرووی ئایینییەوە لە هەموو رووەکانەوە شکستی هێنا لەرووی دروستییەوە ئەو دکتۆرەی کە کاری پێ سپاردرا بوو خۆی نەخۆش بوو، لای خەڵك باسی کردبوو کەوا بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی ئەڕوات، ئەمە یەك. دوو پسپۆڕییەکەی لەو نەخۆشیانە نییە کە بۆی هەیە حاجییەکان تووشیان بێن لە رێگا یان لە سعودیە یان لە شوێنەکانی کە تووش ببن، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی کەوە هەندێك لە ئەندامانی وەفدەکە کە لەو خەڵکە ناسراوانەن کە کاتی خۆی دەستیان هەبووە لەگەڵ رژێمدا، لەلایەکی کەشەوە ئێمە موسڵمانین، واتا لەگەڵ رێزم بۆ کەمە ئایینییەکانی تر کە پێویست ناکات داوا لە دکتۆرێکی گاور یا دکتۆرێکی ئێزیدی بکرێت کە وەفدێکی تەندروستی بۆ هاوەڵی حەجاجەکانی کوردستان بنێردرێ بۆ وڵاتێکی ئیسلامەتی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە ئێمە زۆر پێمان خۆش بوو برا حاجییەکانمان ئەوسا بچن حەجی خۆیان بکەن، بەڵام لەراستیدا ئەوکاتە ئەوە رێکوپێك نەبوو کە ئەنجام نەدرا لە بەر کەمی کات و دواکەوتنیان کە بچن زیارەتی حەج بکەن و ئەو شتانەی کاك دکتۆر یاسین کردی بۆ ساڵێکی تر بەیاری خوا لێی دەکۆڵینەوە کە ئەو کەم و کورتییانەی تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/ جێگری سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەنگۆیەك هەیە لەسەر ئەو باسەی کە بڵاوبۆتەوە کە گوایە ئەنجومەنی وەزیران زەوی بەسەر مووچەخۆران و خانەنشینان و کەس و کاری شەهیداندا دابەش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە لە بەرنامەی کابینەی دووەمی هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە بایەخی زۆر بە کەسوکاری شەهید و چاککردنی باری گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدات، هەروەها بەڵێنمان دابوو کە لەو کاتەی داوامان لێکرا بۆ پێکهێنانی حکومەت کە زەوی و زار دابەش بکرێت بەسەر کەسوکاری شەهیدەکان ئێستاکە کە ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لێی دەکۆڵدرێتەوە کە زەوی بدرێتە هەموو مووچە خۆرەکانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمەفەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەدواداچوونێکمان هەیە دەربارەی بەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەراندا، ئێمە چەند داواکارییەکمان بۆ هاتووە بۆ لیژنەی تەندروستی و لیژنەی فێرکردنی بالاَ کەوا مامۆستایانی زانکۆ و دکتۆرەکان ماف خۆیانە کەوا زەوییان بەسەردا دابەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلاَ رەسولَ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی ئەو پرسیارەی کاك دکتۆر ئێمە دەمانەوێت زەوی بدرێتە هەموو مووچەخۆرەکان بە مامۆستای زانکۆوە بە دکتۆرەکانەوە و بە تایبەتی ئەو خەڵکانەی کە کەم دەرامەتن، واتا زۆربەی زۆری مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کە بتوانن گوزەرانیان چاك بکەن بەو زەویەی کە دەیان درێتێ و هەروەها هاندانێك بێت بۆ ئەو خاوەن پارانەی کە پارەیان هەیە پارەکانیان وەبەربێنن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیارەکەی من ئەوەیە کە ئەگەر بەڕێز وەزیری ئەوقاف بانگ بکرێت و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەو مەسەلەیە لەکوێ وای بەسەر هاتووە؟ ئەگەر رەزامەندی ئەو دەوڵەتانە وەرنەگیراوە بۆچی ئەو برادەرانە بەڕێ کراون؟ ئەوە یەك و لایەنەکەی تریش ئەو کەسانەی کە پارەیان داوە پێویستە ئەو پارەیان بۆ رەت بکرێتەوە، چونکە تا ئێستا ئەوەی کە من دەزانم حاجییەکان

پارەکەیان وەرنەگرتۆتەوە کە داویانە بە وەزارەتی ئەوقاف کە گوایە بۆ حەجیان دەنێرن جا من تکام ئەوەیە با وەزیری ئەوقاف بفەرمووێت بۆ ئێرەو بەتێروتەسەلی باسی ئەو بابەتانەو هەندێك هەڵوێستی تریشی لەگەڵدا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی ئەو پرسیارەی مامۆستا، دیارە کاتی خۆی لە نووسینگەی پەیوەندییەکانی هەردوولای پارتی و یەکێتی لە ئەنقەرە بروسکە هاتووە بۆ وەزارەتی ئەوقاف کە ئەو حاجییانە بەڕێ بکەون، بەڵام ئێمە وەکو ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا کە ئەو حاجیانە نەچن، چونکە ماوەکە کورتەو پێڕاناگەن، بەڵام لەسەر بنەمای ئەو بروسکەیە ئەو خەڵکە بەڕێکران، سوپاس.

**بەڕێز مامەند حەمەدئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پشتگیری قسەکانی کاك مستەفا دەکەم، دەربارەی قەڵادزێ کە قەڵادزێ زۆر مەغدرورە و تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە، لەبارەی کارەباشەوە کاتی خۆی ئێمە بەڵێنمان لە سەرۆکایەتی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران وەرگرت کە بڕی (٦٠٠) هەزار دینار پارەمان بدەنێ بۆ کڕینی سیمی نێوان قەڵادزێ و رانیە هەتا ئێستا بەڵێنەکە جێبەجێ نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

رێکخراوی کۆمەڵەی ئەوروپا رازی بووە کە بڕێك پارەمان بداتێ بۆ کڕینی کەلوپەلی کارەباو پێداویستییەکانی پرۆژەی دەربەندیخان، ئەوکاتە دەتوانین

کارەبای سەرەکی لەرانیەوە رابکێشین بۆ قەلآدزێ، هەروەها بۆ هەڵمەتی پاککردنەوە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەشداری وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ئەشغال و وەزارەتی ئاوەدانکاری شاری هەڵەبجە پاك دەکاتەوەو هەوڵ دەدەین بەرنامەیەك دابنێین بۆ پاککردنەوەی شاری قەلآدزێ و رێکخستنی ناو شارەکەش، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی کڕینی گەنم، لەشاری سلێمانی سایلۆیەك هەیە سایلۆکە تەواو نەکراوە، جا ئەمە پەیوەندی بە جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری کشتوکاڵەوە هەیە لەسەر ئەوە هیچ زانیارییەکیان هەیە کە ئەو سایلۆیە بە چەند تەواو ئەبێت و چۆن تەواو ئەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە سایلۆکانی کوردستان یان عێراق هەمووی لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرەوە دروست ئەکرێن، بۆ نموونە چەند سایلۆیەك هەیە لە عێراق وەکو سایلۆی موسڵ و سایلۆی هەولێر و سایلۆی بەسرە و سایلۆیەکی بەغدا لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانیەوە پێشوەخت دروست کراون، بەلآم سایلۆیەکانی تر کە لەلایەن روسیاوە دروست دەکرێن لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەو کۆڵخۆزو سەفخۆزەوە دروست دەکرا ئەوکاتەی کە شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکرد سایلۆی سلێمانی راوەستاوەو ئیشی لێ نەکراوە، دەبێت ئەو کۆمپانیایانە جارێکی کە بێن و تەواوی بکەن و بە حکومەتی هەرێمی کوردستان سایلۆی سلێمانی تەواو ناکرێت و بەنسبەت داکردنی گەنمەوەش کە ئێمە وەریدەگرین مەرج نییە لە سایلۆ بێت ئەوە عەمبارمان هەیە

گۆرەپانمان هەیە عەمبار دەکرێ و دابەشی دەکەین بەسەر خەڵکدا، لەپێشەوە شەش مانگ بەگوێرەی پسوولەی کەلوپەلی خۆراکی بیاندەینێ خۆیان سوودی لێوەربگرن هەم بۆ نان و هەم بۆ ساوار و بۆ شتی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماوە دەدرێ بە ئەندامانی پەرلەمان کە تەعقیب لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بکەن، بەڵام ماوەکەمان دیاری کراوەو ئێمە ناتوانین لەوە زیاتر بوار بدەینە ئەندامانی پەرلەمان کە تەعقیب و پرسیار بکەن لە ئەنجومەنی وەزیران یاخود لە وەزیرە بەڕێزەکان، چونکە لەرۆژی سێشەممەوە پرسیارەکان بەدیاری کراوی بۆیان رۆیشتووەو ئەو پرسیارانە بەگورجی بۆ ئەندامان دەگەڕێتەوە، جا حەق نییە ئەندامێکی تر بەشداری بکات لەو پرسیارانەی کە کراون.

دووەم مەسەلەکە مەسەلەی کاتە، بۆ ئەنجومەنی وەزیران کاتێکی دیاریکراو دانراوە، ئەوانیش ئیشوکاریان هەیەو کە دێن بۆ ئێرە دەبێت سەعاتێك یان دوو سەعاتی تر بگەڕێنەوە بۆ سەر ئیشوکارەکەیان، ئێمە دەبێ نزیکەی دوو سەعات بۆ ئەوان دابنێین لەسەعات ١٠وە هەتا سەعات ١٢ لەو دوو سەعاتە هەوڵ بدەین کۆمەڵێك پرسیار کە ئاراستەی ئەوان کراون وەڵامی بدەنەوە حسابمان کردووە هەر بۆچوونێك لەسنووری دەقیقەیەك یان دوو دەقیقەی بۆ دانراوە، هیوادارین لەمەودوا بتوانین ئەم بەرنامەیە بەشێوەیەکی وا رێك بخەین کە چیتر کاتمان لەکیس نەدات.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئێمە کۆبوونەوەکەمان بۆ ئەوەیە کە ئەو پارانە بێتە بانقەکانی کوردستانەوە، هەروەها ئەو بەرنامەیەی کە جێبەجێی دەکەن بە ئاگاداری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت نەوەك خراپ بەکاربێت، ئەوەی تر دەربارەی رۆتینە، کە رۆتین لە

فەرمانگەکاندا هەیە، من پێموایە ئێستاکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا رۆتین هەبێت، چونکە رۆژی پێنج شەمووان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران جاری واهەیە پتر لە "٣٠٠" تا "٤٠٠" کەس دەبینین کە داوا دەکەن ئیشەکانیان بڕوێنین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

روونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر ئەوەی کە بۆچی خەڵك لە ناوچەی دهۆك گەنم تەسلیم ئەکات و لە هەولێر و سلێمانی تەسلیمی ناکەن؟ حەزدەکەم بیزانن هەموو ساڵێ عێراق گەنم و جۆی لە تورکیا هێناوە، لە تورکیاش گەنم هەرزانترە وەك لە عێراق و لە کوردستانی عێراق، لەبەرئەوە بێگومان بۆ تورکیا ناچێت بۆ عێراقیش یاساغ کراوە، بەڵام لەو پارێزگایانەی ئێرە بە تایبەتی لە سلێمانی و هەندێك قەزای سەر سنوورەکانی پارێزگای هەولێر بەشێك خەڵك گەنمەکە دەبەن لەبۆ ئێران داوا دەکەین کۆمەڵانی کوردستانیش کە بەڕاستی بوار نەدەن ئەو گەنم و جۆیە بڕوات، بۆ خۆشیان هان نەدرێن کە گەنمەکە بڕواتە دەرەوەی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خزر کوێخا**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گوتی زەوی دابەش دەکەین بەسەر فەرمانبەر و شەهید و پێشمەرگەدا، ئەوە مژدەیەکی خۆش بوو، ئایا ئەوان ئەتوانن کە ئەو زەوییە بیفرۆشنەوە؟ یان مەرجە، کە هەر خۆیان بیکەن بە خانوو؟ پرسیاری دووەمم ئاماژە بەوە درا کە گوایە لە هەولێر و سلێمانی جووتیارەکان بەرهەمەکانیان تەسلیم ناکەن، ئایا تا ئێستا چ کارێکی وایان کردووە لەگەڵ جووتیارەکاندا بۆ تەسلیم کردنەوەی بەرهەمەکانیان؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە بەدرێژی باسی ئەو مەسەلەیە کرا، ئێمە دەمانەوێت ڕاددەی ژیانی مووچەخۆران بەرز بکەینەوە لەگەڵ پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدەکان دەبێ ئەو مافەشیان هەبێت کە زەوییەکەیان بفرۆشن ئەگەر نەیفرۆشن چۆن دەتوانن ڕاددەی ژیانیان بەرز بکەنەوە؟ خاڵی دووەمیش ئەوە ئەوڕۆ کۆبوونەوەمان هەیە کە لیژنەکانی "تسویقی" ناوەندی هەموو پارێزگاکانمان بانگ کردووە کە لەوە بکۆڵینەوە بۆچی لە هەندێ شوێن "تسویق" بە گەرمی خەڵك پێشوازی دەکات و لە هەندێ شوێنی تریش نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولڕەزاق عەبدولحەکیم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

جا پرسیار و سکالاکەم ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت زەوییەکان لەشاری کۆیە دابەش بکرێن بەسەر دانیشتوانی کۆیەدا نەك لە هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

زۆر باشە لەوەش دەکۆڵینەوە، کە ئێستاکە کۆیە زۆر زوڵمی لێکراوە، لە زەمانی حکومەتی بەعس یان ئەو شوێنانەی کە وەکو کۆیەن کە زوڵمیان لێکراوەو چارەسەر بکرێ وابزانم برادەرانیش پێیان خۆشە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دوو شت سەرنجیان ڕاکێشام، یەکیان ئەوەیە کە پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆم زۆر لاباشە، لەمەودوا ئەو پرسیارانەی کە ئەچێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران تەنها وەزیری تایبەتمەند بێت بۆ ئێرە، هەموو جارێ پێویست ناکات سەرۆك و جێگری سەرۆك و برایانی وەزیر ئامادەبن، بۆ ئەوەی فریای ئیشوکارەکانیان بکەون، ئەوە پێشنیارێکی زۆر باشە، دووەم داوا بکەین لە ئەنجومەنی وەزیران کە پاش کۆبوونەوەکانیان مەحزەری کۆبوونەوەکە بۆ پەرلەمان بنێرن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

مەبەستی کاك شێخ عەبدولکەریم وانییە واتا دەقێکی یاسایی نییە، کە ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنەکانی خۆیدا بێت لە بەردەمی پەرلەماندا بڵێ کۆبوونەوە دەکەم یان کۆبوونەوە ناکەم، بەڵام ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان تێبنیان هەبێت لەسەر کاروباری حکومەت دەتوانین لەرۆژی دیاریکراودا بۆ حکومەت رای خۆیان دەرببڕن و پرسیار بکەن، بەڵام پەیوەندییان بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە نییە، ئەوە دوو دەسەڵاتی لێك جیاوازن دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیارێکی تر هەبوو پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە هەیە، وەزیری ئەوقافیش گەیشت و لێرەیە، ئینجا بۆ ئێمە ئەویش هەڵگرین بۆ سێشەممەی ئاییندە؟

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیارەکەی وەزارەتی ئەوقاف وەڵام درایەوە، نازانم ئەو برادەرەی کە پرسیار دەکاو کە دڵنیانییە، هەتا بەڕێز وەزیری ئەوقافیش لێرە روونی بکاتەوە، سوپاس.

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣) ی نائاسایی

## شه‌ممه ١٠/٧/١٩٩٣

كاتژمێر ١٠ی سه‌رله‌به‌یانی رۆژی شه‌ممه رێكه‌وتی ١٠/٧/١٩٩٣ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان به سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز جوهر نامق سالم سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و به ئاماده‌بوونی جێگری سه‌رۆك به‌ڕێز نه‌ژاد ئه‌حمه‌د عه‌زیز ئاغاو سكرتێری ئه‌نجومه‌ن به‌ڕێز فه‌رسه‌ت ئه‌حمه‌د عه‌بدوڵلاّ، دانیشتنی ژماره ٣ی نائاسایی خولی یه‌كه‌می ساڵی ١٩٩٣ی خۆی به‌ست، سه‌ره‌تا له‌لایه‌ن ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تییه‌وه راده‌ی یاسایی دانیشتنه‌كه چه‌سپێنرا، ئه‌وجا به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان و به‌ناوی گه‌لی كوردستانه‌وه دانیشتنه‌كه‌ی ده‌ست پێكرد.

**به‌رنامه‌ی كار:**

١- به‌رچاوخستنی پرۆژه‌ی یاسای حزبه‌كان

٢- تازه بابه‌ت

**به‌ڕێز به‌ختیار حه‌یده‌ر عوسمان**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن**

له‌راستیدا به‌ڕێز كاك كه‌مال ئاماژه‌ی بۆ ئه‌وه‌كرد كه یاسای حزبه‌كان زۆر زۆر دواكه‌وتووه، خۆیشمان وه‌زعی خۆمان باش ده‌بینین كه ئێستا وه‌زعه‌كه چۆنه‌و هه‌ر دواخستنێكی ئه‌و یاسایه وابزانم زۆر زه‌ره‌ربه‌خشه بۆ میلله‌ته‌كه‌مان به‌گشتی، ئه‌وجا به‌پله‌ی دووه‌م بۆ حزبه‌كانی خۆشمان هه‌ر گفتوگۆیه‌ك بكرێت، گریمان به‌رێگای

نەدوەو شتی واشبێت کە لە دەرەوە لە رۆژنامەکاندا بخرێتە روو لە ئەنجامدا دێتـەوە پەرلەمان، پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکات کە ئێمە نوێنەری میللەتین، سوپاس.

**بەرێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من نازانم بۆچی ئەم پێشەکییە گرنگـە بـەنهێنی کـرا؟ ئەمـە بەقـەدەر یاسـاکە بـۆ وەزعی پەرلەمانی ئێمە زۆر گرنگـە، چـونکە ئـەو نیشـانە "حرسـی" ئێمەیـە لەسـەر یاسایەکی واگرنگ، واتا ئەگەر مەبەست هەر ئەم گفتوگۆیـەی ئێسـتا بێـت، رای کـاك نەژاد، رای جەنابت و رای برادەران کە قسەیان کرد، دەلالەت لەپێناسی پەرلـەمان و برادەرانی پەرلەمان دەکات کە چەند ئێمە بەپەرۆشین بۆ وەزعی یاسـایەك کـە ئـەوە ژیانی کۆمەڵی کوردستانی خۆمان رێك دەخات، سوپاس.

**بەرێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وەکو دیارە ئەو پرۆژەیە زۆر گرنگـە، بـە تایبـەتی لـەبارودۆخی ئێسـتای سیاسـی کوردستاندا، چونکە هەموو حزبەکانی سەر گۆڕەپـانی کوردسـتان لـەناو پەرلـەمان و لەناو حکومەتدا نین و ئەو پرۆژەیەش پێش ئەوەی کابینەی دووەم دەست بەکاربێت ئاراسـتەی ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردسـتان کـراوە، مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم ئاگادارییەکی تـەواوم لەسـەری نییـە، چۆنەو چۆن نییـە، بۆیـە مـن پشـتگیری ئـەو پێشنیاری جێگری سەرۆکی ئەنجومەن دەکەم کە لە رۆژنامەی هەرێم و لە رۆژنامـەی تری رۆژانەدا ئەو پرۆژەیە بڵاوبکرێتەوەو خەڵکی بێ لایەن رای خۆیان لەسەر بـدەن، هـەروەها حزبـەکانیش بـۆ ئـەوەی کـە هـیچ شـتێك نەمێنێتـەوە پاشـان بڵـێن، ئێمـە نەمانبینیوە و یان جێبەجێمان نەکردووە، لەگەڵ رێزی زۆرم لەبۆ ئەو برادەرانەی کە باسی دەکەن راستە پەرلەمان نوێنەری کۆمەڵانی خـەڵکی کوردسـتانە، بـەڵام دەبـێ

بابەتیانە سەیری ڕەوشی ئێستای کوردستان بکەن، ئەو حزبانەی کە ئێستا لە گۆڕەپانەکەدان، ئایا هەموویان ملکەچی بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەتن، ئەوجا جگە لەوەی کە ئێستا ئەو پڕۆژەیەش ئەبینن و جا ئەرکی جێبەجێ کردنی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دوو تێبینی هەیە پێش ئەوەی برادەران ناوی خۆیان بنووسن بۆ گفتوگۆکردن، چونکە گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی یەکەم پەیوەندی بە ئەنجومەنی نیشتمانییەوە نییە، ئەم بابەتە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانە، وەزارەتی ناوخۆ یان حکومەتی ئێمە بۆی هەیە پەنا بۆ هەر پسپۆڕێك بەرێ و بەهەر شێوازێك پڕۆژەیەك بۆ خۆی بنێرێت، بەلآم کە پڕۆژەکە بلآودەبێتەوە بەسەر خەڵكا ئەوە شتێکی ترە، ئەوە پەیوەندی نییە، دوایی ئەوە شتێکی نهێنی نییە تاکو بلآوبێتەوە یان بلآونەبێتەوە، ئێمە پڕۆژەکەمان داوە بە هەموو حزبەکان و بە خەڵك، ئەمە ناوەکەی نووسراوەکە ناردوویەتی بۆ وەزارەتی "الداخلیە" وابزانم کاتی خۆی مەسەلەیەکی تەکنیکی بووەو پەیوەندی بە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە نییە، دووەم بۆ بابەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە گوایە ئاگادار نییە، باوەڕناکەم ئاگادار نەبێت، یەکەم بەڕێزی ئەندامی پەرلەمانە، ئێستاش ئەوە ماوەیەکە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەو لەسەرەتاوە من گوتم" ئێمە پێك هاتین کە ئەو ئاگاداری حزبەکان بکاتەوە بۆ ئەوەی کە پەلە بکەن و نامەمان بۆ بنێرن ئیتر چۆن ئاگادار نییە؟!

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسولّ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕێزان ئێمە وەکو حکومەت پێمان باشەو پێشنیاریش دەکەین هەر یاسایەك ئێوە دەری دەکەن، دەبێ ئێمە جێبەجێی بکەین و پیشنیار دەکەین کە پڕۆژەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لەوێش لە رۆژنامەدا بلاّوی بکەینەوە، ئەو کاتە کە رای حزبەکان و خەڵکیشمان لەسەر وەرگرت، ئەو پڕۆژەیان دەوڵەمەند کرد، جا بێتەوە بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەو بڕگەیەی کە من دەمویست ئاماژەی بۆ بکەم، لەبڕگەی دوایی لە قسەکانی دکتۆر کەمال هیچ ماددەیەك نییە دەسەلاّت بداتە ئەنجومەنی وەزیران کە پڕۆژەکە بکێشێتەوە پاش ئەوەی کە خرایە روو، ئەو بابەتە لە بڕگە ٥ی مادە ٤٩ی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان چارەکراوە کە دەڵێ"لهیئة الرئاسة تاجیل النظر فیها الی الجلسة التالیة" دراوەتە دەست سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان نەوەك ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسولّ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئێمە لە سەرەتاوە پێشنیازمان کرد کە ئەو پرۆژەیە دوابخرێت، دواجار پێشنیازمان کرد کە بیگەڕێننەوە لەبۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەوێندەرێ بیدەینە رۆژنامەکان تا بلاّوبکرێتەوە، من پێموایە ئەو پرۆژەیە زۆر جیاوازی هەیە لەگەلّ پرۆژەکانی تر کە بڕیاریان لەسەر دراوە، ئەو پرۆژەیە لە وەختێکی کورتدا

بگۆڕێت. لەوانەیە ئەو حزبانەی کە ئێستا لەناو پەرلەمانن یان لـە حکومـەتان ڕۆژێـك لەڕۆژان ببنە رکابەر، لەبەرئەوە پێویست دەکات کە ئەو پرۆژەیە رای خەڵکی لەسەر بێت و ئەو حزبانەش نوێنەری خەڵکن، هەندێك حـزب هـەن ئێسـتا لـەناو حکومـەت و پەرلەماندا نین، ئەوانیش خۆیان بە نوێنەری خەڵك دەزانن، مەرج نییە ئێستاکە ئێمە بڵێین هەرچی پەرلەمان بڕیاری لەسەر داوە راستە، واتا پەرلەمان مەرجـەو نوێنـەری خەڵکی کوردستانە، بەڵام خەڵکی پێی رازی بێـت لـەبۆ ئـەوەی کـە پاسـاو بەدەسـت کەسەوە نـەهێڵن، بەتایبـەتی ئـەو حزبانـەی کـە لـەناو حکومـەت و پەرلەمانـدا نـین، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من چەند تێبینییەکم هەیە، هەتا لەسەر برادەرانی لیژنەکانیش، زۆر لـە بـرادەران قسەیان کرد، حەزم دەکرد پرۆژەکە دوابخرێـت و داوام کـرد بـەتێر و تەسـەلی باسـی بکرێت، ئەمـە شـتێکی سروشـتییە، هـەر پرۆژەیـەك بێتـە لیژنـەکان بـەپێی پێـڕەوی ناوخۆ دەبـێ بـە ١٥ رۆژ بگەڕێتـەوە بـۆ دەسـتەی سـەرۆکایەتی، ئـەوان ناردوویانـە، دووەم بابـەتی بڵاوکردنـەوەی پـرۆژەی یاسـاکان لـە پسـپۆڕایەتی پەرلەمانـدا نییـە، پێویستە ئەو یاسایەی کە دێتە پەرلـەمان، لێـرە لێـی بکۆڵدرێتـەوە، ئـەوجا بـە سـێ جـۆر لێـی دەکۆڵدرێتـەوە، یـان یاسـاکە رەفـز دەکـات، تـا خـولێکی تـر ناخرێتـە بەرنامەوە، یان بڕیاری لەسەر دەدات، یانیش پێش ئـەوەی داخلـی بەرنامـە بکرێـت، ئەو لایەنەی رەفزی کردبێت ئەو لایەنە داوای کشانەوەی دەکات، ئەوەی بـەڕێز کـاك دکتۆر کەمال فەرمووی کە خرایە بەرنامەی کارەوە، ئەوە دەبێتە موڵکی پەرلەمان و ئێستاکە پێشنیار پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران‌و پێشنیاری بەڕێز کاك نـەژادە، کـە پێشنیار لەتوانادا هەیە بخرێتەروو و پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، ئایا ئەو پرۆژەیە دوابخرێت یان دوانەخرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە ئەوە لە ژووری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی گفتوگۆمان لەسەر ئەو بابەتە کرد کە ئەو پرۆژەیە لە رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا بلاَوبکرێتەوە، بەلاَم کە هاتین بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، بڕیاربوو باسی ئەوە بکەین ئایا ئەو پرۆژەیە دەستی پیَ بکرێت یان نا؟ لەسەر ئەو بونیادە گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەین، ئەگەرنا پرۆژەکە کە هاتە پەرلەمانەوە منیش پشتگیری ئەوەی کاك کەمال و کاك شێروان دەکەم، ئەوە پەرلەمان خۆی بڕیار دەدات گفتوگۆی لەسەر بکرێت یان گفتوگۆی لەسەر نەکرێت، ئەگەر لە سەرەتاوە بووایە، دەمانتوانی بیکێشینەوە، بەلاَم ئێمە وەکو پێشنیاز داوامان کردووە نەك وەك ئەوەی بلّێن دەیکێشینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

مـن ئێستاش دەڵـێم داوای سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران لـەجێگای خۆیایـەتی تەوەرەی گۆڕین نییـە. مـن پێشـتر رای خـۆم لەسـەر دواخسـتنی یـان دوانەخسـتنی داوە، بـەلاَم ئێسـتا دیسـان جـەخت دەکەمـەوە کـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران شتێکی ئاساییەو مافی خۆیەتی داوای دواخستن بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من جارێکی تر دەیلێمەوە، پێشنیارەکەی کاك کۆسرەتیش هەر ئەوەبوو، ئەوە پێشنیارێکەو داویەتی بە پەرلەمان با سەرۆکایەتی خۆی بڕیاری لەسەر بدات، ئەمرۆ

دەبێ، سبەی بێ و دوو سبەی بێت، بـەڵام نـەك دوابخرێـت بـۆ كۆبوونەوەیـەكی تـر، دەتوانین لەم یەك دوو ڕۆژەدا باشتر بیری لـێ بكەینـەوەو بڕیـارێكی لەسـەر بـدەین، بەڵام من بەراستی حەزدەكەم ڕەخنە لە بۆچوونێك بگرم كـە زۆر جـار دەگوترێتـەوە با ئەم كارە بكـەین، یـان فـلان كـەس یـان فـلان توێـژ ڕازی نـەبێت، ئێمـە بەراسـتی ناتوانین هەموو خەڵك ڕازی بكەین، بمانـەوێتو نەمانـەوێت كۆمـەڵێك حـزب و كۆمـەڵ هەر لێمان نارازی دەبن، ئێمە هاتووین بەرپرسیاریەتیمان خستۆتە سەرشانی خۆمان هــەوڵ دەدەیــن بەباشــترین شــێوە ئــەو بەرپرســیارییەتییانە جێبــەجێ بكــەین بــە شــێوەیەكی دیموكراسـییانە لـەپاش لێكۆڵینــەوە لـەناو كۆمــەڵانی خەڵكـدا، لـەناو پەرلەماندا، ئیتر كە گەیشتینە بڕیار، خەڵكی ڕازی بێت یـان ڕازی نـەبێت ئێمـە لـەوە بەرپرسیار نین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

من لەگەڵ ڕایەكانی كاك كەمالدا نیم، واتا ئێمە پێمان وابێ كـە خـەڵك ڕازییـە یـان ڕازی نییە، ئەو یاسایە دەردەچێ بۆ خەڵكە، خەڵكەكـەش لـەناو حزبەكاندایـە، ئێمـە پێمانوایە، واتا ئەگەر لە ڕۆژنامەكاندا بڵاوبكرێتەوە وەكو باسـم كـرد هـەموو خـەڵكی كوردسـتان دەیخوێنێتــەوەو ڕای لەســەر دەدەنو پاسـاو بەدەسـتی هـیچ حـزب و لایـەنێك نامێنێتـەوە كـە بڵـێ ئـەمن ئـەو پڕۆژەیـەم نـەدیوە، هـەتاكو ئێسـتاكە كـە بەرەسمی دوو حزب یـان دوو لایـەن ڕای خۆیـان دەربڕیـوە بەرامبـەر ئـەو پڕۆژەیـەو ناردوویانەتــەوە بــەرەسمی حزبــی زەحمەتكێشــان و حزبــی شــیوعی عێراقییـــە، حزبەكانی تر نەیان ناردۆتەوە، بەڵام ئێمـە ئـەوە بڵاومـان كـردەوە، هـەموو خـەڵكی كوردستان دەبنە شایەد، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێکی خولی دووەمی ساڵی ۱۹۹۳
# یەکشەممە ۱۹۹۳/۹/۲٦

کاتژمێر ۱۰ی سەرلەبەیانی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ۱۹۹۳/۹/۲٦ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەرێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومەنو بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سکرتێری ئەنجومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی دەستپێکی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی ۱۹۹۳ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن**

گەرمترین پیرۆزبایی لە خۆمان و گەلی کورد دەکەین و هیوادارین لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا هاوکاری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان زیاترو بەهێزتر بێ و پتەوتر بێت بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. لەپێناوی ئەم تاقیکردنەوەیە بەرەو پێشەوە ببەین بە هاوکاری نێوان حکومەت و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی حزبە تێکۆشەرەکان. ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمرۆ کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان "٥" پێنج مانگە دەست بەکاربووین، لەو ماوەیەدا

توانیومانــه زۆربــەی زۆری ئــەو بەرنامــەی ئاراســتەی پەرلــەمانی بــەڕێزمان کــرد کــە جێبەجێی بکەین چ لە تەرخانکردنی یارمەتی بۆ کەس و کاری شــەهیدان و هــەروەها هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتی کوردســتان، کــە ئێســتاکە دەتــوانم بڵــێم زیــاتر لــە جاران کۆنترۆڵ کراوە، ئەگەر لەگەڵ پێشوودا بەراوردی بکەین هەوڵی چاك دراوە بـۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردســتان و هــەروەها لــەباری ئاسایشیشــەوە کــاری باش کراوەو وەزارەتی ناوخۆ لە هــەموو پارێزگاکــان کۆبوونــەوەو کــۆڕی گێــڕاوە بــۆ ئەوەی باری هێمنی چاك بکرێت و دەربارەی گوزەرانی خەڵکی کوردستانیش بایەخی زۆری پێدراوە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە، کە باری خەڵك چــاك بکــەین، هــەروەها لــەوەزارەتی پیشەســازیش هــەوڵ دەدەیــن کارگــەکانمان چــاك بکەینــەوەو هەوڵدراوە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار چاك بکرێتەوە، کە ئێســتاکە بــە بــەردەوامی ئیش دەکات، دەتوانم بڵێم ئێستا چیمەنتۆ لە کوردستان بەشێوەیەکی باش هەیە کە پێویستی خۆی پێ جێبەجێ بکات، باری حکومەت لەو ماوەیە بــەرەو پــێش چــووە، هەموو خەڵکی کوردستانیش و بەڕێزتانیش تێبینیتان کردووە، ئەوەی کــاك فرەنسـۆ باسی کرد کارەبای دهۆك ئێمە لەلایەن خۆمانەوە لەلایــەن ســەرۆکایەتی ئەنجومــەنی وەزیرانــەوەو لەلایــەن وەزارەتــی هاوکــاری و پەیوەندییــەوە چــەندین یاداشــتمان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومــەنی ئاســایشو ڕێکخــراوە خێرخوازەکــان کــردووەو لەگــەڵ M.C.C قســەمان کــردووەو هــەوڵی زۆرمــان داوە هــەر وەفــدێك ســەردانی حکومــەتی کردبــێ قســەی لەگــەڵ کــراوە لــەو بارەیــەوە، خۆشمــان وەکــو حکومەتی کوردستان هــەتا ئێســتاکە "٤" چــوار ملیــۆن دینارمــان ســەرفکردووە بــۆ کڕینی مۆتــۆڕی کارەبــا بــۆ ئۆردوگاکــانی دەوروبــەری دهــۆك و ناوشــاری دهــۆك، بــۆ ئەوەی کە بەلایەنی کەمەوە ئاوەکەیان بۆ دابین بکرێت، سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## سێشەممە ١٩٩٣/١٠/١٢

كاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی سێشـەممە رێكـەوتی ١٩٩٣/١٠/١٢ ئەنجومـەنی نیشتمانی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆكی ئەنجومـەن و بـەئامادەبوونی جێگـری سـەرۆك بـەڕێز نـەژاد ئەحمـەد عـەزیز ئاغـاو سـكرتێری ئەنجومەن بـەڕێز فەرسـەت ئەحمـەد عەبـدوڵلاّ، دانیشـتنی ژمـارە ٩ی خـولی ئاسـایی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ی خۆی بەست، سـەرەتا لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆكایەتییەوە رادەی یاسـایی دانیشـتنەكە چەسـپێنرا، ئـەوجا بـەڕێز سـەرۆكی ئەنجومـەن بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان، دانیشـتنەكەی بـەناوی گـەلی كوردسـتانەوە دەسـت پێكرد.

**بەرنامەی كار:**

١- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی راپۆرتی ئەنجومەنی وەزیران لـەبارەی بـارودۆخی هەرێمی كوردستان لەرووی ئابووریو هێمنی و ئاسایشەوە.

٢- تازە بابەت

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

لەبەرئەوەی سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیـران لێرەیـە مـن بـە دەرفـەتی دەزانم كـە بەراشكاوی بڵێم: هەر كۆنگرەیەك لە ئەوروپا گیرا وەزیرەكـان بـەغار چـوونە ئـەوێ، بەلاّم ئەمە دوو مانگە شاری دهۆك بێ كارەبایەو هەندێك لەو وەزیرانە بە تایبەتی بـۆ ئەم بابەتە لەو بارودۆخە سـەردانی شـاری دهۆكیـان نـەكرد، مـن داوای وەلاّمـی ئـەو

پرسیاره ئەکەم، بۆچی بۆ ئەوروپا خەڵك هەبێ بچن، بۆ بۆ خەڵکی ستەمدیدەو نەخۆشی کەس نەچێ سەریان لێ بدات؟ مەرج نییە وەزیری تایبەتمەند بێ، با جەنابی سەرۆك وەزیران داوا لە وەزیرێکی تر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك ئیبراهیم، ئێمە دەرگای پرسیارمان نەکردۆتەوە، چونکە کۆبوونەوەکە تەرخان کراوە بۆ بابەتێکی دیاری کراو، فەرموو کاك عەبدوڵڵا:

## بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

کاك ئیبراهیم ئەو پرسیارەی کرد، چونکە ئەو رۆژە لەدەست پێکردنەوەی دەورەی دووەمی پەرلەماندا باسی ئەوەم کرد کە (٤) ملیۆن دینارمان تەرخان کردیە بۆ کرینی مۆلیدات لەبۆ پارێزگای دهۆك، بیستم کە من رۆیشتم کاك ئیبراهیم باسی کردووە گوتوویەتی "٢" ملیۆنە، ئێمە بۆ مەسەلەی کارەبای دهۆك ئەو رۆژەش باسمکرد یاداشتمان داوەتە ئەنجومەنی ئاسایش، داومانەتە نەتەوە یەکگرتووەکان، بایی "٤,٥" ملیۆن دینار مۆلیداتمان بۆیان کریوە "٢,٥" ملیۆن دینار بە ئیمزای منە، "٢" ملیۆنیش بە ئیمزای کاك د. رۆژە، هەروەها چەندین مۆتۆری کارەباشمان لە دەربەندیخانو لە دوکان و لە سلێمانی و لەو شوێنانە دەستکەوتووە ناردیتمان، دەتوانم بلێم ئێستاکە توانیومانە گرفتی ئاوی دهۆك چارەسەر بکەین بۆ ئەوەی ئاوەکەیان هەبێ، مەسەلەی کارەباش دیارە لە دەسەلاتی ئێمەدا نییە، شتی تریش کرا کە لەوانەیە لە دەسەلاتی حکومەت نەبووە، دەستپێشخەری وا کرا کە کارەبا بدرێتەوە دهۆك و لێرەش لیژنەمان پێکهێناوە بە تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی پێویستییەکانی دهۆك لەبارەی کارەباو بەگەڕخستنەوەی بیرەکانی ئاوی ئۆردوگاکانی پارێزگای دهۆك.

دوێنێ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان هاتبوو چاوی بە وەزیری وزە کەوتبوو، باسی کردبوو کە بطرس غالی و الیاسون طارق عزیزیان ئاگادار کردۆتەوە کە دەبێ کارەبای دهۆك بدەنەوە، ئەوانیش باسیان کردیە کە کارەبای عێراق بەگشتی خراپە، وتوویانە لیژنەیەك دەنێرین کە کارەبای عێراق بپشکنێ، ئەگەر لە عێراق هەمووی خراپ بووە ئەو مەسەلەیەکە ئەگەر نا دەبێ کارەبای دهۆك وا نەمێنێتەوە لە ئەنجامی ئەوە دیارە لەلایەن پەرلەمانیش یاداشتێك دراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە هەر وەفدێك و هەر نوێنەرێك کە هاتبێ سەردانی حکومەتی کردبێ یاداشتمان پێداوەو خۆشم بەتایبەتی زیاتر لە چەند جار پەیوەندیم لەگەڵ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کردووە لە ئەمەریکا کە زۆر بایەخ بدەن بەو مەسەلەیە. وەکو باسیشم کرد لە یەکەم کۆبوونەوەی خولی دووەم کە دهۆك گرنگییەکی جوگرافی و سیاسی هەیە لە کوردستانی عێراقدا، هەروەها دەزگایەکی ئەساسیشە بۆ ئێمەو پێمانوایە ئەو بارەی دهۆك "تحدایە" بۆ M.C.C و نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەرنا ئاکرێ و شێخان و دەوروبەرەکەی کارەبای لەسەر موسڵە، بۆچی نەیانبڕیوە؟ هەتا ئەم قسەیەمان بە نوێنەری M.C.C و نەتەوەیەکگرتووەکان و راوێژکاری سیاسی گوت، سەفارەتی بەریتانی هەوڵی زۆری لەوبارەیەوە خەرج کردووە، سەردانیشی کرایە، بەڵام وەفدێکی ترمان ئامادە کردبوو، کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆك و جێگرەکەی سەردانی دهۆك بکەین و ئەو مۆلیدانەش ببەینە ئەوێ، جگە لەوەی کە ناردوومانە، بەڵام هەندێ شت دێتە پێشەوە، بۆ نموونە کۆنگرەی پارتی و هێنانەوەی تەرمی بارزانی، ئەو وەفدەش کە چووە بۆ ئەوێ، تەنیا وەفدی پەرلەمان نەبووە، هی پەرلەمانی تێدایە، هی حکومەتی تێدایە، هی حزبەکانی تێدایە، ئەو کۆنگرەیەی برۆکسلیش کۆنگرەیەکی گرنگە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و یارمەتیدانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی وەزعی گوزەرانی خەڵکی کوردستان پێویستە، دەبێ بچن، مانای ئەوەنییە ئەو برا وەزیرانە بۆ خۆشی خۆیان بەسەردان چووینە یان بۆ گەڕان

چووینه، هەندێکیان بە پەلەپەل راپۆرت و پێداویستییەکانی کوردستانیان ئامادە کردووەو بریکاری سەرەك وەزیران سەرۆکایەتی ئەو وەفدە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەم پێشەکییە زۆر غەدری لە حکومەت کردووە، هەروەها رێزم هەیە بۆ ئەو لیژنەی کە ئەمان نووسیویانە تا لەبەردەم خەڵکی کوردستان بیڵێین ئێمە هەموو شتمان تەواو کردووە... دووەمین پەرلەمان چەند لیژنەیەکی هەیە "١٥" لیژنەی هەیە، ئەو لیژنانە بۆچی رۆژێك، یەك راپۆرتیان ئاراستەی حکومەت نەکردووە، بڵێن لە فلان شوێن تێپەڕاندن هەیە، یاسا جێبەجێ نەکراوە، لەبەرئەوە من حەزدەکەم بە کورتی وەڵامی ئەو پێشەکیە بدەمەوە کە نووسراوە پێموایە دەبووایە ئەم پێشەکییە بە شێوەیەکی تر بێ نەك بڵێین ئەو شتانەی حکومەت کە کراوە بڕیاری سەرپێی نییەو یان نایاسایین، دیارە یاساکە لەکاتی خۆی داندراوە ئەو تەخشان و پەخشانەی حەلاڵ کردووە، حەزدەکەم خاڵ بە خاڵی پێشەکییەکە وەڵام بدەمەوە دوایی کە هاتینە سەر وەزارەتەکان، وەزارەت بە وەزارەت بەڕێزەکان لێرەنە وەڵامی وەزارەتی خۆیان دەدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

حەزم دەکرد یەکسەر بهاتباینە سەر وەزارەتەکان، بەڵام ئەو پێشەکییە وەك پەرلەمانی وڵاتێکی تر بێ، ئێمەش حکومەتی وڵاتێکی تر بین، ئەو برادەرانە لەگەڵ رێزم بۆیان دیارە لە واقیعی میللەتی ئێمە باش تێنەگەیشتوون یان باش هەڵیان نەسەنگاندووە، وا مەزەندە دەکەن کە ئەوان دانیشتوونە کە هەموو بڕیارو یاسایەك کە لێرە دەدرێ، دەبێ لەناو میللەتێك جێبەجێی کەی کە "١٠٠" ساڵە حکومەتی

هەیە، بیر لەوە ناکەنەوە هەموو رۆژێ تۆپبارانی حکومەتی ئێران لەسەر سنوورەکان دەیان گوندو هەزاران خەڵکی دەربەدەر کردووە، هەموو رۆژێ تۆپ بارانی حکومەتی عێراق و کۆنترۆڵکردنی ئەو سنوورانەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی دەکرێ، ئەو هێزەیە کە لەهێزی حزبەکان پێکهاتووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ داهاتێکی وەرنەگرتووە کە سوپای پێ پێکەوە بنێ ئەو هێزەی کە هەیە لە حزبەکان کۆکراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وەك و دابێك لە پەرلەمان رۆژی سێ شەموان حکومەت دێتە پەرلەمان، پرسیاری لێ دەکرێ لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەن هاتوون کە پرسیار بکەن لەسەر ئەو نووسراوە وەلامەان داونەتەوە لەسەرەتای مانگی داهاتوو مانگی "١١" لێی دەکۆڵینەوە، وەلامتان دەدەینەوە، چونکە پێویستی بەوە هەبوو بەڕاستی وردەکاری تیادا بکرێ، چونکە پێشەکییەکە هەندێك تاوانبارکردنی تیادایە، هەتا هەمووتان وەلام بدەنەوەو ئەمرۆ لەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە نەهاتووین کە ئەو پێشەکییە لێرە بخوێنرێتەوە، بەلام ئێمە لاریمان نییە، هەر پرسیارێك ئاراستەی حکومەت دەکرێ وەلامی بدەینەوەو وەلامی ئەو پێشەکییەش دەدەینەوە، ئینجا لەبەر ئەوە حەزدەکەم مادام بە ئاشکرا پێشەکییەکەش خوێنرایەوە، سروشتیش نەبووە پێشەکی بخوێنرێتەوە کە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکرێ لە کۆبوونەوەیەکی بە ئاشکرا بخوێندرێتەوە، جاری وا هەیە رووداوی نهێنی لەنێوان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران زۆر توندە، ئایا دەبێ نووسراوەکانیش لەرۆژی حکومەتدا بخوێنینەوە؟ پێموایە ئەو لیژنەیە لەگەڵ رێزم بۆیان ئیشەکانیان زۆر مەنتقی نییەو پێشەکییەکی زۆر بێ ویژدانانەیە، ئەمەش وەلاممان بۆی هەیە، حەزدەکەم یانی بێ

پێچ و پەنا وەڵامی خاڵ بەخاڵی بدەینەوە، چونکە ئەوە تاوانبارکردنی حکومەتە خۆشیان پێموایە استیراد کراون خەڵکی ئەو وڵاتە نینە، ئەگەرنا خەڵکی ئەو وڵاتە بانا دەیانزانی ئەو میللەتە چۆنە؟ چ وڵاتێکی وێرانی لەبۆ بەجێ هێشتراوە، لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا چی کرایە چی نەکرایەو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵێك و چەند مانگێك چەند هەنگاوی چاکی هاوێشتووە بۆ پێشەوە، هەرنا هێزی پێشمەرگەی کوردستانی یەکخستووە، کە داواکارییەکی جەماوەری بوو یەکخستنی دارایی کە دارایی کوردستان یەکبخرێ ئەوانە داواکاری جەماوەر بوون، هەڵوێستی سیاسی یەك بخرێ، راگەیاندن یەك بخرێ کە ئەوانەش داواکاری جەماوەر بوون، لە برگەیەکی ئەو پێشەکییەدا هاتووە دەڵێ راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لاوازە، بەڵێ منیش دەڵێم لاوازە، بەلام لەبەرچی لاوازە؟ هەر حزبێك سێ تەلەفزیۆنی هەیە، سێ رۆژنامەی هەیە، هەموو هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن. لەکاتی خۆی داواکاری جەماوەر ئەوەبوو راگەیاندن یەك بخرێ، دەبا هەموو تەلەفزیۆنەکان و توانای کادیرەکان بخەنە خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوکات حەقتانە بڵێن راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لاوازە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا ١٥ ئەندام بەشداربوونە: "کاك فەرسەت، کاك ئەیاد، کاك دکتۆر سەلاحەدین حەفید، کاك ئەحمەد سالار"، دەقە عەرەبییەکەشی هەیە بەراوردی دەکەین، لەگەڵ ئەوە من دیسان جەخت دەکەمەوە تکایە کەس بابەتەکە رانەکێشی بەلای خۆیدا، ئەمە راپۆرتی چەند ئەندامێکی پەرلەمانە لە کورتەی گفتوگۆ و کۆمەڵێ شتی تریش، ئەمە کۆمەڵێك پرسیاری خەڵکە، هیچ بە سلبی وەرنەگیرێت رووبەرووی کەسی نییە، کە ئەڵێن حکومەتی کوردستان، حکومەتی هەمووممانە کە ئەڵێن پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی هەمووممانە، وەکو هەر راپۆرتێکی تر، من ئەڵێم با ئەم راپۆرتە بخوێندرێتەوەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت،

دەرفەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بدرێت خاڵەکانی خۆی روونکاتەوە، دەبێ هەلیش بە ئەندامانی پەرلەمان بدەین کە بیروڕای خۆیان دەربڕن بەرامبەر ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتە، پاشان بڕیارێکی لەسەر بدەن، بەڵام بەم شێوەیە واهەست دەکەم ناگەین بە ئەنجامێك، گفتوگۆ لەسەر گفتوگۆ، باشتر وایە ئێمە بەردەوام بین لەسەر راپۆرتەکەی خۆمان ئەگەر ئێستا تەواو بوو، پاشان دەرگای گفتوگۆکردن بکەینەوە حکومەتیش بۆی هەیە خاڵ بە خاڵ رای خۆی دەربڕێت بەرامبەر خاڵ بەخاڵی ئەم راپۆرتە، ئەندامی پەرلەمانیش با بە ئارەزووی خۆی رای خۆی دەربڕێ.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئێمە وەکو حکومەت وەڵامی پێشەکییەکە ئەدەینەوە، ئینجا دێینەوە سەر وەزارەت بە وەزارەت، بڕگەکانی لەسەر وەزارەت بە وەزارەتە تا ئێستا پێشەکییەکە مافی خۆمانە، من پێموانییە ئەوە چەندمان دەدەنێ کە حکومەت قسە بکات و بەرگری لەوە بکات، ئایا ئەو راپۆرتە راستە یان راست نییە؟ ئەوە پێمان وایە کە لە ماوەی "٥" مانگ و "٢٠" رۆژی رابردوودا هەندێ ئیشی ئامانەتی تێدایە، بۆ نموونە دەڵێ بازگەکان هەمووی بۆ گیرفان پڕکردنن، ئێمە ناڵێین سلبیات نییە، ئەوەی دیار بێت لەبازگەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە سەدان ساڵە دەوڵەتن ئەو شتانە هەنە، سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ٢٥ )

# چوارشه‌ممه ١٩٩٣/١٢/١٥

كاتژمێر ١٠ی سه‌رله‌به‌یانی رۆژی چوارشه‌ممه رێكه‌وتی ١٩٩٣/١٢/١٥ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان به سه‌رۆكایه‌تی به‌رێز جه‌وهه‌ر نامیق سالم سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نو به‌ئاماده‌بوونی جێگری سه‌رۆك به‌رێز نه‌ژاد ئه‌حمه‌د عه‌زیز ئاغاو سكرتێری ئه‌نجومه‌ن به‌رێز فه‌رسه‌ت ئه‌حمه‌د عه‌بدوڵڵا، دانیشتنی ژماره ٢٥ی خولی ئاسایی دووه‌می ساڵی ١٩٩٣ی خۆی به‌ست، سه‌ره‌تا له‌لایه‌ن ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تییه‌وه راده‌ی یاسایی دانیشتنه‌كه چه‌سپێنرا، ئه‌وجا به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان، دانیشتنه‌كه‌ی به‌ناوی گه‌لی كوردستانه‌وه ده‌ست پێكرد.

**به‌رنامه‌ی كار:**

١- گفتوگۆكردن له‌سه‌ر چۆنیه‌تی دابه‌شكردنی زه‌وی و زار به‌سه‌ر خێزانی شه‌هیداندا.

٢- به‌رچاوخستنی پرۆژه‌ی بریاری دیاریكردنی كرێی خانووه‌كانی مامۆستایانی زانكۆ و په‌یمانگه هونه‌رییه‌كان.

٣- تازه بابه‌ت

**بەڕێز قادر عەزیز جەبار**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بابەتەکەی من ناوی "دابەشکردنی زەوی و زارە بەسەر شەهیدان"دا، لە راستیدا زیاتر مەبدەئی فەرق و جیاوازیکردنە لەنێوان شەهیدان، ئەوە لێرە لە دابەشکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکاندا کراوە لە هەولێر و ئەوەی ئێمە زانیاریمان هەبێت لە سلێمانیش کراوەو ئێستا پێشنیارێك هەیە کە زەوی بۆ سوکنا دابەش بکرێت بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەگەر وا بڕوات بەراستی لەو دابەشکردنەشدا جیاوازی دەکرێت، لەبەرئەوە پێشنیارەکەی من ئەوەیە کە لە پەرلەمانی کوردستاندا دەقێك یان تەشریعێك دەربچێ کە شەهیدان لە مافەکانیاندا یەکسانن و هیچ لایەنێك یان کەسێك بۆی نەبێ جیاوازی لەو مافەدا بکات، چونکە مەسەلەی شەهید مەسەلەیەکی حەساسە، ئەوە دەبێت لە کرداری تریشدا رەنگ بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پێشەکی ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران داوای لێبووردن ئەکەین، لە دانیشتنەکانی پێشووی رۆژانی حکومەت نەمانتوانی بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجومەن بکەین، ئەویش لەبەر ئەوەی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی هاوبەشی حکومەت و مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبی سەرەکی هەبوو، لەسەر پرسیارەکەی بەڕێز کاك قادر عەزیز خۆی هەر لە بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە کە بایەخی زۆر بدرێت بە کەسوکاری شەهیدان و ئەو خەڵکانەی کە سووتەمەنی شۆڕش بووینە، لەرێزی پێشەوە بن لە ئیمتیازات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیانداتێ، لەسەر ئەو بنەمایە وەزارەتی شارەوانییەکان کۆنفرانسێکی کردووە بۆ ئەوەی زەوی و زار لە قەزاو ناحییەکان و لە شارو شارۆچکەکان و لەشارە

گەورەکانـدا تـەرخان بکـەن کـە دابـەش بکـرێن بەسـەر کەسـوکاری شـەهیداندا و کۆنترۆڵیش بکرێ بۆ ئـەوەی کـە لـەناو شـاردا بـە یەکسـانی زەوی دابـەش بکرێـت، هەروەها بە نسبەت یارمەتی شەهیدان کە لەلایەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە پێشـنیاز کراوە لەپەرلەمان بڕیاری لەسەر درا، ئەوەش ئێسـتاکە دەسـتەیەکی بـۆ دانـراوە لـە وەزارەتی پێشمەرگایەتی کـە یارمـەتی دابـەش بکـەن بەسـەر کەسـوکاری شـەهیدان بەبێ جیاوازی، ئەو کەسانەی کە دەسـەلمێندرێ و شـەهیدی کوردسـتانن، وەك کـاك قادر باسی کرد، بەڕاستی کاك قادر خـۆی لـە کابینـەی یەکـەمی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان وەزیری کشتوکاڵ بوو، ئایا لە ساڵی رابـردوو چـۆن دابـەش کـرا؟ زەوی و زار بەسەر کێ دابەش کرا؟ کـێ زەوی کشـتوکاڵی وەرگرتییـە؟ زەوی کشـتوکاڵی لـە کوردستان کەم هەیە، خەڵکانێك هەنە ئێستاکە زەویەکانیان کەوتیتە ژێر دەسـەڵاتی رژێمەوە، یان سەربازگەکانی لێیـە ئەوانـە ئێسـتا بـێ بەشـن لـە زەوی و زار، ئـەوجا ئەگەر لێرەدا گرفتێك هەبێ ئـەوە وەزیـری کشـتوکاڵ جـەنابی مۆڵـەتی وەرگرتـووەو بەسەفەر چووە، کە گەڕایەوە لە کۆبوونەوەیەکی تردا دەکرێت قسـەی لـێ بکرێـت و گفتوگۆی بکەین، یـان ئەگـەر زۆر بـە پێویسـتی دەزانـن، لاریمـان نییـە داوای وەکیـل وەزیر بکەین کە بێت ئەو شتانە روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز جەبار**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی پێشـنیارەکەی مـن دیـاری کـراوە واتـا ئـەوەی مـن باسـم کـرد مەسـەلە جیاوازیکردنە لـەنێوان شـەهیدانی کوردسـتان، لـە هـەولێر ئـەوەکراوە، لـە سـلێمانی هەمان شت کراوە، بەڵام لەم دواییەدا راگیراوە، ئێمە وەکو گـوتم مەترسـی هەیـە لـە مەسەلەی ئەو بڕە زەوییەی کە بۆ زەوی و زاری سوکنا بوون تـەرخان دەکرێـت یـان کراوە لە وەزارەتی شارەوانی، لەوێش هەمان بنەما پەیڕەو بکرێت، لێرە پێنج هـەزار دۆنم تەرخان کراوە بۆ شەهیدان و پێنج هەزار دۆنم تەنها دراوە بە شەهیدانی هەردوو

حزبەکە، لە کاتێکدا ئێمەیان داوا کرد، ئێمەش سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵمان کرد، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ مۆڵەتی وەرگرتبوو، برادەرانی ئێمە چوونە لای بەڕێز بریکاری وەزارەت. وەڵامی بریکاری وەزیر ئەوەبوو کە ئەوە لەسەرووی ئێمەوە کراوەو بەراستی نەیگوت ئەوە حکومەت کردوویەتی، گوتی هەردوو حزبەکە کردوویانە و ئێمە لەئێوە نارازیترین، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئامۆژگاری سەرۆکایەتی ئەنجومەن و ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەبوو کە بەبێ جیاوازی بیدەنە هەموو کەسوکاری شەهیدەکان، بەلأم راستیەك هەیە حەزدەکەم جەنابتانیش بیزانن و هەموو خەڵکی کوردستانیش دەیزانێ کە زۆربەی شەهیدە نەمرەکان لەو دوو لایەنەنە، مەسەلەن لایەنەکانی تر لە دەرەوەی ئەو دوو حزبەنە کە فەرمانێك هەبێت لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، کە ئەوانیش بێ بەش نەکرێن وەکو باسم کرد جەنابی وەزیری کشتوکاڵ لە مۆڵەتەکەی بگەڕێتەوە یان داوای وەکیل وەزیر بکەین ئەو شتانە روون بکاتەوە، ئێمە خۆشمان لە سەرۆکایەتی لەو مەسەلەی دەتۆژینەوە بزانین چۆن بووەو چۆن نەبووە، چونکە ئێمە وەکو باسمکرد لە بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانا هەموو شتەکانمان ئەوە بوو کە لەرێزی پێشەوە بایەخ بدرێت بە کەسوکاری شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەدواداچوونێکی گچکە هەیە، لە وەڵامی بەڕێز کاك سەید حەسەندا کاتی خۆی ئەو پرۆژەیە هاتە ئێرە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لیژنەی یاسا لەگەڵ وەزیری

پێشمەرگە تەواویان کرد، بەڵام ئەوە بوو پرۆژەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە کێشراوە، ئێستاش نۆرەی ئەنجومەنی وەزیرانە کە قسەی خۆیان بکەن، با بفەرموون.

### بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران

#### بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن

بەڕاستی لە جەنابتان شاراوە نییە کێشەی زەوی و زار کێشەیەکی زۆر قووڵە هەر لەو ڕۆژەوەی کە ڕژێمی بەعس دەست بەکاربووەو حوکمی بەدەست بووە لە کوردستان، سیاسەتێکی تایبەتمەندی گرتووەتە بەر، لەبۆ ئەوەی لەنێوان میللەتی ئێمەدا دووبەرەکی بنێتەوە، چەندین یاسای داناوە بۆ مەسەلەی زەوی و زار، ئێستاکە ئێمە خۆمان حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ چەندین پسپۆڕ و شارەزامان تەرخان کردووە، ئاگادارمان کردوونە کە پرۆژەیەك ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کە کێشەی زەوی و زار لە کوردستان چارەسەر بکات، ئەو پرۆژەیە ئێستاکە لەسەر تەواو بوونە، بەڵام بەڕاستی بارودۆخی ئێستای کوردستان زۆر لەبار نییە کە ئێستا ئەو پرۆژەیە بێنین لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدەین، گرفتیان بۆ پەیدا دەکات، ئەو زەوی و زارەی کە بەسەر کەسوکاری شەهیداندا دابەش کراوە، هەروەك کاك قادر باسی کرد، خۆشی دیارە داوایان کردووە کە لیستێ بنێرن و بیدەنە هەموو کەسوکاری شەهیدان، زەوییەکەش خۆی ئەوەندە نییە کە هەموو شەهیدانی کوردستان بەریان بکەوێت هەتا برادەران زۆریان باسیان کرد کە گوایا دابەش کراوە، بەسەر شەهیدەکانی ئەو دوو لایەنە ئەو دوو هێزە سەرەکییەدا، من پرسیار دەکەم شەهیدەکانی ئەو دوو لایەنە هەر "٥" هەزار شەهیدن؟ یانی ئەوانیش لەوانەیە لە (١٥٪) یا لە (٢٠٪) یان بەریان کەوتبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو یەکسانی نەبووبێ، ئەوە ئێمە لەگەڵ یەکسانین و شەهید هەر شەهیدە هیچ دەقێك یان ڕێنماییەك نیە نە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، نە لە وەزارەتی

کشتوکاڵەوە نە لە لایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە ئەوە بکرێ بڵێن شەهیدەکان تەنیا شەهیدانی ئەو دوو حزبەن، شەهیدی کوردستان شەهیدی هەموو میللەتەکەمانە، هەموو کەسێکیش دەگرێتەوەو کاتێ وەزیری کشتوکاڵ گەڕایەوە، خۆی و جێگرەکەی بێن زیاتر روونی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەگەر برای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی پێیان باش بێ، ئێمە قسەمان زۆر لەسەر کارەبای دهۆك کرد، ئینجا پێم باش بوو هەردووکیشیان لێرەبان بۆ ئەوەی بزانین چ کراوەو چ دەکرێ، چ هەوڵێك دراوە بۆ کارەبای دهۆك؟ ئەمەش داوایەکی بەپەلەیە ئەگەر ئەوان پێیان باش بێ حەزدەکەم قسەی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك فرەنسۆ ئێستا جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەربارەی کارەبا حەزی دەکرد چەند روونکردنەوەیەك بدات. ئەگەر کاك عەبدوڵڵا ئامادەیە با بفەرموێت.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بۆ مەسەلەی کارەبای دهۆك، دهۆکیش گرنگی خۆی هەیە، بەڕاستی لەڕووی جوگرافی و سیاسییەوە کە دەروازەی هاتووچۆی کوردستانە خەڵکی بێگانە دێنە کوردستان و سەردانی دەکەن، ئێمە وەکو سەرکردایەتی ئەنجومەنی وەزیران زۆر هەوڵمان داوە تاکو ئێستا کە زیاتر لە "٤" یاداشتمان داوە جگە لەوەی کە زیاتر لە

"١٠" جار بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ نوێنەری خۆمان کردووە، نوێنەری حکومەتی کوردستان لە واشنتۆن کە پەیوەندی بە لایەنە بەرزەکانەوە بکات، هەروەها پەیوەندی بە ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوەیەك گرتووەکانەوە بکات کە لەمەودوا کارەبای دهۆك بدرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە وەفدمان ناردووە بۆ تورکیا قسە لەگەڵ حکومەتی تورکیادا بکات تاوەکو کارەباکەمان بدەنێ کە گفتیان دابوو چوونەوە، هاتنەوە، خەبەری خۆشیان هێنا کە گوایا کارەبای دهۆك لەو رۆژانە دەبەسترێ و لەلایەکی تریشەوە لەوانەیە موخالەفە بووبێ، هەندێ خەڵك ویستیان مناوەرە بکەن، شت بکەن، لەبۆ گەڕانەوەی کارمەندان و گەڕانەوەی کارەبای دهۆك، ئەوەشمان قبوڵ کرد، کە کارەبای دهۆك بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوانە تاکو ئێستا هیچ بەرهەمێکیان نەبووە، هەروەها دەربارەی نەتەوەیەك گرتووەکان گفتیان دابوو کە چەند داینەمۆی گەورە بێنن بۆ دهۆك کە ئیشی پێ بکەن ئەو هەولانەی کە داومانە هەموویان لە ئاستی دەرەوە بوون کە بکرێن و راستەوخۆ کارەباکە بگەڕێتەوە، ئێمە خۆمان وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ بەڕێز وەزیری پیشەسازی باسی کرد گوایا ئێمە "٤" ملیۆن دینارمان تەرخان کردووە، نەخێر "٥" ملیۆنمان تەرخان کردووە، ئەوەش کتابەکانە کە "٥" ملیۆن تەرخان کراوە بۆ کارەبای دهۆك، جگە لەوەش بە وەزارەتی پیشەسازیمان گرتووە هەرچی لەدەستتان دێ بیکەن، ئەوانیش تواناو داهاتی خۆیان هەیەو بودجەی تایبەتی خۆیان هەیەو پارەی تایبەتی خۆیان لەبەردەست دایە، لەسەر پارە پەکمان نەخستوونەو هیچ نەمانویستووە بڵێین لەبێ پارەیی نامانەوێ کارەبای دهۆك چاك بکەین،گرفتی ئاوی دهۆك بەهۆی ئەو موەلیدانەوە چارەسەر کراوە، بەڵام بڵێ گرفتی کارەباکە بەگشتی چارەسەر نەکراوە، ئەمەش پێمان خۆشە ئەگەر پسپۆڕ و شارەزایەك هەبێ، یان برایان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر ئەوان رێگایەکی باشتر بدۆزنەوە یان دەزانن ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند توانای تێ بچێ کە هەمانە لە گەنجینەی حکومەتی کوردستان بۆ دابینکردنی کارەبای دهۆك لاریمان نیە، پێمانوایە ئەو

کارەبایەی کە رژێمی عێراق بڕیویەتی ئەوە تەحەددایە بۆ هاوپەیمانان و M.C.C بۆ نموونە بۆچی لە ئاکرێ و لە شێخانی نەبڕیوە تەنیا لە دهۆك و زاخۆی بڕیوە؟ ئەو قسەشمان بەوانیش گۆتووە. هەرچی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوەکانیش هاتوون خۆمان راستەوخۆ وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، من و کاك رۆژ قسەمان لەگەڵدا کردوون، و هەمان وەزیری پەیوەندییەکانیش کە لەزۆر کۆبوونەوەکان وتمان تەرکیز لەسەر کارەبای دهۆك بکات، هەروەها وەزیری پیشەسازیش کە دوێنێ لەبۆ جەنابتانی راڤەکرد، ئێستاکە ئێمە پێمانخۆشە ئەگەر لە پەرلەمان یا برایان ئەندامانی پەرلەمان چ رێگایەکی تر بەباش دەزانن دەستنیشانی بکەن، سوپاس.

## پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی دەستپێك
## خولی یەكەم ساڵی ١٩٩٤/ چوارشەممە ١٩٩٤/٣/٢

كاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/٣/٢ ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆكی ئەنجومەن و بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمارە ٢٥ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.

**بەرنامەی كار:**

١- وتەی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق بەبۆنەی كردنەوەی خولی یەكەمی ساڵی ١٩٩٤ەوە.

٢- بەرچاوخستنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٤,

٣- تازە بابەت

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و برا وەزیرە بەڕێزەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی لە

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بەبۆنەی کۆبوونەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤، دیارە لە دوو ساڵی رابردوودا پەرلەمانی کوردستان دەوری کاریگەری هەبووە لە داڕشتنی یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکان دا، هەروەها ئەو پەرلەمانە رۆژ بەرۆژ بەرەو پێش دەچێ و بڕیارو یاسای پێویست بۆ هەرێمی کوردستان دادەنێ و ئێستاش ئەمڕۆ ئاسۆی دنیا رووناکە بەرامبەر بە کێشەی گەلەکەمان. پێویستە لەسەر شانی هەموو لایەکمان بەتایبەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوکەری یەکتر بن، پەرلەمان پشتیوانی حکومەت بێ بۆ سەرکەوتنی لەئیش و کارەکانیدا، لێرەش دیارە بەڕێزتان، هەموو لایەکتان ئاگادارن لە ماوەی دامەزراندنی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆر ئیش و کار کراون و وەزارەتەکان ئیش و کارەکانی خۆیانیان بەڕێك و پێکی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو ماوەیەدا چەندین کێشە هاتوونەتە بەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە ئیلغاکردنی ٢٥ دیناری لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم کابینەیەدا، دوای ئەوەش چەندین کێشەی ناوخۆشی هاتنەپێش لەخواست و ئارەزووی گەلەکەمان و حکومەت و پەرلەماندا نەبوون، بەلام خۆشبەختانە بە هاوکاری پەرلەمان و حکومەت ئومێدی زۆرمان هەیە شتی باش بۆ میللەتەکەمان دابین بکەین، بە تایبەتی پاراستنی سەرو سامانیان و چارەسەرکردنی گوزەرانی خەڵکی کوردستان، ئەمەش نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیکات، بەڵکو دەبێ پەرلەمان پشتیوانی تەواوی لێ بکات، هەروەها هەموو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لە حکومەت بکەن بەوەی کە یاسای حزبەکان و یاسای چەك هەلگرتن جێبەجێ بکەین لە سەرانسەری کوردستاندا، ئەوەش ئەرکێکی زۆر قورسە ئەگەر پەرلەمان و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان پشتیوانمان لێ نەکەن ناتوانین سەد لەسەد ئەوە جێبەجێ بکەین، بەلام پێمانوایە بە هاوکاری هەردوو لامان، بە هاوکاری کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەو ئەزموونە دیموکراتییە کە ئاواتی هەموو لایەکمان بوو، دەتوانین شتی زۆر باش بکەین، رۆژ بەرۆژ بەرەو پێشی ببەین و چارەسەری

باری گوزەرانی خەڵکی کوردستان بکەین و پرۆژەی ستراتیژیان لەبەردەستدایە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر پشتیوانمان لێ بکرێ، ئەو پرۆژانە لـە خزمـەتی کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا بەکاربێنین و چارەسـەری زۆربـەی کێشـەکانی خـەڵکی کوردستان بکەین، لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزباییتـان لـێ دەکـەین و ئومێـدەوارین هەمیشـە سـەرکەوتووبین، بـۆی پەرلـەمانی کوردسـتان، بـۆی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان، سوپاس.

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)
## یەکشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٧

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/٢ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە ٢٥ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- تەواوکردنی گفتوگۆی بودجەی ساڵی ١٩٩٤ هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی برگە ٥ لەماددە ٥٦ یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢

٢- بەرچاوخستنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٢ی یاسای دەسەڵاتی دادوەری.

٣- تازە بابەت

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

تازە بابەتێکمان هەیە، هەرچەندە رەنگە کۆنە بابەت بێت لەمێژە باس کراوە، لەکاتی خۆیدا پرۆژەیەکمان پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کردبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خانەنشینەکان، ئەوە باس کرا لێرە لەناو هۆڵی پەرلەمان، دوایی ئەو پرۆژەیە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، بەراستی دەمانەوێ دیسان باسی ئەو مەسەلەیە بکەین و چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی ئێمە ئەو پێشنیارەمان نارد بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی رای خۆیان دەربڕن سەبارەت بەو پێشنیارەو پاشان ئەنجومەنی وەزیران پێشنیارێکیان ناردووە کە مووچەیەك بدرێ بە خانەنشینان، ئەویش لە لیژنەی یاساییە، وابزانم هێشتا تەواو نەکراوە، واتا دراوە بە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە، پاشان بە تەئکید دەخرێتە بەرنامەوە، تازە بابەت تەواو بووە، دێینەوە سەر بابەتی سەرەکیمان، لیژنەی ئابووری با بفەرموون، بێنە سەر سەکۆ، دانیشتنەکە نهێنییە، با برادەرانی راگەیاندن هۆڵەکە بەجێ بهێڵن.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی ئێمە لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی دەورەی دووەمی پەرلەماندا، قسەمان کرد کە پەرلەمانو حکومەت دەبێ تەواوکەری یەکتری بنو بارودۆخی ئێستای میللەتەکەی ئێمە تایبەتمەندەو حکومەتەکەشمان تایبەتمەندەو

پەرلەمانەکەش تایبەتمەندە ئەو ڕۆژە زۆر بەداخەوە لە تەلەفزیۆنەکانەوە بیستمان باسی ئەوە کراوە وەکو بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری باسی کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ فێستیڤاڵێکی زانکۆی سلێمانی، ئامادە نەبووە لە گفتوگۆی بودجەی ساڵی ١٩٩٤، ئێمە لێرەدا لە ١/١٦ بە نووسراوی ڕەسمی ئەو پرۆژەیەمان ناردووە بۆ پەرلەمان، خۆتان لە "١/١" پشووتان دەستی پێکردووە، لەجیاتی ئەوەی خەڵکی کوردستان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئێمە گلەیی بکەین، کە ئایا نەدەبوو پەرلەمان پشووی خۆی "١٥" ڕۆژ دوابخاتو گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە بکات، ئینجا پشوو دەست پێ بکات؟ نەك پەرلەمان خۆیان گلەیی بکەن و بڵێن حکومەتی هەرێم لەبەر فێستیڤاڵێك ڕۆیشتووە، حەز ناکەین بەڕاستی پەیوەندی حکومەت و پەرلەمان بگاتە ئەو ئاستەو لەبەردەمی ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن ئەو قسانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

زۆر سوپاسی کاك نەژاد دەکەم بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیەی ئەگەر مۆڵەت هەبێت یەکەم جەنابت داوای ئیجازەت کرد ڕۆژی نەورۆزو ڕۆژی دوای نەورۆزیش نایێیەتەوە، حەزدەکەم ئەوەش ئاگادارین کە ڕۆژی یەکشەممە دائەنیشین، دوو من هەمان پرسیار دەکەم هەردوو فراکسیۆن لێرەن، من بەش بەحاڵی خۆم دژی ئەوەبووم کە کۆبوونەوەکە دوابخرێ و ئێستاش دەیڵێمەوە، بۆیە خستمانە دەنگدانەوە، چونکە ئەندامانی پەرلەمان بڕیاریان دابوو کۆبوونەوەکە بکرێت، هەر ئەوانیش حەقیان هەیە ئەو کۆبوونەوەیە دوابخەن لەسەر داوای فراکسیۆنەکان، خاڵی سێیەم دیسانەوە من ئەو پرسیارە لە کاك نەژادو ئەو برادەرانە ئەکەم، لەکام حکومەت؟ لە کام وڵاتی دنیا بووە کە سێ مانگ گفتوگۆ لەسەر بودجە نەکرێ؟ ئایا ئێمە بەرپرسین کە لەدوای وەزیرەکان بگەڕێین و لە کاتێکدا بودجە بودجەی ئەوانە، ئەوان پرۆژەیان ناردووەو ئێمە ئەو مەرجەمان داناوە کە بودجە گفتوگۆ نەکرێ بەبێ ئەوەی سەرۆك وەزیران و

وەزیری دارایی لێرەبن، ئەوە بودجەی خۆیانە، وەکو پرۆژەیەك ئەینێرن، لێرە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بۆیە دەبێ لێرە ئامادەبن، بەرگری لە بۆچوونی خۆیان بکەن، ئەگەر ئەوانیش نەیکەن ئەوا زۆربەی پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات، لەبەرئەوە لەراستیدا مەسەلەکە ئەبێ بخرێتە ئەو قاڵبەوە و نابێ بگوترێ لەکام حکومەت لەکام دنیا گفتوگۆی بودجە ئەکرێ، ئەگەر حکومەت ئامادە نەبێ؟ من ئەو پرسیارە دەکەم لەکام حکومەت لە کام دنیادا بووە سێ مانگ بودجە گفتوگۆ نەکرێ؟

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەوە کە دەڵێی "٣" مانگ بودجە دواکەوتووە، لەو "٣" مانگەدا دوو مانگ پشووی پەرلەمان بووە، ئایا ئەگەر سێ مانگ دواکەوتووە، ئەگەر هەر هەفتەیەك دواکەوتبایە، چی لەمەسەلەکە دەگۆڕێ؟ دووەمین حەزدەکەم بەڕوونی لێرە قسە بکەم، ئەگەر هەر کەسێك و هەر لایەنێکیش بڵێ کە هەموو شتەکان خۆم چۆنم بوێ وادەکەم لەو پەرلەمانەو حکومەتە، لەگەڵ رێزم بۆی، پێموایە سەری لێ تێك چووە، دەنا خۆی وانییە، چونکە حکومەتەکە هاوبەشەو پەرلەمانەکەش هاوبەشە، ناکرێ لە سەرۆکایەتی پەرلەمان جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەوێ نەبێ، سەرۆکی پەرلەمان بڵێ فلان رۆژ دەبێ هەر کۆبوونەوە بکەین، لە کاتێکدا ئێمە قسەمان لەگەڵ بەڕێز کاك نەژاد جێگری سەرۆك کردبوو، ئەورۆژە کاك جەوهەر ئامادە نەبوو لێرە پێمان وت ئێمە داوا دەکەین هەفتەیەك دوابخرێ لەبەرئەوەی جەولەمان هەیە لە سلێمانی و کاك د. رۆژ لە سلێمانییەو هەتا نەگەڕاوەتەوە، ئێمە ئەو جەولەیە دەکەین و پێموایە کێ قبوڵی دەکرد و ئێوە نوێنەری میللەتێکن و ئەو میللەتەش خۆتان دەزانن وەزعی چۆنە، چۆن ئێوە وەکو پەرلەمانێك هەڵسوکەوت دەکەن، کە سەدان ساڵە هەبێ، ئەگەر مانگێك پشووی پەرلەمان دواکەوتایە چی دەبوو؟ لە کاتێکدا کە ئێمە لە

١/١٦ ناردبوومان با لـه ١/٢٥ گەیشـتبێتە دەسـتتان خـۆ لـە ١/١ پشـووتان بـوو کـە دەستی پێکرد هەفتەیەك دیاریتان بکردایەوە، بەلاّم بەداخەوە ئێمە کە باسمان کـرد وەکو ئەو شتانە بەو شێوەیە چارەسەر ناکرێت و بەو رێگەیە ناگەینە ئـەنجام، ئێمـە لە حکومەتدا کە دەسەلاّتی جێبەجێکردن و ئیشی سەرەك وەزیران زۆر روونە، یـانی وەکو دەسەلاّتی یاسادانان نییە ئەگەر کۆبوونەوەیك لایەنەکەی تر، یان شەریکەکەی ترمان نەهێڵێ، یانی فراکسیۆنی سـەوز نـەهێڵێ کۆبوونـەوە بـبێ، کۆبوونـەوە نـابێ، ئەگەر بلێێن دەبێ ئەوە بـرادەران هـەموویان لێـرەن، بـزانن دەبـێ یـان نـابێ، ئەگـەر لێرەش کاك نەژاد ئامادە نەبێ وەزیری دارایی ئامـادە نـەبێ، حکومـەت ئامادەنـەبێ چۆن گفتوگۆ لەسەر بودجە ئەکرێ، ئەگەر خۆتـان گفتوگۆی بودجـە دەکـەن کـەمی دەکەنەوە، زیادی دەکەن‌و چۆنی دەکەن، حکومەت دەڵێ بەو بودجە ئـیش دەکـەم، ئەوە بە ئامادەبوونی حکومەت نەبێ چۆن لێکی دەدەنەوە، یـان بـەخۆتان بودجـەی پەرلەمانتان نارد کێ وتی کـەمی بکەنـەوە، زیـادی بکـەن لـە بودجەکـەتان چـەندە؟ چۆن لە ئامادەنەبوونی ئێمە دەتوانن گفتوگۆ لەسەر بودجە بکەن کە حکومـەتی لـێ نییە؟ دووەمین: ئێمە پێمان نـاخۆش نییـە ئـەو شـتانە کـراون، بـەلاّم ئـەوەمان پـێ ناخۆشـە بەڕاسـتی لێـرە بـاس بکـرێ کـە ئێمـە بـۆ ئـەرکێك چـووین کـە کێشـەکانی کەرکووك‌و سـلێمانی چارەسـەر بکـەین، خۆپیشـاندانی مامۆسـتایان بـووە، مـانگرتن بووە، کە پێشتر دەمانویست سەردانی ئەو دوو پارێزگایـە بکـەین، پـاش ئـەوەی کـە سەردانی دهۆکمان کرد، بەلاّم ماوەمان نەبوو، هەم لـە مەسـەلەی ئـەو وەزعـەی کـە خۆمان تێیدا دەژین و لەکاری رۆژانەمان، لەو رووداوانەی کە هاتنە پێشەوە کـە هـەر رووداوێك مانگێك کێشەی حکومەتی زیاد دەکـردو دەیخسـتە شـڵەژانەوە بـە تـەواوی بکۆڵینەوە ئەوانە وایان لێکردین کە بە ملائمی بزانین و پرسمـان کـردو پێمـان وابـوو دەستەی سەرۆکایەتی ئەو جەولەیە بکات و سەردانی ئەو دوو پارێزگایە بکـات، نـەك بۆ فێستیڤاڵ، ئەگەرچی دەعوەتیشیان کردبووین، ئێمە چووینە هەڵەبجە نەچـووینە ئەو حەفلەیە، حەقـە ئـەو شـتانەمان بەلەیەکگەیشـتن‌و برایانـەبێ، نـەك بـە شـێوەی

دەمارگیری بێ، ئەگەر بە دەمارگیری بێ خۆ هەموومان ئـەو ڕێگایـە دەزانـین، بـەڵام ئەو ڕێگایە ڕێگایەك نییە لە بەرژەوەندیمان دابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ شـێوازی گفتوگـۆکردن، ئێمـە دەسـتوورێکمان هەیـە جـەنابت کـاك شـاڵاو لـەو دەستوورە نەگەیشتووی، ئـەویش ئەوەیـە بـەو شـێوەیە کـە دانیشـتنێ ئەکرێتـەوەو بەرنامە دەخوێندرێتەوە، ئەگەر تازە بابەت هەبێ تازە بابەت تەنیا سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن هـەقیان هەیـە ئـەو بابەتـە پێشـنیار بکـەن بـەپێی ئـەو دەسـتوورەی کـە هەمانە، پاشان دەست دەکرێ بـە بەرنامـە، گـەر کێشـەیەك نـەبێ دەرگـای گفتوگـۆ دەکرێتەوە، ئەوکات ناودەنووسرێ ئەو برادەرانەی کە قسـە دەکـەن، ئـەوەی ئـەمڕۆ کـرا تێبینییەکـە، تـەنها وەزیـری دارایـی تێبینـی هـەبوو، ناچـاربووین بچـینە نـاو گفتوگۆیەکی دوور و درێژ کە پەیوەندی بە ئەندامی پەرلەمانەوە نەبوو، کـە دەرگـای گفتوگۆ بکەینـەوە، ئێمـە گوتمـان دەرگـای گفتوگـۆکردن دەکەینـەوە ئەوکاتـەی کـە بابەتەکە تەجاوزی ئەوە بکات کە باسی لێکرا، هەر کە دەرگای گفتوگۆکردن کرایەوە ئەوکاتە ئەندامانی پەرلەمان ناونووس دەکرێن، ئەو برادەرەی کە حـەقی قسـەکردنی هەیە، بیروڕای خۆی پێشکەش دەکات.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئـەو پێشـنیازەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران بخەنـە دەنگـەوە، کـە وتم: دانیشتن یەك و نوسخەمان لـەلابێ، ئینجـا وتوویـژ بکـەن، نـاوی بـرادەران بنووسـن، چونکە ئەگەر ناوی برادەرانیش بنووسن کە نەیەنە سەر مەسەلە بنەڕەتییەکـە ئـەوە بخەنە دەنگدانەوە، بزانن چۆنەو دوایی قسەی لێ بکەن، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ٧ )

## یەکشەممە ١٩٩٤/٤/٣

کاتــژمێر ٣ی ســەرلەبەیانی رۆژی یەکشــەممە رێکــەوتی ١٩٩٤/٤/٣ ئەنجومــەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومـەن و بــەئامادەبوونی جێگــری ســەرۆك بــەڕێز نــەژاد ئەحمــەد عــەزیز ئاغــاو سـکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسـەت ئەحمـەد عەبـدوڵلا، دانیشـتنی ژمـارە ٧ی خـولی ئاسـایی یەکەمی سـاڵی ١٩٩٤ی خـۆی بەسـت، سـەرەتا لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆکایەتییەوە رادەی یاسـایی دانیشـتنەکە چەسـپێنرا، ئـەوجا بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەن بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان، دانیشـتنەکەی بـەناوی گـەلی کوردسـتانەوە دەسـت پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- تەواوکردنی گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی ساڵی ١٩٩٤ی هـەرێمی کوردسـتانی عێراق بەپێی حوکمی برگە ٥ لە مادە ٥٦ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جـا ئەگـەر حەزدەکـەن بیخەینـە سـەر کاغـەزێك و پاشـان بـۆ دانیشـتنی ئاینـدە ئامادەی بکەن، چونکە ئێمە پێش ئێسـتا لـە دانیشـتنی رابـردوودا دەنگمـان لەسـەر داوە، بەلاّم بڕیارە وەزارەت راپۆرتێك ئامادە بکـا بـۆ بابـەتی داهـات و خـەرجی پـار ساڵی ١٩٩٣، کە چەند داهاتمان بووە، خەرجیمان چەند بووە؟ جـا پێویسـت ناکـات

ئێستاکە کاکە دارۆ خۆی ماندوو بکات بۆ ئەوەی دانیشتنی ئایندە حازری بکات و دابەشی بکات بەسەر ئەندامانداو، کاك دارۆ هیچ تێبینیت نەما؟

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە لەلای هەمووتان شاراوە نییە کە ئیراداتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەسپاو نییە، کاك دارۆ دەبووایە باسی ئەوەی بکردایە ئێستا ماوەی "٣" مانگ دەبێ هەموو گومرگەکانمان بە ئیبراهیم خەلیلەوە لەکزی دایەو لەوانەیە کە ئەگەر ئەو تەوفیر و پاشەکەوتەی کە پێشتر نەکرابان بۆ ئەو رۆژانە نەماندەتوانی مووچە بدەین، وەکو پێویست یان لەو حاڵەتانەی کە دێنە پێشەوە حاڵەتی کتوپڕی، خاڵی دووەمیش قووەی شیرائی دیناری خۆتان ئەزانن رۆژ بەرۆژ لە دابەزیندایە، ئەوە سیاسەتێکی جیهانییە، مەسەلەکە عێراق و ئەوە نییە کە دەیانەوێ دیناری عێراقی بشکێنن.

مەسەلەی سێیەم: منیش تەئیدی دوو پێشنیازەکەی کاکەڕەش دەکەم، ئەگەر پێمان بکرێ شتەك تەوفیر بکەین بۆ ئەوەی کە کەلوپەلی خواردەمەنی بۆ خەڵکی بکڕین یان هەندێك مەوادی ئەساسی، بەلأم ئێمە دەتوانین مووچەی لێ دەربچێ باقیەکەی هەموو بکوژێتەوە ئەگەر هات و لێرە مانگەك کەلوپەلی خواردەمەنی بدەیتە خەڵك و دوای نەیدەینێ هەرایەکی زۆر گەورەمان بۆ دروست دەکات، ئەوە شتێکی زۆر پیرۆزە خۆشمان بیرمان لێ کردیتەوە و قسەشمان لێ کردووەو لە بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی کوردستانیشدا هاتووە کە بایەخ بدەین بە چاکردنی گوزەرانی خەڵك، بەلأم لەو ماوەیەی رابردوودا بیرمان کردەوە کە پرۆژەیەك ئامادە بکەین لە ئەنجومەنی وەزیران قسەشمان لێکردووە کە کەمیەکی زۆر ئارد بکڕین داوا بکەین لە پەرلەمان کە پەسەندی بکات، برە پارەیەك بێ، بەلأم کە ئەو گومرگانە هاتنەکزی ئێمە نەمانتوانی ئەو هەنگاوە پیرۆزە بهاوێین و

نەمانتوانی پرۆژەکەش بدەین بە پەرلەمان تا پەسەندی بکات. مەسەلەیەکی تری کە کاك جەمیل باسی کرد ئەنجومەنی نەخشەکێشان، ئێمە زۆر شتمان هەیە کە باسی لێکراوەو لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانیش بوو کە لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران دابێ، کە ئەنجومەنی نەخشەکێشان دابمەزرێنن، نواتی ئەنجومەنی نەخشەکێشان لەوەیە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری پیشەسازی، وەزیری کشتوکاڵ، وەزیری ئاوەدان کردنەوە، وەزیری دارایی، وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری ئەگەر لەبەر یارمەتییەکان زیاد بکرێت لەگەڵ چەند پسپۆڕێك. ئێستا ئێمە ئەو بودجەی پلان کە دانراوە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەو بەڕێزانەی هەموو تێدابووەو قسەشی لەسەر کراوە، هەروەها ئێمە چەند پسپۆڕێکیشمان هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران شارەزانە لە هەموو بوارەکانداو ئێمە دەبێ تەقەشوف بکەین نەك بمانەوێ ژیان و گوزەرانی خۆمان لە میللەتەکەی خۆمان جیابکەینەوە. هەندێك حاڵاتیش هەیە کە زۆر پێویستە، پێشتر ئەگەر پێشمەرگەك بە "١٠٠" دینار "٢٥٠" دینار کەلوپەلی خۆراکت بۆ دەکڕی و لە سەنگەری پێشەوەت دادەنا ئێستاکە هیچ پێشمەرگەیەك نییە مانگانە بەبێ "٦٠٠" دینار بتوانێ بژیو هەندێ زیادەیش بووە لەکاتی خۆیداو لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین لەبابەتی وەزارەتەکاندا، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ( ٨ )
# دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٤/٤

کاتـژمێر ١٠ی سـەرلەبەیانی ڕۆژی دووشـەممە ڕێکـەوتی ١٩٩٤/٤/٤ ئەنجومـەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومـەن و بـەئامادەبوونی جێگـری سـەرۆك بـەڕێز نـەژاد ئەحمـەد عـەزیز ئاغـاو سـکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسـەت ئەحمـەد عەبدوڵلا، دانیشـتنی ژمـارە ٨ی خـولی ئاسـایی یەکەمی سـاڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سـەرەتا لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسـایی دانیشـتنەکە چەسـپێنرا، ئـەوجا بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەن بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان، دانیشـتنەکەی بـەناوی گـەلی کوردسـتانەوە دەسـت پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- بـەردەوام بـوون لەسـەر گفتوگـۆکردنی بودجـەی سـاڵی ١٩٩٤ی هـەرێمی کوردستانی عێراق، بەپێی حوکمی بڕگە ٥ لـە مـادە ٥٦ی یاسـای ژمـارە ١ی سـاڵی ١٩٩٢.

٢- تازە بابەت

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

ئینجا ئەگەر مۆڵەت بدەن ئەو بڕگانەی كە خوێندرانەوە، بڕگەی (اجور مقطوعة ونداثات) ژمارەیەكی بۆ دانراوە، ئەگەر چ پێشنیار هەیە لەسەر ئەم ژمارەیە، ئەگەر نیشە ئەوە هیچ، بەڵام ژمارە بە ژمارە دێینە خوارەوە بۆ ئەوەی تەواوی بكەین.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

لێرەدا لە فەسڵی دووەم باسی ئەوە دەكات بروسكەو تەلەفۆن لە دیوانی سەرۆكایەتی وەزیران "٢٥٠" هەزار پێشنیار كراوە، لەگەڵ وەزارەتی دارایی هەر "٢٥٠" هەزارە، لێرەدا كراوە بە "٥٠" هەزار دینار، یانی ئەوە بازدرا بەسەری، نازانم كاك جەمیل ئەوەی بۆ باس نەكردو دەمەوێ لێرەدا روونی بكەمەوە، راستە ئەگەر تەلەفۆناتی خۆمان تەلەفۆناتی ناوەوە بێت لەوانەیە باش بزانین پار چەند خەرج كراوە، ئەمساڵ شتێكی كەمی دەخەینە سەری، بەڵام ئێستاكە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران تەلەفۆن و فاكسی دەرەوەی بۆ هاتووە، ئەو تەلەفۆن و فاكسە خۆتان دەزانن ئێستاش ئێوە بۆتان هاتووە وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمان، هەر دەقەكی "١٥" دۆلارە، حەزدەكەم ئەوە بە رەچاوی وەربگرن لە دانانی ئەو پارەیەی كە بۆ كرێی بروسكەو تەلەفۆن هاتووە، ئەوە تێبینییەك بوو، باسی ئەوەش نەكرا كە ئەو "٢٥٠" هەزارەی لەسەری رێك كەوتوون هاتۆتە سەر بڕگەیەكی تر یا خاڵێكی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ زانیاری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە فاكسە، ئەوە تەلەفۆن نییە، فاكسەكەش، ئیش ناكات، ئێستا ژمارەشیان نییەو لە بودجەشدا هیچمان بۆ دیاری نەكردووە، چونكە ئەو فاكسەی هاتووە ژمارەكەی دەرەوەی تا ئێستاكە نیمانە، ئەو

ڕێکخراوەی ناردوویەتی بۆمان، تا ئێستاکە ئەو حجزەی بۆ نەناردووین، نامەمان بۆ ناردوون تا بزانین تحمل دەکەن، یارمەتیمان دەدەن لە زمنی ئەو فاکسانەی کە دەنێردرێنە دەرەوە، وابزانم ١٥ دۆلاریش نییەو بە ئێمەیان وت لە سنووری "٣-٧" دۆلارە، لەگەڵ ئەوەشدا بەجەخت ئەگەر ئامێری تازە بێت دەبێ حیسابێکی بۆ بکرێ.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وادیارە ئێمە ناتوانین جارێ بیخەینە ئیش.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

هەروەکو لە سەرەتادا من روونم کردەوە کە ئەو پارەیەی کە دامانناوە، تەنیا بۆ گەیاندنی ناوەوە بوو، چونکە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران لەخاڵی یەکەمدا دەفەرمووێ (وزارة النقل والمواصلات اقترح رصد مبلغ ٤ ملايين و ٦٧٦ الف دينار في الخطة السنوية لاستيراد بدالات مركزية واجهزة اتصالات، الا اننا لم نرصد المبلغ المذكور لعدم امكانية تامين المبلغ بالدولار ولاسيما انه مبلغ كبير) لەبەرئەوە بەس بۆ گەیاندنی ناوەوەیان دانابوو، بەڵام پاش ئەوەی کە لیژنەکە ئیشی خۆیان تەواو کردووەو پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێزی کردووە لە ڕۆژی ١٩/٢/١٩٩٤ پاشکۆی هاتووە، ئەفەرموون یەکەم ١٢ ملیۆن "في ميزانية الخطة السنوية لوزارة النقل والمواصلات تحت عنوان شراء ونصب بدالات واجهزة اتصالات مركزية وغيرها" لەبەرئەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لەجێگای ٣٠ هەزار دەبێتە ١٣٠ هەزار یانی ١٠٠ هەزار دیناری تر تەرخان کرا بۆ گەیاندنی دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمیل ببورە ئەوە پێشنیارە لەم فەسڵە دەچەسپێندرێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڵێ کرێی بڕاوەو ندائات ١٣٠ هەزار دینارەو سەرجەمی بروسکەو تەلەفۆن لەجێگای ٥٠ هەزار دەبێتە ١٥٠ هەزار، چونکە ئەوە کۆکراوەیە هەر لەسەر ئەو حیسابەش وەکو بەڕێز د. رۆژ فەرمووی ١٠ مکالەمە ئەوەشمان حیساب کرد کە نزیکەی سەد، سەدو چوار مکالەمە دەبێ لە ساڵێکدا هەر مکالەمەیەك سنووری ٦ دەقیقە دەبێ، ئەو حیسابەمان کرد بە دۆلاریش لەسەر ئەو بنەڕەتەی کە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن پێشنیارەکەی دوو دۆلارە بۆ هەر دەقیقەیەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئێستا با بێینەوە سەر خاڵی سەرەکی، ئەوە پێشنیاری لیژنەی ئابوورییە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە، بۆیە ئەڵێین ئەوە پێشنیارە.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەسەر ئەوە ناکۆکی هەیە، لەسەر ئەوە بەڕێز وەزیری گواستنەوەو گەیاندن باسی کرد کە بە دوو دۆلارە، هێشتا ئەو پرۆژەیە لەدایك نەبووە و وجودیشی نییە، وەکو فکرەیەکەو قسەش کراوە لەگەڵ شەریکە کە بە دوو دۆلار بێ، بەڵام ئێستاکە لەراستیدا ئێمە تەلەفۆنمان هەیە، فاکسمان هەیە بە "١٥" دۆلارە، حەقە لەسەر ئەو بنەڕەتە شتەکە حیساب بکرێ نەك لەسەر بنەڕەتی دوو دۆلارەکە، بۆیە داوا دەکەین

ئەو "٢٥٠" هەزار دینارەش زیاد بکرێ، چونکە کاتی خۆی ئەو "٢٥٠" هەزارە تەنیا بۆ تەلەفۆنی ناوەوە بووە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لێرەدا پێشنیارەکە لەبەرئەوەی هەتا ئێستا بودجەکە پەسند نەکراوە، پرۆژەکە لەسەرەتاوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، بۆیە باسمان کرد کە تەلەفۆنی راستەوخۆ هەیە لەبۆ دەرەوە، ئینجا ئەگەر لێرە دەیخەنە سەر زۆر باشە، نایخەینە سەر ئێمە نووسراوێکتان بۆ دەنووسین دەڵێین تەکالیفەکەی ئەوەندەیە، چونکە لە سەرەتاوە لەبەرئەوەی تەواو نەبووە، بۆیە مەسەلەکەم باس کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەکورتی و بە پوختی ئەگەر ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان تۆزێك بە وردی سەیری بکەن بارەکە زۆر ئاسانەو وەکو هەموو جار کردوومانە، حکومەت پێشنیارێکی هەیە بۆ لیژنەی ئابووری، ئێمەش پێشنیارێکمان هەیەو لەو مەسەلانەی کە جیاوازییان هەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری چەند دانیشتنێکیان کردووەو تەواو بووە هەندێ ژمارەش دیارە کە ناکۆکیان لەسەر هەیە، فەرموون ئێوە بێ گفتوگۆ گوێ بگرن، بزانن حکومەت چی دەڵێ و وەزیری تایبەت رای چییە؟ گوێ بگرن لیژنەی ئابووری چ دەڵێ، پاشان ئەگەر تێبینییەك نەبوو ئەخرێتە دەنگدانەوە و ئەبڕێتەوە.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی ئەمن دوێنێش باسم کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی دارایی سابتمان نییە، بۆیە حکومەتی عێراق حەفتاو قسوور ساڵە دەوڵەتە بەرەغمی ئەوەی کە ئێستا نەوتیشی ئەڕوات، ئەو سێ ساڵە، چونکە ئابلۆقەیان لەسەرە، خۆیان حکومەتەکە بودجەیان نییە، ئێوە شتێك حەقی خۆتانە گفتوگۆی لەسەر بکەن و لێرە قسەی لەسەر بکەن، بەڵام ئەوەندە بەوردی و زۆر درێژخایەن نە لە بەرژەوەندی پەرلەمانەو نە لەبەرژەوەندی حکومەتە، خۆشمان ئەوە دەزانین حکومەت و وەزیرەکان خۆیان لەگەڵ دەستەی وەزارەت لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیان کردووە کە بودجەی خۆیان خستۆتەڕوو لە پاشان جارێکی تر لە وەزارەتی دارایی لە بێژینگ دراوەتەوە، ئەوجا دراوەتە پەرلەمان و لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری دارایی لەگەڵ د. ڕۆژ دانیشتوون و گەیشتوونەتە ئەو راستییە، حەقە هەندێك مروونەتیش هەبێ لەو مەسەلانە، راستە حەقی خۆتانە فەسڵ فەسڵ باسی بکەن و بڕگە بڕگە گفتوگۆی لەسەر بکەن، بەڵام دەبێ حیسابی بارودۆخی خۆشمان بکەن، حەزدەکەن ئێستا بڕیاربدەن بڵێن ئەوە دوو سەد ملیۆنە ئەگەر پارەمان نەبوو چۆن جێبەجێی دەکەین؟! پرسیاریش لەئێوە دەکەم: ئێوە تەقدیری بارودۆخی ئێمەش بکەن کە چۆن ئیش دەکەین. ئێمەی حکومەت دەتوانین بەو بودجەیە کاربکەین، ئەگەر بێتە سەر حاڵەتی دواییشی، ئەوە پێتان دەڵێین بەو ڕێگایە نەبێ ناتوانین ئیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

(البرق والهاتف) ئەوە سەرجەمی مادەیە، گۆڕانەکانی بەس دوو بڕگەیە، یەك و دوو، چونکی زۆر بڕگەی تر هەنە لە خشتەکان دەستمان لێ نەداوە (الاجور المقطوعة والنداءات)ی وەزارەت، ئەنجومەنی وەزیران ٢٠٠ هەزاریان داوا کردووە، وەزارەتی دارایی کردووە بە ٢٢٠ هەزار، دوا دانیشتنی مە لەگەڵ وەزارەتی دارایی بووە ١٣٠ هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

سەرۆکایەتی وەزیران پێشنیاری ٢٥٠ هەزاری کردووە، تۆ ئەو موفرەداتەی بۆ دەخوێنیتەوە سەرجەمی گشتی چەند دەکات یانی بڕگە بڕگە نییە، ئەوە فەسڵ فەسڵە (اجور النداءات واجور نصب الهواتف) هەردووکیان بروسکەو تەلەفۆن ئێمە ٢٥٠ هەزارمان پێشنیار کردووە، وەزیری دارایی پەیوەندی چییە؟ ئەمە کەم بکاتەوە، خۆی رێککەوتووە لەگەڵ برادەرانی سەرۆکایەتی وەزیران ٢٥٠ هەزارە کەمی نەکردۆتەوە، هەمان شتە ئێوە کردووتانە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سەندی:**

**هێژا سەرۆکی ئەنجومەن**

من ئەم روونکردنەوەیە پێشکەش دەکەم و تکام ئەوەیە لیژنەی یاسایی کە پێشنیاری دەخرێتە دەنگدان، پێویستە رای لیژنەی ئابووری پێشتر بخرێتە دەنگدان، دوایی ئەگەر رای لیژنەی ئابووری سەرنەکەوت، ئینجا پێشنیارەکانی تر دەربارەی ئەم بڕگەیە باس بکرێ بۆ بووە بە ٥٠٠ هەزار و شتێکی سەرەکی هەیە، ئەمەوێ لێرە ئاشکرای بکەم، پێویستە موازەنەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەكو هـەر وەزارەتێك، وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری چـی داوا كـردووە، هـەر هـەتا هەڵەیەكی چاپ تێدابایە، سـفرێكی زیـاد رۆشـیتبێ، وەزارەتـی دارایـی بـەو شـێوەیە نەقڵیان كردووە، بێ گفتوگۆكردن ئـەوە خالێـك ٧٥٠ هـەزار بـۆ لای ئێمـە بـووە ٥٠٠ هـەزار، پـار ٢٥٠ هـەزار بـوو تـا ١٩٩٣/٦/٣٠ (١٣٦) هـەزار خـەرج بـووە گـەر ئێمـە حیسابی بكەین بۆ ماوەی ساڵێك یانی پار چارەكە ملیۆنێك بووبێ ئێستا نیو ملیۆنە، گەر بەپێی نرخیش بێ، نیو ملیۆن بەسە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

یەكەم شت من پشتگیری بـەڕێز كـاك جـەمیل ناكـەم، ئـەو پێشـنیازە ئەسـڵییەكە دەخرێتە دەنگدانەوە، دوای ئەوەی كە هەمواركردنەكەی لەسەربێ، لەهـەموو دنیـادا شتی واهەیە، نازانم ئەگەر لە پەرلەمانی ئێمە شتی تازەی تێدابێ، دووەم: مەسەلەی ئەوە كە دەڵێ دیناری ئێمە نەگۆڕاوە، نرخ گۆڕاوە، پار ئەتۆ كە دەچووی نان بخۆی لەوانەیە لەرێگەی دهۆك جیاوازی هەیە یاخود ئێستاكە خواردنەكـە گـۆڕاوە ئـەتۆ بـە دۆلار دەكڕی ئەو مـادە سـەرەكییانە، لەبەرئـەوە شـت گـۆڕاوە، سـێیەمین جـاری وا هەیە هەندێ شت هەیە لە موناسـەباتان دێتـە پێشـەوە پەیوەنـدی بـە سـەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە نییە، برادەرێكی سەرۆكایەتی وەزیران دەچـێ لـە كـۆنگرەی برادەرانی پارتی بەشـدار دەبـێ، كـۆنگرەی یـەكێتی دەبـێ، كـۆنگرەی حزبێكـی تـر دەبێ، هەندێ وەفد دەبنە میوانی سەرۆكایەتی پەرلەمان یا سـەرۆكایەتی حكومـەت لەوەنییە، لەوە یەدەگ دانراو، ئەوەی كـە خـەرج كـراوە وەكـو جـەنابت باسـت كـرد پارەكە لە بودجە زیادیش دانراوە، بەڵام وەكو خۆی خەرج نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

سەبارەت بە ئاهەنگ گێڕان ئێمە ساڵی پار کاری پەیڕەوکراو وابوو هەموو وەزارەتەکان ١٠ هەزار دینار بێ، بەڵام کە کۆبووینەوە لەگەڵ وەزارەتی داراییدا گەیشتینە ئەنجامێك کەوا زانکۆکان پێویستیان بە فێستیڤاڵ هەیە، بە کۆمەڵێ ئاهەنگی یەکترناسین و شتی وا هەیە، پێویستی بە پارە هەیە، لەبەر ئەوە تەنها بۆ زانکۆکان زیادمان کردووە، بۆ وەزارەتەکان بڕیارمان داوە کە ١٠ هەزار بێت، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پار بەبۆنەی تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر دامەزراندنی حکومەت، جەنابتانمان دەعوەت کرد "١٠" هەزاری تێچوو؟ هەر ئەو پرسیارەتان لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پار هی پەسەند ٥٠ هەزار بوو تا ٦/٣٠ (٢٥٣٥٠) دینار خەرج بووە ٥٠ هەزارەکە ×٢ بکەن ئەڵێن ئەمساڵە دووجایشی نەکەن، چالاکی زیاتر دەنوێنن یان نرخی دینار دابەزیوە ×٢ بکە ئەوە دەبێتە ١٠٠ هەزار دینار، لەبەرئەوە ١٠٠ هەزار دینارمان داناوە کە دوو ئەوەندەی ساڵی رابردووە، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ڕێزم هەیە بۆ هەموو ڕاو بۆچوونەکان، بەڕێز کاك نەژاد ئاماژەیەکی کرد بۆ بابەتی ئەو کەرِولالأنە، لە ڕاستیدا ئەوە بەخشینە نەك پاداشت، بابەتی پەرلەمانیش لە ڕاستیدا پاداشتی بەرابەر بە ئیشە، ئینجا سەبارەت بە ئەوەی کە ئێمە قەناعەتمان نییە، کە فەرمانبەر بەپاداشت ناژی، بەڕێزان ئەگەر بمانەوێت فەرمانبەر باری ژیانیان باش بکەین، لە کارەبای دۆکان بێت یان لە دەربەندیخان بێت، یان لە هەموو کوردستان بێت بەراستی دەبێ یارمەتی مووچەیەکیان بۆ زیاد بکرێت، بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان جێگری سەرۆك ئەنجومەنی وەزیران کە وەختێك سەردانێك دەکەن بۆ شوێنێ دەچن، حەقی خۆیانە، بەلأم لە وەختێکدا کە ئێمە هەمان بێت کە ئێمە سیاسەتی تەقەشوف بەکاربێنین (پارەمان بەدەستەوە نەبێت و وەزارەتی دارایی بە هەموو جۆرێك تکا بکات و نووسراوی ڕەسمی و بە ئاشکرا داوا بکات دەست بە خەرجییەوە بگرین، بۆیە لەڕاستیدا ئێمە بە قەناعەتەوە کردوومانەتە (١٠٠) هەزار دینار و سووریشین لەسەر پێشنیارەکەی خۆمان کە هەر بە ١٠٠ هەزار بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەو نموونەیەی کاك د. ڕۆژ باسی کرد، ئەو ڕۆژە ئێمە چووینە کارگەی تاسلۆجە، ئێستا کارگەی سەرچنار ئیش دەکات بە وزەی "٢٥٠" تەن ڕۆژانە کە لەوێندەرێ ئەو نەوتە ڕەشەی شل بکاتەوە و بنێردرێ بۆ کارگەکە تاکو ئیشی پێ بکات، لەوێ بە خەلەلی کارەبایی یان بەهەر شتێك لەو بابەتانە سووتابوو، کۆمەڵێك لە کارمەندی خۆیان ئەوکاتە نزیکەی "٢١" کەس "٢٣" کەس بوون، ئێمە کە داوامان لێکردن

گوتيان خۆمان دەيكەين شەو و رۆژ ئيش دەكەين پاش دەواممان كار دەكەين و هيچ پارەی كاری زێدەش وەرناگرين، بەلاّم حەقی ئەوەی هەيە كە ئێمە بەدەستی خۆمان ئەوەی چاك دەكەينەوە، يارمەتييەكمان بدەن و هاتن لە سەرۆكايەتی وەزيران، ئێمە پاداشتمان پێدان، هەريەكی "٣" هەزار دينارمان پێدان، واتە ئەوە لەو بابەتەيە، واتە ئەوەنييە بلێی فەرمانبەر بە پاداشت دەژی، چونكە لەبەر باری ئابووری هەموو فەرمانبەر دەوام ناكەنو ئەو ژمارەيەی ئێمە هەمانە، بەلّكو هەندێكيان يان بلّێين هەموويان دانی ئێواران ئيش دەكەنو خەلّك هەيە مۆلّەت وەردەگرێ تاكو ئيش بكات دەنا كێيە بە "٣٠٠" دينار دەژی كێيە "٤٠٠" دينار دەتوانی گوزەران بكات و بژی، سوپاس.

## بەڕێز يەحيا محەمەد عەبدولكەريم

### بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن

ئەوەی بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيران ئاماژەی بۆ كرد، بەڕاستی هەرچەندە تەكاليف زۆرە، بەلاّم كاتیَ كە بمانەوێ بينايەكە بگۆڕين يان شتێكی تری تيا بكەين، ئەمە داخيلی پاراستنی بينايەكە نابێت، پاراستنی بيناكەيە لە هەندیَ رووداو كە ببیَ ئەگەر بمانەوێت ژوورێكی تازەو شوێنێكی تازەو لقێكی تازەی تێدا دروست بكەينەوە، ئەوە پێويستی بە تەعميرەو ئەچێتە بينايەوە لەبەرئەوە راستە ئێمە هەر بمانەوێت بلّێين وەلّلا پارەكەی كەمە، بەلاّم بەگوێرەی بودجەكەمان، بەگوێرەی بودجەكەمان لەگوێرەی مليار و ٢٥٠ هەزارەكە، هەر ئەمانە بەرای من رەنگە بلّێم زۆر زۆريشە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وەك کاك د. رۆژ باسی کرد ئێستاکە ئێمە کەشفێکمان کردووە لەبۆ ئەوەی کە جێگای موراجیعینی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یەك ژوورە، لەوێندەرێ کە ئەو ژوورە بکرێت زیاتر لە "١٠٠" هەزار دیناری تێدەچێ، جگە لەوەی کە ئەندامانی پەرلەمانیش کە صیانەی خانووەکانیان دەکەن لەو ماوەیە زۆربەی زۆری لەسەر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئێمە موافەقەتمان بۆ کردوون کە هەندێکیان تەعمیر کراوەتەوە، ئێمە صیانەو مەبانیمان پێکەوە داناوە نەك بە تەنیاو فەسڵی تایبەتییان هەبێ یان دەروازەیەکی هەبێ کە لەبۆ دروستکردنی خانوو بێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەو تێبینییەی بەڕێز کاك نەژاد، هەرچەندە جەنابت برێك روونت کردەوە، شتێکە چەندجار دەنگی لەسەر دراوە، لەوانەیە من دژی رای لیژنەی ئابووری دەنگم دابێ هەندێ شتیش هەیە، پشتگیری دەکەم، واتە بابەتەکە لێرەدا قەناعەتەو بابەت موبەڕیراتە، ئێستا ئەوشتەی لیژنەی ئابووری موبەڕیری هێنایەوەو من بەنسبەت خۆم زۆر قەناعەتم پێ هات، بۆیە دەنگم لەسەردا، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پێشنیاز دەکەم هەر بینابێ و پاراستن رەشکەنەوە، چونکە ناتوانین پاراستن بکەین بە "٥٠٠" هەزار دینار، دوای لەسەریشمان ئەوەنەبێ، وەکو سەرۆکایەتی

ئەنجومەنی وەزیـران ئێمـە داوا دەکـەین ئـەو فەسـڵە هـەر رەش کرێتـەوە بـا "٥٠٠" هەزارەکەی تێدا نەبێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

جا ئێمە دەنگمان لەسەرداو بووە بڕیار، تازە ناگۆڕێ.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دوا قەیدی ناکا، حەزمکرد برادەران کە باسی ئەوە دەکەن بینایەکان چەن شـوقە هەیە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران، ئـەو شـوقانە بـڕوخێنن، واتـە کـە چـاکی بکەنەوەو وەکو کاك د. رۆژ باسی کـرد ئەنـدازیارێك تەقـدیری ئـەو مەسـەلانە بکـات، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی پاراستنی بیناکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران، وەکـو بینایێکـە (الحمدلله) بینایێکی زۆر زۆر چاکەو خاوێنـە ئـەم چ صـبوغ نەکـەن، ملیۆنێکیـان داوا کردووەو وەزارەتی دارایی راست موافەقـەتی کـردووە، پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە ئایـا بینایـەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران پێویسـتی بـە پاراسـتنە؟ لـەبارەی ئامادەییە پیشەسازییەکانەوە، چـەند ئامـادەیی پیشەسـازی لـە کوردسـتاندا هەیـە، لەگەڵ چەند ئامادەییەکی کشتوکاڵی و بازرگانی، هەموویان بە پیشەسازییەوە داوای دوو ملیۆنی کردبوو بۆ پاراستنی بیناکان لە وەزارەتی دارایـی و ئـەو پارەیـە کـرا بـە ٢٠٠ هەزار دینار ئایـا زەرورەت لـەکوێ دیـار دەبێـت؟ ئایـا لـە ئەنجومـەنی وەزیـران لەکۆبوونەوەکەیاندا گوتیان ئەو مەبلەغە کە ٢٠٠ هەزار دینارە بۆ ئەوەندە ئامـادەیی

کشـتوکاڵ و ئەوەنـدە ئامـادەیی پیشەسـازی و ئەوەنـدە ئامـادەیی بازرگـانی بـەش ناکـات، پێویسـتی وەزارەتـی پـەروەردە خـۆی زۆر لـەو دوو ملیۆنـە زیـاترە، بـەڵام بەتەقەشفەوە، چونکە ئەوە زۆر زۆر پێویست بوو، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لێرەدا باسی هەر بینایەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران نییـە، ئـەوەی کـاك جەمیل باسی کرد ئەگەر هـەر بینایەکـە بـێ هـیچ پاراسـتنی ناوێـت، وەکـو بینایـەی ئێوە، ئێـوە جـەنابتان پاراسـتووتانە، لێـرە ئەمـەش داوای ئەوەنـدە دەکـەین بـەس پاراستنی لە بینایەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران نییە، چـەن شـوقەیەك هەنـە عایدی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانـە، چـەند خـانوو هەنـە عایـدی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانن، هەتا لەبۆ ژووری حەرەسەکانیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبا بەردەوام بین، ئەم دانیشتنەش زۆری نەماوە کۆتایی بێ، با تەواوی بکەین.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پێشـنیارەکەی سـەرۆکایەتی وەزیـران بخەنـە دەنگـەوە کـە دوای بخـەین، ئەگـەر ئەوەبوو، دەنا ئەگەر نەبوو و دەنگی لەسەر وەرنەگرت دەڕۆین، سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)
# پێنجشه‌ممه رێكه‌وتی ١٩٩٤/٦/٣٠

كاتژمێر ١٠ی سه‌رله‌به‌یانی رۆژی پێنج شه‌ممه رێكه‌وتی ١٩٩٤/٦/٣٠ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز جه‌وهه‌ر نامیق سالم سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نو به‌ئاماده‌بوونی جێگری سه‌رۆك به‌ڕێز نه‌ژاد ئه‌حمه‌د عه‌زیز ئاغاو سكرتێری ئه‌نجومه‌ن به‌ڕێز فه‌رسه‌ت ئه‌حمه‌د عه‌بدوڵلا، دانیشتنی ژماره ١١ی خولی ئاسایی یه‌كه‌می ساڵی ١٩٩٤ی خۆی به‌ست، سه‌ره‌تا له‌لایه‌ن ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تییه‌وه راده‌ی یاسایی دانیشتنه‌كه چه‌سپێنرا، ئه‌وجا به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان، دانیشتنه‌كه‌ی به‌ناوی گه‌لی كوردستانه‌وه ده‌ست پێكرد.

**به‌رنامه‌ی كار:**

١- درێژكردنه‌وه‌ی خولی ئاسایی یه‌كه‌می ساڵی ١٩٩٤ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان.

٢- گوێگرتن له‌ وتاری به‌ڕێزان كاك مه‌سعود بارزانی و مام جه‌لال و به‌رپرسانی (I.N.C)

**به‌ڕێز: عه‌بدوڵلا ره‌سوڵ عه‌لی/ سه‌رۆك وه‌زیران**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن**

به‌ڕێزان خوشك و برایانی خۆشه‌ویست، لێره‌دا به‌پێویستی ئه‌زانم پیرۆزبایی له‌خه‌ڵكی كوردستان بكه‌م كه ئه‌مڕۆ سه‌ركرده‌كان له پیرۆزترین شوێندا كۆبوونه‌وه كه په‌رله‌مانی كوردستانه، پاش ئه‌و رووداوه، پاش ئه‌و كاره‌ساته، پاش شه‌ڕی

براکـوژی لـه کوردسـتان روویـدا زەرەرێکـی زۆری لەمیللەتەکەمانـدا بەڕاسـتی لـە دەرەوەو نـاوەوە دەتـوانم بڵـێم هـەموو لایـەکمان، سـەرکردەکانی کـورد لێـرە شەرمەزارین بەرامبەر بە میللەتەکـەمان بۆیـە داوای لێبـووردن لـە کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردستان دەکەین کە دەبوو ئەو کارەسـاتە روونـەدات و هـەموو ئـەو مانـدووبوون و قوربانیدانەی کە میللەتەکەمان دابووی، پاش ئەوەی راپەڕینە مەزنەکە هاتە کایەوە، پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا هەروەکو بەڕێزان باسیان کرد لەبەر ئەوە مەسـەلەو کێشەی کورد زۆر دەچوو بۆ پێشەوە تەعامولیان لەگەڵ دەکرد لـە سـەرەتاوە پـاش دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو رێکخراوەکان یـان ئـەو کەسـانەی کـە یارمـەتی خـەڵکی کوردسـتانیان ئـەدا لـە کوردسـتان و تەحـەفوزیان هـەبوو لـە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەو دواییە پاش ئەوەی چەندین کۆبوونـەوەیان لەگـەڵ کـرا، کـۆنفرانس گـیرا لەگەڵیانـدا، هـەموویان هاتنەسـەر ئـەو راستییەی کە دەبێ هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردسـتاندا بکـەن و ئـیش و کارەکانیان لەرێگای حکومەتەوە جێبەجێ بکـەن. حکومـەتیش کـەوتبووە سـەرپێی خۆی لەگەڵ ئەوەی دا کە هەموو لایەنە سیاسییەکان و بەتایبەتی هەردوو حزبەکەش هەموو قورسایی خۆیان نەخستبووە ناو داو و دەزگاکانی حکومەت وەیـان بەڕاسـتی پشـتیوانی تـەواویان لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان نـەدەکرد، بـەڵکو هەنـدێ فەرمانبەرو کادری حزبەکان کە لەناو حکومەت بوون، ئـەوامری خۆیـان لـە مەکتـەبی سیاسـی حزبەکـەی خۆیـان وەردەگـرت، هیـوادارم ئـەو رووداوە ببێتـە دەرسـێك، ئەزموونێك بۆ هەموو لایەکمان کە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، بەرنامەیـەکی رێـكو پێك دابنێین بۆ حکومەتو ئیشکردنەوەی حکومەت و دام و دەزگاکانی حکومەت کـە ئیش و کاری خۆیان بکەنو هەردوو لایەنەکە و هەموو لایەنەکانی ناوەوە و دەرەوەی بـەرەی کوردسـتانی پشـتیوانی لـەو هـەل و مەرجـە سیاسـییەو پشـتیوانی لـە موئەسەساتی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان بکـەن و حکومـەتیش تەعـدیلاتی تێـدا بکرێتو فراوان بکرێ و گۆڕانکاری تێدا بکرێت لەسەر ئەساسی ئـەوەی کـە تەجروبـە

لەو وەزعەی کە روویدا وەربگرین. پێموایە لێرەشدا دەبێ هەموو لایەکمان ئەوە بپێچینەوە تەنیا بۆ دەرس و تەجروبە ئیستیفادەی لێ بکەین، نەك بۆ کولانەوەی برینەکانمان، کە ئەوە بەڕاستی زۆر زۆر ناخۆش بوو ئەو رووداوەی کە روویدا هیچ کەسێك شانازی پێوە ناکا و کەسیش تێدا سەرکەوتوو نەبووەو کەسیش تێیدا سەرکەوتوو نابێ لە شەڕی ناوخۆ و تەنها دوژمنەکانمان سوودی لێ وەردەگرن و میللەتەکەمان زەرەرمەند دەبێت، هەروەها ئێمە دەبێ زیاتر بایەخ بە چارەسەرکردنی وەزعی گوزەرانی خەڵکی بدەین، وەزعی ئابووری و ئەمنیان چاك بکەین، من لێرەدا بەڕاستی و بە صەراحەت دەمەوێ بڵێم ئەوەی کە لە لیوای تایبەتی و لەو هێزانەی کە هەردوو لاو هەردوو حزب سەرفی دەکەن با لە خزمەتی خەڵکی کوردستان سەرف بکرێ چارەسەری گوزەرانی خەڵکی پێ بکرێ. نەك لە پڕ چەککردن و هەردووك خۆیانی پێ بەهێز بکەن کە بۆ جارێکی تر ئەو مەسەلانە رووبداتەوە و پێموایە ئەگەر ئیهتمام بە خەڵکی نامەسئول و خەڵکی لابەلا کە هەتا دوێنێ لە شوێنێك بوونە کە خەڵك نەفرەتیان لێ دەکا ئەورۆ بێنە ناو رێزی حزبەکانەوە دەوریان پێ بدرێت و ببنە هێزێك کە بیانەوێ ئەو ئەزموونە دیموکراتییە تێك بدەن، چەندی حکومەت و پەرلەمان بەهێزبێ و گرنگی پێ بدرێ، بەڕای من هەردوو حزبەکەو هەموو تەرەفەکانی بەرەی کوردستانی و بەرەی کوردستانی بەهێز دەبن، بەڵام دەبێ دڵنیابین لەوەی کە حکومەت و پەرلەمان نەما، ئەو دوو حزبەش لاواز دەبن و هیچ کەسێك تەعامولمان لەگەڵ ناکا، بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود و دکتۆر باسیان کرد، ئەو رۆژەی کە شەڕی ناوخۆ بوو یان ئەو دوو تەرەفە شەڕیان بوو بەڕاستی بەجێمان دێڵن و کاك مسعود خۆی ئاگادارە لە جەریانی رۆژانی شەڕەکان چەندین نامە و تەلەفۆنات هاتووە کە لێرەدا ئەبێ ئەو شەڕە بوەستێ. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەڕاستی ئەگەر هاتوو یەك حزب یان لایەنێك بیەوێ خۆی فەرز بکات، مومکینە هەر تەعامولیشی لەگەڵ نەکرێت لەبەرئەوە ئێمە هەمووومان پێکەوە بژین هەردوولا هەموو لایەکمان تەواوکەری یەکترین و باوەڕمان بە دیموکراتی

هەبێت، باوەڕمان بەوە هەبێت کە دەبێ هەموومان خزمەتی میللەتەکەمان بکەین، بەڕاستی دەبێ ئەو قسانەی کە لێرەدا دەکرێن، تەرجومەی عەمەلی بکرێت لەناو ریزەکانی هەردوو حزب و لەناو ریزەکانی هەموو حزبەکان و لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەك وەکو د. ئەحمەد باسی کرد یان لێرە قسەی باش بکرێت و لە دەرەوە تەوجیهاتی تر بدرێت، چونکە پێموایە ئەوە لە ئەنجامی ئەوەیە کە ئیزدواجیەت لە قەرارات و تەوجیهات هەبووە، بۆیە ئەو رووداوانە روودەدەن. دەنا ئەوەی لێرە باس دەکرێت لەناو تەوجیهاتی حزبەکانیش هەرچی پێڕەوی نەکرێت لەهەر لایەك بوو ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت، دەبێ بەرژەوندی خەڵکی کوردستان و سەرخستنی ئەو ئەزموونە دیموکراتییە لەسەرووی هەموو شتەکانەوە بێ، منیش پێموایە بەڕاستی بەشداریکردنی کاك مەسعود و مام جەلال لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەگەر فەعالتریش لەگەڵ حکومەت و پەرلەمانیش بکەن و زیاتر دەوری خۆیان ببینن و زیاتر ئیش و کارەکان لەناو حکومەت و پەرلەمان جێبەجێ بکرێن نەك لە دەرەوەی حکومەت و پەرلەمان، پێموایە مام جەلال و کاك مەسعود لە دەرەوە ئەوامر بدەن، ئەوا دەور ناگێڕن، حەقە پاش ئەو ئەزموونە پاش ئەو دەرسە لێرەدا پەرلەمانی کوردستان حەقە هەرچی بڕیاری دا ئەوانیش "مام جەلال و کاك مەسعود" جێبەجێی بکەن و گوزەرانی خەڵکی چاك بکەن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەڕاستی سوپاسی دەوری INC بکەین، بەڕاستی د. ئەحمەد و سیادەتی لیوا کە دەوری کاریگەریان هەبووەو ئەگەر ئەوان نەبوونایە، بەڕاستی نەماندەتوانی کە ئەو هەموو وەزعە سەیتەرەیان لەسەر بکرێ، ئەو هەموو خەڵکە کۆببوونەوەو ئەو هەموو چەکدارە کەوتبووە بەرامبەر یەك و جارێکی تریش سوپاسی هەموو لایەك دەکرێت، سوپاسی ئەو برادەرانەش دەکەین و دکتۆر فوئاد هەموو ئەو وەفدانەی کە سەردانی کوردستانیان کردووە هیوادارن ئینشائاللا ئەو مەلەفە بڕێتەوە وەکو دەرس ئیستیفادەی لێ بکەین و جارێکی تر ئەو رووداوانە روونەدەنەوە و سەرکەوتن بۆ میللەتەکەمان و زۆر سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ١٧ )

## دووشەممە ١٩٩٤/٧/٢٥

کاتـژمێر ١٠ی سـەرلەبەیانی رۆژی دووشـەممە رێکـەوتی ١٩٩٤/٧/٢٥ ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز جەوهـەر نـامیق سـالم سـەرۆکی ئەنجومـەنو بـەئامادەبوونی جێگـری سـەرۆك بـەڕێز نـەژاد ئەحمـەد عـەزیز ئاغـاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللاّ، دانیشتنی ژمـارە ١٧ی خـولی ئاسـایی یەکـەمی سـاڵی ١٩٩٤ی خـۆی بەسـت، سـەرەتا لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆکایەتییەوە رادەی یاسـایی دانیشـتنەکە چەسـپێنرا، ئـەوجا بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەن بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان، دانیشـتنەکەی بـەناوی گـەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- پالأوتنی بەڕێز ئەبوبەکر مستەفا سەعید بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان لـە جێگـەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز عەلی رەسولّ رۆستەم.

٢- باوەڕپێدان و سوێندخواردنی بـەڕێز جـەمال عەبدول بـۆ پۆسـتی وەزارەتـی رۆشنبیری.

٣- گفتوگۆکردن لەسەر رووداوەکانی مانگی ٥-٦,

٤- تازە بابەت.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئێمە قسەمان لەسەر ناونیشانەکە نییە، بەڕاستی گەر لائحەی ناو دەنێن، وەرەقە عەمەلی ناو دەنێن، پەرلەمانی ناودەنێن، ئێمە لەسەر ئەو شکڵیاتە نەڕۆین باشە، بەڵام تەنیا ئەوەی من دەمەوێ قسەی لێ بکەم، ئەوەیە کە لەدوای دیباجەکەدا دەڵێ (ویستخلص العبر مما حدث فیه کل حزم وصراحة ووضوع لمرتکبي الماساة الواقعة) ئەگەر بیری لێ بکەینەوە، وەکو بڵێی ئینسجامێکی تەواوی لەگەڵ پەرلەمان و کوردستاندا نییە، بەلامەوە ئەگەر ئەو رستەیە ئاوای لێ بکرێ و بوترێ (ویوصي بکل حزم وصراحة ووضوع لمرتکبي الماساة الواقعة بأن یستخلص العبر مما حدث فیه) یانی ئاوای لێ بکرێ باشترە ئەمە یەك، دووەمیش: لە خاڵی سێیەمدا هاتووە (احتلال دور الصلاة) وشەی (دور الصلاة) لە وڵاتی ئێمە لە کوردستاندا هەتا ئێستا بەکارنەهاتووەو بەلامەوە شتێکی سەیرە، پێشنیارەکە وابوو کە (بسم الله الرحمن الرحیم) لە سەرەتاوە بێت، ئێمە لە هەموو شتێکمان پشتمان بەخوا بەستووە، ئینجا لێرەشدا (دور الصلاة) نەبووایەو هەر (دور العبادة) بووایە باشترە یان بیکەنە (المساجد والجوامع) ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی (بسم الله) و ئەو (دور عیبادە)یە ئەو رۆژەش پێشنیارم کرد، دیارە لەبیریان چووە برادەران ئەوە (بسم الله)کەشمان دانا.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەو تێبینییانەی مامۆستا باسی کرد لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام بەڕای من هۆکاری موجیبەشی باس بکرێ یانی "تحویل الاماکن المقدسة والعبادة والصلاة" نەکرێتە ئۆردوگا، ئەگەر لە مزگەوت بە ئارپیچی و بەتۆپ لە خەڵك بدەن، تۆپی لێ

دەدەنەوە، هەقە ئەوەش تێبینی بکرێت و لەسەری بنووسین، سەبارەت بە ئەوەو مەسەلەی "اصلاح الجهاز الاداری" تێبینییەك هەیە، واباشە بگوترێ "تطهیر واصلاح واتمام الجهاز الاداري واجهزة قوى الامن الداخلي في الاقليم وتشريع قانون ديوان الرقابة المالية المركزية وقانون المجلس الانضباط العام واعادة النظر في القوانين النافذة" جا ئەوانە خۆیان لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی پێ دراوە، لەبۆ هەندێکیان ئەگەر ئەو هەر لەبۆ بەبیرهێنانەوە بێ، بۆ چاککردن بێ، ئەوە زۆر باشە ئەگەر نا، ئەوە هەندێکیان پێویست بەوە ناکات تەشریعی یاساییان بۆ بکەین. سەبارەت بەئەوەی دەستوورێك بۆ هەرێم دەربکرێ، کۆمەڵێ لە شارەزا و لێزان دستوورێکیان ئێستا داناوە، لە بۆ هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی وەزیران کە ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین، دەتوانین لەبۆ بەڕێزیشتان بنێرین و لێرەدا قسەی لەسەر بکەین و خەڵکی شارەزاش هەنە لەو مەسەلەو ئیدی هەر ئەو سێ تێبینییەم هەبوو خستمەڕوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەم بابەتانە وابزانم جەختکردنە، هەتاکو لەزۆر یاسای دیکەدا هاتووە، ئەمە تەنیا جەختکردنە لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپ، وەکو ئەوەی دەڵێن تەشریحی دەستوورێك بۆ هەرێم، بۆ ئەمە دوو سێ پرۆژەمان لە لیژنەی یاسادا هەیە، هیوادارین ئەویشمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی لیژنەی یاسا تەماشای بکەن، ئەم بەڵگەنامەو کارنامەیە تەواوبوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو "هەڵوێست"ە وەکو باسکراوە وەکو خۆی پەسند بکرێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

خاڵی دیکەمان باوەڕدان و سوێندخواردنی بەڕێز جەمال عەبدول بوو بۆ پۆستی وەزارەتی رۆشنبیری، کاك عەبدوڵلا فەرموو پێشکەشی بکە بۆ ئەوەی ناوی خوای لێ بێنین.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

نووسراومان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە کە بەڕێز مامۆستا جەمال عەبدول لە شوێنی بەڕێز کاك شێرکۆ بێکەس پۆستی وەزارەتی رۆشنبیری بگرێتە ئەستۆ و مامۆستا جەمال عەبدول خۆی مامۆستایەکی ناسراوە، پیاوێکی نیشتمانپەروەرە، پیاوێکە لە سەرانسەری کوردستان خەڵکی چاك دەیناسن کە دڵسۆز و وەفادارە بۆ میللەتەکەمان، هەروەها خۆیشی پێش ئەوەی کە ئەم ئیشەی بۆ پێشنیاز بکرێ، پارێزگاری سلێمانی بووە، لە ئیش و کارەکانی دا سەرکەوتوو بووەو خەڵکی سلێمانی شاهێدی بۆ دەدەن و هەروەها خەڵکی کوردستان و هیوادارم کە پەرلەمان باوەڕی پێ بداتو پۆستی وەزارەتی رۆشنبیری وەربگرێ، سوپاس.

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ١٨ )
## چوارشەمە ١٩٩٤/٧/٢٧

كاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ١٩٩٤/٧/٢٧ ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆكی ئەنجومەنو بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە ١٨ی خولی ئاسایی یەكەمی ساڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.

**بەرنامەی كار:**

١– گفتوگۆكردنی بارودۆخی ئەمن و ئاسایش لە هەرێمی كوردستان

٢– تازە بابەت

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بەڕاستی ئەوەی كە من دەیڵێم تازە بابەت نییە، زۆر زۆر كۆنە بابەتیشە، بەڵام لەبەرئەوەی تا ئێستا جێبەجێ نەبووە، تكادەكەم لە تازە بابەتدا بینووسن، لەباری مەسەلەی خانووەكانەوەیە، تاكو ئێستا بەپێی بڕیاری ئەنجومەن پێویست بوو لە ١٩٩٢/٨/٢٢ خانووەكان چۆڵ بكرێن، هەتاوەكو ئێستا ژمارەیەكی زۆر لەو خانووانە چۆڵ نەكراون، جا ئێمە ئێستا تەنها یەك پرسیارمان هەیە لەسەرۆكی ئەنجومەنی

وەزیران و وەزیری ناوخۆ کە راستەوخۆ ئەو مەسەلەیان بەرەورووە دەبێتەوە، ئەو خانووانەمان بۆ چۆڵ دەکەن، یان نایکەن؟ هیچ ناچینە ناو درێژەی بابەتەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. کەمال، ئەوە بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بۆ وەزیری ناوخۆش بەجێ هێشتراوە، بۆیە کە هاتینە سەر ئەو بابەتە باسی بکەین، پێویست ناکات بیخەینە بەرنامەوە، ئەمە وەکو پرسیارێکە بۆ خستنەوە بیری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، جا وابزانم تازەبابەت تەواو. ئێستا دێینە سەر خاڵی سەرەکیمان کە بارودۆخی ئاسایشە، باشە ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزیری ناوخۆ شتێکمان بۆ باس بکەن، چونکە لە راستیدا ئەندامانی پەرلەمان و هەم خەڵکیش زۆر بەپەرۆشەوەن کە بارودۆخی ئاسایش بزانن.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە وەزعی کوردستان خۆتان دەزانن، ئێوەن نوێنەری خەڵکی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، وەزعەکە ئێستاکە چۆنە، وەزعی ئاسایشی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی شارەوانی شاری هەولێر حکومەتە، وەزیری ناوخۆ بە ئازادی ناتوانێ حەرەکە بکات لەبۆ هەموو شوێنەکانی کوردستانو دەسەڵاتی حکومەتیش لە هەموو شوێنەکانی کوردستاندا نییەو هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش ناتوانێ سەردانی هەموو شوێنەکانی کوردستان بکات، لەناو شاری هەولێریش چەند گەرەکێك بەدەست عیصابەو پیاوکوژ و ئەو کەسانەن کە لەیاسا یاخی بوون، نەك لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێمە لەپێناوی بەرژەوەندی میللەتەکەمانو لەپێناوی ئەوەی کە بەڕاستی ئەو

برینانەی کە لە دوو مانگی رابردوودا لە جەستەی کوردستان بووە، سارێژ بکرێ، لە کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بە ئامادەبوونی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود کە داوایان لە ئێمە کردو رایانگەیاند پشتیوانی تەواومان لێ دەکەن، کە باری ناوشاری هەولێر چارەسەر بکرێت و بۆ شوێنەکانی تریش ئێمە داوامان لێکردن کە ئاسایی بکرێنەوە ئەو حزبانە یان ئەو حزبانەی کە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانیان پێکهێناوە بە ئازادی لە سەرانسەری کوردستان نەتوانن هی یەکێتی بچێتە دهۆکو پارتی بچێتە سلێمانی، راستە ئێمە شانازی بەوە دەکەین کە نەمانهێشت ئەو شەڕە خۆکوژییە هەموو کوردستان بگرێتەوەو لەپایتەختی هەرێم هەرچەند هەوڵدرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند پێکدادانێکی بچووك بچووك رووی دا، بەڵام چونکە شەڕەکە بە بڕیارێکی مەرکەزی و سیاسی نەبوو، هەولی خێریش زۆر درا تاکو بەربەست بکرێ، چاك بوو هەموو ناوشار و دەوروبەری نەگرتەوە، هەر ئەنجامی ئەوەشە کە ئێستاکە توانیمان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبینەوە، تاکو حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی تریش لە مەرکەزەوە بکەوێتەوە سەرکار، بەڵام ئێوە دەبێ بابەتی بن، هەموو شتەکان بەدەست حکومەت نییە، ئێمەش جهودی خۆمان سەرف دەکەین لە پێناوی ئەوەی کە هەموو گیروگرفتەکانی چارەسەر بکەن، بەڵام هەموو گیروگرفتەکانیش هەتاکو ئەم لەحزەیە لێتان ناشارینەوە، بە حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێن، لەوانەیە موعاناتمان زۆربێ، وەزیری ناوخۆ موعاناتی خۆی پیشاندا کە ئەفسەرێکی گیراوە، منیش وەکو سەرەك وەزیران دەسەڵاتم نییە، بۆ نموونە هاووڵاتیەك بگرم ئەگەر حزبێك لە پشتییەوە بێ بە یاسایش کە ئێوە دەسەڵاتتان دابنێ، ئەمە هەقی خۆمان هەیە کە زۆر ئیجرائاتی تەنفیزی بکەین بەرامبەر بە هەموو کەسێك کە لە پێناوی بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان لەپێناوی سەقامگیر بوونی ئەمن و ئاسایش بێ و بەنوێژی نیوەڕۆ لەپێش چاوی خەڵکەوە خەڵکی بێ تاوان شەهید دەکەن و داوا دەکەین بدرێنە دادگا، نادرێنە دادگا، بەڵکو دەشیهێننە بەردەمی شاشەی تەلەفزیۆن تاکو زیاتر

قسـه بكـات، تـاكو ئيسـتفزازى حكومـەت و كۆمـەلآنى خـەلك و كـەس و كـارى ئـەو كەسانەى پىْ بكەن كـە شـەهيديان كـردوون، ئيْسـتا بـارى هـەريْمى كوردسـتان بـەم شيْوەيەيە، بەلآم ئيْمە دەبىْ بىْ ئومێد نەبين و ئيشى بۆ بكـەين و ئـەو خەلْكـەى كـە توانى بە خەبات و تيْكۆشان و فيداكارى و قوربانيدان حكومـەتى هـەريْم و پەرلـەمان دروست بكات، راپەرِىْ دژى بەعس لە كوردسـتان رژيْمەكـەى رامـالْىْ و دەرى بكـات، دەتوانيْت زالْ بيْت بەسەر ئەو كۆسپ و تەگەرانەى كە ئيْستاكە لەبەردەم حكومـەتى هەريْم دايە، لەبەردەم ئەم تاقيكردنەوە ديموكراتييەدايە، سوپاس.

**بەرِيْز د. كەمال عەبدولكەريم محەمەد فوئاد**

**بەرِيْز سەرۆكى ئەنجومەن**

بـەرِيْزان سـەرۆكى ئەنجومـەنى وەزيـران و وەزيـرى نـاوخۆى حكومـەتى هـەريْمى كوردسـتان، خۆيـان وايـان وت، لەبەرئـەوە لـەپيْش رووداوە ناخۆشـەكانى ئـەو دوو مانگەى دوايى، داخوازى يەكەمى خەلك ئـەوەبوو كـەوا يارمـەتيان بـدرىْ بـۆ ئـەوەى بارى ژيـانى رۆژانـەو گوزەرانيـان چارەسـەر بكـرىْ، ئيْسـتاش وانـەبىْ ئـەو داخوازيـە نـەمابىْ، بـەلآم دەتـوانم بلـيْم داخـوازى ئيْسـتايان دابينكردنـى ئـەمن و ئاسايشـەو ئەوەيان ئيْستا بووە بە داخوازى يەكەميان. هەروەك لـە وتاريْكمـدا لـە كۆبوونـەوەى پيْشوودا پيْشكەشم كردو لەويْدا وتم ئەو بارەى ئيْستا ئالۆز بووە ژيانى هەموويان پىْ نـاخۆش بـووەو هـەموويان دەگريْتـەوە، پەرلـەمانيش دەگريْتـەوەو ئەنجومـەنى وەزيرانيش دەگريْتەوە، حزب و كۆمەلە سياسييەكانيش دەگريْتەوە، نەك هەر تـەنها هەردوو حزبە سەرەكييەكە، بەلكو ئەوانى تريش دەگريْتەوە، بەلآم ئەمانە هـەموويان بەيەكـەوە بەراسـتى نـاتوانن كاروبارەكـان بـەريْك و پيْكـى بـە ئـەنجام بگەيـەنن، بەتايبەتى حكومەتى هەريْمى كوردستان ناتوانىْ ئەو ئەركانـەى سەرشـانى جيْبـەجىْ بكات، ئەگەر دوو مەرجى سەرەكى لەبەر دەستدابىْ، ئينجا وەكو بەرِيْز كاك عەبدوللآ داواى كـرد، حـزب و كۆمەلـە سياسـييەكانو كۆمـەلآنى خـەلكى كوردسـتانيش

لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان هاوکاریان بکەن، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا لەرێگەی دامەزراندنی هێزێکی یەکگرتوودا لەبەردەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت، لەبەردەستی دەسەلاتی راپەڕاندندا بێت، بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئێمە وەکو پەرلەمان و بڕیارەکانی خۆیان و ئەو بڕیارانەی کە لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا دران، چ لەنێوانی حزب و کۆمەڵە سیاسییەکاندا، وەیان لەگەڵ کۆمەڵەو رێکخراوە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی I.N.C هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی کەوا دراون ئایا بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە، هیچ هەنگاوێك نراوە بۆ ئەوەی هێزێکی یەکگرتوو لەبەردەستیان بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە دەربارەی ئەوەی کە کاك کەمال باسی کرد کە حکومەت هێزێکی هاوبەشی هەبێت، بێگومان ئەوە تاقیکردنەوەی دوو ساڵی رابردووی ئێمەیە، لە جێبەجێکردنی ئیش و کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاش ئەو کارەساتەی کە رووشیدا. ئێستا گفتوگۆیەکی بەردەوام هەیە لەنێوان مەکتەبی سیاسی یەکێتی و مەکتەبی سیاسی پارتیدا، ئەو وەفدەی کە چووەتە پاریس پرۆژەی تازە بۆ شێوەی نوێ، بۆ ئیشکردنو جێبەجێکردنی ئیش و کاری حکومەت، بۆ نموونە ئێمە رێککەوتنێکمان هەبوو لەنێوان ئەو دوو حزبە، کە وەزیر و بریکاری وەزیر دەسەلاتیان یەك بێ سەرەك وەزیران و جێگرەکەی دەسەلاتیان یەك بێ، ئێستاکە پێشنیارە هەر کەسە یانی وەزیر بێ یا وەکیل، سەرەك وەزیران بێ یا جێگری دەسەلاتیان وەك یەك بێ، هەروەها لەبۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش پێشنیارەکە دەبێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی تەمەن بێ یان بە تەتەوع بێ، نەك هێزی یەکێتی و پارتیو حزبەکانی تر بێو ئەگەر لە قۆناغی یەکەمیش هێزێکی بچووك لەبۆ پاراستنی سەرکردایەتی یا مەکتەبی سیاسی یان ئەو دوو بەڕێزە بهێشترێتەوە، بەلام

لەدوارۆژدا سوپای کوردستان بێ و ئەو سوپاپەش بێ لایەن بێت، نەك لە هەموو پێکدادانێکدا فەرمانی حزبەکەی خۆی جێبەجێ بکات، ئێستاکەش دیسان کە لە کوردستانیشدا جیهازی پۆلیس و ئاسایش بە شێوەیەکی تازە رێك دەخرێ، دەبێ پۆلیس و ئاسایشی حزبەکان نەبن، بەڵکو هی خەڵکی کوردستان بێ، ئینجا لەسەر بنچینەی شارەزایی و پسپۆری و شەهادە یاخود لەسەر بنچینەی ئەوەی موقابەلە بکرێن، بۆ نموونە: لەو رۆژانەدا UN داوایان کرد کە ئێمە "١٣٠" پۆلیسیان بدەینێ. لەگەڵ بەرێز وەزیری ناوخۆ قسەمان کرد کەوا بانگهێشتی بۆ بکەن لەتەلەفزیۆنەکاندا، ئەو "١٣٠" پۆلیسە مەرج نییە هەر یەکێتی و پارتی بن وەکو جاران یەك و "٦٠" یان لە بۆ بنێرین دەرچووی ناوەندی و بەسەرەوە بن و مووچەکی باشیان بدرێتێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. ئەوانە موقابەلە بکرێن، لیژنەیەك لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ یان لەلایەن پۆلیسی گشتیەوە دابنرێ، ئەو پۆلیسانە بەم شێوەیە وەرگیرێن، ئەوجا وردە وردە کە ئەو هەڵانەی کە لەپێشوودا هەبوون لە ئیش و کارەکاندا، ئێستاکە بەرەو چاکتر بچن، هێزەکان یەك بخرێن و ببنە هێزی حکومەت، نەك هێزی حزبەکان بن و هەرکاتێ حزبێك بەدڵی نەبوو هەموو پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەکانی بکێشێتەوە، مەسەلەی خانووەکانیش کاك فرەنسۆ من پرسیار لە پەرلەمان دەکەم حەق نییە پەرلەمان پرسیار لە ئێمە بکات، لەبەینی خۆتان ئێوە خانووەکانتان دابەش کردووە، "٥٠" لەبۆ یەکێتی و "٥٠" لەبۆ پارتی و "٥" بۆ برا ئاشووری و حزبەکانی تر و خۆشتان لە پەرلەمان دابەشی دەکەن و کێ دەچێتە ناوی و کێ ناچێتە ناوی شتەکە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نەماوە، بەلاّم بەرای من ئەوە تەقلیدێکی زۆر خراپەو لێتان ناشارمەوە، تەقلیدێکی خراپ، ئەوەی کاك فرەنسۆ باسی کرد خەڵکی کە چۆتە ناوی، ئێستاکە بوویتە ئۆردوگا، ئەو ناوچەیە پێویستە لەبۆ ئەندامانی پەرلەمان بێت، ئەو خانووانە بۆ وەزیران و ئەندامانی پەرلەمان بێ، بۆ ئەو کەسانە بن کە حەقی خۆیانەو هەر کاتێکی دەورەی خۆیان تەواو بوو، بچنە دەرێ و برادەرێکی کە

بچێته شوێنی، نەك هەر كەس بچێ و بەخانووی خۆی بزانێ و تەعمیراتی تێدا بكات و یان خانووەكان لە خانووەكان ئەوەتربێ ئەگەر شتێك بكرێ بە گشتی بۆ هەموو لایەكان وەك یەك بكرێ و ئەو خانووانەش كێ مومارەسەی ئەو ئیشەی كرد، لەبۆ ئەوبێ، ئەوجا ئێمە لاریمان نییە وەكو حكومەتی هەرێمی كوردستان دابنیشین و ئەو برادەرانەی كە لەلایەن پەرلەمانەوە دانراون بۆ ئەم ئیشە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ یان لەگەڵ ئاسایش و پۆلیسی هەولێر كە بدرێتەوە ئەو كەسانەی كە ئەندامانی پەرلەمانن یان وەزیرەكان یان ئەو كەسانەی كە لەبۆیان تەحدید كراوە، خەڵكەكەی دیش لەوێ بڕوات و من لەگەڵ ئەوەمە كە نیزامێكی ئەمنیش لەبۆ ئەو سوكنایە دابین بكرێ كە بۆ پەرلەمان و حكومەتە، ئەوانەش كە دایان دەنێن، پۆلیس و ئاسایشەكەی بێ لایەن بن، نەك مەسەلە سەلام بۆ حزبەكەی خۆی بكات و سەلام بۆ ئەوەی تر نەكات، یانی ڕێزی یاسا بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، من دەمەوێ یەك دوو شت بڵێم، بەڕاستی ئەویش ئەوەیە یەك دوو ڕووداو كە لەناو هەولێر و دەوروبەری شاری هەولێر قەوماون، ئەو ڕووداوانە لە ئەنجامی فەرماندەیەكی عەسكەری بووە، بۆ نموونە ئەگەر ئەو فەرماندە سەربازییە هی هەر كام لا بێ سزا نەدرێت، ئەوە دووبارە دەبێتەوەو ڕامان دەكێشن بۆ شەڕی گەورەتر، ئێمە تا ئێستا هەولێرمان پاراستووە، بەڵام ئەگەر ئەو فەرماندە سەربازییانە سزا بدرێن و ئەمریان پێ بكرێ بەبێ ئاگاداری فەرماندەكانی خۆیان هیچ جووڵە نەكەن، وەزعەكە بەرەو باشتر دەڕوات، بەڵام لەهەر شوێنێكدا تەشەنوج دروست دەبێت ئاڵۆزی دروست دەبێ، ئیتر هەموو هێزی ناوچەكە دەكەوێتە خۆخڕكردنەوەو ئاڵۆزی لە هەموو ناوچەكە دروست دەكەنو ئێمە ئەو ڕووداوەو هەموو لیژنەی ئەمنی شاری هەولێر ئەوە دەزانن، مەسەلەن

لەرووداوەکانی رۆژی بەحرکەو شاوێس ٢٢ کەس کوژران، باشە کێ بەرپرسیارە لەوە؟ کێ بەو فەرماندە سەربازییانەی گوت: تۆ تاوانباری و گوناهباری؟ پێویستە سزا بدرێ، چونکە ئەو بەرپرسە لە کوشتنی ٢٢ کەس و لە رووداوی گرتنی ئەندامانی پەرلەمان و تەقەکردن لە ئەندامانی پەرلەمان. ئەو ئەگەر سزا نەدرێ، جارێکی تر دووبارە دەبێتەوەو من یەك قسەش لەبەردەمی ئێوەو لەبەردەمی هەموو خەڵکی کوردستان دەڵێم: وەزعی کوردستان ئارام نابێتەوە هەتا مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی هەردوو حزبەکە خەریکی خۆئامادەکردن بن بۆ لیوای تایبەتی و هێز کۆکردنەوە، ئەو پارەیەی لەوەی سەرفی دەکەن، بیدەن بە خەڵك و ئازووقەی بۆ خەڵك پێ بکڕن، سوپاس.

## بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران

### بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن

پرسیاری بەڕێز کاك ئەرسەلان بەڕاستی منیش پشتگیری دەکەم، هەرکەسێك کە دەبێتە هۆی شەهیدبوونی یان کوشتنی یەکێك، دەبێ سزا بدرێت، یانی ئێمە خۆمان لە قسەکانماندا و لەبۆنەکاندا و لەبەردەمی تەلەفزیۆندا باسی یاسا دەکەین و دەڵێین یاسا رێگەی خۆی وەربگرێ، ئەو کەسانەی کە دەبنەهۆی ئەو مەسەلانە، پێویستە هەر لەسەرەتاوە ئەو وەزعە تاکو ئێستاکە بەتایبەتی ئێستا پاش ئەوەی کەحکومەت کەوتەوە کار و پەرلەمانیش ئیش و کاری خۆی دەکات، ئەوانە سزابدرێن و من پێشنیازێکیش دەکەم چ وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و چ وەکو خۆشم ئەندامی پەرلەمانم، لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك وەرگیرێ یاسایەك دەربچوێنرێ کە شەڕی ناوخۆ بەخیانەت لەقەڵەم بدرێ و هەر لایەکیش بیکات، حەقە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێست وەربگرێ، نەك لەناو پەرلەمان هەر کەس بەرگری لەحزبەکەی خۆی بکات، چونکە بەڕاستی ئێمە پێش ئەوەی پەرلەمان دروست بێ، خۆتان دەزانن خەڵکی کوردستان هیوایەکی یەکجار گەورەی هەبوو کە پەرلەمان دروست

دەبێ و هیوای هەموو خەڵك بوو پەرلەمان بڕیارێك دەربكات كە شەڕی ناوخۆ حەرام بكات، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

با بەشەكەی خۆی وەلاّم بداتەوە ئەوەی كە كاك بەكری حاجی سەفەر گوتی و منیش بەشەكەی خۆم جواب دەدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەبوبەكر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

من دەمەوێ ئەوە بڵێم كە ئەو بێزارییەی لێرە باسی دەكەن كە خەڵكی زۆر لەوە بێزارترە، خەڵك بێزارن لە ناوچەی كەركووك، لە سلێمانیو لە دەوروبەری و لەهەولێر، لە دهۆك، لە سنووری هەرێمی كوردستاندا، بەلای منەوەو بەلای خەڵكیشەوە ئاوایە كە هەموو ئۆباڵەكە لە ئەستۆی هەردوو حزبەكەدایە، زەمان چییە من بڕۆم لێرەوە بۆ سلێمانی، لە كەسنەزان بمگرن؟ چی كرا كە ئازاد قەرەداغی و كاك فازڵیان گرت، هەموومان لێرە قسە دەكەین، ئەو كەسانەی كە لێرەن زۆر سەركردەی حزبەكانیان تیادا هەیە. بەهەمووشمان هاوار دەكەین بەیەك دەنگ خەتای پارتیو یەكێتییە، وەزعەكە وای لێهاتووە پرسیارەكەم ئەوەیە ئەگەر یەكێتیو پارتی بەڕاستی دەیانەوێت وەزعەكە چاك بكەن، حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ لەبەردەمی ئێمە ئاوا بە لاوازی دانیشتوون؟ بۆچی وا قسە دەكەن؟ سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی پەرلەمان دوو ئەندامی كاریگەرن لەهەردوو حزبەكە، بڕیاری شەڕ كە دەدرێ دەستی ئەوانیشی تیادا هەیە، بڕیاری ئاشتی كە دەدرێ دەستی ئەوانیشی تیادا هەیە، ئەوانیش هاتوون یەكیان سەرۆكایەتی پەرلەمان و یەكیان سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەن،

ئایا ئەوان تاکو ئێستا بۆیان دەرنەکەوتووە کە حزبەکانیان لەراستیدا دەیانەوێ ئەو وەزعە چاك بکەن یان چاکی نەکەن؟ من پرسیارەکەم ئەوەبوو، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی ئەوەی کە کاك بەکر گوتی ئەویش حەقی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکات و مەرج نییە بلێین هەر کاك بەکر، حەقە هەموو خەڵکی کوردستان ئەو پرسیارەمان لێ بکەن، پێویست بوو سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت هەڵوێستێکی روونتر هەبووایە بەرامبەر بەم رووداوانە، ئەگەر هیچ دەسەڵاتمان نەبووایە، دەمانتوانی وازبێنن یانی ئیستیقالە بدەین، ئێمە وەك مەسئولیەتی مێژوویی، تا لە مێژوودا بنووسرێتەوە کە لەسەر شانی سەرۆك پەرلەمان و سەرۆك حکومەت و باسی مەکتەب سیاسیو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبەکان ناکەن، کێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکان بوو، کێ شەڕی کردبوو، کێ شەڕی نەکردبوو کێ دەوری ئیجابی هەبوو، کێ دەوری سلبی هەبوو، ئەوە ئەمن ئیعتراف بەو شتە دەکەم و حەقی خۆشیەتی کاك بەکر پرسیار بکاتو پێشموایە حەقە بە تەزامونی پەرلەمانو حکومەت هەڵوێستمان هەبێ بەرامبەر وەزعی ئێستای کوردستانو لە داهاتووشدا ئەگەر شتێك دێتە پێشەوە، ئەگەر هیچمان لەدەست نەبێ چۆن مامۆستاکانی زانکۆ هەموو پێکەوە چوونە لای مەکتەبی سیاسی هەردوولاو لای کاك مەسعود وتیان: ئێمە هەموومان وازدێنینو ئێمە هەموومان دەتوانین سواری سەیارەکانی خۆمان نەبین، سواری پاس بین بلێین ئێمە "فی امان الله" ئەگەر چارەسەری وەزعی کوردستان نەکەن، ئەوەمان لەدەست دێت بەنسبەت ئەوەی کاك د. حەسەن باسی کرد ئەوە ئێستاکە لەبۆ هەموو دکتۆرەکان ئەوەی کە پێویستیان بەوەی بێ حیمایەیان بۆ دادەنێنو حیمایەیان لەبۆ دانراوە دەتوانم بلێم باری ناوشار تارادەیەك باشە، نیشانەش بۆ ئەوە، دوێنێ ئەو دکتۆرەی نامەیان لەبۆ نارد بوو

پارەیان بداتێ لە عیادەکەی دوو ئاسایشیان لێ دانابوو و دزکە گیرا، ئەوەی ڕێی کەسنەزانی مام ڕۆستەم باسی کرد، ڕێی کەسنەزان پێرێ لیژنەی ئەمنی چووبوون ڕێگاکە کراوتەوەو هەندێك مەقەڕات و ڕەبایاو شتی واهەبوون لەسەر جادەکە پێمان گوتن هەڵیان گرن، ئەوەش ئێستا هەموو کەسێ دەتوانن پێیدا بچن و تاقی بکەینەوەو بزانین چۆن دەبێ بە عەمەلی، ئێمە خەڵکمان ناردووەو بازگەکان هەڵگیراون و بزانن چۆنیشە لەو ڕێگایە. مەسەلەی ڕاگەیاندنیش بەڕاستی ڕاگەیاندنەکانی ئێمە وەکو دەڵێن، سەرەوبن لە دیموکراتیەت گەیشتوون تەنیا دەبێ هەر شتی خراپ باس بکەن یانی لەو ماوەیەدا بەشی هەرەزۆری تەلەفزیۆنەکان باوەشێنی ئاگری شەڕەکەیان دەکرد، سەلبیات بەرپا دەکەن هیچ شتێکی خێر ناڵێن و باس ناکەن، بۆ نموونە خەڵکی کوردستان پێیان ناخۆشە لەم بارەدا ڕاگەیاندن هیچ ئیشی نەبێ تەنیا سەلبیات بەرپا کردن نەبێ و ئەو دوو سێ جاریش ئینجا نۆرەی ئەوە درا کە ڕاگەیاندن ڕابگیرێت، چونکە پاشی شەڕی ڕاگەیاندن ئینجا نۆرەی شەڕی گەرمە، ئێستا ئێمە ئەو حکومەتە نین، کە لاسایی حکومەتەکانی ئەوروپا بکەینەوەو لاسایی پەرلەمانەکانیان بکەینەوەو بڵێین لەوێ هەموو کەس ئازادە قسە لەسەر سەرۆکی وەزیران و سەرەك کۆمار بکاتە کاریکاتێر و جۆرەها شت دروست بکات، ئێمە ئێستا لە بارێکداین میلیشیات هەیە، قوەت بەرامبەر بەیەك هەیەو هەر دەیەوێ دەستی پێوەنێیت بتەقێتەوەو وەزعەکەمان لەکیس بچێ، پێویستە پیاوانی ڕاگەیاندن لەهەموو لایەك ڕەچاوی ئەوە بکەن و تانوت لە ئەندامانی پەرلەمانو حکومەت و خەڵکی تریش نەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بۆ ئەو ڕوونکردنەوەی کاك عەبدوڵلا لەبارەی پەرلەمانەوە وتی:پوختەی ئەو هەڵوێستە پاش دوو سێ ڕۆژ گفتوگۆ لەسەر ئەو هەڵوێستە کرا، کە لەڕۆژی ٧/٢٥ پەرلەمان بەتێکڕای دەنگ لێرە بڕیاری لەسەرداو ١٩ خاڵەو بەرامبەر بە هەموو

ڕووداوەکانی ٥/١ و بەملاوە بڕیاری لەسەر درا، کاك ئەحمەد کاتی خۆی لەگەڵ چەند دەنگێکی تر لەناو پەرلەمان داوای خاڵێکی تریان کرد کە زیاد بکرێ ئەویش ئەوەبوو ئەگەر ئەو خاڵانە جێبەجێ نەکران، چ بکەین؟ وابزانم زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان لەو ڕایەدابوون کە ئەگەر ئەم خاڵانە جێبەجێ نەکرێن و وەزعەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێ، ئەبێ هەڵوێستێك لەم پەرلەمانە وەربگیرێت، منیش لەو ڕایەدام ئەگەر پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچیان پێ نەکرێت و ئا بەم شێوەیە باری ئێمە ئیفلیج بێت و بەردەوام بێت، بەراستی ئیتر نە پێویست بە پەرلەمان دەکاتو نە بەپێویست بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکات، ئەوسا چۆن حەزدەکەن، دۆخەکە با بەو شێوەیە بێت، چونکە بوونی ئەم دوو دەزگایە بۆ ئەوەیە کە یاسا دابندرێت و حکومەتیش یاساکان جێبەجێ بکات و هێمنی و ئاسایشی ئەو خەڵکەو ئەرکەکانی تریش جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەگەر وەزعەکە تێك بچووبایە، وەکو کابرایەکی مردوو بێ فاتیحایەکی لەبۆ بخوێنین، مەفروزە پێشی باران بەڕێ بەخۆمان دابدەین وەکو لە کوردەواری دا دەگوترێ، یانی ئەگەر شتێك هاتە پێشەوە لە عەینی کات کەوا ئێستا پەرلەمان پاش ئەوەی ڕووداوەکان ڕۆیشتوون و مانگێکە ئاسایی کراونەتەوە و شەڕ ڕاگیراوەو گەلێك لیژنە دانراون بەیەکگەیشتنی دوو قۆڵی بوون، ئەو کاتە ئەو لائیحە دەرچووە، من خۆشم پشتگیری ئەو لائیحەیە دەکەم، بەڵام خوانەخواستە ئەگەر شتێکی تر هاتە پێشەوە، دەبێ هەڵوێستێکی بەرامبەر وەربگرین، باشە وەکو پەرلەمان منیش ئەندامی پەرلەمانم، لەبەرئەوە دەڵێم دەبێ پێشەکی هەڵوێستمان بەرامبەر ڕووداو هەبێ نەك دوای ئەوەی کە ڕووداو ڕوویدات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆك**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

من باسی ئیفلیجبوونی پەرلەمان ناكەم، بەڵكو باسی ئەوە دەكەم ٣٥ ئەندام لە هەموو فراكسیۆنەكان بڕیاریاندا و وتیان ئیستقالە دەكەین ئەوە پەیوەندی نە بە ئیفلیج بوونەوە هەیە نە بە شتی ترەوە هەیە.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

وەلا من حەزدەكەم بەڕاستی لێرە تەواوی سەربەستی هەبێت و هەر برادەرەك رەخنەی لێ دەگیرێ، دەبێ بەسنگ فراوانییەوە وەری بگرێ جا سەرۆكی پەرلەمان بێت یا سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بێت یا هەر كەسێكی تر بێت، باتووڕەبوون یان دەموچاو گرژی تێدانەبێ ئەوە یەك. دووەم زۆر جار ئیفلیجی پەرلەمان دەگوترێ، خۆ پەرلەمان بینایە نییە، ئەندامانی پەرلەمانن راستە بینایەكەش خۆی پیرۆزە، بەڵام لەنیزامی ناوخۆدا هاتووە، ئەگەر مەسەلەكە بڵێین بینایە وەیان ئیفلیجی پەرلەمان باس دەكرێ چۆن كۆبوونەوەتان كرد لەگەڵ ژناندا لە برایەتی لە هۆڵێكی لەنزیك خۆتان داواتان بكردایە ئەگەر سێ فراكسیۆنەكە بێن لەوێ كۆببنەوە و هەڵوێست وەربگرن، بچووبانایەو لەو دەشتە كۆبوونەوەتان بكردایە زۆر گەرماش نەبوو سەرماش نەبوو، بتان گوتبایە، ئەوە هەڵوێستی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با حەسانەوەیەكی نیو سەعاتی وەرگرین پاشان دێینەوە. بەڵكو ئەمجارە بەسەختتر باسی بكەین.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ببورە لەسەرەتای دانیشتنەکە بڕیارتاندا یەك سەعات بێ، ئەگەرنا با بەردەوام بین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی پرسیارەکەی من دەگەڕێتەوە بۆ پێش مانگی ٥ و ٦و پاش مانگی ٥و٦ و ئەو مەعلوماتانەی کە ئەمن هەیتم، لەراستیدا بەنسبەت میلاکاتی پۆلیسی هەولێر بەپێی ئەو مەعلوماتەی کە من هەمە، میلاکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر (٧١٥٠) پۆلیسن، ئەگەر زیادیش نەبووبێ، هەتا ئێستاکە بەپێی زانیاری من (٥١٥٠) پۆلیس لەبۆ حیمایەی مەسئولین و بارەگاکانە تەنها ٢٠٠٠ پۆلیس بۆ هەولێر و هەموو قەزاو ناحیەکانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا وەزارەتی ناوخۆ بۆ پاراستنی کاربەدەستان داندراوە یان بۆ پاراستنی هاووڵاتیان؟ سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

کاك شێروان حەیدەری باسی میلاکاتی پۆلیسی کرد، حەزدەکەم ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دامەزراندنی پۆلیس و فەرمانبەری گومرگ و ئاسایش بکەم، زۆرجار گازاندە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێ و دەڵێن لە گومرگ ئەوەندە فەرمانبەرە هەیە لە ئاسایش ئەوەندە هەیە، لە پۆلیس ئەوەندە هەیە، ئەو سێ شوێنە هیچیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەمری وەزارییان بۆ دەرناچێ کە دادەمەزرێن، هەرسێکیان ڕاستەوخۆ ئەوەی کە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە حزبەکان

لەبۆ وەزارەتی  ناوخۆی دەنێرن، وەزارەتی ناوخۆ ئەمری پێ دەردەکات و ئەوەی کە لەبۆ گومرگیشە، وەزارەتی دارایی دەری دەکات، یانی هیچ شتێك لە ئەنجومەنی وەزیران یان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو سێ جەماعەتە لای ئێمە ئەمریان لەبۆ دەرناچێت و بە ئارەزووی ئێمە نییە، حەزمکرد ئەمە لەلاتان روون بێت و بۆ پەرلەمان و بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش، ئەگەرنا لە گومرگی هەولێر "٧٠٠" فەرمانبەری لێیە خۆی "٤٠" کەسی ناوێ بەس لەبەر مەعاشەکەی دانراون، بۆ مەسەلەی پۆلیسیش ئێمە کۆبوونەوەمان لە ئەنجومەنی وەزیران کرد پاشانیش کۆبوونەوەیەکی فراوانمان کرد لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ و جێگرەکەی، بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی و جێگری و بەڕێوەبەری پۆلیسی هەموو پارێزگاکان کردو بڕیارماندا لەبۆ هەموو کوردستان پێنج هەزار و "٥٠٠" پۆلیس دابنێین و هەموویان چەکیان بدەینێ و جلیان بدەینێ و مووچەیان لەوکاتەی کە بڕیارماندا لە "٥٠٠" دینار کەمتر نەبێ و دوایی "٢٥٠" دینار دەرماڵەمان دانێ، پۆلیسەکانی تری حزبەکانیش وەکو کاك شێروان باسی کرد کە ئێستا میلاکی پۆلیسی هەولێر حەفت هەزارە، باوەڕ ناکەم ئەو ژمارەیە بێ، بەڵام ژمارەی زۆریش هەیە، وەزیری ناوخۆ دەتوانێ بەوردی دەستنیشانی ژمارەکە بکات، بەڵام هی حزبەکانیش بڕیارماندا لەبۆ پاسکردنی ئەندامانی پەرلەمان و بریکاری وەزیر و وەزیرەکان و بارەگای حزبەکانی یەکێتیو پارتی یەکی هەزار کەسیان هەبێت ئەوی تر هەمووی هەڵبوەشێتەوە لە سەرانسەری کوردستان ٢ هەزار کەسیان هەبێ یان "٧٥٠٠" تاکو "٨٠٠٠" بە هەموو حزبەکانی بەرەی کوردستانی و هەردوو حزبەکە و بە پۆلیسی مەسلەکی و هی پارێزگاکان هەبێ و ئەوەش بتوانێ مووچەیەکی باشیان بدەینێ و ئەمن پێشنیازم کرد ئەو هەزار کەسەی کە دەیدەینە یەکێتی و پارتی یان هەندێکی تر لەبۆ حزبەکانی بەرەی کوردستانی مووچەکەیان راستەوخۆ بدەینە مەکتەبی سیاسییەکانیان، چونکە خەڵکیان دامەزراندووە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فەندی دێرەشەوی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی ففتی ففتی کاری مە خراپ کریە، من دوو پرسیار هەنە، پرسیارەکی بۆ هێژا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و یەکی دی بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ، جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن کەرەم کر گوتی حەتا ئەم نەشێن بێژنە رەشێ رەش و سپی سپی بێگومان حالێ مە ڤێ ئەڤەبیت، ئەڤ گوتن گەلەك راستە، گوتنی پێغەمبەر (د.خ) گوتی (ویل لامة لاتستطیع ان تقول للمحسن احسنت) پرسیارا من ئەڤەیە هەتا کەنگی (عفا اللة عما سلف) شەر دەست پێ کرد باشە، بۆچی شەڕ دەستی پێکرد؟ گوتن "عفا اللة عما سلف" ئێکی لە دژی گوتی "عفا اللة عما سلف" هەتا چەندی؟ ئەڤە پرسیارا من بوو لە بو سەرەك وەزیرا.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

مەلا مەحمود دێرشەوی باسی کرد وابزانم لە کۆبوونەوەی دوو قۆڵی هەردوولاش جەخت لەسەر ئەوە کراوەتە کە ئەو کەسانەی بوونەتە هۆی ئەو کارە، توێژنەوەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەوەش تەئیدی دەیکەین و د. سەلاح باسی ئەوەی کرد کە دز و جەردە و ئەو جۆرە کەسانە زۆر قسەمان لەسەر کردن و وەڵامیشمان دانەوە، کە مەسەلەکە چۆنەو چۆن نییە، ئەوەی کە لەبارەی زانکۆوە باست کرد، حەتمەن ئێستا بڕیاردراوە هیچ بارەگا لەناو شاری هەولێر نەمێنێ و هاوکاریش لەگەڵ مەڵبەندو لقیش دەکرێ. ئەوانیش ئامادەییان هەیە کە بارەگاکان کەم بکرێنەوە کەسی چەکداریان نەمێنێ و زانکۆش حەتمەن پیرۆزی خۆی هەیە دەبێ بپارێزرێ، بەنسبەت ئەو خوشکەش کە شەهید بوو، ئەو خوێندکارە بەڕاستی ئێمە زۆر پێمان ناخۆش بوو، بەڵام ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زروفەکەی ئەو سەردەمە کە ئەو سەردەمە شەڕ و پێکدادان بوو لەناو شاری هەولێر و هەندێ شوێن و لەسەرانسەری

کوردستانیش کاك سیروان کاکەیی باسی ئـەوەی کـرد، ئـەو بڕیارانـەی کـە دەدرێـن، بلاّودەکرێنەوە لەسەرانسـەری کوردسـتان، هـەموو شـتەکان ڕێـك دەخرێنـەوە وەکـو پێش ٥/١ یانی پاش چـاك بـوونی، هـەڵی دەوەشـێننەوە، مامۆسـتا سـەید حەسـەن باسـی میلیشـیاتی کـرد بێگومـان ئـەو خالاّنـەی کـە لـەو جادانـەی دانـراون لـە کۆبوونەوەکانی دوو قۆڵی یان بەتایبـەتی ئـەو کۆبوونـەوەی کـە لـەپاریس کـراون لـە فەرەنسـا، باسـی ئەوەشـی تێدایـە کـە میلیشـیات نـەمێنن و هێزەکـی یـەکگرتووی کوردستانی هەبێ و ئەو چەکدارانە دیاری بکرێت، کاك ئازاد قەرەداغی بۆ مەسـەلەی ئەزموونەکان حەتمەن ئەوە دەبێ وەزارەتی پەروەردە ڕچاو بکات ئەو خەڵکانەی کە نـــەیانتوانیوە ئیمتحـــان بـــدەن و ئەزموونـــەکانی بەکـــەلۆریای شەشـــەم دووبـــارە دەکرێنەوە، لە هەموو هـەرێمی کوردسـتان، کـاك مـەلا محەمـەد ئـەمین چەمچـەماڵی باسـی وەلای ئێمـەو پەرلـەمان و حکومـەتی کـرد، ئێمـەش لەگـەڵ ئـەوەداین کـە پەرلـــەمان و حکومـــەت هەڵوێســـتی خۆیـــان هـــەبێ و هیواداریشـــین پەرلـــەمان لـــە کۆبوونەوەی داهاتووی جـەخت لەسـەر یاسـاکەی بکـات و هەمیشـەیی بێـت هـەتاکو ئەندامی پەرلـەمان سـەربەخۆییەکی زیـاتری هـەبێ لـە هەڵوێسـتی خـۆی، سوپاسـی کاکەڕەش دەکەین کە لایەنی ئیجابی لیژنەی ئاسایشی لە هەولێر باسکرد، بەنسـبەت ئەوەی کە خەڵك لە دەرەوەی بەندینخانە بووە، بەندینخانە نەبووە یـەك دوو حاڵـەت بووە، ئێستا لەژێر چاکردنەوەیە، ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە ئەوەی کـاك فرەنسـۆ لـە سەرەتادا گوتی:پرسیارەکان لە حزبەکانتان بکەن، ئەگەر حزبەکان خەڵك نەدەنەوە، نادەینەوە، بەلاّم ئێمە وەکو حکومەت ئیجرائاتمان کردووە بەرامبەر بەو کارمەندانەی کە ڕێگایان داوە بیبەنەوە، کاك سیروان نەورۆڵی لەبارەی ئاساییکردنەوەی وەزع لـە کوردستان پرسی، منـیش دەڵـێم ئەوکاتـە وەزع ئاسـایی دەبێتـەوە کـە چارەسـەری کێشـــەکان بکـــرێن و ئێمـــە دژی مـــام جـــەلال و کـــاك مەســـعود نـــین، کـــاك بورهـــان بەندیخانـەی مەرکـەزی ئێسـتاکە لـە مناقصـەیە لەلایـەن وەزارەتـی نـاوخۆوە و ئـەو بینایەی کەلوپەلی جەماعەتی بزووتنـەوەی تێدابوو، درایتـەوە وەزارەتـی نـاوخۆ کـە

ببێتە بەندیخانەی مەرکەزی لە هەولێر، لەم زووانە، کاک شێخ ئەحمەد ئیمارەتی سۆرانو بادینان نابێ بەیاری، هەموو کوردستان بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە، نەک دابەش بکرێت، کاک حسێن عەلی بەڵێ ئەو بڕیارە جێبەجێ کراوە وەک ئەوەی کە چۆن پەرلەمانی کوردستان بڕیار بۆ دەستەیەکی توێژەر دەردەکرێ لە سێ دادوەرو ئێستاکە ئەمرەکە دەرچووە، وەزارەتی داد ئەوە جێبەجێ دەکات، کاک مەلا شاخی باسی ئەوەی کرد کە ئیدارەو پۆلیس بگەڕێنەوە بۆ ئۆردوگاکان، ئێستا ئێمە لەسەرەتاین و هەوڵ دەدەین کە وەزعی کوردستان وەکو خۆی لێ بکەینەوە، ئەوکاتە بەیاری خوا بەهەوڵ و کۆششی هەموو لایەک، ئەو ئۆردوگایانە یان ئەوانەی دەگەڕێنەوە سەر گوندەکانیان دەبێ حیسابی پۆلیس و ئاسایشیان بۆ بکرێت. کاک ئیبراهیم لیژانی لێتۆژینەوە بۆ شارەکان دانراون لەلایەن مەکتەبی سیاسی هەردوولاوە، ناوەکانیش دیاری کراون و لەوانەیە دەست بەکاربن، ئەم پرسیارە پەیوەندی بە حکومەتەوە نییە، مامۆستا عەلی پرسیاری لە وەزیری ناوخۆ کرد، لەبەرئەوەی کۆبوونەوەکە زۆر درێژەی کێشا، بۆیە دەمەوێ زوو وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە، ئاسایی کاک یونس لەگەڵ ئێمەدا بوو، خۆیان پەیوەندییان پچڕاندووە نەک وەزیری ناوخۆ گوتبێتی، ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، مامۆستا مەلا محەمەد تەئییدی رەئی کاک سەید حەسەنی کرد کە پەرلەمان و حکومەت هەڵوێستیان هەبێ و پەنابگرن و مان بگرن، ئێمە پێمان باشە لە سەرەتاش پێش ئەوەی مان بگرن ئێستاش وەزعەکە بەرەو چارەسەرکردن دەڕوات و زەخت زیاتر بکەن، هەرکەس لەشوێنی خۆی، لە شوێنی بەرپرسێتی خۆی، لەرێگای پەیوەندی خۆیەوە کە زیاتر هەوڵ بدرێ لەبۆ ئەوەی وەزعەک زووتر چارەسەر بکرێ، ئەوەش ئەگەر نەکرێ کە بمێنێتەوە موزاعەفاتی دەبێ و کە موزاعەفاتیشی هەبوو، کار لەسەر هەموو وەزعەکە دەکات و هەرکەس لە شوێنی خۆی دەوری خێر ببینێ، وەزعەکە چاکتر دەبێتەوە، شێخ عەدنان دواپرسیارە لەراستیدا شکایەت لەهەردوو حزبەکە بکرێ، هەروەک کاک فرەنسۆ گوتی: پرسیارەکان لەوان بکرێ چاک دەبێ، بێگومان ئێمە

پێمـان خۆشـە حکومـەت سـەرکەوێ، چـونکە سـەرکەوتنی حکومـەت سـەرکەوتنی میللەتەکەمانــەو ســەرکەوتنی تاقیکردنەوەکەیــە، دانــانی سیاســەتێکە لــەبۆ میللەتەکـەمانو دوارۆژی گەلەکـەمان و ئینسـان لەناخـەوە حـەزدەکات شـوێنەکەی خۆی لەهـەموو شـوێنێکی تـر خۆشـتربێ و ئـەو ئیشـەی دەیکـات، دەبـێ لـە هـەموو ئیشەکانی تر باشتربێ، تاکو ئەنجامی باشـتربێ و ئێمـەش پێمـان خۆشـە حکومـەتی کوردستان وەکو حکومەتێکی نموونەیی بێت و هەموو کارەکانی بە پاکی و بەپوختی بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەم دانیشتنە، تەواو سوپاستان دەکەین، بۆ ئەو پرسـیارانەو بـۆ ئـەو سـەراحەتەو سوپاسـی سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران و جـەنابی وەزیـری نـاوخۆش دەکـەین کـە بـە سـەراحەت وەڵامـی برادەرانیـان دایـەوەو هیـوادارین ئـەم جـۆرە بەیەکگەیشتنانەو ئـەم جۆرە دانیشـتنانە بـەردەوام بـن و بەدواداچـوونی ئەنـدامانی پەرلەمان بۆ کێشەکان جدیتر بێت، بە تەئکید منیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کـە سەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتنی پەرلەمان و سەرکەوتنی ئـەم ئەزموونەیـە کـە هـەموو لایـەکمان بـە پەرۆشـین بـۆ سـەرکەوتنی، ئـیتر سوپاسـتان دەکەمو دانیشتنی ئایندەمان رۆژی شەممە وەکو بڕیارتان داوە لەسەر باری ئابووری دەبێو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـرانیش لێرەیـەو هیـوادارین رۆژی شـەممە لـە سەعات ١٠ ئامادەبن و ئەگەر وەزیری داراییو ئابووری لێرە نییە، بزانین ئەنجومەنی وەزیران کێ دەستنیشان دەکاتن و کۆمـەڵێك پرسـیاری ئەنـدامانی پەرلـەمان هەنـە، هەروەها کۆمەڵێکیش پرسیاری خەڵکی کوردستانیش هەنـە، بـەڵکو بتـوانین وەڵامـی ئەو خەڵکەش بدەینەوە، با دانیشتنەکە وەکو ئەمڕۆش تۆزێك درێـژ نـەبێت و هـەوڵ بدەین تۆزێك کورتتری بکەین.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پێشنیاز دەکەم ئەگەر بکرێتە ڕۆژانی دوای هەفتەی دادێ کۆبوونەوەی تایبەت بە مەسەلەی ئابووری بکرێت، لەوانەیە ئەوکاتە وەزیری ئابووری بگەڕێتەوە، ئەگەر زۆر پێویستە، ڕۆژی شەممە ئێمە هەردێین لاریمان نییە، بەڵام ئەو ئامادەبێ باشترە، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)
## شەممە ١٩٩٤/٧/٣٠

کاتــژمێر ١٠ی ســەرلەبەیانی رۆژی شــەممە رێکــەوتی ١٩٩٤/٧/٣٠ ئەنجومــەنی نیشــتمانی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتی بــەڕێز جەوهــەر نــامیق ســالم ســەرۆکی ئەنجومــەنو بــەئامادەبوونی جێگــری ســەرۆك بــەڕێز نــەژاد ئەحمــەد عــەزیز ئاغــاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمــارە ١٩ی خــولی ئاســایی یەکــەمی ســاڵی ١٩٩٤ی خــۆی بەســت، ســەرەتا لەلایــەن دەســتەی ســەرۆکایەتییەوە رادەی یاسـایی دانیشـتنەکە چەسـپێنرا، ئـەوجا بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومــەن بــەناوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان، دانیشــتنەکەی بــەناوی گــەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- گفتوگۆکردن لەسەر باری ئابووری هەرێمی کوردستان

٢- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای راژەی پیاوانی ئایینی

٣- تازە بابەت

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ببوورن وەکو گوتمان ئەوەی کە کاك د. سەلاح دەڵــێ برادەرانــی تـریش لەوانەیـە لـەملاو ئـەولا هـەمان رایـان هـەبێت، دەبووایـە ئێـوە لـە فراکسـیۆنەکان باسـی ئـەو مەوزوعانەتان بکردایە و پرۆژەتان ئامـادە بکردایـەو بتانخسـتبایە پێشـی، ئێسـتاش باری گشتی ئابووری باس دەکـرێ پـاش ئـەوەی چ بـە بەرژەوەنـد دەبیـنن ئەوکاتـە بڕیاری لەسەر دەدرێ، فەرموو کاك عەبدوڵڵا.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

پێشەكی داوای لێبووردن دەكەم لەباسكردنی وەزعەكە كە كەم و كوڕی هەبێ، هەق بوو ئەو مەسەلەیە كە باس دەكرێ بە ئامادەبوونی وەزیری دارایی و ئابووری باس بكرێ، هەتاكو بەدرێژی باری ئابووری كوردستان بكات، بەلام ئەمن بەكورتی باسی باری ئابووری كوردستانتان بۆ دەكەم، دیارە لاتان ئاشكرایەو شاردراوە نییە كە پاش راپەڕینی كۆمەلانی خەلكی كوردستان كە بەرەی كوردستانی هاتە سەر كوردستانێكی وێران، كە رژێمی بەعس بەپێی بەرنامەیەكی دیاری كراو لە ماوەی "٢٣" سال حوكمی خۆی لە كوردستانی عێراق ژێرخانی ئابووری كوردستانی لەبن و بنەڕەتەوە هەلتەكاندبوو و سیاسەتێكی موبەرمەجی بەكارهێنا كە كۆمەلگای كوردی لە كۆمەلگایەكی بەرهەمهێنەوە بكاتە كۆمەلگایەكی بەكارهێن و نیشانەی ئەو سیاسەتەی ئەو كۆمەلگا قەسریانە بوون كە لە كوردستان دروست كردن و ئەو خەلكانەی تێدا كۆكردنەوە، تاكو تەنیا چاویان لەوە بێ حكومەت ئازووقەیان بداتێ و مووچەیان پێ بدات و هەستان "٤٥٠٠" گوندی كوردستانیان وێران كردو دوای ئەوەی كە كوردستانیشیان بەجێهێشت، هەموو كارگەكانیش پەكیان كەوتبوو لە ئەنجامی شەڕی كەنداو كە بەرەی كوردستانی هات، هاتە سەر ولاتێكی وێرانكراو و خەلكەكەش كە پێشتر مەوادی ئەساسی لە حكومەتی هەرێم وەردەگرت، هیچیشیان لەسەر دێهاتی خۆیان نەمابوون و چاویان لەوەبوو كە ئەو رێكخراوە خێرخوازانە یاخود بەو شتەی كە هەیبوو و پێشتر كۆی كردبووەوە بژی. پاشانیش پەرلەمانی كورستانی دامەزراو حكومەتی هەرێمی كوردستان پێكهات و پێش ئەوەش حكومەت و پەرلەمانیش دابمەزرێن، داهاتی هەرێمی كوردستان لەدەست حزبەكانی بەرەی كوردستانی بوو، ئەوەش یاللا یاللا هەندێك مووچەی فەرمانبەرانی فەرمانگەكانی لێ دەدرا، ئەوەكەی تریشی دەچووە میزانییەی حزبەكان، بەلام بەشێوەیەكی ناڕێك و

کەم، چونکە ئەو خەڵکانەی کە لێیان دانابوون شارەزا نەبوون یان هەر کەسە بۆ خۆی ڕێگایەکی گرتبوو و کۆنترۆڵی دەکرد و لەوانەیە داهاتەکەی (٢٠٪)ی نەدەدا بە بەرەی کوردستانی و ئەوەبوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، بڕیاری دا کە گومرگەکانو داهاتی کوردستان بدرێتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانو ڕۆژ بەڕۆژ باری داهاتەکان کە خۆی لە گومرگ (٩٠٪)ی ئەو داهاتە بوو، ئەوی تر (١٠٪)ی زەریبەو باجی خانووبەرەو ئەو شتانە بوو، ئەو (٩٠٪)ە وردە وردە باش بوو، من دەتوانم باسی ئەو ماددانە بکەم کە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێی بەرپرسیارین و بەهاوکاری لەگەڵ برا وەزیرەکان، بە تایبەتی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووریش لەوکاتەی کە کابینەی دووەم دەست بەکار بوو، ئەو داهاتانەی کە لە خەزینەکانی حکومەت هەبوو، من دەتوانم تاکو ئێستا و ئەم لەحزەیەش بڵێم زیاتر لە "١٠" قات داهات زیادی کردو بەرەنجی هەموو وەزیرەکان و بەتایبەتی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ کە گومرگەکان تا رادەیەك پاکسازی تێداکرد، کۆنترۆڵ کرانو وەزعەکە دەتوانم بڵێم باشتر بوو و بیریش لەوە کرایەوە کە پرۆژە بکرێتەوە. مەسەلەن لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە پێویستە کارگەکان بەگەڕ بخرێنەوە وەکو کارگەی جگەرەی سلێمانی و کارگەی جگەرەی هەولێر و کارگەی چنینو کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و هەروەها پرۆژەی تریش وەکو کارگەو کانزای خەڵوزی بەردینو ئەو مەسەلانە لەئارادا بوون لەلایەن وەزارەتی پیشەسازییەوە، هەروەها گەیاندنی خەتی کارەبای دەربەندیخان بۆ سلێمانی ئێستا زۆر کەمی ماوەو ئەگەر تەل دەست بکەوێ، لەگەڵ پرۆژەی گەیاندنی کارەبای دوکان بۆ دهۆك و لەلایەن وزارەتی دارایش کۆمپانیای هەرێم دروست کرا. ئەو کۆمپانیایە خۆی بەڕاستی زۆر ئومێدمان پێی بوو کە زۆر جاریش لە کۆبوونەوەکانداو هەتا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکەش دا باسمان کردووە کە سەرمایەیەکی باشی هەبێ کە بتوانین مەوادی ئەساسی بدەینێ و بەلانی کەمی فەرمانبەرانی کوردستان کە خۆتان دەزانن ئێستاکە هەر ماڵێك نییە فەرمانبەرێکی تێدا نەبێ ئەگەر دووان

سێیان نەبن، ئەگەر ئەوکاتە بمان توانیبایە مەوادی ئەساسی دابین بکەین لەرێگەی کۆمپانیای هەرێمەوە بازاڕی کوردستان پێ دەشکێ و نرخی شت و مەکی پێ دادەبەزێ گەر بە نرخی گونجاو بیدەینە خەڵکەکە.

لەبارەی مووچەی فەرمانبەرانیش، ئێمە توانیمان هەتارادەیەك دەرماڵە بدەینە مامۆستای زانکۆ و حاکمەکان و دکتۆرەکان و دکتۆری موقیم و "٣٠" دینار بە گشتی بۆ فەرمانبەران زیاد بکەین و لە بەرنامەماندا بوو، قسەشمان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان کردبوو کە بەڕاستی (٥٠٪)ی مووچەی هەموو فەرمانبەران زیاد بکەین، ئەوەش لەوەبوو کە وەزارەتی دارایی وەکو باسمکرد، توانیبووی کۆنترۆڵی وەزعی گومرگەکان بکاتو داهاتەکانیان بەشێوەیەکی رێك و پێك بێنە ناو خەزینەی حکومەتی هەرێم و تارادەیەك پارە پاشەکەوت کرابوو لە خەزینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە بانقی مەرکەزی کە لە هەولێرە، بەلاّم بەداخەوە وەك خۆتان دەزانن ئەو وەزعەی بەسەردا هات، ئێمە پرۆژەی تریشمان لەبەردەستدا بوو، پرۆژەی تریشمان لەبەر دەستدایەو لە تەلەفزیۆنیش جار بەجار دەبیسمەوە تەعلیقی لێ دەدەن، حەزدەکەم ئەو تەلەفزیۆنانە مادام ئەو شتانە ئاشکرا دەکەن، با خۆشیان بچن سەردانی ئەو پرۆژانە بکەن، پرۆژەی دەرهێنان و پالاّوتنی نەوت کە ئەو سێ بیرەی لەناحیەی تەق تەق هەمانەو ئەو پرۆژەیە هەتاکو ئێستاکە زیاتر لە "١٠-١٢" ملیۆن دیناری لێ خەرج کراوەو لەسەر تەواو بوونە، تەنها هەندێ شتی ناتەواوی هەیە، کە قسەمان کردبوو لەگەڵ ئەو کۆمپانیانە لەبۆمان بێننو پالاّوتگەیەکی بچووك دروست بکرێتو ئێستا پالاّوگەکە لەسەر تەواو بوونە، بورجێکی ئیسلاح دروست بکرێ و بورجی ئیسلاح ئەو "٣-٤" بیرەی پێ پاك بکرێتەوە کە رۆژانە "٢٠" هەزار بەرمیل دەربێنێ و بتوانین هەتا رادەیەك (٨٠٪) یا (٧٠٪)ی پێویستی کوردستانی پێ دابین بکەین. ئەوە ئێستاکە لەسەر تەواو بوونەو ئەوە نییە کە تەلەفزیۆن دەڵێت هەرێمی کوردستان یا حکومەتی کوردستان بەتەما بوو نەوت بنێرێتەوە دەرەوە، ئێستا ئێمە هەر بۆ خۆمانەو پێویستی (٧٠٪)و

(٨٠٪)ی کوردستانمان دابین دەکات، ئەو تەلەفزیۆنانە حەقە بچن پرۆژەکان ببینن ئەوجا ئەوشتانە عەرزبکەن بۆ خەڵکی کوردستان، ئەو وەزعەی کە بەسەر کوردستاندا هات، ئێمە نەمانتوانی کە "٥٠٪" مووچەی فەرمانبەران زیاد بکەین، دەنا مەبدەئی موافەقەی لەسەر کرابوو لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەگەڵ کاك مەسعود و مام جەلال قسە کرابوو، ئەوانیش قایل بوون، بەڵام ئەو وەزعەی هاتەسەر، بەڕاستی زەرەری زۆری لێ داین چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە. لەبارەی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئێستا حکومەتی هەرێم ئەوە سێ مانگ زیاترە هیچ داهاتێکی نایەت تەنیا لەو پارەیەی کە لێرە لە هەولێر خەزن کرابوو، ئەو پارەیەی کە ئێستاکە مووچەی وەزاراتو پەرلەمانو حزبەکان و بەشی هەرەزۆری دەدات، دەنا داهاتی هیچ شوێنێکی ترمان بۆ نایەت، لە پێش (٥/١) دەهات، بەڵام لەپاش (٥/١)ەوە یەك دینار نایێتە خەزینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێستاکە ئێمە تۆزێکیش توندمان کردووە لەلایەن خەرجی و شتی وا، چونکە ئەگەر ئەو پارەیە لێرە لە هەولێر خەلاس ببێ یان ئەم وەزعەش وەها بمێنێتەوە، لەوانەیە ئێرە وەکو باسمان کرد لە دانیشتنی پێشوودا، کە ئێرە سەرەکەیتی کە نەتوانین مووچەکان بدەینو ئێرە پایتەختی کوردستانە کە وای لێ بێ، وەزعەکە خراپتر دەبێ و باری ئابووری خەڵکەکە خراپتر دەبێ، چونکە خەڵکێك هەبووە لە "٢" ساڵ یان "٣" ساڵی رابردوو پارەی هەبووە، مەڕی هەبووەوماڵاتی هەبووە، خەڵکی شار بووەو ممکنە پارەی لە بانق بووەو ناوماڵی باشی هەبووە، ئێستاکە هاتە سەر ئەوەی‌و سەر ئەم بارە ئابوورییە ناخۆشەو لەوانەیە خەڵکێك هەبێ زۆر زۆر هەژار بێ دەرکەی ماڵی خۆی دەفرۆشێ یانی خەڵك هەیە کەس و کارەکەی دەیژێنن و خەڵکی واش هەیە لە کوردستان لەو ماوەیەی ئەم چەند ساڵەی زۆر قازانجی کردبێ، پارەی هەبووە یان وەکو باسم کرد بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان باری ژیانیان زۆر زۆر خراپ بووەو ئەو کەسانەی کە باری ژیانیان باشە، ژمارەیان زۆر زۆر کەمە، ئەگەر ئێمە لەم ساڵەدا چارەسەری باری گوزەرانی

خەڵکەکە نەکەین، لەوانەیە تووشی قەیرانێکی گەورە ببین چ سیاسی و چ لەباری ئابوورییەوە، ئێستاش ئێوە ئەگەر پرسیاری مەحدوودتان هەیە، پێم خۆشە لە دانیشتنێکی تایبەتیدا وەکو د. سەلاحەدین باسی کرد، باسی بکەین و بەرنامەیەکی هەبێ و وەزیری دارایی و ئابووری لێرەبێ و بە محددی و بە درێژی وەڵامتان بداتەوە، بەڵام ئەمن کە دانیشتنیان راگەیاندبوو و تەحدیدتان کردبوو کە حکومەت بێت ئەوا ئەمن هاتم ئەوەی کە شارەزایی و زانیاریم لێی هەبوو باسمکرد و هیوادارم جێگەی رەزامەندی بەڕێزتان بووبێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لە بەرایەکی ئاخافتنی سەر گۆتنا د. سەلاح حەفید کو گوت وەکی دراسەتەکا قوول و درێژ هەبێت بۆ بەحس کرنا وەزعی ئابووری، کوپەلەی لێ نەکەن دراسەتی بەباشی بکەن کو چ چیای ئەزمر دراسەت بکەن تا رەشەبا لە سلێمانی نەبیتن یاژی چ دراسەکی چێ کرنا سەددەکی لەسەر ئاڤا خابیر بکەن بۆ قەزای زاخۆ و قەزای سێمێلێ پێ ئاوەدان ببت، وەك د. سەلاح خۆی مامۆستای زانکۆیە دبیژی محتاجی ئامارێکی ئابوورین، چونکە ئێمە لە بارەکی ئابووری زۆر زۆر ناخۆشدا دەژین و وەزعی عالەمەکە زۆر ناخۆشە هەمی فەرمانبەر و خانەنشین و کرێکارەك لەو ژیانە ناخۆشەدا دەژی و وەزعی گشتی خەڵکی زۆر ناخۆشە و لوقمە خواردنی لە خەڵکی عەزرەتەو دەبێ ئێمە بۆ ئەم میللەتە هەژارە زۆر بەپەلە هەنگاوێك بهاوێژین و شتێك بۆ فەرمانبەران بۆ وان خانەنشینان زێدە بکەین و هەروەها بەری خۆ بدەینە مەوادی ئازووقەو بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمووی زیاداتی ئیرادات لەم کابینەی دوایی چی بوو. من پرسیار دەکەم ئایا ئەو زیادەیە، زیادەی ئیرادات چ دەوری ئیجابی هەبوو لەسەر وەزعی خەڵك؟ ئایا ئەنجومەنی وەزیرانی ئێمە داخیلی صەفقەی بازرگانی بوو لەگەڵ دەرەوە؟ ئایا ئیستسماراتی دەرڤە پەیا

کرد؟ ئایا زیادەی بەرهەم بوو لەناو هەرێمدا یانیش ئەو زیادەی ئیرادات هـەر لەسـەر حیسابی ژیانی ئەو خەڵکە بوو؟ بەڕێزی فـەرمووی دەرماڵـەی مامۆسـتایانی زانکۆ و دادوەرەکان و پزیشکەکانمان زیاد کرد، سەیرمان کـرد بـەس ٣٠ دینـار بـوو گشـتی، زیادەی مووچە پێویستە بۆ هـەموو فەرمانبـەران و مونتەسـیبینی حکومـەتی هـەرێم بێت، نەك بۆ چینێکی تایبەت بێت و ئەوانەی کە بەخۆیان مووچـەیان چاکە هـەر بـۆ ئەوان زیاد بکەن کەچی ئەوانەی کە بـاری ئابووریـان زۆر خراپـە هـەر وەکـی خۆیـان بمێننەوە بەخراپی، راستە ئەوانەی بۆیان زیاد دەکرێ ناڵێم هەموویان موستەحەقن، بەس جگە لە ئەوانیش موستەحەقن، پێویسـتە بەچـاوێکی عادیلانـە سـەیری هـەموو کارمەنـدانی حکومـەت بکـەین و هـەموو ئـەو هاووڵاتییـەی کـە لـە هـەرێمیش دەژیـن ئەوانیش مافی ژیانیان هەیە، بـەڕێزی فـەرمووی داهـاتی هـەرێم بـەس ئەوەیـە کـە لـە بانقـەکانی هـەولێر کـە لـەدوای (٥/١) هیچـی تـر نـەهاتووە لـە گـومرگ و لـە هـیچ جێگایەکی تر نەهاتووە بۆ بانقەکانی هەولێر، من بە بـەڕێزی دەڵـێم لـە رۆژی ٥/٣ دا ٨٨٠ هەزار دۆلار واتە ١٥ ملیـۆن دینـار لـە بـانقی دهـۆك هـاتووە بـۆ بـانقی هـەولێر، دەکاتــە نزیکــی ٩٠ ملیــۆن دۆلار واتــە دوای رووداوەکــانی ســلێمانیو گــەرمیان لــە پارێزگای دهۆك هاتووە بـۆ هـەولێر و ئێسـتاش بـا سـەرۆکی وەزیـران دڵنیابێـت کـو گومرگی ئیبراهیم خەلیل بە ئسوڵی پارە وەردەگرێ و داخلی بنوکی دەکات و پارەی ئیبراهیم خەلیل هەر پارەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانەو مووچـەی فەرمانبـەرانی دهۆك لەگەڵ ئەو ناوچانەی پارێزگـای نەینـەوای کـە ئـازاد بوویـە، چ ئـاکرێ بێـت یـا شێخان بێت یان کەرکوك ئەوانیش هەموو مووچـەی خۆیـان بـە ئسـوڵی وەربگرێـت، ئەگەر زیادیش بمێنێ هەر لە بانق دەمێنێ، چ بانقی ئیبراهیم خەلیل بێت یـان بـانقی زاخۆ بێت یـان بـانقی دهـۆك بێـت، مـن بـەخۆم رۆیشـتوومە و سـەردانم کردوونـە بـە ئسوڵی پارە وەردەگرن و بە ئسوڵی دەیخەنە بانقیش، بەس مووچەی لێ دەدرێ.

بەڕێز ئەحمەد سالار باسی باری ئابووری زۆر بـەجوانی کـرد و دەریخسـت کـە زۆر خراپە، من نامـەوێ هـەمووی دووبـارە بکەمـەوە، بـەڵام شـتێك دەڵـێم کـە پێویسـتە

وەختی وەزعی و ئیراداتی هەرێمی کوردستان باش دەبێ دەعمی مەوادی غزائی بێتە کرن، نابێ چۆن سەیری ئیستیرادی مەشروباتی روحی بکریت بەو چاوەش سەیری ئیستیرادی مەوادی غەزائی بکرێ، پێویستە دەرگا بۆ هێنانی مەوادی ئازووقە کراوەبێت، سوپاس.

### بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران

#### بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن

وادیارە کاك جەمیل لە قسەکانی من نەگەیشتووە، من بە کوردی قسەم کرد کە ئەو پرۆژانەی کراون وەك پرۆژەی پالآوتنی نەوت و دەرهێنانی وەبەرهێنانی، کۆمپانیای هەرێم (٧٥) ملیۆن دینار سەرمایەیەتی و (٣٠) دینار بۆ سەرجەمی فەرمانبەان زیادکراوەو مووچەیەکی مینحەش پێشی جەژن بە رەزامەندی پەرلەمان دراوە بە خانەنشینانی هەموو کوردستان و ئەو خەڵکانەی کە مووچەیان لەبۆ زیاد کراوە کە دەڵێ جیاوازی نەبێ، جیاوازی دەکرێ، لەبەرئەوەی کە هەندێ "عقولی عیلمی" هەنە، ئەگەر لێرە هیجرەت بکەن، مانای ئەوەیە کە هەندێ شوێنی حەساس هەنە وەکو زانکۆ وەکو پزیشکی پسپۆڕ دەڕۆن، ناتوانین بڵێین مەڕۆن، راستە لە ژیاندا هەموو خەڵك یەکسانی پێویستە، بەلآم مامۆستایەکی زانکۆ ناتوانێ بچی عارەبانەیەك دانێ و تەماتە بفرۆشێ، بەلآم فەرمانبەرێك دەتوانێ، ئێمە خۆشمان هەموو فەرمانبەر بووینەو بەنسبەت مامۆستایەك دەتوانێ لە پشووی هاویندا ئیشی خۆی بکات، بەلآم هەندەك خەڵك هەنە وەکو مامۆستای زانکۆ و پزیشکی پسپۆڕ و دادوەر ناتوانن بچن لەسەر جادە شت بفرۆشن، ئەوانە دەبێ حسابی تایبەتییان بۆ بکرێ، ئێمە خۆشمان پرۆژەیەکمان ئامادەکردبوو کە لەو پارەیەی کە هەیە (٥٠٪) مووچەی هەموو فەرمانبەرێك لە کوردستان زیاد بکەین جگە لەوانەی کە حسابی تایبەتییان بۆ کراوە، ئەو پارەی کە لە دهۆك هاتووە، هی مانگی (٤) بوو هاتبوو، کە لە (٥/٣) گەیشتبوو، من باسم کرد کە ئەو (٥/٢) جیاوازی نییە (٥/٣) هەر

شەڕێکی دیاری کراوی بچووك هەبوو لە شوێنەکان، بەڵام لەپاش ئەو وەختە هیچ شتێك نەهاتووە و حەقیش نییە کاك جەمیل ئەو شایەدییە وا بەدڵنیاییەوە بدات، حەزدەکەن لیژنەیەکی ئابووری لە پەرلەمان لە "٣-٤" کەس پێك بێت و بینێرن، حەقی خۆشتانە موتابەعەی ئیشی حکومەت بکەن و بچن لەسەر هەموو گومرگەکان دابنیشین تاکو بزانن چەندی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت، ئەگەر ئەو پارەیە ئێرە تەواو بوو، با بزانین ئەوکاتە سەنگی محەکە، کە پارەکە دەنێرن ئەمن باسی یەك جێی محددم نەکرد، بەڵام لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەوە بڵێم، کە شەرەیانی ئەساسی واریداتی گومرگ ئیبراهم خەلیلە، کە ئێستاکە یەك دیناری بۆ حکومەتی هەرێم نایێتەوە و ناچاریشین چ لە سلێمانی و چ لە دهۆکیش ئیحتکاری دەسەڵات بکەن هەر لایەك مووچەی خەڵکەکە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس وابزانم کاك د. سەلاح و کاك جەمیل چیان بۆ برادەرانی تر نەهێشتەوە کە قسەی لەسەر بکەن؟ ڕێزم بۆ رایەکانیان و بابەتەکەیان تێرکردو بە بۆچوونی من ئەو محاورانەی کە پێویست بێ، باس کران.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەوەی کە کاك جەمیل باسی کرد لەبارەی موادی ئازووقەوە، من لەبیرم چوو، یەکەم جار وەلامی بدەمەوە، موادی ئازووقە گومرگی رەمزی لێ وەردەگیرێ، ئەوەنییە بڵێی وەکو جگەرە گومرگی لێ وەربگیرێ، پارەی کارەباش پێمواییە دەستیان کردووە بە وەرگرتنی و ئێمە چەند جار تەئکیدمان لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە کردووە کە پارەی کارەبا وەربگرن. ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندا هەندێ لە ئامێری بەردیشیان بردووە و داواشمان کردووە بمان دەنەوە، تا ئێستا

نازانین چیان لێ هاتووه، مەسەلەن ئەوەی گەلاڵە بلدۆزەرو شۆفلٚ و ئەوانەیان بردووەو بەکتابی رەسمیش داوامان کردوونەتەوە، هەتاکو ئێستا نەیاندایتەوە، کاك سەلاح بێگومان باسی باری گشتی ئابووری کردو من نامەوێ بەدرێژی باسی ئەو بارە بکەمەوە. لەبۆ ئەوەی کەژێر خانی ئابووری کوردستان بینا بکەینەوە، بێگومان خۆتان دەزانن کشتوکاڵ کۆڵەکەی بنچینەیی ئابووری کوردستانە، ئەویش ئەوەبوو کە بمانتوانیبایە هەموو دێهاتەکان بگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان ئەو کۆمەڵگایانە نەمێنن کە بەزۆرەملێ دروست کراون ئەوەش تەفسیرێکی باشی دەبوو، یان ئەگەر ئەو کارگانەمان بەکاربخەینەوە، سوودی زۆریان دەبێ. بۆ نموونە: کارگەی چەمەنتۆی تاسلوجە ئەگەر بەکاری بخەینەوە دەتوانین هەموو مەوادی ئازووقە سەرانسەری کوردستانی پێ دابین بکەین کە رۆژانە قازانجەکەی لە "٦" ملیۆن دینار زیاترە، بەلام لەگەڵ هەموو رێکخراو و هەرچی شەریکاتی دنیا هەیە قسەمان کردووە، خەڵك هەیە خۆی چۆتە دەرەوە ئەو ناتەواویەی کە هەیە بماندەنێ و بیهێنین تاکو ئێستا بۆمان رێك نەکەوتووەو هەموو شتەکانیشی ناردراوە لەبۆ هەموو وڵاتەکان بەبێ ئیستسناو لەگەڵ هەموو وەفدێکیش کە سەردانی کوردستانی کردبێ، قسەمان کردووەو هەتا لە ئێران چەندین جار قسەمان لەگەڵ کردوونو خەڵکمان ناردووە و داوامان کردووە کە لە بەرهەمەکەیشی چەمەنتۆکەیان بدەینێ، بەس ئەو سوپیر پارتانەمان لەبۆ بێنن یان وەری بگرن، ئەوەش هەتا ئێستا نەبووەو کە بونیەتی ژێرخانی کوردستان بینا بکەینەوە، ئەوەی کە پێشمان کراوە ئەوەیە کە کارگەی جگەرەو چنینو جلوبەرگو کارگەی چەمەنتۆی سەرچنار بەتوانای تەواویان ئیش بکەن، مەسەلەی کۆکردنەوەی پارە لە کوردەکانی دەرەوە بێگومان ئەمەش جهودی بۆ سەرفکراوەو کۆنترۆڵ کراوە لە هەموو وڵاتەکان کێ پارە بنێرێ ئەوە دەینێرین و ئێمە ناتوانین بەزۆر لێیان وەربگرین.

لە ئەڵمانیا لەساڵی رابردوودا "٤٠" هەزار مارکیان ناردووە لەرێگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هێنایان و تەسلیم بە وەزارەتی داراییان کرد،

لـەبارەی بەڕێوەبـەرە گشـتییەکانەوە پێموانییـە کەسـیان حیمایـەیان هـەبێ، هـیچ بەڕێوەبەرێکی گشـتی لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لەوانـە لەبەرئـەوەی کـاتی خۆی کە حکومەت هاتە سەر سفر، کابینەی یەکەمی شەرەفی ئەوەی بوو، کە ئیدارات دابمەزرێنێتـــەوەو حکومـــەت بینـــا بکەنـــەوەو دام و دەزگاکـــان بەگەڕبخەنـــەوەو پێویستییەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، بەڵام ئێمە توانیمان ئەو پێویستییانەی کـە زۆر پێویستن بۆ وەزارەتەکان زووتر بۆیان جێبەجێ بکەین، بۆ نموونە گومرگ پێویسـتی بە ئۆتۆمبێل هەبوو، پۆلیس پێویستیان بە ئۆتۆمبێـل هـەبوو، وەزیـر پێویسـتی پـێ هەبووەو وەکیل وەزیر پێویستی پێ هەبووە، لە هەندێ دائیرەکانیش بۆ بەڕێوەبەرە گشـتییەکانیش کـراوە، نـەك بـەو شـێوەیەی کـە بڵـێین زیـادبێ، تەرشـیدبە نەفەقـە پەیڕەو کراوەو هەوڵی بۆ دراوە، بەڵام هەندەك جار هەیـە لـە دەرەوەی دەسـتەڵاتی ئێمەدا بووەو بە کورتی هەر ئەوە بووە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیق فەقێ عەبدوڵا حەسەن**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەنـدێ لـە قسـەکانم بـرای بـەڕێزم کـاك شـێخ یـەحیا کـردی، ئـەوەش لەسـەر دامەزراندن بوو، ئەم پرسیارەم ئاراستەی برای بەڕێزم کاك عەبدوڵا رەسـوڵ دەکـەم کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بـەو شـێوەیەی کـە ئێمـە و لـە جیهانـدا پەیڕەو کراوە، ئەگەر وڵاتێك ئابڵووقەی ئابووری لەسەربێ، دەبێت تەقەشوف بکات، سەیر دەکەین رۆژ بەرۆژ ژمارەی فەرمانبەران زیاد دەبێت و دەڵێین ناتوانین ٢٠٠ یان ٢٥٠ دینار بۆ فەرمانبەران زیاد بکەین، بەڵام با بێین ئێمە چارەسـەری ئـەوە بکـەین، دامەزرانـدن راگرین، دەبـێ بـزانین ئەوانـەی داوای ئیجـازەی بـەبێ مووچـە دەکـەن، ئیجازەی بێ مووچەیان بدەنێ بۆ ماوەی دیاریکراو، با خۆیان باری ئـابووری خۆیـان راست بکەنەوەو ئەو مووچەیەی ئەوان بگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی بتـوانین ئێمـە زیادەکـە

بدەین بەوانەی پێویستیانە، چونکە بەڕاستی بێ کاریی موقەنەع زۆر دروست بووە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەسەر دامەزراندن دیارە پرسیاریان زۆر کرد وەکو ئەورۆژەش باسم کرد دامەزراندنی گومرگ و پۆلیس و ئاسایش لەلایەن ئێمەوە نییە، دامەزراندنی ئەو کەسانەی کە دەرچووی کۆلیج و پەیمانگاکانن، ئەوانە خۆ حکومەت مولزەمە لە هەموو دنیادا ئیشیان بۆ ببینێتەوە و ئێمەش کە دامەزراندن دەکەین بە پارەکی زۆر زۆر کەم بە "١٣٦" دینار کە دەچن "١٠-٢٠" رۆژ دەوام دەکەن خۆیان بەجێی دێڵن، بزانین ئەو دامەزراوانەی کە دەرچوون، چەندیان دەوام دەکەن یان دەوامیان کردووە؟ لەسەر ئەو مەسەلەیەش حەقە لێکۆڵینەوەیەکی باش بکرێ و خۆشمان وەکو حکومەت بیرمان لێ کردۆتەوە، کە پرۆژەیەك دابنێین و عەرزی پەرلەمانی بکەین کە بزانین بە چەند فەرمانبەر دەتوانین ئیشی حکومەت بەڕێوەبەرین و ئەوانی تر چ بە نیوە مووچەبێ، چ بە مووچەی کە ئێستا هەیتیان مۆڵەتیان بدەینێ هەتاکو ماوەیەك و لە پاشان ئەوانەی کە دەیانهێڵینەوە، ژیانێکی باشیان بۆ دابین بکەین و مووچەکەیان باش بێ و چۆن وەکو باسم کرد ئەو رۆژە هی وەزارەتی ناوخۆ کۆنفرانسێکیان گرت کە هەموو کوردستان بە "٥" هەزار و "٥٠٠" پۆلیس حەراسەت دەکرێو دەوامی خۆی بکاتو ژیانیان دابین بکرێ و فەرمانبەرانیش لەسەر ئەو بنچینەیە دەبێ رێك بخرێن و باریان باش بکرێتو زیادەی مووچەیان گشتی بێت و منیش لەگەڵ ئەوەدام بەگشتی مووچەیان زیاد بکرێت.

حەزدەکەم بزانن ئەوە کاك جەمیلیش ئەو پرسیارەی کرد، ئایا ئەو پارەی کە لە ئیرادات زیاد بووە، چ پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی پێ کرا؟ لەبیرتانە یەکسەر "٢٥" دیناریان هەڵوەشاندەوە، ئەگەر ئێمە شتەکمان نەبایە "١٠"یی و "٥"ی نەبایە،

یاخود هەر ئەو دەمە "١٠" و "٥"ییان هەڵبوەشاندایەتەوە، لەوانە بوو یەکسەر حکومەتەکەمان ئەگەر مانگێك مووچە نەدا، بڕووخێ و بازاڕەکەی تێك بچێ، ئەوە ئێوە زیاتر شارەزان لەباری ئابووری، ئێستا ئێمە ئەو پارەیەی کە پاشەکەوتمان نەکردبایە ئێستا "٣" مانگە مووچەی هەولێر کێ دەیدا، وەزارەتی کشتوکاڵ ئێستاکە گیروگرفتیان یەکجار زۆرە، بڕۆ دیسانەکە وەکو گومرگەکان چۆن دەستیان بەسەردا گرتووە، عاردەکانیش لەزۆر ناوچە گرفتێکی چەندین ساڵەیان هەیە، هەر لە زەمانی پاشایەتییەوە تاکو ئێستاکە لە کوردستان کۆبۆتەوە وەکو باسیشمان کرد بەعسیش سیاسەتێکی زۆر پیسی لە کوردستان پەیڕەو کردووە لە مەسەلەی عەردی، چەند کەسێك نەبێت دەنا هەر خەریکی تێك بەردان بووەو گەلێك جۆرە یاسای دەرچواندووە، ئەو گرفتانە ئێستا هەموویان کەوتوونەتە سەر یەکو بوونەتە بارگرانی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵ لەباتی ئەوەی داهاتی هەبێت، کێشەی زۆر هەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە زۆر باسی چاککردنی باری دارایی و ئابووری کرا، بەلام ئەمن داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەم و نازانم برادەرانی ئێمە ئێستا باسی کام حکومەت دەکەن هی هەولێر یا دهۆك یا سلێمانی، من دیسان تەئکیدی قسەکانی برادەران دەکەم کە وەزعەکە ئاسایی بکرێتەوە، دەنا ئێمە هیچ شتێك لە حکومەت داوا نەکەین، ئێستا سەرۆکی حکومەت دانیشتووە تەنیا حکومەتی ناوشاری هەولێرە، رەنگە شاری هەولێریش هەمووی نەبێ و بەراستی ئەگەر ئێمە باسی زیادکردنی مووچە بکەین، باسی باشکردنی گوزەرانی خەڵك بکەین، باسی کرێی کارەبا بکەین، باسی راستاندنی بودجە بکەین، بودجەی کێندەرێ دابنێین؟ ئێستاکە بودجەی بۆ هەولێر دابنێین پێویست ناکات و دوایی ئێمە پێش هەموو شتێك دەبێ هەوڵ بدەین وەکو

پەرلـەمان وەکـو حکومـەت زەختێك بکـەین لەسـەر هـەردوو حـزب کـە گومرگـەکان ئاسـایی بکەینـەوە ئەگـەر نایانـەوێ هـەموو ئـەو بـارە ئاسـایی بکەنـەوە، بـا بـاری گومرگـەکان ئاسـایی بکەنـەوە، ئـەوە بەڕاسـتی هـەموو بارەکـەی ئێمەیـە، بـا لیژنـە دروست بکەین لەناو پەرلەمان، لەناو حکومەت تەنسیق بکەین، شتێك بکەین و ئێمـە باری وارداتی گومرگ ئاسایی بکەینەوە.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پێمخۆش بوو ئەم کۆبوونەوەیە لە کاتێکدا کرابایە، کە بارەکە ئاسایی بووایەو وەزیری دارایی و ئابووری لێرەبووایە و ئێمە وا خەیاڵی نـەبین. وەڵـلا مـن پرسـیارێك دەکەم با هەردوو حـزب و حزبـەکانی تـر داوای لـە حکومـەت نەکـەن، نـەك پارەمـان بدەنێ گومرگەکان. یانی هەنـدێك شـت هەیـە نـاکرێ لێـرە بگـوترێ و بـەڕای منـیش پەرلەمانی کوردستان خۆتان لـەناو خـەڵکن، لـەناو خەڵکەکـەدا دەژیـن و وەزعـەکان هەمووی لێك بدەنەوە، ئینجا داوای هەندێ شت لە حکومەت بکـەن، ئـەوە بـرادەران باسیان کرد ئەگەر باری سیاسی ئێستا ئاسایی نەبۆتەوە ئەمن ئـەو ڕۆژە باسـم کـرد وەزیـری نـاوخۆ بچـێتە هەنـدێ شـوێنی حکومـەت و پرسیاریشـی لـێ دەکـەن، لێـرە سەرەك وەزیرانیش ناتوانێ بچێت لەبەرچـی؟ چ گونـاهی هەیـە؟ سـەرۆك پەرلـەمان دەتوانێ بچێ، وابـزانم ئـەم کۆبوونەوانـە لەبارێکدا کرابـان پـێش ئـەو ڕووداوانـە کـە هـەموو جهودمـان سـەرف دەکـرد بـۆ ئـەوەی بـاری گـوزەرانی خـەڵك چـاك بێـت. ئێستاکەش بەڕاستی ئەگەر ئەو پارەیـەی کـە پاشـەکەوت نـەدەکرا، دەبـووە مایـەی رووخانی ئێمە، هەر لە هەولێرەوە بـە بڕیارێك گـەر نـەتوانین مووچـەی فەرمانبـەران بـدەین و نـەتوانین ئـیش و کارەکـان بکـەین و نـەتوانین کـە ئەزمەیـەك هاتـەپێش چارەسـەری بکـەین، بـاری سیاسـیمان پـتر تێـك دەچـوو، ئێسـتا مووچـەی هـەموو فەرمانبەران دەتوانم بڵێم بەشی هەرەزۆری کوردستانی لێ دەدرێ، هی حزبەکانیش،

بۆ نموونە ئەوەی کە لە دهۆك لەسەر فراکسیۆنی سەوز بووە لێرە دەیدرێتێ و ئەوەی لە کەرکووك و سلێمانی لەسەر فراکسیۆنی زەرد بووە مووچەی لێرە دەدرێتێ، جگە لەوەی وەزارەتەکان و پەرلەمان و حکومەت هەر لەوە مووچە وەردەگرن، مامۆستا جەلال باسی کرد کە لە ئێران نان بەیەك تومەنە، بابە ئێران چەند ساڵە دەولەتە، من پرسیار لەخۆتان دەکەم ئێستا هەمووتان قەناعەتتان هەیە ئەو بارە بەرەو کوێ دەچێ، ئەمن حەزدەکەم لێرە ئێوە وەڵامی من بدەنەوە ئەو بارە چی لێ دێ و چۆن دەبێ؟ دەبێ بەرچاومان رووناك بێ و دەبێ بزانین کە چی لێ نایە، بەلاّم هەمووشمان دەزانین کە ئێمە دوو ئابڵۆقەی ئابووریمان لەسەرە و لە دەورووپشتمان پیلانمان لێ دەکەن، ئەوەی شانازیمان پێوە کردووە، کە خۆمان لەناو یەکتر براینەو تەباینە، بەتایبەتی یەکێتی و پارتی کە زۆر زۆر رێکین و ئەوەشمان لەدەست دا، ئایا ئێمە ئەوەی کە رووخاندوومانە بینای نەکەینەوە چۆن دەتوانین خزمەتی خەڵك بکەین؟ چۆن دەتوانین متمانەی خەڵك وەرگرینەوە؟ من پێم باشە پەرلەمان بڕیارێك وەربگرێ گومرگەکان هەموویان بدرێنەوە حکومەت، ئەوەش دەبێتە هۆیەك بەڕاستی کە نەتوانین هێز دروست بکەین ئەگەر گومرگمان نەبێت، هێز بەچی دروست دەکەن هەتا گومرگەکان هەبن و پارە هەبن هێزیش دروست دەبێ و لەشکریش دروست دەبێ و شەڕیش دروست دەبێ، ئەوجا حەقە هەموو مەسەلەکان بەبابەتی لێك بدەینەوەو من خۆم بەڕاستی هەر لەبەر ئەوە هاتم و لێتان ناشارمەوەو قەناعەتم نەبوو بێم لە کۆبوونەوەیەکی وادا قسە بکەم و باسی شتی وا بکەم، بەلاّم لەبەر رێز کە بە یاسا داوامان بکەن وەکو حکومەت بێمە ئێرەو قسەش بکەمو وەلاّمی تێبینی و پرسیار بدەمەوە، ئەگەرنا ئەم کۆبوونەوانە بێ ئەنجامن، یانی مرۆڤ کۆبوونەوەیەك بکا کە ئەنجامی هەبێ، بەرهەمی هەبێ، کۆبوونەوە هەر بۆ قسەکردن نەبێ، هەر لەبۆ ئەوە نەبێ لەبەردەمی تەلەفزیۆن هەر کەسە بیەوێ خۆی خۆشەویست بکات. هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن کە میللەتەکەمان زۆر لە ژیانێکی ناخۆشدا دەژی، لە ژیانێکی دەروونی ناخۆشدا دەژی،

هەتا قبوڵیان بوو لەو بارە ئابوورییە سەختەشدا بژین بەس نەکوژرێن، ئەوەی دەکوژرێ لەشەڕ چەکی هەڵگرتووە قیڕوسیا، بەلام پیرەژن و منداڵ و خەڵکی بێ تاوان دەکوژرێن.. خەڵك هەیە ماڵ و سامانی هەیەو دەچنە سەری پارەی لێ دەستێنن، بۆیە هەیە ئەو ماڵ و سامانەی بەجێدێڵێ و دەڕوات، کەواتە چۆن دەتوانین ئێستا باسی باری گشتی ئابووری خەڵکی کوردستان بکەین و چارەسەری باری گوزەرانیان بکەین، بەلام من ئەگەر پرسیارم لێ دەکەن لێرە ناچارم وەلام بدەمەوەو بە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانم گوت: من وەزیری دارایی نیم، ئاسایی دەبێ وەزیری دارایی ولامی ئەو پرسیارە ئابوورییە بداتەوە کە لێرە دابنیشێ، یا ئەو کۆڵەکە بنچینەییەی حکومەت کە وەزارەتی دارایی و ئابووریو وەزارەتی پیشەسازی و وزە و وەزارەتی کشتوکاڵەو هەندێ وەزارەتی دیکەش داهاتیان هەیە، دابنیشنو ئەوان بێن بزانن چۆن بنیاتی ژێرخانی ئابووری کوردستان بینا دەکەنەوە؟ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەو وەزارەتانەن کە چۆن دەتوانین چاکیان بکەینەوە؟ ئەوانە بێن دابنیشن گفتوگۆ بکەن و بەڕای من ئێستا تەئکیدی خۆمان لەسەر ئەوە بکەین وەکو کاك فرەنسۆ باسی کرد بارەکان بخەینەوە دۆخی جارانیان و بەهەموو لایەکمان هەوڵ بدەین، بەبێ ئەوەی حسابی بکەین ئەوە فلانە لە فراکسیۆنی سەوزە و یا لە فراکسیۆنی زەرد یان لە فلان حزبە یانی وەکو کوردێك یا مرۆڤێك هەموومان باسی ئەوە دەکەین بەرژەوەندی کورد لە سەرووی بەرژەوەندی حزبەکانەوەیە، بەس لە راستیشدا وانییە بەرژەوەندی حزبەکەو هەتا رادەیەکیش بەرژەوەندی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندی کوردەوەیە، ئەگەر هەموو بەو بۆچوونە کاربکەین دەتوانین ئەو برینەی کە بووە سارێژی بکەینو خەڵکی هەیە یارمتیمان بداتو بەرامبەرەکانیشمان کە ناحەزی ئێمەن، یان دوژمنانی گەلی کوردستانن و رژێمی داگیرکەرن، هەندە باریان باش نییەو ئەگەر باریان باش بووایە، ئێمە بارمان زۆر زۆر خراپتر دەبوو، دۆستمان زۆرن و ئەو دەوڵەتانەی کە دەست لە کوردستان وەردەدەن رۆژ بەرۆژ ئێستا ریسوا دەبن و زەختیان زیاتر بچێتە سەرو ئەگەر کەم و

کورپییەك لە حکومەتدا هەبوو، ئەوە حکومەت ئاسانە گۆڕینی و پەرلەمان ئەگەر کەم و کورپییەکی تێدابووە با سەرژمێرییەکی گشتی بکرێ و هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێتەوەو ئەو کەم و کورپیانەی کە لەسێ ساڵی رابردوودا لەو ماوەیەی کە پەرلەمان هەبووە، لە پەرلەمانی داهاتوودا با ئەو کەموکورپییە پڕ بکرێتەوە، ئەوانە هەموویان دەتوانین چاك بکەین، بەڵام ئەگەر ئەم بارەمان لەدەست چوو، نە سلێمانی رزگاری دەبێ و نە دهۆك رزگاری دەبێ و نە هەولێریش رزگاری دەبێ و شوێنەکانی تریش دەچن و نە کەسیش دەتوانێ خێر لە گومرگی ئیبراهیم خەلیل یا گومرگی سلێمانی یان گومرگی کەلار و کفری ببینێ، چونکە راستی مێژوو رەحمی پێ ناکات و جارێکی تریش لە بەردەمی میللەت وەهای لێ دێ کە هەرگیز خێر و خۆشی لەهیچ شتێك نەبینێ، ئەو راستیانە هەموویان دەیان زانین و بەڕای منیش ئێمە جهود سەرف بکەین لەبۆ ئەوەی کە بارەکان هێمن بکرێنەوە و چارەسەر بکرێن، ئەوجا باری ئابووریش باس بکرێتەوەو حەقی خۆشتانەو ئێوە پرسیار لە ئێمە بکەن، چونکە نوێنەری خەڵکن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك عەبدوڵلا رەسوڵ، بۆ مەبدەئی گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە هەر بۆ روونکردنەوەی باری ئابووری و سیاسی، وەکو جەنابیشت ئاگاداری و برادەرانی ئەندامی پەرلەمانیش ئاگادارن، نزیکەی سێ لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان لە سەرەتای ئەم مانگەوە مەشغولن و بە نرخاندنی ئەم بارەو ئەم رووداوانەو لە ئەنجامدا لەهەرسێ فراکسیۆنەوە بەڵگەنامەیەك وەك هەڵوێستی پەرلەمان ئامادە کراوە لە ٧/٢٥یشدا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەرداو لە راستیدا زۆر خاڵی تێدا هەیە تەئکید دەکات لەسەر هێورکردنەوەی ئەم بارەو گەڕانەوەی بۆ دۆخی جارانی، پەرلەمان ئەوەی جێگیر کردووە و بێگومان ئەندامانی پەرلەمان دەبێ بەردەوام بن بەهەموو شێوەیەك بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی کە وەریان گرتووە

جێبەجێ بکرێن و لەناو ئەو خاڵانەشدا هاتووە کە دەبێ باری ئابووری چارەسەر بکرێت و تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردەوە کە باری ئابووری خەڵك خراپەو دەبێ باسی لێ بکرێ، باری ئەمنی لە کۆتایی ئەو هەفتەیەی کە چوو، باسکرا، بۆ باری ئابووریش بڕیاردرا کە باسێکی لێ بکرێت ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی ناو بەرنامەی کار کراو بە تەئکید هەر کۆبوونەوەیەکیش ئێمە بەپێی یاسا ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران دەکەینەوە بۆ ئامادەبوونیان و لەوانەیە ئەندامانی پەرلەمان زیاتر پرسیاریان هەبێ یان ئەو روونکردنەوەیەی کە دەدرێ زۆر پرسیار دەبڕێنێتەوە و پەرلەمانیش بۆی هەیە هەر بارێك باس بکات و وتوێژی لەسەر بکات و پاشان ئەو گفتوگۆیە دەوڵەمەند دەکرێ بە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕای ئەندامانی پەرلەمان، جا هیوادارم گفتوگۆی ئەمڕۆ لەناو ئەو چوارچێوەیەدا بکرێت، دەبێ باسی باری ئابووری بکرێت، چونکە بەپێی زۆر راوێژ و بۆچوون و بڕیار ئێستا ئەم بارودۆخە بووەتە خاڵێکی سەرەکی بەتایبەتی پاش ٥/١ بەملاوە، بۆیە دەبێ گرنگی بەباری ئابووری بدرێ و باسی لێوە بکرێ و پاشان بڕیارێکی لەسەر بدرێ ئەو بڕیارە چۆن دەبێ، ئەوە بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئێستاش دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوانەی کە ناویان نووسی قسەیان کردو تەواو بوون، ماوەتەوە ئەگەر روونکردنەوەیەك هەبێ لەلایەن بەڕێز سەرۆك وەزیرانەوە، ئەگەر نا، پشوویەك دەدەین.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پێشنیار دەکەم بۆ پەرلەمان، ئێمە (١٥) وەزارەتمان هەیە ئێوەش (١٥) لیژنەی پەرلەمانیتان هەیە، لەسەر هەر وەزارەتێك لیژنەیەکی پەرلەمانیتان هەیە، بە شێوەیەکی دروست موتابەعەی ئیشەکانیان بکەن و حەفتەی بۆ دوو وەزارەت دابنێین کە رۆژێ بە تەواوی قسەکانی خۆیان بکەن و تێبینی خۆشتان لەسەر ئەو وەزارەتانە چییە دەربڕن و هەروەها لەبۆ چارەسەرکردنی گوزەرانی خەڵکی کوردستانیش، ئەگەر موتابەعەی وەزارەتی دارایی بکەن و موتابەعەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە بکەن و متابەعەی وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی شارەوانی بکەن کە داهاتیان هەیە، ئەوکاتەش باسی دەکەن کە فرنی سەمون دابنرێ لە گەڕەکەکان، ئاردیان بەسەردا دابەش بکرێت و هەر کەسە دەڵێ وابکرێ و وابکرێ ، ئێمەش دانەبڕاوین لەم میللەتە، زۆر چاك دەزانین باری گوزەرانی خەڵك خراپە، بەدرێژی باسمان کردووە کە گوزەرانی خەڵك بەوە چاك دەکرێت کە ئیستقرار هەبێتو داهات هەبێت، پرۆژەی بەرهەمهێنان هەبێت و گەشەپێدان هەبێت ژێرخانی ئابووری کوردستان بینا بکرێتەوە، هەمووی بچێتەوە یەك سەرچاوە، بەڵام ئێستاکە بارەکە هەموو لاتان ئاشکرایە، هەقە ئەو پرسیارانە لە ئێمە نەکەن، ئەوەی کە دەتوانی "سپێرپارت" لە بۆ کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە بێنێ، فەرموو با بینێرین لەسەر حیسابی وەزارەتی پیشەسازی و حکومەتی هەرێمی کوردستان تا بیهێنێ، ئەوە دوو ساڵە باسی دەکەین "سپێر پارت" نییە، بۆچی پاشی دوو ساڵ دەڵێن:

لەرێگەی فلان و بەغداو فیسار رۆییوەو کاك سیروان شارەزایە، با لە سبەینێوە بفەرمووێ ئێستاکەش لە تورکیا لە ئەنقەرە "١٠٠" هەزار دۆلاری پیشەسازی زیاتر لەوێ دانراوە لەبۆ ئەو سپێر پارتانە با بفەرمووێ بچێ لەبۆمان بێنێ و زۆر مەمنونی دەبین، لە مێژووی کوردستان و لەپەرلەمانیش دەڵێین کاك سیروان نەوڕۆلی "٦"

ملیۆن دینـاری قـازانج بـۆ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دابـین کـرد یـاخود ئەگـەر یـەکێکی تـر دەتـوانێ فیلتـەری جگـەرەمان بـۆ بـێنێ، کـاک شـەوکەت فـەرموو زۆر مەمنوون دەبین باسی دەکەینەوە، بـەلاّم ئەگـەر هـەر پرسـیارمان لـێ دەکـەن و کـە دەڵێن ئەوە دێت ئەوە ئەمنیش پێم خۆشە ئەگەر ئێستاکە کارگـەی تاسـڵوجە ئـیش بکات و رۆژی "٦" ملیۆن دینار قازانجمان هەبێ بۆچـی نایـدەین، بـەلاّم لـە سـفرەی بـەتاڵ "بسـم الله" دەکـرێ؟ مامۆسـتا عوسمـان دزەیـی دەڵـێ: دەبـێ ئێسـتاکە چارەسەری باری گوزەرانی خەڵك بکرێ، گەر ژێرخانی ئابووری و کارگێڕی نەبێ، بـە چ گوزەرانی خەڵك دەکەن؟

باشە ئێوە لێرە پارە بدەنە خـەڵك، هـەمووتان ئەنـدامی پەرلـەمانن و سیاسـین و نوێنـەرانی حزبـەکانن، فـەرموو یـەك و هـەزار دینـار مـانگێ بدەنـە خـەڵك ئەگـەرتۆ ئیراداتت هەبێ، فەرمانبەرت هەبێ، داهاتت هەبێ و ئیشەکان بکرێنەوە چۆن ناکرێ؟ گەر کارگێڕییەکان نەچنەوە جێگەی خۆیان چۆن دەکرێت؟ جا من نامەوێ پرسـیاری یەکە یەکـەتان وەلاّم بدەمـەوە، لەبەرئـەوە حەزدەکـەم هـەموو لیژنـەکانتان لیژنـەی پەرلەمانینە، بەدوای ئیشی وەزارەتەکاندا بچن و هەر رۆژێ وەزارەتێك بانگ بکـەن و بـزانن چ وەزیرێـك ئیشـی خـۆی کـردوە بـا دیـاربێ لـە بـەردەمی کۆمـەلاّنی خـەڵکی کوردستان؟ چ وەزیرێکیش ئیشی خۆی نەکردووە؟ بە گشتیش حکومەت بانگ بکەن و بزانن ئەو بەرنامەی کە ئێوە متمانەتان پێداو بڕواتان بە ئێمەدا، لەسەر ئـەوە ئـەو بەرنامەیەش چەندتان جێبەجێ کردووە و چەندتان جێبەجێ نەکردووە؟ لەسـەر ئـەو ئەساسە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، باسی باری ئابووری کرا، بەلاّم وەکـو دەڵـێن چ بکـرێ باشـە؟ بۆیـە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ دەوری لیژنـەکانی پەرلـەمان، دەوری ئەنـدامانی پەرلـەمان، بەراستی ئەوە بەس نییە ئەندامی پەرلەمان بـێ و پرسـیارێك فـڕێ بـداو بـڕوات ئـیتر

تەواو، یا بابەتێك باس بكات و وازی لێ بێنێ، ئەوە لەوانەیە جارێك لێی قبوول بكرێ، بەڵام وەكو ئەندامی پەرلەمان یەكێك لە ئەركەكانتان بەدواداچوونەكەیە، ئێمە ١٥ لیژنەی پەرلەمانیمان هەیە، هەر لیژنەیەك بواری ئیشكردنی خۆی هەیە، دیسان تەئكید دەكەمەوە لەسەر فراكسیۆنەكانی ناو پەرلەمان هەقە ڕێنمایی بدرێ بەوانەی كە ئەندامن لەو لیژنانەو لە فراكسیۆنی پەرلەمانی باس بكرێت، كە چ پێویستە بكرێ و چ پێویست نییە؟ واتا بەپێی بەرنامەیەك جێبەجێ بكرێت.

دیسان دێمەوە سەر باسی باری ئابووریمان، لیژنەی ئابووریمان هەیە هەقە لیژنەی ئابووری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتەكانی تریش بەپەلە ئەم بابەتە باس بكات، ئینجا خۆیان ئەگەر سیمینار دەكەن، پەرلەمان كراوەیە بۆ ئەوان، سیمینار دەكەن پسپۆڕان بانگ دەكەن حكومەت بانگ دەكەن، خۆیان ئازادن، فەرموو كاك عەبدوڵڵا.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

ڕوونكردنەوەیەكم لەسەر لیژنەی پەروەردە هەیە، لەبەرئەوەی سەرۆكی لیژنەكەش لە فراكسیۆنی سەوزە، بۆیە دەمەوێ تەعلیقێكی لەسەر بدەم، یانی ئەو ئابڕووچوونانەی تاقیكردنەوەكان دووبارە بوونەوە چ ڕاپۆرتێكی نووسی بۆ پەرلەمان لەسەر وەزارەتی پەروەردە؟ هەر ئەو ڕۆژە گلەیی كردووە كە لە لیژنە داندراوە و گوتیتیان نابێ تۆ لە لیژنەبی و لە ڕاستیدا هەقیانە، ئێوە خۆتان سەرۆكی لیژنەن كە دەبێ لیژنەی پەروەردە موتابەعەی بكات بزانێ وەزارەتی پەروەردە كەمتەرخەمە، یان كەمتەرخەم نییە؟ نەك ئەوەی كە تۆ بچی لە لیژنەیەكی هاوبەشی حكومەت دابنیشی؟ چونكە دوو دەسەڵاتی لێك جیاوازن، ئێوە دەسەڵاتی تەشریعینە و ئێمەو دەستەی جێبەجێكردنین، ناكرێت ئەتۆ ئەندام بی لە لیژنەیەكی وەزاری كە دەبوو

تێدابی، یاخود چاودێرییان بکەی، پێویستە بەخۆت چاودێری بکـەی، ئـەو ڕۆژە ئـەو لیژنــە وەزارییــە هاتــە ئێــرە، لــەباتی ئــەوەی سوپاسـیان بکـەی کـە پرسـیارەکان ئاشکرابوون و تاقیکردنەوەکان دووبارە بکرێنەوەو ئیشی وەزیـر بەدرێـژایی مێـژووی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان لیژنــەی بەرزدانانــە، ئــەوجا لێـرەدا هــەر وەزیرەکـە هاتووەتــە ئێــرە کــە وەکــو ئەوانــە تاوانبــار بــن کــە "علــی اســاس" پرسـیاری تاقیکردنەوەکان ئاشکرا بووە، پرسـیاریان لـێ بکـرێ لەلایـەن لیژنـەی پـەروەردەی پەرلەمانەوە، یان لەلایەن برادەرانی ترەوە پێویست وابوو چیتان خستۆتەڕوو، یـانی فەرموو ئـەوە فەزیحەکـە یـانی لـە هـەموو دنیـادا وەزیـری پـێ بـانگ دەکـرێ، یـانی لەبەرچی ئێستاکە هـەر پرسـیار بکرێـت وەك کـاك جەوهەرباسـی کـرد، موتابەعـەش نــەکرێت، فــەرموو وەزارەت بــە وەزیرەکــان بــزانین چ وەزیرێــك سەرکەوتووە، چ وەزیرێك سەرنەکەوتووەو حکومەت چی کردووە و چـی نـەکردووە؟ خەڵکی کوردستان بزانن، هەمووی لێك بکرێتەوە، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ( ١ ) ی نائاسایی

## دووشەممە ١٩٩٤/٨/١٥

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٩٩٤/٨/١٥ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە ١ی نائاسایی ساڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- ئامادەبوونی بەڕێزان کاك مەسعود بارزانی و مام جەلال تالەبانی

٢- ئامادەبوونی وەفدی پەرلەمانی بەریتانی

### بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی زۆر قسەی باش کراو چەندین جاریش لەو هۆڵە قسەی باشتریش کراوە، بەلاّم بەداخەوە هەر ماوەیەك وادەبینین پێشێلکاری دووبارە دەبێتەوە، بارەکە ئالۆزتر دەبێتەوەو لەشکرکێشی زیاتر دەبێت. بەڕای من لێرە ئێمە باسی شتی کۆنکریتی بکەین چاکە نەك شتی عاتفی و شتی وا باس بکەین کە بەڕاستی لەپێشتر لەماوەی دوو ساڵی رابردوو زۆر باسی لێکراوە بەتایبەتی لەپاش ئەو رووداوانە ئێستاکە لە کوردستان ئیزدواجیەتی دەسەلاّت هەیە راستە ئێمە لە شکلێکی حکومەتین ئێوە شکلی پەرلەمانن، بەلاّم هەردوو بەڕێزان و مەکتەبە سیاسییەکان بڕیاریان بەدەستەوەیە، هەندێك لە وەزیرە بەڕێزەکان و لە ئەندامانی پەرلەمان

تەوجیهات لە مەکتەبی سیاسی و هەردوو بەڕێزەوە وەردەگرن. لەبەرئەوە ئێستاکە پەرلەمانی کوردستان کە زۆر زۆر پیرۆزە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر زۆر گرنگە دوو دەسکەوتی زۆر گەورەن، هەقە بەڕاستی مام جەلال و کاك مەسعود بەشداری بکەن و بێنە ناو شەرعیەتی دەستوورییەوە، نەك لە دەرەوەی بن، داوا دەکەین ئەم دوو بەڕێزە یەکیان ببێتە سەرۆکی پەرلەمان و یەکیان ببێتە سەرۆکی حکومەت و هەموو هێزی گەلی کوردیش لەناویاندا بیّ و ئەگەر پاساوی وابیّ کە پێشتر تەعامول لەگەڵ باری کوردستان ناکەن، کە حکومەت و پەرلەمان هەیە بەڕای من تەعامول دەکەن. فەرمون ئەوە گەورەترین وەفدی پەرلەمانی بەریتانی کەوا ئێستا لێرەن و ئەوەی ئەمنیش کە خەڵك دەبینم وەفدی دەرەوە دێنە کوردستان ئێستاکە زیاتر لە تاقیکردنەوەی ئەو شەڕە بە تایبەتی ئەو کارەساتە زۆر زۆر پێیان خۆشە زیاتر تەعامول لەگەڵ شەرعیەت بکەن نەك لەگەڵ دوو حزبەکان و ئێستاکەش قەزییەی کورد زۆر چۆتە پێشەوە جا هیوادارم ئێمە بیر لەوە بکەینەوە هەندێك شتی کۆنکریتی بکەین و چارەسەری ئەم بارە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە وەکو باسمان کرد لە سەرەتاوە حکومەت بەس لەناو سنووری شاری هەولێر هەبوو، ئەگەر بێتوو شەرعییەت بگەڕێتەوە ئیش و کارەکان بکرێن حەقە حکومەت لە هەموو شوێنەکاندا هەبیّ، لە هەموو دام و دەزگاکان لە زاخۆوە تاکو خانەقین و هەروەها ئەو شتانە کە باس کران، خۆتان دەزانن کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەیە لە یاسادا، یانی پەرلەمان دەسەڵاتی تەشریعییە ئەو یاسایانەی دەری دەچوێنیّو ئەو بڕیارانەی دەیدا، حکومەت جێبەجێیان دەکا لەبەرئەوە دەبیّ شتەکان بە حکومەت بسپێردریّ یانی جێبەجیّ کردنی هەموو ئیشەکان، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) ی نائاسایی
## سێشەممە ١٩٩٤/٨/١٦

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ١٩٩٤/٨/١٦ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومەنو بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمارە ٢ی نائاسایی ساڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- پێشوازیکردن لە وەفدی پەرلەمانی بەریتانی

٢- گوێگرتن لە نمایشێك دەربارەی کاروباری وەفدەکانی پارتی و یەکێتی بۆ پاریس.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەگەر تازە بابەت نییە با باسی شەقلاوە بکەین، چونکە من دەرۆم و باسی پاریس لەوانەیە دوو سەعاتی بوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بۆ ٢ سەعاتی دەوێت؟ دوێنێ ئاوا ڕێککەوتین لەسەری جا ئـارەزووی ئێوەیـە، بەرنامەکەی ئەمڕۆ بەم شێوەیەیە کێ دەیزانی لە شەقلاوە شتێکی وابـووە؟ فـەرموو کاك د. کەمال.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

راسـتە بـا وەفدەکـە بچێت بـۆ سـەلاحەدین و بچێت بـۆ شـەقلاوەو بگەڕێنـەوە و هەموو بەراستی بە پەرۆشی ئەوەن بزانن چ دەنگ و باسێکیان پێیە؟ کە هاتنەوە بـا ئەوان پوختەیەکی باسەکەمان بۆ بکەن لەو بارەیەشەوە چەن قسەیەك بکـەین، هـیچ نەبێ بزانین لە دوێنێوە تـاکو ئـەمڕۆ چـی هاتۆتـە پێشـەوەو پەرلـەمان پێویسـتە چ هەڵوێستێ وەربگرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی ئەوەی کە دوێنێ لێرەبوو لەبەردەم هەموو بـرادەران و خوشـکان وەکـو رۆژێکـی مێـژوویی دانـرا، بـەڵام ئـەوەی شـەو روویـدا، جـارێکی تـر بـڕواو متمانـەی نەهێشت، وای لێهات هەرجارە وەکو شانۆگەرییەك باسی ڕێککەوتن بکرێت، هەندەی پێ ناچێ دەستبەجێ جارێکی تر تێك دەدرێتەوە، یـەك لـەبارەی خۆمـەوە دەمـەوێ بەهێمنی چارەسەری شـت بکـرێ. لێـت ناشـارمەوە کۆمـەڵێ ئـەوراقم ئامـادەکردبوو قسەم حازرکردبوو ئەمڕۆ لێرە بیکەم، بـەڵام موبادەرەکـەی کـاك مەسـعود بەراسـتی بارەکـەی گـۆڕی، ئێمـە باسـی ئـەوە دەکـەین یـا باسـی ئـەوەمان دەکـرد کێشـەمان ئـەوەبوو دەمـانگوت متمانـە نـەماوە، متمانـە بـە مجامەلـە دروسـت نابێـت، متمانـە

بەشتی کاریگەر دروست دەبێت. ئـەوەی ئـەمڕۆ بێگومـان سـەرەتایەکی گرنگـە بـۆ ئەوەی ئەو متمانەیە دروست بێت لەهەر جێگایەك، دەبێت لە چ لایەکـەوە خـەڵکانێك ئەم کارە بکەن مەسئولی ئەو لایەنە موبادەرە بکات و کۆتایی بەو کەسـانە بێنـیٚ کـە لەسەر حیسابی ئەم میللەتە دەژین، ئومێدەوارم ئەوەی پێش ماوەیەك کە بەڕێز مام جەلال چەند کەسێکی گرتبوون، ئەوانە هەمووی ببنە هۆکاری دروسـتبوونی متمانـەو بڕوای نێوان هەردوولا، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسولٚ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕێزان بەڕاستی وەکو برادەران باسیان کرد ئەوەی دوێنیٚ زۆر دڵخۆشکەر بـووەو ئەمن دوێنیٚ کە لێرە هەستاین گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە بە تەواوەتی، جارێکی کە مەترسـی شـەڕی براکـوژیو ئاژاوەنانـەوەو کێشـە لـە کوردسـتاندا کۆتـایی هـاتو لێرەوەش هەقە کە چۆن ئەو پێشنیارەی ئەنجومەنی نیشتمانی یان ئەو برایانەی ئەو بیرخـەرەوەیان دابـوو، بەڕاسـتی هـەر کەسـێکیش بیـەویٚ ئـەو ئەزموونـە لـە میللەتەکـەمان تێك بـدات، هەقـە لەمێـژووی کـوردا ئـەویش هـەر بـە خـاین حسـاب بکرێـت، چـونکە ئـەوە بەرهـەمی خـوێنی هـەزاران شـەهیدی میللەتەکەمانـەو خۆمـان دەزانـین چـی بەسـەرهاتووە، لەوانەیـە هـەتا دۆستەکانیشـمان نـەزانن چـی بەسەرهاتووە، بەلاٚم لێتان ناشارمەوە کە دوێنیٚ چوومە مالیٚ، من لەمالیٚ بـووم کـاك مەسعود تەلەفۆنی کرد سەعات "٧,٥" گوتی لە شەقلاوە رووداوێك بـوو حەزدەکـەم تۆ تەدەخول بکەی، هەر لەسـەرەتاوە مـن نـە مەسـئولی مەکتـەبی عەسـکەریمەو نـە مەسئولی پێشمەرگەشم، بەلاٚم لەگەلٚ ئەوەشدا پەیوەندیم بە شەقلاٚوە کرد گوتم هـیچ هێزەکـانی یـەکێتی زیـادەڕۆیی نەکـەن و لـەهیچ شـوێنێکیش تەحەشـوود نەکـەن، ئەوبارەی ئێستاکە کۆتایی پیٚ بێنن جارێکی تریش کاك مەسعود پەیوەندی کـردەوە قسەم لەگەلٚ کردەوە، ئێوارە تا سەعات ٩ دووجار وتی چـی لێهاتـەوە؟ گـوتم ئـەوە

هەر ئەوەیە گوتی ئەوە عەمید غازیمان ناردووە بۆ حەلکردنی، بـەلآم بەداخـەوە مـن خۆم پێشمەرگایەتیم کردووە لێتـان ناشـارمەوە لـە سـەرەتای قسـەکانم و زۆرجـاری تریش باسـم کـردووە ئیزدواجیـەتی رەئـی هەیـە، ئەگـەر هـەر هێـزی شـەقلاوە بێـت بڕیارێکی سیاسی ژووری عەمەلیات و هەردوولا یەکێتی و پارتی بڕیار دراوە کە یەکی "١٢" پێشمەرگەیان لە شەقلاوە هەبێ و چەکی قورسیشیان پێ نەبێت لەبۆ ئـەوەی تکافوئ هەبێ، کە کەسێکیان نەتوانێ بارەگای ئەوی تر بگرێت، ئەگـەر جـارێکی تـر ئەو ڕۆژەی کە شەڕ لەسەر کۆیە بوو بە هەموو توانایەکی هێزی پـارتی هێـرش کرایـە شەقلاوەو نەشگیرا، زۆر خـەڵکی مەسـئولی حکومیش ئیشـراف شـەڕەکەیان دەکـرد، نامەوێ باسیان بکەم، ئەوجارە هێزێکی گـەورە لـە مەسـیف و لـە کـۆڕێ حەرەکـەت بکات و هێزێکیش لەحەریرەوە بێت ئەوە هـی ئـەوە نییـە، بـۆ نموونـە هاشـم بـاپیر، وەستا فەلاح و فلان و فلانی پێ ئیتهام بکرێتـەوە کـە ئەوانـە بتـوانن بچـن شـەڕەکە دروست بکەن، شەڕێکی لە سەعات "٧"ی دوێنێ ئێوارەوە هەتاکو "١٠,٥" ئیمڕۆکە بەردەوام بێ بە خەستی، هـەتاکو ئەنـدامانی پەرلـەمانیش چـووینە وردە تەقـە هـەر هـەبووە، کـە دەوری سـەعات "١٢" بـووە، ئـەوان چـوون "١٢,٥" بـووە، نزیکـەی سەعات ١١ بووە، من هەستم دەکرد لائیرادی تەقەکرا کە هـەولێر زۆر زۆر گـەورەترە لە شەقلاوە کە توانیمان بە جهودی هەموو لایەك بە "٢" سەعات سەیتەرەی لەسـەر بکەین، کە شوێنەکانی تر نەگرێتەوە، ئەوجا من نامەوێ بڵێم چۆنەو چۆن نیە، بەلآم ئـــەوەی کـــە میللـــەتی ئێمـــەی کوشـــتووە، ئیزدواجیـــەتی رەئییـــە، هـــەمووومان ئاشتیخوازین‌و هەمووومان باشیمان لەبۆخۆمان دەوێت، بەلآم بە فعلی لە مومارەسەی عەمەلیدا وانییە، جا من لێتـان ناشـارمەوە ئەگـەر ئیجرائـات لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتە نەکرێت کە هەڕەشە لە هەموو دەستکەوتەکەمان دەکات، واتە ئەوە نییە بڵـێ وەڵـلا فلان شـوێن کردوویـەتی، لـە فـلان شـوێن مـەفرەزەك کردوویـەتی، یـان فـلان کـەس تەقەی کردووە، لە خۆیـەوە هێـز حەرەکـەتی کـردووە لـە هـەریرەوە بۆچـی؟ هێـزی دیکە لە میراوەوە هێرش دەکات؟ لە ماوەرانەوە هێرش دەکات لە سۆرکەوە هێـرش

دەکات، بۆچی لە سەفینەوە هێرش دەکات، بۆچی لە کارگەی قیرەوە هێرش دەکات؟ بۆچی لە کاوانیانەوە هجوم دەکات؟ جگە لەو هێزەی کە لەناو شەقلاوەیەو یەکێتیش "بالمقابل" هێزی هەیە، ئەویش "٥٠٠٠" کەسی بناردایە لە سەفینەوە، لە هیرانەوە و شەڕێکی گەورە دروست بایەو شوێنەکانی تری بگرتایەوەو دەستکەوتەکەمان لەکیس بچێت، ئەوە بە مانای ئەوەیە ئەو هێزە بە فەرمانی مەسئولی زل حەرەکەی کردووە، یەعنی ئەوەنییە بڵێ ئەو کەسانەی کە ناویان درایە "٦-٧" کەسن و قسەیان لەسەر کراوە، ئەوەش ئەمن بەکاك مەسعودیشم گوت ئەو دەقیقەیەی کە لە ژووری خۆمان بووین، لەوانەیە کاك یونس و کۆمەڵێ برادەری وەزیری تریش لەوێ بوون و ئێستاش دەیڵێمەوە ئەمن پێم خۆشە ئەو شتانەی کە دەکرێن عەمەلی بن، یەکێکیان پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی ئەو لایەنە بکات کە کردوویەتی، بە راشکاوی و بەروونی، دووەمین ئەوانەی کە ئەو جەریمەیان کردووە، موسەببن لە ئاستی قیادیش بن حەرەکەتیان بەو هێزە کردووە بدرێنە دادگا، بدرێنە پۆلیس، نەك بدرێنە خەڵکی تر، چونکە ئێمە تاقیکردنەوەمان هەیە، رووداوی ناو هەولێر و باداوە روویدا سێ چوار خەڵکی بێ تاوان کوژران من شەخسی داوام لە کاك مەسعود کردووە وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوانە بدرێنە دادگا، گووتی من دەیانبەمە مەسیفو لە مەسیف تەحقیقیان لەگەڵدا دەکەم، فلاَن و فیسار نامەوێ هەر بێزیشم نایە ناویان بێنم، چونکە ناوەکەیان کۆمەڵ رقی لێدەبێتەو، ئەوجا هێنرانەوەو چەکی قورسیشیان پێ دراوەو هاتنەوە هەولێریش لەبۆ تەحەدای حکومەت، ئەوجا من پێشنیار دەکەم:

**یەکەمین:** ئیدانەی ئەو هەڵوێستە بکرێت.

**دووەمین:** ئەوانە بدرێنە پۆلیس لە مەوقعی هەولێر بگیرێن هەر کەسێ بن.

**سێیەم:** شەقلاوە هێزی یەکێتی و پارتی هەمووی بچنە دەرێ کەسی تێدا نەبێ، پۆلیسو ئاسایشو قایمقامو حاکمی تێدایە لەوێندەرێ بێ و بارەگاکنیشیان بێ چەك بن، ئەگەر ئەوە نەکرێت ئەمن لێتان ناشارمەوە بەڕاستی هەڵوێست وەردەگرم وەکو

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە دانیشتنەکەی تری وەکی ئەمڕۆکە داواتان لێ دەکەم کە من ببوورن، لەوکاتەوە برادەرێکی دیکە دەستنیشان بکەن کە قبوڵی ئەو هەموو بەزم و ڕەزمە بکات و هەر بەشکلی ناوی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێ، دڵنیاشتان دەکەم من لەبەرئەوەم نییە بڵێم منماڵێکم لەوێندەرێ بووە تالآن کراوە، یان تالآن نەکراوە، من چەندین جار ماڵم سووتاوە من پ.م بووم، من منداڵی خۆم لەسەر شۆڕش داناوەو لەبەرخاتری برایەتیش من "٢٠" پێشمەرگە لە ماڵێك هەبوو هێنامنەوە "١" کەسم لەوێ بەجێهێشتووە ئەو ماڵە کە تالآن کرایەو بردیتیان "١" پاسەوانی هەبوو حەرەسەکەش نازانم چەکی پێ بووە یان نا، سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە ( ٣ ) ی نائاسایی
# پێنج شەممە ١٩٩٤/٨/٢٥

كاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ١٩٩٤/٨/٢٥ ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆكی ئەنجومەنو بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە ٣ی نائاسایی ساڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.

**بەرنامەی كار:**

گفتوگۆكردن لەسەر ئاساییكردنەوەی بارودۆخی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن

ئێمە چەندین جارە كۆدەبینەوە، بەڕاستی رووداوەكانیش بەردەوامن، زۆرجاریش قسەكانمان زەقەو ئەوەش من بەدڵسۆزی لەبۆ ئەندامانی پەرلەمان و برا وەزیرەكان دەردەبڕم كە یان ئەو پرۆژەی كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەشی هەردوو بەڕێزان كراوە، ئەوەش هەر لەبەر پەرۆشی مەسەلەكانەو ئەگەرنا مام جەلال و كاك مەسعود رەمزی حەرەكەكەنەو هەموومان شانازییان پێوە دەكەین، پێشمان وایە كلیلی چارەسەركردنی كێشەكان بەدەست ئەوانەو ئەگەر یەكێك لە مەكتەبی سیاسی

یان له سەرکردایەتی یان لـه سـەرکردایەتی مەیدانی سەرپێچی بکات، لاش بدرێ، لەوانەیە خەڵکی تر هەبێ جێی بگرێتەوە، بەڵام هەتاکو ئێستا کەس بەدیلی ئـەو دوو برادەرەمـان نییـە، ئەگـەرنا لەوانەیـە خۆمـان بـە شـێوەیەکی تـر هەڵوێسـتمان وەردەگرت، ئێستاکەش من لەگەڵ ئەوەنیمە ئەو مەسەلانە بـە عاتیفـە بـاس بکرێن، فلأن ئیجرائات و فیسار ئیجرائات، بێگومان ئەو بارەی کە روویداوە خوێنی زۆر تێدا رژاوەو خـەڵکی زۆر تێـدا شـەهید بـووەو هـەروەها لەلایـەکی تریشـەوە بەڕاسـتی برینەکان هەر سارێژ ناکرێن، لەسەرەوە دەرمان بکرێ لە بنەوە پیس بێت جراحـەت بکاتەوە، من لەگەڵ ئـەوەم کـە لـە بنەڕەتـەوە چارەسـەری ئـەو مەسـەلەیە بکـەین، ئەگەر لە بنەڕەتەوە چارەسەری نەکەین‌و هەموو جار پینەو پەڕۆمان کـرد، لەوانەیـە لە شـوێنێکی کـە ئـەمجارە هەڵداتـەوە ئـەوجارە زۆر ناخۆشـتربێ و پێمـان کـۆنترۆڵ نەکرێ، ئەوەش بەوە دەکرێ هەردوو بەڕێزان لەگەڵ مەکتەبی سیاسـی هـەردووکیان و هەردوولا یان هەردووکیان دانیشن چەند رۆژێك بەیەکەوە چارەیەکی لە رەگەوە بۆ سەرانسەری کوردستان دابنێن‌و پێموایـە ئـەم ئەرکـە مێژووییـە کـە بـەڕادەی یەکـەم لەسەر شانی هەردووکیانەو دوایی لە سەر شانی هەردوو حزبە کە حزبەکانی تریشـە، بەڵام ئێستا شەرعیەت بەدەست ئەو دوو حزبەیە، خەڵکی کوردستان دەنگی داوەتـە یـەکێتی و پـارتی کـە پەرلـەمان و حکومـەتیان دانـاوە ئـەو ئەزموونـە سـبەی خوانەخواستە تووشی لەناوچوون بێ، یان لەناوبچێ، خـەڵکی تـر لەوانەیـە هـەرپێی خۆش بێ تیا بچێ، بۆ نموونە: خەڵکێك هەیە ئێستا هاوپەیمانێتی هەیە لەگەڵ لایەك لە لایەنـەکان، ئـەو خـۆی لێپرسـراو نییـە، چـونکە لەوانەیـە ئـەمڕۆ بـەڕادەی یەکـەم لایەنەکەی تر ناحەزی بێ، بەڵام بەرادەی دووەم ئەو لایەنەی کـە هاوپەیمانـە لەگـەڵ ناحەزی تر و بە پێچەوانەوە، بەڵام ئەرکی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەسەر شانی ئـەو دوو حزبەیـەو لەسەرشـانی ئـەو دوو بەڕێزەیـەو پێموایـە بەڕاسـتی لێـرە دەبـێ ئەمڕۆکە لەو کۆبوونەوەیەدا هەردووکیان بگەنە قەناعەتێك و دانیشـن چـەند رۆژێـك و چارەیەکی بنبڕ لەبۆ ئەو مەسەلانە دابنێن، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) ی نائاسایی
## شەممە ١٩٩٤/٨/٢٧

کاتــژمێر ١٠ی ســەرلەبەیانی ڕۆژی شــەممە ڕێکــەوتی ١٩٩٤/٨/٢٧ ئەنجومــەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومـەن و بــەئامادەبوونی جێگــری ســەرۆك بــەڕێز نــەژاد ئەحمــەد عــەزیز ئاغــاو ســکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمـارە ٤ی نائاسـایی سـاڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سـەرەتا لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسـایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومـەن بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

ئامـادەبوونی بـەڕێزان کـاك مەسـعود و مـام جـەلال لـە پەرلـەمان و گفتوگـۆکردن لەسەر ڕاوەستاندنی شەڕ و پێکدادان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕێزان، بەڕاستی من پیرۆزبایی لـە هـەموو لایـەك دەکـەم بەبۆنـەی کۆبوونـەوەی ئەم دوو ڕۆژە کـە بـەم گیانـە بـەرزەوە کۆبووینەتـەوە و مـن بـە قەناعەتـەوە دەڵـێم ئێستا تەوەجوهەکە ئەوەیە کە ئەم شەڕە ناوخۆییە بنـبڕ بکـرێ و بارەکـانیش ئـارام ببنــەوەو ئــەم خۆشەویســتییەی هــەردوو بــەڕێزان و هــەردوو حــزب لــەناو کۆمــەڵانی خــەڵکی کوردســتان هــەبووە، بگەڕێتــەوە شــوێنی خــۆی، دیـارە خۆتـان هــەمووتان دەزانن میللەتی ئێمە هەرچی بەسـەرهات لەبـەر عـاملی مـەوزوعی و دەرەوە بـووە،

ئێستاکە ئەمڕۆ ئەو نامەی کە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هاتووە بۆ یەکێتی و بۆ پارتی، نیشانەی ئەوەیە کە عاملی دەرەوە و عاملی مەوزوعی لە قازانجی میللەتەکەی ئێمەدایە، تەنیا عاملی زاتییە ئەویش وەکو مرۆڤ تەنیا خۆی ئاگر لەماڵی خۆی بەردا وایە، جا هیوادارین وەکو برادەران باسیان کرد گەڕاندنەوەی متمانە بێتەوە لەنێوان هەردوولا بەڕاستیش چارەسەرێکی بنچینەیی بکرێ بۆ ئەو پەیوەندییانە، نەك هەر کابرایەك راست ببێتەوە لە یەکێتی یا لە پارتی بە ئارەزووی خۆی شەڕێك دروست بکاتو سەرانسەری وڵات بگرێتەوە، یان هەر کەسێك ئیجتیهادات بکات یان پێشبڕکێ هەبێ لەوەی کام لا کادیرەکان دژی لایەکەی ترە لەلایەن حزبەکەی خۆی لەپێشەوە حیسابی لەگەڵدا بکرێ. لەبەرئەوەی دژی یەکێتییە هەقە ئەوە لەمەودوا ئەو کەسانەی دژی دوژمنن لەهەردوو حزب و لەناو میللەتەکەمان و لەناو حزبەکانی تریش ئەوانە لەریزی پێشەوە بن، نەك ئەوانەی بەڕاستی دژی یەکترینە، چونکە دژی یەکتری مانای ئەوەیە دژی هەموو کوردن، لە پێشەوە دژی حزبەکەی خۆیانن، جا پێموایە بەو گیانە ئیش بکرێ چارەسەری هەموو کێشەکان دەکرێ و پیرۆزبایش لەهەموو لایەك دەکەین و هیواداریشم مام جەلال و کاك مەسعود ئەوها هەمیشە بەیەکەوە بن و ئەو رێککەوتننانەی کە دەکرێن، کۆنکریتی بن و لە سەرانسەری کوردستان رەنگ بداتەوە، هەروەها دوێنێش لە کۆبوونەوەی دوو قۆڵیدا پێشنیارم کرد پاش ئەوەی کە ئاسایی دەبێتەوە هەردووکیان لەزاخۆوە هەتا خانەقین کۆبوونەوە بە خەڵکی بکەن، واتە بە خەڵکی کوردستانو بەناوی خوێنی شەهیدان داوای لێبووردنیان لێ بکەن، چونکە کوڕی خەڵك زۆر زۆر شەهید بوون، میللەتەکەمان زیانێکی زۆری بینیوە لەو مەسەلەیە، مەسەلەکەش کەس شانازی پێوە ناکاتو تکا دەکەم پاش ئەوەی بارەکە ئاسایی دەبێتەوە، جەولەیەکی سەرانسەری کوردستان بکەن بەیەکەوە، داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان بکەن، زۆر سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی كردنەوەی خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٤
## سێشەممە ١٩٩٤/٩/٦

كاتـژمێر ١٠ی سـەرلەبەیانی رۆژی سێشـەممە ڕێكـەوتی ١٩٩٤/٩/٦ ئەنجومـەنی نیشتمانی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆكی ئەنجومـەن و بـەئامادەبوونی جێگـری سـەرۆك بـەڕێز نـەژاد ئەحمـەد عـەزیز ئاغـاو سـكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسـەت ئەحمـەد عەبدوڵلا، دانیشـتنی كردنـەوەی خـولی ئاسـایی دووەمی سـاڵی ١٩٩٤ی خـۆی بەسـت، سـەرەتا لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆكایەتییەوە رادەی یاسـایی دانیشـتنەكە چەسـپێنرا، ئـەوجا بـەڕێز سـەرۆكی ئەنجومـەن بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان، دانیشـتنەكەی بـەناوی گـەلی كوردسـتانەوە دەسـت پێكرد.

**بەرنامەی كار:**

ڕێـوڕەسمی كردنـەوەی خـولی دووەمـی سـاڵی سـێیەمی ئەنجومـەنی نیشـتمانی كوردستان.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بـەناوی خـۆم و بـرا وەزیرەكـانی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان گـەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەكەم بەبۆنەی دەسـتپێكردنەوەی خـولی یەكـەمی سـاڵی سـێیەمی پەرلـەمانی كوردسـتان، ئـەو پەرلەمانـەی كـە ئـاوات و ئامـانجی گەلەكـەمان بـوو لـە سەرانسەری كوردستان و ئاواتی شەهیدە نەمرەكانی كوردستان بوو، كە پەرلـەمانی خۆمان هەبێ لە كوردستان و ئەو پەرلەمانەش ئەوە ساڵی سێیەمە كە بەردەوامە بـە

رەغمی ناحەزانی گەلەکەمان و دوژمنـانی کوردسـتان کـە دەیانـەوێت ئـەو ئەزموونـە دیموکراتییە لە کوردستانی عێراقدا کـە خـۆی لـە حکومـەت و پـەرلەمانـدا دەنـوێنێ، تەمەنی زۆر زۆر کورت بێت و بـەردەوام نـەبێ. لـە مـاوەی دامەزرانـدنی پـەرلـەمان و حکومـەت، کێشـەو گرفتـی زۆر هاتۆتـە پێشـەوە لـە کوردسـتاندا، ئـەو کێشـانەش بەشێکی هەرەزۆری ناحەزانی ئەو ئەزموونە دیموکراتییە لە بۆیان دروست کردینـە چ کێشەی ئابووری بووبێ چ سەردەمێکیش ئاژاوەنانەوەو پیلانگێڕی بـووبێ لـە شـار و شارۆچکەکانی کوردستانو تەقاندنەوەی بنکەکان و باڵەخانە بـووبێ بەداخـەوە لـەم دواییەدا خۆمانیش بەشـداریمان کـرد لـەوەی کـە دڵـی ناحـەزانی گەلەکـەمان خـۆش بکەین و ئـەو شـەڕە خۆکوژییـەی کـە لـە چـوار مـانگی رابـردوو کـە روویـدا ئـەوەش زیانێکی زۆری لەو ئەزموونە دیموکراتییـە دا چ لـە نـاوەوە چ لـە دەرەوە، خـەڵکێکی زۆریش لە براکانمان و لـە خۆشەویسـتەکانمان شـەهید بـوون بـەبێ ئـەوەی کـە هـیچ ئامانجێکی تێدابێتو ئێستاکەش جێگای خۆشحاڵیە کە پەرلەمانی کوردسـتان وەکـو باسمکرد زۆر ناحەزان و دوژمنان کە دەیانویسـت کـە ئـەو پەرلەمانـە سـەرنەکەوێت، کەچی پەرلەمان بەردەوامەو دەوری کاریگەریشی بینی لەو دواییەدا لـەوەی کـە ئـەو شــەڕە خۆکوژییــە بــە یــەکجارەکی لــەبن و بنەڕەتــەوە کۆتــایی پــێ بێـت و بــاری کوردستان ئاسایی بێتەوە، هەروەها حکومەتو پەرلەمان هاوکار بوون کـە مەترسـی گەورە هاتە سەر میللەتەکـەمان لـە هەڵوێسـت وەرگرتن بەرامبـەر بـەوەی کـە بـاری کوردستان دەبێ ئاسایی ببێتەوە ئەو بارەی کە هاتـە پێشـەوە، کۆتـایی پـێ بێـت و هەروها لە بۆ داهاتووش بەرنامەی هاوبەشیان هەبێ کە بەڕاستی بەرپەرچییەك هەبێ کـە جـارێکی تـر، ئـەو شـەڕە خۆکوژییـە لـە کوردسـتاندا دووبـارە نەبێتـەوەو ئێمـە هەموومان و هەموو وزەیەکی میللەتەکەمان لەناو شەرعییەت دابێ لـەناو حکومـەت و پـەرلەمان دابێ و بە هەڵوێستێکی هاوبەشیش داوامان لە جەنابی کاك مەسعود و مـام جــەلال کــردووە کــە ئــەوانیش بەرپرســێتی حکومــەت و پەرلــەمان وەربگــرن و مەسئولەکانی تری ناو حزبەکانیش و بەتایبەتی ناو یـەکێتی و پـارتی ئـەوانیش بێنـە

ناو حکومەتەوە، کە بڕیارە لە شوێنی شەرعی بدرێت و ئەگەر هاتوو ئەو ئەزموونە دیموکراتییە حکومەت و پەرلەمانە سەرنەکەوێ، پێمان وانییە کە حزبەکان سەرکەوتنیان لەبۆ بمێنێتەوە بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو ئەزموونە دیموکراتییە سەر بکەوێت، پێموایە حزبەکانو هەموو خەڵکی کوردستان سەرکەوتوو دەبن و پێشموایە ئەگەر هاتوو هەموو توانای حزبە سیاسییەکانو بەتایبەتی یەکێتی و پارتی لەناو حکومەت و پەرلەمان بێت، خەڵك تەرکیز دەکاتە سەر کوردایەتی سەر خزمەتی خەڵك نەك سەر حزبایەتی، بەلام ئەگەر تواناکە لە دەرەوەی ئەم دوو شوێنەبێ، پێموایە دیسان تووشی کێشەو گیروگرفت دەبین لەبەرئەوە ئەمن بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی تر داوا لەم دوو بەڕێزە دەکەم و پەرلەمانیش پێموایە رای وایە و ئەوانیش نابێ لەرای میللەت و لەرای حکومەت و پەرلەمان دەربچن کە ئەوە ئاواتی هەموو لایەکمان بووە ئەوجارە ئێمە دەبینە سەرباز لەبۆیان کە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەین ئیراداتی هەرێمی کوردستان هەموو لە خزمەتی گەلی کوردستان بێت بەیەکسانی و بە عەدالەت دابەش بکرێ و ئەو خەڵکەی کە ئێستاکە بەتایبەتی فەرمانبەران و خانەنشینان و کەسوکاری شەهیدەکان کە یارمەتییەکانیان ئەوە نییە کە بەڕاستی بەشی پێنج رۆژێ بکات، ئەگەر بێتوو هەموو توانات لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمان دەرچوونە جێبەجێ بکرێن، پێموایە دەتوانین ئەو خەڵکانەی کە باریان زۆر خراپە باری ژیانیان باش بکەین ئەمن و ئاسایش لە کوردستان پیادە بکەینو هەروەها دۆستەکانیشمان بەڕاستی ئێستاکە هاتینە سەر ئەو راستیە کە مامەڵە لەگەڵ حکومەتو پەرلەمانو مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەزموونە دیموکراتییە دەکەن. پێیانوایە پێشتر کە مامەڵەیان لەگەڵ حزبەکان کردووە ئەوەش هۆیەك بووە کە ئەو حکومەت و پەرلەمانە سەرکەوتوو نەبێ، بۆیە ئێستاکە ئەوەی کە ئێمە بینیمان، هەموو لایەك دەیانەوێ حکومەت و پەرلەمان بەڕاستی دەوری خۆی ببینێ، خەڵکی کوردستانیش ئەوەی دەوێ کە حکومەتو پەرلەمان دەوری خۆی ببینێو پێشموایە ئەگەر خۆمان

بمانەوێ یانی ئەو یەکسانی و ئەو یاسایانە لە کوردستان لەسەرووی هەموویانەوە بێ دەتوانین زۆر شت بکەین، یانی زۆر وڵات هەیە کە هەر بە ترانسێت دەتوانێ خزمەتی میللەتی خۆی بکا گوزەرانی بۆ دابین بکا. هەرچەندە کوردستانی ئێمە زۆر دەوڵەمەندەو ئێستاکەش بەو هەموو بارەی کە هاتە پێشەوە کێشاندنەوەی "٢٥" دیناری لەبازاڕ و شەڕی ناوخۆ هەموو لەناو حکومەت نەبووە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیتی شتی باش بکات ئەگەر بەراورد بکەی بەو هەموو کۆسپ و تەگەرەی کە لەپێشی بوو لە ماوەی رابردوو چ لە کۆنترۆڵکردنی چ لە زیادکردنی هەندێ مووچە لەبۆ هەندێ توێژ وەکو دوکتۆری زانکۆ و پزیشکی پسپۆڕ و دادوەرەکان. هەروەها لەبۆ خێزانی شەهیدان و ئێستاکەش پێموایە هەموومان بمانەوێ باری گوزەرانی گشتی کوردستان چاك بکەین، ئەمن و ئاسایش لە کوردستان دابین بکەین یاسای چەك جێبەجێ بکرێ، میلیشیات چارە بکرێ و پێشبڕکێی چەکداری نەمێنێ لەنێوان حزبەکان ئەوەی کە لەو رێگایە خەرج دەکرێ لە خزمەتی خەڵکی کوردستان خەرج بکرێ، چونکە ئەو راستیە هەموومان دەیزانین کە ئەوکاتەی کە خەڵکی کوردستانمان لەگەڵ بوو ئەو حکومەتە زل و زەبەلاحەی بەعس کە "٢٣" ساڵ لە کوردستان بنکەی هەبوو، هەڵمان تەکاندو کە خەڵك بەخەونیش بیری لێ نەدەکردەوە کە ئەو هەموو دام و دەزگایە بە ماوەیەکی کورت بەماوەی هەفتەیەك بە کەرکوکەوە لە کوردستان نەمێنێو دەربەدەر بکرێت و ئاسەواریش بسڕێتەوە، پێموایە ئێستاکەش ئەگەر خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەو حکومەت و پەرلەمانە بێ و لەگەڵ ئەو لایەنانە بێ کە ئێستا بەرپرسیاریی مێژوویيان لەسەرە کە یەکێتی و پارتینە، ئەوان بەرپرسیارن کە ئێستاکە خەڵك متمانەی پێدانو هەتا دەورێکی تر هەڵبژاردن دەکرێتەوە تا ژیانی خەڵکی چاك بکەن ئەمن و ئاسایش لە کوردستان دابین بکەن، ئەوە پێموایە زۆرشتی زۆرمان پێ دەکرد، بەلام ئەگەر هەر بێینەوە سەر هەردوو حزبەکەو یان ئەو کۆمەڵە چەکدارانەی خۆمان هەمانە وەك ئەو هێزانەی کە هەمانە، کە هیچ هێزێك میللەتی لەگەڵ نەبێ ئەنجامی

نییــە، هیــوادارین لەمــەولا هاوکــاری حکومــەت و پەرلــەمان بــەردەوام بێــت و ئــەو پەیوەندییــە چــاکەی کــە ئێســتاکە لــەو دوا دواییــەدا هەیــە لــەنێوان حکومــەت و پەرلەماندا، بەڕاستی بەرهەمی باشیش هەبوو هەم لەبۆ ئەوەی کە بـەڕێزان هاوکـاری لەگـەڵ حکومـەتو پەرلەمانـدا بکـەن، بـێن لێرانـە زۆر بـە شـێوەیەکی دیموکراتیانـە ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکی کوردستان هەموو بینی کە زۆر پرسیاریان لێ دەکـردن هەنـدەك لەپرسـیارەکان زیـادەڕۆییش بـوون، بـەڵام خـەڵك هـەقی بـوو، چـونکە زۆر لەدڵیدا پـەنگی دابـۆوە زۆر مـابۆوە کـە لێـرە جێیـەکی شـەرعییە هـەقی خۆشـیەتی ئەوەش ئەنجامی ئەوەیە کە حکومەتو پەرلەمان یەك هەڵوێسـتی هەیـە ئێسـتاکەش هیوادارین ئەو بارەی کە ئێستا هەیە لەنێوان حکومەت و پەرلەمان با لـە کوردسـتان بەردەوام بێ و بتوانین هەموو لایەکمان بەڕاستی سارێژی ئەو برینانە بکەین، چـونکە ئەگەر ئیشی زۆری لەبۆ نەکەین ئەو بـارەی کـە هاتـە پێشـەوە، برینـی زۆری خسـتە گیــانی هــەموو لایــەکمان خــەڵکی زۆر بەراســتی شــەهید بــوون کــەس و کــاری شەهیدەکانیش، ئێستا کەسوکاریان هـەموویان دەیانـەوێ ئـەو بـارە چـەندی زووە و ئەو برینە بە گورجی سارێژ بکرێتەوە، داوامان لێ دەکەن نەك خەڵکی تر شەهید بـێ و قوربانی بێت، بێ ئەوەی هیچ ئەنجامی هەبێ، خەڵك حەز دەکات کـە کـوڕی خـۆی لەپێناوی رزگارکردنی کوردستان شەهید بێ، نەك لە ململانێدا، ئـەزموونێکمان هەیـە خۆمان تێکی بدەین ئینجا سـارێژکردنی ئـەو برینـەش بەڕاسـتی مانـدووبوونی زۆری دەوێ، کۆششی زۆری دەوێ، پێموایـە ئێسـتاکەش زەمینـە زۆر لـەبارە بـە تایبـەتی لـەبواری دەرەوەدا. دەمێنێتـەوە سـەرخۆمان لـەناوەوە، لـەناوەوەش هـەم دیسـان زەمینە لەبارە، بەڵام بەجدی هەموو ئیشـی لـەبۆ بکـەین شـتەکان سـارد نەکەینـەوە مرداری نەکەینەوە، زوو بـە پیرییـەوە بچین و زوو ئـەو جەولاتانـەی کـە بـاس کـران بەڕاسـتی لـەپاش ئـەوەی مەقەراتـەکان کـە دەگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان هەریەکـە جێگای لەبۆ دیاری کـراوە پابەنـدی بکـرێ، کـەس نـەکا هـەر بەشـێوەی بڵـێن ئـەوە بڕیارێك دراو فلان بنکەی لێیە فیسار بنکەی لێیە، دیسان هەمان بەزممان بۆ دروست

بکەنەوە لەناو شار بەدەیان ئۆتۆمبێل بدزن و ئەمن و ئاسایشی خەڵك تێکبدەن تووشی شەڕ ببینەوە هەقە هەموو لایەنەکان ئەو شوێنەی کە لەبۆیان دادەنرێت پابەندی پێوە بکەن و متابەعەی بکەین ئەو لیژنە بالاّ عەسکەرییەی کە دانراوە، هەر کەسێك کە ئیلتزامی نەکرد لەبەردەمی پەرلەمان لەبەردەمی تەلەفزیۆن لەبەردەمی جەماوەر، بلێین فلاّن لایەن ئیلتزام ناکات یان فلاّن لایەن بەڵێنشکێنی دەکات و هەروەها پاش ئەوەی بارەگاکانیان و ئیداراتیش دەگەڕێنەوە، من دیسان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود لە زاخۆوە هەتاکو خانەقین گەشتێك بکەنو داوای لێبووردن لە خەڵك بکەنو دڵی خەڵك بدەنەوەو کۆبوونەوە بەو کەسانە بکەن کە پەککەوتە بوون و سەقەت بوونەو لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا و ئەوانەش بەڕاستی حیسابەکی تایبەتیشیان بۆ بکرێ، ئەوا زۆر شتێکی پیرۆزیشەو هیواداریشین ئەوە دوا ناکۆکی میللەتەکەمان بێت و ئەوەش ببێتە ئەزموونێك و گرفتی وا گەورە نەبێتەوە، زۆر سوپاستان دەکەین.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

# یەكشەممە ١٩٩٤/١٠/٩

كاتـژمێر ١٠ی سـەرلەبەیانی رۆژی سێشـەممە رێكـەوتی ١٩٩٤/١٠/٩ ئەنجومـەنی نیشـتمانی كوردسـتان بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز جەوهـەر نـامیق سـالم سـەرۆكی ئەنجومـەن و بـەئامادەبوونی جێگـری سـەرۆك بـەڕێز نـەژاد ئەحمـەد عـەزیز ئاغـاو سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره (٥)ی خـولی ئاسـایی دووەمـی سـاڵی ١٩٩٤ی خـۆی بەسـت، سـەرەتا لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆكایەتییەوە رادەی یاسـایی دانیشـتنەكە چەسـپێنرا، ئـەوجا بـەڕێز سـەرۆكی ئەنجومـەن بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان، دانیشـتنەكەی بـەناوی گـەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

پێشنیارێك لەلایەن سەرۆكی فراكسیۆنی كەسكەوە هەیە بۆ ئەوەی ئەم برگەیە لە دانیشتنەكە بكەین بە دانیشتنێكی نهێنی، جا ئەیخەینە دەنگدانەوە وەكو پـەیڕەوی ناوخۆ ئەڵێ كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، كە ئـەم دانیشـتنە نهـێنی بـێ، بـۆ سبەی دانیشـتنمان نییـە، بـا راگەیانـدن بـۆ دووسبەی سەعات ١٠ ئاسایی بێتەوە.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دیارە ئەو بارەی ئێستا لە عێراق هاتۆتـە پێشەوە لە ئەنجامی هەڕەشەكانی سەرۆكی رژێمی عێـراق سـەدام حسـێنە، ئـەوەش

ئێمه پێمانوایه وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان که سەدام گەیشتۆته حاڵەتێك که دەبیٚ شتێك بکات، چونکه باری ئابووری زۆر زۆر خراپه و هەروەهاش پێمانوایه لەوانەیه شتەکی ببینێتەوە که نەمانی خۆی تێدا دەربازبکات بەگوێرەی ئەو دەنگ و باسانەی که له رۆژنامەو راگەیاندنەکان باسی ئەوە دەکەن. گشتیش دەڵێن ئێمه لاریمان نییه که وەری بگرین وەکو پەنابەری سیاسی وەکو خەڵکی تر و هەروەها کەمکردنەوەی بیتاقەی کەلوپەلی خۆراك بۆ خەڵکی عێراقو وەشێوانی باری ناو بەغداو خواروو، سەدام ناچار دەبیٚ شتیٚ بکات، جگه لەوەش که ئەو بڕیارەی داوەو هەڕەشەی کرد له پاش کۆبوونەوەی خۆیان ئێستاکه مەحفەلی دوەلی والێکرد که هەر بیر لەوە نەکەنەوە که سەدام جارێکی دی ئابلۆقەی لەسەر هەڵبگیریٚ، چونکه بەو کارەو بەو هەڕەشەیه پێمانوایه لەو مانگەدا رووداني شتێك دەبیٚ و رووداویش لەباری عێراق دەبیٚ و سەدامیش کابرایەکه ناتوانیٚ حیساباتی بەشێوەیەکی راست و دروستو بابەتی لەسەر بکەی، لەبەرئەوە دەبیٚ زۆر ئەگەر لێك بدەیەوە بۆ ئەوەی که سەدام چی دەکات و یان چی ناکات؟ سەدام ئێستاکه هێزێکی سەربازی و گەورەی بردۆته خوارووی عێراق و سەر سنووری کوێت که پەلاماری کوێت بدات. ئەوە ئەگەرێکیانه، بەڵام ئەگەری هەرەزۆری ئەوەیه ئێمه پێمانوایه وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان که پەلاماری "مثلثي حدودي" سێگوشەی سنووری بدات که زاخۆو ئەو ناوچەیەو لێتان ناشارینەوەو بەدووریشی نازانم، که ماوەیەکه شلییەك لەحکومەتی تورکیا هەیه لەبۆ ئەوەی کەلێنێکی بدەنیٚ و بۆری نەفتی بڕوات و ئەو دەرگایه له حکومەتی هەرێمی کوردستان دابخات و که هێشتاش کوردستان قاعیدەیەکی لەبۆ ئۆپۆزسیۆن لەبۆ (I.N.C) لەبۆ رووخانی سەدامیش که ئەو بارە له کوردستانی ئێمه تێك بدات. حاڵەتێکی تریش ئەوەیه دوور نییه بۆ نموونه هەر فەرمانبەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان له بەغدا دەربکات و وەك بڵیٚ ئەو ئیجرائەی کردووە وەکو هەست راگرتنێکه بزانیٚ نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان "حلفاء" کاردانەوەیان چ دەبیٚ بەرامبەر بەوە، جا لەگەڵ ئەوەی

ئێستاش بۆ نموونە ئەمەریکاش لەسەر بنچینەی زانیاری هێزەکانی خۆی کۆکردۆتەوە، هەروەها ئیحتیاتی خۆی وەرگرتووە، کوێت ئیحتیاتی خۆی وەرگرتووە دوەلی ئەنجومەنی یارمەتیدانی کەنداو ئیحتیاتی خۆیان وەرگرتووە هەموو ناوچەکان ئێمەش کە بەڕاستی لە هەموو کەس زیاتر مورەشەحین، ئێمەش وەکو کورد وەکو کوردستانی عێراق پێویستە ئیحتیاتی خۆمان وەربگرین لە هەموو حاڵەتەکان و پێمانوایە... لەوانەیە لەکوێت مرەشەح تر بین لەوەی کە کوێت داگیر بکات، چونکە "سەدام" ئامانجی ئەوەیە کە ئابلۆقەی لەسەر هەڵبستێ، ئابلۆقە لەسەر هەڵستانیش دەبێ جوڵە بکات. بۆیە دوێنێ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەك کرا، نوێنەرانی هەموو لایەنە سیاسییەکان ئامادەبوون و بە سەرپەرشتی بەڕێز مام جەلال و بەڕێز ئەحمەد چەلەبی و باسی ئەو بابەتەمان کردووەو ئەمڕۆش سەعات "٣" کۆبوونەوەمان هەیە، لایەنەکانی بەرەی کوردستانیش دێن لەسەر ئەو بابەتە قسە دەکەین کە تەگبیری خۆمان چۆن بکەین و سوپاکانیش چۆن دابەش بکەین و هێزەکانمان چۆن کۆبکەینەوە لەبۆ حاڵەتی بەرگریش و لەبۆ حاڵەتی ئەگەر شتێ روویدا لە عێراق و لە لێدانی سەدام ئێمە هەر رانەوەستین تەماشا بکەین بزانین چ دەبێ یان چ نابێ ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەی سەعات "٣" قسەی لەسەر دەکەین و بەرنامەیەك دادەنێین و ناوچەکان دابەش دەکەین، ئەو هێزانەی کە هی هەموو لایەکە هی یەکێتی و پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی و بەرەی کوردستانیش و، هەروەها هێزەکانی (I.N.C) لەبۆ باری ناوخۆش ئەمە خۆمان وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز وەزیری ناوخۆ لێرەیە دەبێ لەناوەوەش سەرپەرشتی کارەکانی خۆمان بکەین. تابووری پێنجەم و ئەو خەڵکانەی کە تا ئێستا پەیوەندییان بە رژێمەوە هەیە، حیسابێکیان بۆ بکەین، لەناو شارەکانیش هێزی ئاسایش و پۆلیس و چەکداری حزبی لایەنە سیاسییەکان ئەوان لەناو شارەکان کەرت بە کەرت دابەش بکەین لەحاڵەتێکدا ئەگەر بۆ نموونە دوژمن پەلاماری دا لەکاتێکا ئەگەر ئێمە بارێك هاتە پێشەوەو شارەکانی خۆمان رزگار بکەین و دەست

بەکاربێن لەو حاڵەتانەش دا مەسئولەتیشمان لە ئەستۆی ئەو لایەنانە بێ و بیپـارێزن و ماوە نەدەن کە شەڕی ناوخۆ بێ. جا بـەکورتی ئـەوە بارەکانـەو کاکـە د. ڕۆژیـش لەوانەیە وتەی زیادەی هەبێ لەسەر ئەم مەسەلەیە و وەزیری ناوخۆش، سوپاس.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە سەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران و جێگـری سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران و بەڕێز وەزیـری نـاوخۆش ئـەوەیان روون کـردەوە کـە ئـەو کۆبوونەوانـەیان کـردووەو ئیحتیاتاتی پێویست رەنگە وەرئەگیرێ و لەدوێنێوە باس کراوە لەو بابەتانـە، بـەڵام رەنگـە مـن لەگـەڵ بـەڕێز کـاك د. عـزەدین یـەك نەگرینـەوە ئـەو رەنگـە لەلایـەنی راگەیاندنەوە من لەگەڵ ئەو رایەنیم لەراستیدا کاك ئەحمەد سـالاریش ئامـاژەی پێدا کـەباری دەروونـی خـەڵکی ئێمـە زۆر خراپـە، ئێسـتاش ئەگـەر ئـەو مەسـەلەیە لەدەزگاکانی راگەیاندن بووروژێنرێ، وابزانم شتێکی باش نییە کاریگەرییەکی رەنگـە سلبی هەبێت لەسەر دەروونی خەڵك کە ئەوە بڵێین هێرش هەیەو ئەو جـۆرە شـتانە، بەڵام لەجیاتی ئەوە ئەو ئامادە باشییانەی کەوا پێویستن بکرێ لەبەرەکانی با بڵێین تەماس لەگەڵ رژێمدا لەسەر ئاستی شـارەکان لـەناوەوە ئـەو ئامادەباشـیانە وەکـو پێویسـت وەربگـیرێ ئـەوە یـەك، دووەم لەسـەر ئاسـتی دەرەوە ئیشـێکی چـاك بخرێتەڕوو مەترسییەکی گەورە بخرێتە روو ئەمە کارێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەی کە ویستیان قسـە بکـەن تـەواو، ئینجـا ئێسـتاش چـاوەڕێی وەڵام دەکەین لە ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی بەڕێزان سەبارەت بە دەرەوە ئەوە پەیوەندی رۆژانەی هەیە لەگەڵ دەرەوە و لەگەڵ هاوپەیمانەکان و لەسەرووی هەموویانەوە ئەمەریکا ئەم سێ رێگایەی کە ماونەتەوە بۆ حزبەکان ئەوا لەرێگای (I.N.C) و دکتۆر ئەحمەد چەلەبی و ئەو کۆبوونەوەی دوێنێش هەر پێیان راگەیاندووە بەناوی هەموو حزبەکان ئەوە بەتێکڕای بڕیارمان داوە لە هەموو حاڵەتەکان لە بەرگری و لەهێرشدا بەیەکەوە بین، لەسەر مەسەلەی زاخۆ خوشکە شەفیقە پرسیاری کرد لە زاخۆ ئیحتیاتات وەرگیراوەو ئێستاکە لەشکری "پ.م" حازرو سازو ئامادەیە و دوێنێ لێپرسراوەکانی زاخۆ کە لەوێ بوون هەر زوو بڕیاردرا کە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە چەندی زووترە لەوێندەرێ بن هاوپەیمانەکان بەرگریمان لێ نەکەن یان نا بەگوێرەی بڕیاری "٦٨٨" دەبێ بەرگریمان لێ بکەن و پێشموایە لەو هێزانەی تەیارەکانی ئەمریکا ئەو تەیارانە بۆ ئەوەیە کە بەرگری لە کوردستان بکەن، بەڵام خۆتان ئەزانن واتە ئەو برادەرانەی کە سەربازینە، بەتایبەتی "پ.م" زابتەکان، لەوانەیە هەموو دنیا بزانێ، واتە حەسمی شەڕەکە دەکات واتە هێزی ئاسمانی تۆپ و ئەوانە. لەبەرئەوە ئێمە خۆشمان دەبێ بەرگری بکەین، ئەگەر هاتوو هێرشی ئاسمانیان هەبوو و پێشموایە ئەگەر ئێمە خۆمان کە هێزەکانی خۆمان باش ئامادە بکەین، ورەی سوپای عێراقی لە هەموو حاڵەتەکانی زۆر زۆر خراپە لە هەموو بارێکەوە، واتە لەباری ئابووری توانای وەکو جاران نەماوەو ئەگەر بێتوو کە فڕۆکەی ئەمریکاش پشتیوانیمان لێ بکات، ئەوە هەر بە ئاسانی دەتوانین بەرگری بکەین سەرکردایەتی مەیدانی لەبۆ هەموو شوێنەکان ئەمرۆ بە تەواوەتی دەستنیشان دەکرێت، هەر کەسەو بەرپرسیارییەکی خۆی وەردەگرێت، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش ئێمەش هەر رامان وایە کە ئیحتیاتات لە هەموو شوێنەکان وەرگیرێت، چونکە ئەگەر هەر لەزاخۆ بێ یاسای سەربازی، وایە مشاغبە دەکات لە شوێنەکان لە مشاغبەکەی

سەرکەوتوو یەکسەر ئەوەش جێبەجێ دەکات لەگەڵ هەدەفەکەی ئەوە ئیحتیاتی بۆ دەکرێ لە خانەقینەوە هەتاکو زاخۆ ئەبێ ئیحتیاتی خۆمان وەرگرین، نابێ بۆ نموونە بڵێین لەفلان شوێن فۆتۆگرافمان هەیە وەکو برادەران سێ چوار کەس باسیان کرد کە سەدام لە دەرەوەی بۆچوونە، واتە هەندێ شت دەکەن، چونکە ئەگەر بە مەنتق بووایە، دەبووایە لەکوێت بکشابایەوە ئەگەر بە مەنتقی عەقڵیش بێ نابێ ئێستا پەلاماری کوێت بدات یان پەلاماری زاخۆ بدات، بەڵام سەدام هەموو شتەکانی نایاساییە ئەوە منیش رام وەکو کاک سیروانە. ئەمە پێویست ناکات میللەتەکەی خۆمان بترسێنین و ئەگەر بیانترسێنین لەوانەیە زۆر خەڵك هەیە هەر ورەی دەڕوخێ و نرخی شتومەك بەرزدەبێتەوە. لەسەر مەسەلەی بڵاوکردنەوە بەڕای من ئەمە هێزە ئەساسیەکەی خۆمان ئەوە ئێمە بکەوینە سەر نەوعی، چونکە لە سەردەمی راپەرین چ لە گرتن وچ لە کشانەوەو ئەو هێزە زۆرەی کە هەموو لایەنێك رستەیەکی مەنتقی و راجیمە لێی دەدا کە مەعنەویاتی هێزە باشەکەشی دەشکاند، بەڵام ئێمە خۆمان کە دێینە حاڵەتی هێرشکردنەوە، ئەو تەعبیرە زۆر زۆر گرنگە، راگەیاندن گرنگە داوا بکەین کە شارەکانی کوردستان رزگار بکەین کە ئەوان پەلاماری زاخۆیاندا ئێمە لە شوێنێکی تر پەلاماری موسڵ بدەین، وای بۆ ناچین کە ئێمە هەر لێی بگەڕێین کە ئێمە هەر دابنیشین بڵێین بێت لەبۆمان، ئێمە دەبێ نەخشەی سەربازی لەبۆ سەربازییەکان بەجێ بێڵین باشترە، سەبارەت بە بەیان دەرکردن بەڕای من لەو حاڵەتە بەیان دەربکەین لە حاڵەتێك کە شەڕ دەستی پێکردو سەرکەوتنمان بەدەست هێنا بەیان دەردەکەین و بەهەزاران و دەیان هەزار و خەڵکێکی یەکجار زۆر پشتیوانی لە هێزی "پ.م" دەکات ئەوکاتەی کە بینی سەرکەوتووە، بەڵام کە زانی تێکشکاوە ئەوە دەبێ حسابی ئەولاش بکەین بەڵام ئەوجارە "انشاء الله" ناشکێین و هێزەکەشمان ئێستا زۆر جیاوازی هەیە لەچاو سەردەمی راپەرین و کۆڕەوەکەو حکومەتیش جیاوازی هەیە. ئەو دەمە واتە بەڕاستی چرای شۆڕشیان وەرگرتبوو کە سەدام بڕوخێنێ و تەیارەی ئەمریکیمان

لەسـەر نـەمابوو، بـەڵام ئێسـتاكە هەڵوێسـتی هاوپـەیمانانمان بـۆ روون بوویتـە، هەڵوێستی ئەمریكاشمان بەباشی لا ئاشكرایەو خۆشمان هێزەكانی خۆمـان دەزانـین ئێستا چەندیان شەڕدەكەن و چەندیان شەڕ ناكـەن ئـەو دەمـە بـەو شـێوەیە نـەبوو. كاك مەلا شاخیش باسی هەندێ خاڵی كرد حەتمەن ئەوە حسابی بۆ دەكرێ لەبۆ ئەو شوێنانەی حكومەت لە كوێوە دێ و لە كوێوە نایە. وەزیری "پ.م" ئێستا لێرەنییەو ئێستا ئـەو سـەركردانەی كـەدای دەنـێین و یـان سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران دەوری وەزارەتی "پ.م" جێبەجێ دەكات وەكالەتی لە ئـیش و كارەكانیـدا دەكـات بە رەسمیش پێشتر كە كاك جەبار ئیجازەی وەرگرتبوو مـن وەكالـەتی كـاك جـەبارم وەرگرتبوو لەبۆ ئیش و كارەكانی، برادەرێك پرسیاری كرد كاك شالاۆ دەڵێت توركیا. توركیا شوێنی خۆی هەر عایدی خۆیتی و گرتیتی، چیتر قابیلە خـۆ نایەتـە نـاوەوەو جێگەیەكی ترمان لێ بگرێ، دووەمین توركیا ئەوە ناكات وەكو كاكـە رۆژیـش باسـی كرد، بەڵام لەوانەیە لەدڵی خۆیدا پێـی خـۆش بـێ ئێسـتاكە نـەوت بـڕوات و كێشـەی ئێمەشی لەكۆڵ بێتەوە، بەڵام ئەوە بەپێخۆش بـوونی ئـەو نییـەو بـە ئـارەزووی ئـەو نییـە، ئێسـتا لایـەنێك دژی سـەدامە كـە سـەركردایەتی هـەموو جیهـان دەكـات، كـە ئەمریكایـە. سـەدام هـەروەكو بـاسمكرد، وەكـو مرۆڤێكـە لـە ژوورێـك عاسـێ بـووە هەردەزانێ دەركەی لێكراوە دەیكوژن دوو سلیە تەقەی دەكات یـان دەردەچـێ یـان دەیكوژن، واتە ئەو حاڵەتەی كە سەدام دەیكات هـەر ئەوەیـە، واتـە هـیچ مـەنتقێكی كـەی تێدانییـە ئـەویش دەركـەیان لـێ گرتـووە دەڵـێ دوو سـلیە دەتـەقێنم ئەگـەر دەرچووم دەرچووم، دەرنەچووم هەر دەكوژرێم دەكوژرێم بـا محاوەلەیـەكی وابكـەم كە نەكوژرێم. دەنا سـەدام دەزانـێ وردە وردە وا تـەواو دەبـێ‌و دەمـرێ، واتـە هـیچ ئەگەرێكی وا نییە كە سـەدام مەوفـەق بـێ و ئێمـەش ئامادەباشـی خۆمـان كـردووە، سوپاس.

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)
## یەکشەممە ١٩٩٤/١٠/١٦

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ١٩٩٤/١٠/٩ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە ٨ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- بابەتی ئامادەنەکردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٤ کە وەکو تازەبابەت لە کۆبوونەوەی ژمارە ٤ی ١٩٩٤/٩/٢٥دا فراکسیۆنی پارتییەوە پێشنیاری کردبوو.

٢- پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە چاککردنی باری گوزەرانی فەرمانبەران

٣- تازە بابەت

### بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی ئەو زیادەیە دەکات و ئەم هەواڵەش لە زووێکەوە بڵاوبۆتەوە، من چەند لایەنێ گفتوگۆ دەکەم، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو

زیادەیــە زۆر زۆر پێویســتە لەگــەڵ بــاری ژیــان و گــوزەران و تــەکالیفی رۆژانــەی هاوولاتیــان، بەتایبــەتی فەرمانبــەران بگونجێنــدرێ، مــن ئــەو ١٥٠ دینــارە کــە تــەرخانکراوە، دەهێڵمــەوە بــۆ خەملاندنی ئەنجومــەنی وەزیــران کــە خــۆی لەگشــت لایەنێك باشتر دەزانێ واریـدی گـومرگی چـەندەو بودجـەی چـەندەو دەتـوانێ چـەند تەرخان بکات، بەلام دوو سێ خاڵم هەیە لەسەر بابەتی زەوجیەو منالّ، بەڕاستی ئەو ژمارانەی دانراون بۆ ئەوانە، شتێکی زۆر کەمە، ٢٠ دینار بۆ زەوجیە، بـەڕای مـن زۆر زۆر کەمـە ئـەبێ بکرێتـە ٥٠ دینـار، سـەبارەت بـە منداڵیشـەوە ٥ دینـار بەشـی هـیچ ناکات، رادەیەك دانراوە بۆ ٥ کەس بۆ پێنج منالّ بەڕای من ئـەو بابەتـەش بکـرێ بـە ١٠ دینار زۆر باشترە بۆ باری گوزەرانی فەرمانبەرانمان ئەمێنێتەوە. بۆ خـاڵی دووەم کـە پەیوەنـدی بـە خانەنشـینەکانەوە هەیـە، خانەنشـینەکان توێـژێکی زۆرن لـەناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی و ئەو توێژەش زۆر چەوسـاوەن، بەشـێکی ئـەوەی کـە خانەنشینی لە حکومەتی ناوەندی وەردەگرێ، کە ئێستا زۆربەی وەری نـاگرێو بـێ بژێوییە، بەشـەکەی تـریش خانەنشـینی هـەرێمن لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ئەوانیش کە لەو ژیانە ناخۆشەدا دەژیان، بەڕاستی ئـەبێ ئـەوانیش حیسـابێکیان بـۆ بکرێت، خاڵی سێیەم کە لەهەمووان گرنگترە ئـەوە پەیوەنـدی بـەگرانی لـەبازاڕەوە هەیـە، واتـا ئێمـە ئەگـەر بتـوانین سـنوورێك بـۆ ئـەو گرانییـەی کـە لـەبازاڕدا هەیـە، دابنێین، هەروەهاش ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ دوای زیادەکە کـە سـەربەخۆ هەرچـی دوکاندار هەیە نرخی شتەکان بەرزدەکاتـەوە ئـەوەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئـەوەی وەریدەگرێ ئەبێ بیداتە دوکانەکە. بەهیچ شێوەیەك زیادەکەی سوودی نابێ، ئینجا لەبەرئەوە بەڕای من ئەبێ حکومەتی هەرێمی کوردسـتان سـنوورێك دابنـێ، واتـە بـۆ بەرزبوونـەوەی نرخـەکان لەرێگـەی وەزارەتـی داراییـەوە یـان لەرێگـەی وەزارەتـی ناوخۆوە بێ ئەبێ کۆنترۆڵی بکات، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیـارە لـە سـەرەتاوە وەکـو بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەنی نیشـتمانی باسـی کـرد، پرۆژەی زیادکردنی دەرماڵە یان مانگانەی فەرمانبـەرانی کوردسـتان و مامۆسـتایانی کوردستان ئەوە پێشی شەڕەخۆکوژییەکە بە چەند مانگێك قسەی لەسەر کراوە، ئەو سەردەمە کە بەڕاستی باسی ئەوە کراوە کە لە ٥٠٪ی مووچەی هەموو فەرمانبـەرانی کوردستان زیادبکرێ و ئەو پارەیەی کە تەوفیر کرا کـە بانقـەکان لەلایـەن وەزارەتـی داراییەوە بۆ ئەو مەبەستە بوو کە بـاری گـوزەرانی خـەڵکی پـێ چـاك بکـەین، بـەڵام بەداخەوە لە سەرەتای مانگی "٥"ەوە ئەو بارانە هاتە پێشەوە کە ئەوە هـەمووومان هەوڵمانـدا کـە بەڕاسـتی حکومـەت و پەرلـەمان و پارەکـەمان لـێ تێـك چـووبوو، نەمانتوانی کە بێین باسی ئـەو بابەتـە بکـەین، بۆیـە کـە ئێسـتاکە پـاش ئـەوەی کـە بارەکە تارادەیەك ئـارام بوویتـەوە لەلایـەن چـەند ئەنـدامێکی پەرلـەمان و هـەروەها وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەو پرۆژە ئامادەکرا، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران و بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو پرۆژەمان گفتوگۆ کـردووەو گەیشتینە ئەوەی ئەو دەقەی کە بەڕێز کاك فەرسەت خوێندیەوە ئەوە لێـرە بڕیـاری لەسەر بدەن، چـونکە ئێسـتا توانـای حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان هـەر ئەوەیـە و حەزیش دەکەم هەمووتان بیزانن و لەڕێگای ئێوەشەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردسـتان بیزانن هەتاکو ئێستاکەش داهاتی گومرگ نەهاتۆتەوە گەنجینەی ناوەندییەوە وەکـو چۆن کاك فرەنسۆ پێشنیاری کرد کە لە هەندێ شوێن ئاساییکردنەوە وەکو پێویست تـەواو نـەبووە، ئەنـدامانی پەرلـەمان بچـن و لەمـە بکۆڵنـەوە، واتـە ئێمـە بـەناوی حکومەت‌و لەڕێگەی حکومەتیشەوە داوا لە پەرلەمانیش دەکـەین کـە گوشـار لەسـەر حزبەکان بکەن کە داهاتی هەموو گومرگەکان بێنەوە گەنجینـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان کە پایتەختی لە هەولێرە، ئەوکاتەش دیـارە مەسـەلەی خانەنشـینەکان و مەسەلەی دەرماڵەی فێرکردن کە ئێستاکە مامۆستایان دەبووایە جیاوازیان لەنێوانـدا

بکرێ لەگەڵ فەرمانبەرانی کوردستان کە لێرە جیاوازی نەکراوە لە ماوەیەکی تر خانەنشنەکانیش بێگومان ئەوەش لە ماوەیەکی کورتدا دەبێ، دەرماڵەی فێرکردن لەبۆ مامۆستایانی کوردستان بەگشتی دەبڕێتەوەو هەروەها بۆ خانەنشینەکانیش ئەوانی کە ئێستا لە کوردستانن بە گشتی، واتە نەك بەوەی کە بڵێ جیاوازی تیادا بکرێت، ئەوانیش مووچەیەکی بڕاوەیان بۆ دەبڕێتەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێ پەرلەمانیش رەزامەندی لەسەر بدات، هیواداریشم لێرەدا بەڕاستی ئەندامانی پەرلەمان حسابی ئەوە بکەن کە ئێمە چمان هەیەو چمان نییە، دەنا ئێمە پێمان خۆشە مانگانەی هەر مووچەخۆرێك کە لە هەرێمی کوردستانە ٦ هەندەی ئەوە وەربگرێ کە ئێستا دەیدرێتێ، پێمان خۆشە باری ئابووری خەڵکی کوردستان چاك بکەین، واتە ئەمە سەروەرییەکە، هەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەم بۆ پەرلەمانیش، بەلاَم ئێمە دەزانین ئەگەر چمان نەبێ، ناتوانین بیکەین و هەقیشە هەموو مووچەخۆرانی کوردستان یان مامۆستایانی کوردستان ئەم راستیە بزانن.
ئێمە لاریمان نییە هەموو توێژەکان هەتا سکرتاریەتی مامۆستایان، کارمەندانی سەندیکای پزیشکان و پارێزەرەکان و هەموو ئەوانی تر بێن لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەند گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە بکەن، بزانن چیمان هەیەو چیمان نییە، چونکە شتەکانی ئێمە شاردراوە نییە لەو توێژانەی کۆمەلاَنی خەڵکی کوردستان یان لە پەرلەمان هەتاکو بڵێن بەزۆر ئێمە دەمانەوێت دەرماڵە، یان مووچە زیاد بکەین، ئەو حکومەتە لەلایەن پەرلەمانێکەوە متمانەی پێدراوە، ئەو پەرلەمانە کۆمەلاَنی خەڵکی کوردستان هەڵیبژاردووەو هیچ پەرلەمان خۆی لەخۆیەوە دروست نەبووەو هەروەها ئەو حکومەتەش هەر کاتێ لە سیاسەتی هەرێم و یان لە یاسا لابدات، پەرلەمان دەتوانێ و دەسەلاَتی هەیە، کە بڵێ ئەوە بەپێچەوانەی یاسایەو گفتوگۆی لەسەر بکات، جا هیوادارم ئەندامانی پەرلەمانیش ئەم مەسەلەیە چاك بزانن، چونکە مەسەلەیەکی سۆزئامێز نییە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیارەکەی من بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەڵامی دانەوە، بەڵام من زیادەیەکم هەیە سەبارەت بە خێزانی شەهیدان ئەوانی کە مووچە وەردەگرن، ئێمە قەرزاریانین؟ پێموایە ئەوان پێش هەمووان، حیسابێکیان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی خێزانی شەهیدەکان ئەو بابەتە جگە لەوەی کە لەگەڵ پەرلەمان و سەرۆکایەتی لە نووسینگەی سیاسی هەردوو قسەکراوە، واتە لای یەکێتی و پارتی باس کراوە کە پێشنیارێ بکرێ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمان پاش ئەوەی کە دەستکەوت چاك دەبێ، خێزانی شەهیدەکان مانگانەکەیان لە "٢٥٠" دینارەوە بکرێتە هەزار دیناری بڕاوە، سوپاس.

**بەڕێز شەمائیل نەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

حقيقة صارلنا اشهر نتحدث عن زيادة الرواتب، انا شخصيا تعهدت للناس حتى قلت لهم هذا الشهر اكيد تزداد الرواتب وان قرار شهر ١١ اعتقد مردود، وشكرا.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

جا کاك شەمائیل جەنابت بەڵێن ئەدەیت کە نوێنەرت هەبوو؟ نوێنەرانی برادەرانی لیستی مۆر لە لیژنەکە هەبوون، ئەبووایە کە تەواو بوون رات وەربگرتانایەو بتگوتبایە لەسەر چی رێکەوتوون لەو لیژنەیەدا؟ پێکەوە ئەڵێن لە ١١/١ ئەوکاتە

هەولّتان بدایا، واتا ئەوە نییە برادەرێك رایەكی داوە لەلای كۆمەڵێك خـەڵك ئـیتر ئـەو رایە ببێ بە بڕیارێك لە پەرلەمان، وەكو وتم پێشنیارتان ماقووڵە، پێشـنیاری خۆتـان بكەن، بەلاّم وا رێكەوتووە لەرووی مەبدەئەوە من و جـەنابی سـكرتێر لـەوێ بـووین، وابـزانم جـەخت لەكـەس نـەكراوەو بـەزۆریش شـت نەسـەپێنراوە بەسـەر كەسـدا، سكرتێری پەرلەمانمان لەگەڵە، منیش لەوێ بووم، منیش هەسـتم نـەكرد چ زەختێـك لەلایەن كەسێكەوە كراوە لەسەر كەس، هەق نییە بـەو شـێوەیە شـت بـاس بكرێـت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارێك هەیە كە لە ١١/١ بكرێ بە ١٠/١ واتا لە ١٠/١ەوە ئەو دەرماڵانە بـدرێن بە كارمەندان، بۆیە ناچار ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە بكـرێ بـە ١٠/١؟ سوپاس. كێ لەگەڵ نییە؟ واتە كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ واتـە ٣٠ بە ٣٠ دەنگ، واتا ٣٤ دەنگ لەگەڵ ئەوەیە بكرێ بە ١٠/١ (٣٠) دەنگیش لەگـەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە بڕیارەكـە لـە ١/١٠/١٩٩٤وە جێبـەجێ دەكـرێ، لێرەدا ئـەم بڕیـارە تـەواو ئەیخەینـە دەنگدانـەوەو وەكـو بڕیـار پـاش ئـەو هـەموارە سەرەكیەی كە كەوتە سەری، كێ لەگەڵ ئەو هـەموارەی دواییەیـە پـاش ئـەوەی كـە خـاڵی ٥ی خرایەسـەر؟ كـێ لەگـەڵ نییـە؟ بەزۆرینـەی دەنـگ ئـەم بڕیـارە بەگشـتی پەسەند كرا، ئەمێنێتەوە خاڵی دووەم، بابەتی بودجەی ساڵی ١٩٩٤.

**بەڕێز: عەبدوڵلاّ رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

من دەڵێم با داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل بێتەوە ئێرە، ئەگەرنا ئێمە نـاتوانین مووچەی ئەم مانگە سەرف بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ قەیناکە وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان وەکو ئەندامی پەرلەمان مافی ئەو پێشنیارەت هەیە، بەڵام ئەوەی تر ئەبێ لە ئێمە ببوری چونکە لەدەستەی سەرۆکایەتی ئێمە ناتوانین پێشنیارێك رەت کەینەوە ئەگەر خاوەنەکەی نەیکێشێتەوەو ئەگەر پێشنیاری تری لەپێش نەبێت.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڵێ بەس لەسەری رێکەوتبووین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەوە دوو سێ جارە باسی گومرگی ئیبراهیم خەلیل دەکرێ، هەر کاتێ پارەی تووتن کە فرۆشراوە ئەو پارەی بە ملیۆنەها لە خەڵك وەرگیراوە ئەو پارەیەی بە ملیۆنان لە گومرگی کەرکوك و سلێمانی و رانیەو ئەوانە هاتن بۆ ئێرە، ئەگەر ئیبراهیم خەلیل نەهات ئێمە بەرپرسیارین، بەڵام هەق نییە باسی ئیبراهیم خەلیل بکرێت و واز لە هەموو کوردسان بێنین، بڕیارەکە دراوە، ئەگەر ناتوانن بیکەن دەتوانن دەست لەکار بکێشنەوە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەوە لە پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، کاك فەرەنسۆ هەقی نییە بەو شێوەیە باسی ئەو بابەتە بکا، وا من دەڵێم هەموو بازگەکان لە دهۆك هەتا دەگاتە خانەقین و هەموو بازگەکانی تر لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتن، دووەمین کە بڕیارێك لێرە

دەدرێ پێویستە حیسابێ بۆ خەزینە بکەین کە چەندی تێدایە، منیش لەگەڵ ئەوەمە لە ١/٥وە هەموو لایەنەکان بە حیساب لەسەری ڕێکەوتوون، کێ چەندی پارە وەرگرتووە، ئەو پارانە حیسابی لەسەری بکرێ چ لە بودجەکەی ببڕێ و چ بگەڕێندرێتەوە گەنجینەی حکومەتی هەرێم، ئینجا هی تووتنە، هی ئیبراهیم خەلیلە، هی بازگەی رانیە- قەڵادزێ یە، پارەیە، هەر شتەکە، واتە مەسەلەکە هەر بە تەنیا حیساب ناکرێ، بەڵام خۆتان دەزانن هەموو بازگەکان بەقەدەر بازگەی ئیبراهیم خەلیل نییە، ئەوە وەزیری دارایی لێرەیەو ئەوەش بۆ خەڵکی کوردستانە، مەسەلەکەش ئەوە نییە، واتە جەنابی کاك فەڕنسۆ دەیەوێ مووچە زیاد بکات و ئێمە نامانەوێت! مەسەلەکە دەمانەوێت ئێمە خۆمان باسی ئەو مەسەلەیە بکەین و لەسەری رێکەوتووین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە سەرۆکایەتی حکومەت و هەم لیژنەکانیش گوایە لەبۆ ئەوەی ئێمە ئێستاکە پسوولەی ئازووقەمان نییە لەبۆ ئەو هاووڵاتیانە لەسەر ئەو بنەمایە بووە واتە حکومەتیش ئەگەر دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەوە نوێنەری ئێمە نییە، ئێمە خۆمان لێپرسراوی خۆمانین، واتە ئەگەر هەڵکەوت هەبێ کە هەندێ شت هەیە کە باوەڕمان پێ نەبێ، واتە لە بەرژەوەندی میللەتەکەو لە بەرژەوەندی حکومەت و پێشکەوتنی نەبێ، ئەوە ئەو کاتە ئازادین بەئارەزووی خۆمان دەست لەکار دەکێشینەوە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پێشنیاز دەکەم ئەو بابەتە دوابخرێت بۆ رۆژێکی تر کە گفتوگۆی لەسەر بکەین، چونکە یەکەم بودجەی ساڵی ١٩٩٤ ئێوە خۆتان دەزانن لەبەر بارودۆخ پەسەند نەکراوەو ئێستاکە ئەوە ساڵی ١٩٩٤ تەواو بوو، ئەوجا ئەگەر رۆژێکی تر لە دانیشتنێکی تر وتووێژ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

هەرچۆنێ بێ ئێمە ناچارین دوای بخەین، چونکە ئەو پێشنیارەی کە کراوە پەیوەندی بە بودجەی ساڵی ١٩٩٤وە نییە پەیوەندی بە مەسەلەی لە ٢٠٪ی بودجەکەوە هەیە، کە تا ئێستا پەسەند نەکراوە، بۆیە ناچارین کە دوای بخەین بەبێ ئەوەی کە وتووێژی لەسەر بکەین، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لەدەستەی سەرۆکایەتی ئەم خاڵە دوا دەخەین.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆک وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پێشنیاز دەکەم بەڕاستی پیاداچوونەوەیەك لە دەنگدانەکە بکەنەوە، کە پارە هەبێ حەزدەکەن داوا بکەن لە ١/١وە سەرف بکرێت، بەڵام هەقە تەماشای گیرفانی حکومەت بکرێت برادەر پێشنیاری کردووە، وادەزانن پارە هەیە، بەلام کە نەبێ ناتواندرێ پەیدا ببێ، سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)
# پێنجشه‌ممه ١٩٩٤/١١/٢

كاتژمێر ١٠ی سه‌رله‌به‌یانی رۆژی پێنج شـه‌ممه رێكـه‌وتی ١٩٩٤/١١/٢ ئه‌نجومـه‌نی نیشتمانی كوردستان به سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز جه‌وهه‌ر نامیق سالم سه‌رۆكی ئه‌نجومـه‌ن و بـه‌ئاماده‌بوونی جێگـری سـه‌رۆك بـه‌ڕێز نـه‌ژاد ئه‌حمـه‌د عـه‌زیز ئاغـاو سـكرتێری ئه‌نجومه‌ن به‌ڕێز فه‌رسه‌ت ئه‌حمـه‌د عه‌بدوڵلا، دانیشـتنی ژمـاره ١١ی خـولی ئاسـایی دووه‌می سـاڵی ١٩٩٤ی خـۆی به‌ست، سـه‌ره‌تا له‌لایـه‌ن ده‌سـته‌ی سـه‌رۆكایه‌تییه‌وه راده‌ی یاسـایی دانیشـتنه‌كه چه‌سـپێنرا، ئـه‌وجا بـه‌ڕێز سـه‌رۆكی ئه‌نجومـه‌ن بـه‌ناوی خـوای به‌خشـنده‌و میهره‌بـان، دانیشـتنه‌كه‌ی بـه‌ناوی گـه‌لی كوردسـتانه‌وه ده‌سـت پێكرد.

**به‌رنامه‌ی كار:**

ئامـاده‌بوونی بـه‌ڕێزان كـاك مه‌سـعود و مـام جـه‌لال و ئه‌نـدامانی ده‌سـته‌ی سـه‌رۆكایه‌تی و INC و بـه‌ڕێزان ئه‌نـدامانی سـه‌ركردایه‌تی بـه‌ره‌ی كوردسـتانی، لـه په‌رله‌مانی كوردستان بۆ گفتوگۆكردن له‌سه‌ر ئاڵۆزی بارودۆخی هه‌رێمی كوردستان و چۆنیه‌تی چاره‌سه‌ر كردنی.

**به‌ڕێز نه‌ژاد ئه‌حمه‌د عه‌زیز/ جێگری سه‌رۆك:**

زۆر سوپاسی بـه‌ڕێز مامۆسـتا كـه‌ریم ئه‌حمـه‌د ده‌كـه‌ین بـۆ ئـه‌و وته‌یـه‌ی بـه‌ناوی بـه‌ره‌ی كوردسـتانیه‌وه پێشكه‌شـی كـرد و ئێسـتاش بـرای خۆشه‌ویسـت سـه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران با بفه‌رمووێ.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

میوانە بەڕێزەکان، خوشك و برایانی خۆشەویست بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و یەکە یەکەی برا وەزیرەکان پیرۆزبایی لە هەموو لایەك دەکەین بەبۆنەی ئەو ڕێککەوتنە مێژووییەی نێوان "ی.ن.ك" و "پ.د.ك"ی یەکگرتوو، بەڕاستی ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییە لە خەباتی گەلەکەماندا کە پاش ئەو هەموو کارەساتە ناخۆش وماڵوێرانییەی بەسەر میللەتەکەماندا هات، بە بڕوای هەردوو لاو، هەموو لایەنەکان گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە دەبێ برایەتی و تەبایی جێگای شەڕ و ناکۆکیو گیروگرفت بگرێتەوەو ئەو شەڕ و ناخۆشییەی کە لە کوردستان ڕوویدا زیانێکی زۆری لە گەلەکەمان دا چ لە ناوەوە چ لە دەرەوە، هەروەها ئەو عەقلیەتەی کە لە چەند ساڵی ڕابردووش کە ئیشی پێ دەکرا لەلایەن هەموو لایەکمان ئەوەبوو کە گەیاندینە ئەو ماڵوێرانییەو ئەو شەڕە ناوخۆییەی کە لە کوردستان ڕووی دا، چونکە عەقلیەتی پاوانکردنی کوردستان و یان تاکڕەوی لە حوکمڕانی لە کوردستان ئەوە کارێکی زۆر خراپە، هیوادارین ئەو ڕێکەوتننامەیە بە کردەوە جێبەجێ بکرێت، لە سەرانسەری کوردستان و ئەو دەزگا شەرعیانەی کە لە کوردستاندا هەنە چ حکومەت، یان پەرلەمان هەنە، ببنە دەزگای ڕاستەقینەو ئەوان بڕیار بدەن کە نوێنەری خەڵکی کوردستان دەنگی داوە بە پەرلەمانی کوردستان و ئەو پەرلەمانەش بڕوای بە حکومەتی هەرێم داوە، ئومێدەوارین لە داهاتوودا هەموو خەڵکی کوردستان چۆن ئەمڕۆ دڵیان خۆشە بە ڕاگەیاندنی ئەو ڕێکەوتننامەیە لە کارکردن و ڕەنگدانەوەی هەموو لایەکیش هەست بکەن کە بەڕاستی ئەو ڕێکەوتنە مێژووییە ڕێکەوتنێکی ڕاستەقینەیە و کە ئەوجارە هەموو لایەك پێویستە بە برایەتی و تەبایی کار بکەین لە کوردستاندا، نەك بە تاکڕەوی و باوەڕمان بە دیموکراتیەت هەبێ

باوەڕمان بە یاسا هەبێت باوەڕمان بە ماف مرۆڤ هەبێت، چونکە دیموکراتیەت گەشە ناکات لەو شوێنانەی کە دەسەڵاتت هەبێ باوەڕت پێ نەبێ، لەو شوێنانەی کە لاوازی باوەڕت بە دیموکراتیەت هەبێت هەروەها دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕێگای پێ بدرێت کە کار بکات، بەڕاستی لێتان ناشارمەوە لە بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی کوردستان کە بەرنامەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاشکراو روونە کە زۆر شتی تێدا کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە رەخنە لە هەموو لایەنەکان دەگیرێ بەتایبەتی یەکێتی و پارتی، لە زۆر وەزارەتەکان ئیشوکارەکان گیروگرفتیان لەپێش بوو، یان برا وەزیرەکان نەیاندەتوانی کاربکەن و ئەو بەرنامەی کە هەیە وەکو وەزارەت جێبەجێ بکرێت، ئێستا لەوانەیە گلەیی و گازاندە هەبێت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دووجاری تر ئیستقالەمان داوە چونکە ئیشوکارەکان بەو شێوەیە ناڕوات، بەڵام ئەوجارە لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی سیاسی هەموو لایەك و بەتایبەتی "پ.د.ك" و "ی.ن.ك" کە بەڵێن درایە ئەو برا وەزیرانەی لە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری دەکەن، یان ئەو برایانەی تریش کە لایەنەکانی ترن بەشداری دەکەن و چ وەزیر بێت، یان جێگری وەزیر بێت نەك گیروگرفت بۆ یەکتری دروست بکەن، هەروەها بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران هەمووی جێبەجێ بکرێت لە سەرانسەری کوردستان و یاسا لە سەرووی هەموو شتێك بێت نەك حزبایەتی، یاخود حوکمڕانی تاکەکەسی، هیوادارین ئەو ڕێکەوتننامەیە ببێتە مایەی پەیمانێکی تازە لە سەرانسەری کوردستان و لاپەڕەیەکی تازە بکرێتەوە لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان و برایەتی و تەبایی بەرقەرار بێ، هەروەهاش هەر یەکێتی و پارتی ئیستغلالی هەموو جێگاکان نەکەن و حوکم نەکەن و بەشداری لایەنەکانی تریش بکەن، چۆن ئێستاکە ئەو کابینەی دادەمەزرێت، لە پانزە وەزارەت دروست دەبێت "٥"یان بۆ لایەنەکانی تر دەبێت "١٠"یان بۆ هەردوو حزبەکە دەبێت و لە دام و دەزگاکانی تریش دەستە دادەمەزرێت بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی خەڵك واتە پیاوی گونجاو بۆ شوێنی

گونجاو دابنرێت و هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین خزمەتی گەلی کوردستان بکەین و ئەو برینەی کە روویداوە، سارێژی بکەین و لە بەردەمی جیهان و لە دەرەوەش کە خەڵك دیدێکی خراپی لێوەرگرتبووین کە ئەم بارودۆخە هاتە پێشەوە بە شێوەیەکی وانیشان بدەین کە وەکو بەڕێز کاك مەسعود باسی کرد، ئەگەر گیروگرفتیشمان هەبێت دەتوانین لەناوخۆ چارەسەری بکەین، کە جێگای خۆشحاڵیە، لە کۆتاییدا سوپاسی هەموو ئەو لایەنانە دەکەین کە بەشدارییان کرد لەوەی کە پرۆژەی ئاشتی سەر بگرێت بە تایبەتی (I.N.C) و لەرێزی پێشەوەیان برای بەڕێزمان دکتۆر ئەحمەد چەلەبی، زۆر سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)
# پێنجشەممە ١٩٩٤/١١/٢٤- كۆبوونەوەی دووەم

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەرنامەی كاری ئەم كۆبوونەوەیەمان دوو خاڵە، خاڵی یەكەم پێشكەشكردن و خستنەڕووی دەست لەكاركێشانەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، كە لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، پاشان ئەو ڕێكەوتننامەیە بەدوور و درێژی دەخوێندرێتەوە كە لەنێوان هەردوو حزب وەكو پێشنیارێك كرابوو، جا بەرنامەی كاری ئێمەیە، لەم كۆبوونەوەیەدا ئەم دوو خاڵەیە ئەگەر تازە بابەت و شتێ نەبێ بۆ ئەوەی ناوی خوای لێ بێنین، ئێستاش لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە یاداشتێكمان بۆ هاتووە دەربارەی دەست لەكاركێشانەوەی كابینەی دووەمی حكومەتی هەرێمە، هەروەها پێشنیارێكی تریان هاتووە كە بۆ هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەو دامەزراندنی وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتییە، ئەوی تریش هەمواركردنی یاسای ژمارە ٣یە كە پاشان ئەدرێ بە لیژنەی یاسا، ئێستا گوێمان لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ با بفەرموون ئەو یاداشتەی كە پێشكەشكراوە، ئەخوێنرێتەوە پاشان بۆ دەنگدان ئەیخەینە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان بەڕێز سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان هەر لە سەرەتای پێكهێنانی

کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەموو هەوڵ و کۆششێکمان داوە بۆ خزمەتی گەلەکەمان، ئەو بەرنامەیەش کە پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز کراوە، باوەڕی خۆتان پێدا، بەشێکی گرنگیمان جێبەجێ کردو باروردۆخی نائاسایی کوردستان و ناوچەکە ڕێگری ئیش و کارو پێشەوەچوونی بارەکە بوو بە گشتی، بەتایبەتی کارەساتی شەڕی ناوخۆی خۆکوژی هەموو بەرنامەو پلانی کابینەکەی ئیفلیج کرد، بەڵام لە ئەنجامی هەوڵی دڵسۆزانەی خێرخوازانی گەلەکەمان حزب و ڕێکخراوە دیموکراسی و جەماوەرییەکان ئەو کارەساتە کۆتایی پێهات و قۆناغێکی نوێی پڕ لە گەشبینی و ئاسۆی روناکتر هاتۆتە کایەوە، جا بۆ ڕێخۆشکردن بۆ گەشەپێدانی حکومەت و زیاتر بەجیدی گرتنی و نەهێڵانی دوو مەڵبەندی، بڕیار و فراوانکردنی بنکەی هاوبەشکردنی حزبە سیاسییەکانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی نائاسایی رۆژی "١٩٩٤/١١/٢٤" بڕیاریدا ئیستیقالەی خۆی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییە پێویستانەی لە سەرەوە باسمان کرد، هەر بەم بۆنەیەوە لە بەردەم پەرلەمانی بەڕێزدا دەمانەوێ سوپاسی خۆمان ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و برا وەزیرەکان و خوشکە کافیەی وەزیری شارەوانی بکەین بۆ هاوکاریان لەگەڵماندا.

| | |
|---|---|
| **د. رۆژ نوری شاوەیس** | **کۆسرەت رەسوڵ عەلی** |
| جێگری سەرۆك وەزیران | سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین ئەو یاداشتە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە جا پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات؟ دیارە کەس نییە تەنها شێخ عەدنان نەبێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

سوپاسی کابینەی دووەم بە سەرۆك و هەموو ئەندامانییەوە دەکەین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی باوە کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئیستیقالە پێشکەش دەکات پاساو و هۆیەکان دەستنیشان دەکات، لەبەرچی ئێمە تەنها ئەوەمان دی تەنیا ئیستقالەکە پێشکەش کراوە، پێمان خۆش بوو ئەگەر شتێکی وای تێدابێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بزانن هۆی ئیستقالەکە چی بوو؟ سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دەربارەی پێشکەشکردنی ئیستقالە، بەڕاستی وەکو باسمان کرد لە ناوەرۆکی ئیستیقالەکەدا هاتووە لەبۆ فراوانکردنی بنکەی حکومەتە و لایەنەکانی تریش بەشداری دەکەن، هەتاکو ئێستاکە تەنیا ١٢ وەزارەت هی یەکێتی و پارتی بووە ٣ وەزارەت تەنیا بۆ لایەنەکانی تر بوو، ئێستاکە وا پێشنیاز کراوە کە لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پێنج وەزارەت بدرێتە هەموو لایەنەکانی تر، ئەو لایەنانەی لەناو بەرەی کوردستانینەو ئەوەی لە دەرەوەی بەرەی کوردستانیە، تەنیا "١٠" وەزارەت لەبۆ ئەو دوو لایەنە یەکێتی و پارتی دەمێنێتەوەو هەروەهاش زیاتر دەربارەی ئەو بارودۆخە کە هەموو لایەك بەڵێنیان داوە چۆن ئەوڕۆش قسەکرا لە کۆبوونەوەی بەیانی بەجیدی ڕێگا بدەن بە حکومەت کە کار بکات، چونکە خۆتان لە لاتان ئاشکرایە بە تایبەتی ئێوەی بەڕێز کە پەرلەمان چاودێری ئیشوکارەکانی حکومەت دەکەن. ئەو شتانەی کە نەکراون لەلایەن حکومەتەوە، هۆیەکەی ئەوە نەبوو کە وەزیرەکان بێ توانان، بارودۆخەکەو عەقڵیەتەکە وابووە کە هەریەکە بە لایەکیدا رایکێشاوە، ئەنجامەکەش تووشی ئەو شەڕە ناوخۆییە بووین، کە سیاسەتی گشتی هەموو لایەك واتە سیاسەتێکی ناڕاست

بوو، جا هیوادارین کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی یاساو عەدالەت بێ و رێگەی پێبدرێ کە حکومەت رۆڵی خۆی ببینێ لەسەر ئەو بنچینە بووە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە هەموو لامان ئەزانین کە ئەمە رێکەوتنی هەردوو لایەنە سیاسییەکە بووە لەبارەی هەموارکردنی وەزاری، یان دەست لەکارکێشانەوە، بەلاّم من وەکو تێبینی خۆم تەوقیتی ئەو رۆژەم لەگەڵ ئیعلان کردنی ئەو رێکەوتننامەیەی نێوان هەردوو حزبەکە لە پەرلەمانی کوردستاندا پێموایە تەوقیتەکە لەلایەکەوە دڵی خەڵك خۆش دەکەین بە رێکەوتنێکی ستراتیجی نێوان هەردوو حزبەکە، لەلایەکی تریشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست لەکاربکێشێتەوە کە وەکو کاك عەدنان گوتی پاساوی وا باس نەکراوە کە یاداشتەکە هۆیەکەی چییە؟ هەردوو حاڵەتەکە یەکێ دڵخۆشکەرەیە یەکێ کۆمەڵێ نائومێدی ئەدات بە خەڵك، وەکو پێشنیاری خۆم ئەوەیە، دەبوو لە کاتێکدا کابینەی ئامادەکراو بۆ جێگەی ئەم کابینەیە کە دەست لەکار ئەکێشێتەوە ئامادەکرابێ، ئەوماوە بۆشاییەکی دیار لە کوردستانا دروست نەبێ. جا بۆ ئەو مەبەستە حەزدەکەین بەڕێز سەرۆکی وەزیران روون کردنەوەیەکمان لەوبارەیەوە پێشکەش بکات بۆ ئەوەی خەڵکیش ئاگاداری ئەو دەست لەکارکێشانەوەو هەموارە وەزاریە بن، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلاّ رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پرسیارەکەی کاك شەوکەت، خۆی ئێمە ئەوە ئیستیقالەمان دایە پەرلەمان حەزدەکەن ئێوە رازی مەبن و نوێنەری خۆیان دیاری بکەن، ئەوە مەسەلەکە

ئەوەنییە بڵێی وەڵلا مفاجەئەیە، یاخود دەبووایە دانیشتنەکە تـەوقیتی جۆرێکی تـر بایە، دەتوانن بڵێین ئیستقالەکەمان رەفز کردەوە، دەتوانین بڵێین داواتان لێ دەکەم بەردەوام بن هەتاکو کابینەیەکی تازە دادەنێین لە حکومەت، ئەوە دەگەڕێتەوە لەبۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من بەپێچەوانەی بۆچوونی کـاك شـەوکەت دەسـت لەکارکێشـانەوەی ئەنجومـەنی وەزیران لەگەڵ راگەیاندنی رێکەوتنی ئاشتی و برایەتی و تەبایی هاوشانە لەگەڵ ئـەم یەکێتییە لەگەڵ ئەم رێکەوتنە، بۆ ئەوەی دەستی هـەموو لایەنـەکان ئاوەڵـە بـێ بـۆ ئەوەی ئەنجومەن، یان کابینەیەك پێك بـێنن لەگـەڵ گیـانی رێکەوتنەکـەدا بگـونجێ، بۆیە بە بۆچوونی من دەست لەکارکێشانەوەیان جێگای خۆشحاڵیە. جـەخت دەکـەم کە تەفاعولەکە لەگەڵ گیانی تەبایی و برایەتی، بەپێی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانیش بەپێی یاسای خۆیان پەرلەمان دەسـت لەکارکێشـانەوەیان قـەبوڵ بکـات، بـەردەوام دەبن لەسەر کاروباری ئیداری خۆیان تا کابینەی تازە پێکدێ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئـەو زانیاریانـەی تـازە پێمـان گەیشـتووە (٥) وەزیـر پارتینـە (٥) یەکێتینـە (٥) لەلایەنە سیاسییەکانی تر، باشە نازانم لەکابینەی تازە باسی بێ لایەنەکان نـەکراوە، ئایا هیچ پۆستێك دەدرێتە بێ لایەنەکان؟ من پێشنیار دەکەم بەراستی سەبارەت بـە وەزارەتی داد هیچ لایەنێك وەری نەگرێ بەڵکو کەسێکی بـێ لایـەن وەری بگـرێ، بـۆ ئەوەی لەژێر گوشاری هیچ حزبێکی سیاسی نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەپێی پرسیارەکەی کاك شێروان خۆی مەرج نییە وەزیری داد بێ لایەن بێ، بەڵام پێمانوایە لەم قۆناغە لەم دوو حزبە نەبێ نە لە "ی.ن.ك" بێ نە لە "پ.د.ك" بێ، بەڵام حزبەکانی تر هەر یەکە کە چ لەوانی کە لەناو بەرەی کوردستانینە، یان لە دەرەوەی بەرەی کوردستانینە، پۆستی وەزارەتی داد وەربگرن ئەوە زۆر شتێکی ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوڕۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

من پرسیارەکەم لە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەبوو ئەو مەرجە چییە کە وەزیر مەرجی تیا مەوجود بێ؟ دیارە سەرلەبەیانی قسەی برادەران و بەڕێز مام جەلال و کاك مەسعود ئەوەیان ڕاگەیاند کە گوایە سەرکردایەتی حزبەکان دەسەڵاتی حکومەتی داهاتوو ئەگرنە دەست. جا من دێمەوە سەر ئەو مەسەلەیە، بۆ نموونە بهێنینەوە وامان دانا ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بوو بە فلان وەزیر، ئەگەر ماڵی لەهەندەران بێ دوای ئەوە ئیشوکاری وەزارەتیش لێرە ئەبا بەڕێوە و کۆبوونەوەی مەکتەبە سیاسییەکانیش بەردەوام ئەکرێ، واتە بەراستی بە معدل بەدوا دەکەوێ لە ئیش و کارەکەی، جا من پێموایە مەرجێکی بۆ دابنرێ، لەراستیدا بۆ ئەوەی ئیش و کارەکە بڕواتو حکومەتەکە فەشەل نەهێنێ، سەرلەنوێ واتە هیچ نەبێ با ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێ واز لە سیاسەتەکەی بێنێ ئەو ماوەیە وە یاخود بەڵێن بدات سەر لە ماڵ و منداڵی نەداتەوە لە دەرەوە یاخود ماڵو منداڵەکەی بێنەوە، جا من داوای ئەوە دەکەم ئەگەر شتێکی وابێ، خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

یەکەم ئێمە باسمان کرد سبەینێ جەنابی مام جەلال و جەنابی کاك مەسعود و هەموو لێپرسراوەکان وتیان مەسەلە بارودۆخەکە بوو پەیوەندی بە حکومەتەوە نەبوو، کە حکومەت فەشەلی هێنابێ، بەلاّم پەیوەندی بەوە هەبووە کە پابەندبوون نەبووە بە بڕیاری حکومەتەوە، نەیانهێشتووە حوکم بکەن و چەندین جار ئێمە باسیشمان کردووە ئەوە لێرەش جەختی لەسەر دەکەینەوە حکومەت تەنیا "سەنەوی" بەناوی ئەنجومەنی وەزیران بووە دەنا وەکو ئۆتۆمبێلێك بووە خەڵکی تر لێیان خوڕیوە، تاوانی پێ کردووەو سەنەویەکەشی لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حیساب بووە، ئەوجا هەرکەسە لەجێی خۆی هەڵبستێتەوە بڵێ حکومەت فەشەلی هێناوە یاخود وابووە وابووە قسەی بازاڕییە، حکومەت هیچ فەشەلی نەهێناوە، بەڵکو لایەنە سیاسییەکان سیاسەتێکی ناڕاستیان گرتۆتەبەر بەرامبەر بەوەی کە حکومەت نەهێڵن ئیش بکا، مەسەلەی تریش کە هەل و مەرج بۆ وەزیر دابنرێ، ئەوە تەمەن دانرایەو لە یاسای پەرلەمانایە، ئەو هەل و مەرجە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانە کە چ سیفەتێ لە وەزیردابێ یان لە ئەندامی پەرلەماندابێ، بەلاّم مەرجەکانی بۆ دادەنێی فلاّن دەڕوات یان فلاّن ناڕوات ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ حزبەکەی خۆی، هەموو حزبێك حەزدەکات کە باشترین وەزیر دابنێ کە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە جەماوەر بکات کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بڵێ وەزیرەکەی من سەرکەوتوو بووەو خزمەتی زۆری کرد و خەڵکی زۆریشی لێ ڕازی بوون، دیسانەکە ئەوە لە پەرلەمان ڕۆژی حکومەت دەتوانن بانگی فلاّن وەزیر بکەن بڵێن بۆ سەرکەوتوو نەبووی لە ئیشەکەی خۆت و لە ئێستاوە لەبۆ وەزیرەکان مەرج دانانرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەیانی و ئێستا باسی (١٥) وەزارەت کرا، ئەوە دوو سێ جار دووبارە کرایەوە کەوا (١٥) وەزارەت پێك دێن،(٥) بێ لایەنن (٥)ی پارتی و (٥) یەکێتی ڕێکەوتن لەسەر ئەو (٥)ە واتە چی بۆ پارتی بێ چی بۆ یەکێتی بێ چی بۆ لایەنی تر بێ، یاخود ئەوە جەولەی تری دانیشتنی دەوێ تاکو لەسەری ڕێك بکەون؟، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

وەڵام بۆ پرسیارەکەی کاك ئیبراهیم ڕێکەوتووین لەسەر ئەو وەزارەتانە کێ و کێیەو هیچ جەولەی تری ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئێمە لە کۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەین و بەردەوام دەبین لە ئیش و کارەکان، هەتاکو کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکدێ، سوپاس.

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)
## شەممە رێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢٦

کاتـژمێر ١٠ی سـەرلەبەیانی رۆژی شـەممەی رێکـەوتی ١٩٩٤/١١/٢٦ ئەنجومـەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومـەن و بـەئامادەبوونی جێگـری سـەرۆك بـەڕێز نـەژاد ئەحمـەد عـەزیز ئاغـاو سـکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمـەد عەبدوللا، دانیشـتنی ژمـارە ١٢ی خـولی ئاسـایی دووەمی سـاڵی ١٩٩٤ی خـۆی بەسـت، سـەرەتا لەلایـەن دەسـتەی سـەرۆکایەتییەوە رادەی یاسـایی دانیشـتنەکە چەسـپێنرا، ئـەوجا بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەن بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان، دانیشـتنەکەی بـەناوی گـەلی کوردسـتانەوە دەسـت پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- ناولێنـانی سـەرۆك و جێگـری سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردستانی عێراق (کابینەی سێیەم).

٢- پـرۆژەی بڕیـاری زیـادکردنی دەرماڵـەی پیشـەیی (المخصصـات المهنیـة) بـۆ مامۆستایان.

٣- پرۆژەی بڕیار دەربارەی مووچەی خانەنشینان.

٤- تازە بابەت

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ٣ خاڵە، ١- ناولێنانی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق. ٢- پرۆژەی زیادکردنی دەرماڵەی پیشەیی واتە: "مخصصات مهنية" بۆ مامۆستایان، ٣ بڕیاری دەربارەی مووچەی خانەنشینان و ٤ تازە بابەت، ئەگەر شتی تر هەبێ، وەکو لەدوا کۆبوونەوەشدا دەستنیشان کراوە بۆ دەستەی ئەنجومەنی وەزیران، لە دەستەی سەرۆکایەتی دانیشتنێك کرا لەگەڵ برایانی فراکسیۆنەکان، وتووێژێکمان لەبارەی ئەم بابەتەوە کردو بڕیاردرا بەم شێوەیە ناو لە بەڕێز عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی بنرێ بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەم پێشنیارە عەرزی ئێوەی بەڕێز دەکەین بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ ئەو ناولێنانە پەسەندکراو ئێمە پیرۆزباییان لێ دەکەین بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەبۆنەی تەکلیفکردنی بەڕێزان کاك عەبدوڵڵا و کاك د. رۆژ نوری شاوەیس بۆ ئەم کارەیان، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان بکەن و لە پەرلەمان بیخەنەڕوو، بۆ ئەوەی متمانەی خۆیان پێ بدات. ئەمەش بەپێی برگە (٣،٤)ە لەمادەی ٥٦ لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢. ئێمە لە کاتێکدا بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزباییان لێ دەکەین، بەڵێنی ئەوەش دەدەین ئەوپەڕی پشتگیری و کۆمەکیان بکەین بۆ سەرخستنی کارەکەیان، دیسان ئەوە دووپات دەکەینەوە کە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان پێویستی بەوە هەیە یارمەتی بدرێ بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران کابینەی سێیەمی پێك بێت و پەرلەمان متمانەی خۆی پێ بدات و ئەنجومەنەکە بکەوێتە سەر ئیشوکاری خۆی، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەو بڕواو متمانەیەی کە بە ئێمەتاندا بۆ چەسپاندنی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمەش هەوڵ دەدەین لە ماوەیەکی کورتدا ناوی ئەندامانی کابینەکە بخەینە بەردەمی بەڕێزتان بۆ ئەوەی متمانەیان پێ بدەن، جارێکی تریش سوپاستان دەکەم، سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ١٤ )
# سێشەممە ١٩٩٤/١٢/١٣

كاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٤/١٢/١٣ ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆكی ئەنجومەن و بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە ١٤ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.

**بەرنامەی كار:**

١- خستنەڕووی دەستلەكاركێشانەوەی ئەندامانی ئەنجومەن، بەڕێزان:

ا- ئەحمەد ئەبوبەكر حەسەن بامەڕنی

ب- شێركۆ فایەق عەبدوللا بێكەس

ج- عەبدوللا حاجی ئیبراهیم عەبدوللا

د- ئەرسەلان بایز ئیسماعیل

٢- گفتوگۆ لەسەر هەمواركردنی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان).

٣- گفتوگۆ لەسەر هەمواركردنی مادده ٤٤ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢,

٤- تازە بابەت

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

پێشەكی من گلەییەكم هەیە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی، خۆی ئوسوڵ وایە ئەگەر گفتوگۆ دەكەن، هەقە وەكو ئەندامی پەرلەمان بێنە خوارێ گفتوگۆ بكەن ئەوە یەكەم. دووەم ئەو مەسەلەیە مەسەلەی فراكسیۆن نییە، بەڵكو فراكسۆنی سەوز و زەرد پێكەوە پێشكەشیان كردووە، ئەو مەسەلە خۆتان گفتوگۆی لەسەر دەكەن، ئەگەرنا ئێمە بەلامانەوە هیچ كێشەیەك نییە، تەمەنی زۆر بێت، یا كەم بێت ئەوە ئەو لایەنەی كە وەزیرێك دەستنیشان دەكات بۆ وەزارەت، ئەگەر وەزیرەكە شایستەی ئەو شوێنە نەبێت، خۆی بەرپرس دەبێت، با ئەو مەسەلەیە نەبێتە مەسەلەی فراكسیۆنی سەوز و فراكسیۆنی زەردو نابێت پلەی وەزیریش لەگەڵ شادا بەراورد بكرێت، چونكە "شا"یەتی بەمیرات وەردەگیرێت، نەوەكو بەپێی تەمەن، جا ئەگەر بەراوردی وەزیر بە پلەی شاهی بكەین، پێموایە بەراوردێكی بابەتی نییەو وەكو دەڵێن مەسەلەكەش لە پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئەوە ئێوە ئازادن كە چۆن پێشكەشی دەكەن، بەلاَم بە مەرجێك لەسەری ڕێك بكەون، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

پێشنیاز دەكەم دروستكردنی وەزارەتی كاروباری كۆمەلایەتی دوابخرێت، لەبەرئەوەی ئێمە ئەو وەزارەتەمان سەر لەنوێوە دروست كردووە، بۆ ئەوەی لایەنەكانی تریش بەشداری حكومەت بكەن، ئەگەر بەشداری نەكەن، پێموانییە پێویست بێت ئەو دوو وەزارەتە لێك جیا بكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەکە هاتووەو دراوە بە لیژنەی یاسا، لیژنەی یاساش پرۆژەکەی ئامادە کردووەو ئێستا لەبەر دەستماندایە، بەڵام ئێمە ئەتوانین بەشێوەیەکی تر چارەی بکەین، با بزانین رای ئەندامانی پەرلەمان چییە لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

خاڵی یەکەم خۆتان وتتان ئەمە یەك پرۆژەیە، واتە نابێت سەرلەنوێ لەسەر پرۆژەیەك بڕیار بدریت و ئەو هۆیەی کە بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد پێشکەشیان کرد، دیسانەوە خۆی یەکێکە لەو لادانە گەورانەی کە بەداخەوە لەسەری ئەڕۆین، ئێمە وەزارەتێك دروست دەکەین چونکە پێویستمان بەم وەزارەتە هەیە، واتە نابێت مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، ئەگەر پێویست نییە، ئەوە ئەیگۆڕینو ئەیخەینە سبەینێ، ئەگەر پێویستیشە ئەوە با ئێستا بڕیاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی ئەمە بۆ رازی کردنمانە، ئەگەرنا "١٥" وەزارەت و "٢٠٠" هەزار کارمەندمان ناوێت، واتە خۆتان دەزانن ئێستاکە کوردستان چەندی رزگارکراوەو چەندی لەژێر دەسەڵاتی حکومەت و پەرلەماندایە، لەبەرئەوە بەگوێرەی ئەوە ئێستا هەندێك وەزارەت بەڕێوەبەری گشتیان هەیە، تەنها بۆ رازیکردنە، دەبێت ئێمە بابەتیانە بیر بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە یەك پرۆژەیە وەکو باسمان کرد، یەك مادە ماوە کە تەواو بێت، زۆرجار گلەییمان لێدەکەن، لە راستیدا زۆرجار ئێمە دەنگ لەسەر ماددەیەك دەدەین و پاشان دوای دەخەین بۆ ماوەیەکی تر، جا با بزانین ئەندامانیش چ رایەکیان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیارەکەی خۆیان نەکێشنەوە، ئەوە ئێمە ناچار دەبین کە پێشنیارەکە بخەینە دەنگدانەوە، پاشی ئەوە پێشنیار دەکەین کە ئەم خاڵە دوابخرێ بۆ سبەی، چونکە وەکو پرۆژەیەك ئێمە دەستمان پێکردووەو بەشی یەکەممان تەواو کردووەو ئەندامانی پەرلەمان تێبینیان هەیە لەسەر ئەم بابەتەو ئەڵێن کە پرۆژەیەك دەستمان پێکردو دامان بە دەنگدان، با تەواوی بکەین.

**بەڕێز: عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەوە خۆی پێشنیازێکە ئەڵێن بەشی دووەمی دوابخەن، بەڵام بابەتی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوە بەرنامەی کاری ئەمڕۆتانەو لەسەری بڕۆن و گفتوگۆی لەسەر بکەن، بەڵام دروستکردنی ئەو وەزارەتە، بەڕای من ئەگەر دوای بخەین بۆ چەند رۆژێکی تر هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەبۆچوونی من ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەیەوێت پرۆژەکە نەکرێت، بەناوی ئەوەی کە خاوەنی پرۆژەکەیە، دەتوانێت هەموارێك بخاتە سەر پرۆژەکەی

خۆی، ئێستا دەتوانێت داوا بکات لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە ئەو بابەتەی وەزارەتی کاروباری کۆمەلآیەتی، یان ناوگۆڕینی وەزارەتی تەندروستی لە بنچینەی پرۆژەکە بێتە دەرێ و پێی دەگوترێ هەموارکردنی پرۆژە، بەلآم ئەگەر وەزارەتەکە دروست کاتەوە، واتە دەبێت دیسان بە پرۆژەیەکی دی وەزارەتەکەی دروستی کاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەتوانین دوای بخەین، کەواتە پێشنیار هەیە کە خالّی دووەم و خالّی سێیەم لە پرۆژەکە دوابخەین، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەلّ ئەوەیە کە خالّی دووەم و خالّی سێیەم لەم پرۆژەیەدا (هەلّبگرێت؟ دەست بەرز کرایەوە کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ خالّی (٢ و ٣) لە پرۆژەکە هەلّگیرا، واتە ئەمێنێتەوە تەنها هەلّوەشانەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، کێ قسەی لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟

**بەڕێز: عەبدوللآ رەسولّ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەم پرۆژەیەی کە پێشکەشی پەرلەمان کراوە بۆ ئەوەی کە وەزارەتی "پ.م" هەلّوەشێنرێتەوەو لە هەمان کاتیشدا قسە لەسەر بابەتەکە کراوە کە دەستەیەکی ئەرکان دابنرێت و ئەو دەستەی ئەرکانەش لە شارەزاکانی سەربازین، ئێمەش دەمانەوێت لە میلیشیات رزگارمان بێت، چونکە بوونی وەزارەتی "پ.م" بووە هۆی نەمانی هێزی میلیشیات، هەروەها پاش ئەو بارە ناخۆشەی کە بەسەر میللەتەکەماندا هات و پاش ئەوەی کە قسەیەکی زۆر لەو بابەتە کرا گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە دەستەیەکی ئەرکان دروست بکرێتو جێگای وەزارەتی "پ.م" بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەبوبەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

دیارە هەروەك ئەندامان باسیان کرد ئەو وەزارەتە هەڵوەشاوەتەوە و تەواو بووەو ئێمەش ئاگاداری هیچ نین، بەلاّم ئەوەندە دەڵێم با خەڵك بزانیّ و ئەندامانی پەرلەمانیش بزانن لەکاتی بوونی وەزارەتەکە ئەو کەسانەی کەوا پێشمەرگە بوون و بە کوردایەتییەوە ماندوو بوون، ئەوان پارەیان وەردەگرت و مووچەشیان وەردەگرت، ژیانی ئەوان مسۆگەر کرا بوو و یاساش دەرچوو بوو و هەروەها مووچەش بۆ ئەوانە بڕابووەوە کە شەهیدیان هەیە و بۆ ئەوانەش کە کەم ئەندامن، بەلاّم ئێستا بەوەی کە وەزارەتی "پ.م" هەڵدەوەشێتەوە ئەو پارەو توانایە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێت بە هەردوو حزبەکە، ئەوان لەجیاتی ئەوەی بە پێشمەرگەو خەڵکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی بدەن، بە خەڵکێکی خۆفرۆش و بیّ کەڵکی ناو کۆمەڵی دەدەن، دەبووایە سزای ئەو جۆرە کەسانە بدرایە، نەوەکو لەجێگەی پێشمەرگە کۆنەکان پاداشتیان بدرێتیّ، بەلاّم ئەو خەڵکە خۆفرۆش و خائینانەی کەوا تازە هاتوون بە خۆشەویستی پارە وەرگرتن هاتوون و هەموو پارەکە هەر بەشی ئەوان دەکات، ئەوان هەڵیدەوەشێنن، با هەموو ئەندامانی پەرلەمان و میللەتی کوردیش باش بزانن ئەو دەستەی ئەرکانە جێگەی وەزارەتی "پ.م" ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز: عەبدوڵلاّ ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

با بڕیارێك دەربهێندریّ پێش ئەوەی فراکسیۆن لەسەری ڕێك بکەوێت و لەهەموو جیهانیشدا پیادە کراوە، بۆیە فراکسیۆن دانراوە چونکە نوێنەری حزبەکانە لە پەرلەماندا، مەسەلەکەش، مەسەلەی سۆز نییە، ئەگەر مەسەلەی سۆزیش بێت، ئەوە ئەمە پێشمەرگەمان لە هەموو کەس زیاتر خۆش دەوێت و پێشمان وانییە پێشمەرگە

قارەمانـەکانی کـورد پشـتگوێخراون، ئێسـتاکە بەشـێکیان لێپرسـراون لـە ئاسـایش، بەشـێکیتریان بەڕێوەبـەرن لـە گـومرگ و بەشێکیتریشـیان بەڕێوەبـەری گشـتین لـە وەزارەتدا، بارەکانیش کە هاتنە پێش، بـۆ ئەمـە نـەهاتن کـە تـەقیمی وەزارەتـەکان بکەین و خەتای کێ بوو شەڕ بوو شەڕ نەبوو، شەڕێك بوو لە کوردستان زۆر ماڵوێران بوون هەموومان ئیدانەمان کردو زۆر پێمان ناخۆش بوو، من دەتوانم لێرە بەڕاستی و بەقەناعەتەوە بەرگری لە بەڕێزان مام جەلال و کـاك مەسـعود و مەکتـەبی سیاسـیش بکەم، کە شەڕەکان خەتای ئەوان نەبوو، وەکو ئەوەی کە کاك ئەرسەلان باسی کـرد کـە دەڵێـت: خـەتای مـام جـەلال و کـاك مەسـعود و مەکتـەبی سیاسـی بـووە، مـن پێموانییە ئەوە راست بێت، چونکە شەڕێك بوو رایان کێشاین، خـەڵکێکی نابـەرپرس لـە ناوچـەیەکدا بـەزمی دروسـت کـرد، هـەتا وایلێهـات ئـەو ماڵوێرانییـە بەسـەر میللەتەکەماندا هات، ئەگەرنا کێ حەزدەکات بە ئارەزووی خۆی ئاگر لە مـاڵی خـۆی بەربدات، ئێستاش شوێنەواری شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا ماوەو دەبێت ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان کـە نوێنـەری خـەڵکی کوردسـتانن، بەڕاسـتی دەبـێ لـە سارێژکردنی ئەو برینە کە رۆڵی کاریگەرتان هەبێت، نەك لێرە مەسائیلی سـۆز بـاس بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر مـادە ٥ هەیـە؟ کـێ لەگـەڵ ئەوەدایـە کـە مـادە ٥ وەکـو خـۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە کێ لەدژە؟ کەواتە بەزۆربـەی دەنـگ مـادە ٥ وەکـو خۆی مایەوە.

دێمەوە سەر ئـەوەی ئەمـە گۆڕانکـاری کەوتـە سـەر ئـەو پرۆژەیـەو پێویسـتی بـە داڕشتنەوەیەکی نوێ هەیە، ئەگەر ئیجازەمان بدەن، دەیدەین بە لیژنەی یاسا بۆمان دابڕێژنەوە، چـونکە دەنگی لەسـەر دراوە، جـا ئەگـەر چ تێبینـی لەسـەر مەسـەلەی داڕشتنەوەکە هەیە، فەرموون.

**بەڕێز: عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەگەر ئێمە تەماشای مادەکانی یاسای ژمارە ٣ بکەین دەبینین ئەنجومەنی خوێندنی بالآیان تێدایەو لەو دەستانەیە کە پەیوەندییان بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، با دەستەی ئەرکانیش بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ببەستێرتەوە و ئەمەش بخرێتە ناو پرۆژەکەوە، چونکە ئێمە کە دەستەیەك دادەمەزرێنین، دەبێت دیسان یاسایەکی بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چیان هەیە بەرامبەر ئەو پێشنیارە با بفەرموون.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ٢١ )
# پێنجشەممە ١٩٩٤/١٢/٢٢

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢٢ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە ٢١ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

١- بڕوادان بە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢- تازە بابەت

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو برادەرانەی کە قسەیان لەم بابەتەدا کرد، ئێستاش قسە بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە.

**بەڕێز: عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی/ سەرۆك وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

بەڕاستی بەڕای من ئەمڕۆ رۆژێکی زۆر مێژووییە لە هەمان کاتدا رۆژێکی خەتەرناکە لە مێژووی گەلەکەماندا، لەبەرئەوەی مرۆڤ دەبێت بە ویژدانەوە قسە بکاتو راستییەکان بخاتەڕوو، هەم لەبۆ کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان و هەم لەبۆ ئێوەی بەڕێز، کە نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستانن، دیارە ئەو شەڕانەی کە لە مانگی پێنجەوە روویان داوە شەڕی زۆ ناخۆش بوون، کە دروستیش بوو، پێموایە ئەو سەردەمە بە ئارەزوو و خواستی هیچ لایەك نەبوو، بەلآم شەڕەکە پەرەی سەند چەند مانگێکی خایاند کە بووە مایەی ئەوەی ژمارەیەکی یەکجار لە رۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان شەهید ببن و ببنە قوربانی سووتەمەنی ئەو شەڕەو هەروەها هەموو داهات و سەروەت و سامانی میللەتەکەشمان بەفیڕۆ بڕوات لە ماوەی "٦" مانگ زیاتر لەپێناوی ئەو شەڕە خۆکوژییەدا ئەوەبوو بە پیلانی هەموو لایەك و بەتایبەتی حکومەت و پەرلەمان و (I.N.C) و خێرخوازانی گەلەکەمان و پیاوماقولآن و لیژنەی ئاشتی و برایانی لێپرسراوی زانکۆو راگری کۆلیژەکان و یەکێتی زانایان و عەشیرەتەکان و هەموو دڵسۆزەکانی میللەتەکەمان شەڕەکە کوژایەوە، لەو هۆڵەدا چەندین کۆبوونەوە کرا لەلایەن سەرکردایەتی هەردوولاوە بە ئامادەبوونی بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود و چەندین رێکەوتننامە کراو، هەروەها لیژنەیەکی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی هەردوولا چوونە پاریس و بڕیاریش بوو ئەو پرۆتۆکۆلەی لەسەری رێك دەکەون، بەئامادەیی سەرۆك میتران ئیمزا بکرێت لە پاریس، بەلآم بەداخەوە ئەوەش کۆسپی خرایەپێش و سەرکەوتوو نەبووین کە ئەمە شتێکی زۆر گەورەبوو بە ئامادەبوونی سەرۆك میتران کۆنگرەی رۆژنامەگەری بگیرێ، رێکەوتنی دوولایەنی کوردی ئەوە خۆی لە خۆیدا دان پێداهێنانێك بوو بۆ تاقیکردنەوەی ئێمەو سەروەرییەکیش بوو بۆ میللەتەکەمان و بۆ رێزی پێشەوەش

لەبۆ بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود. ئینجا من نامەوێ لێرە بچمە ناو درێژەی بابەتەکەوە، کێ بەرپرسەو کێ بەرپرس نییە، ئەوە نەکرا دوایی لێرە ڕێکەوتننامە کران خەڵك زۆر زۆر پێی خۆش بوو چەندین ڕێکەوتننامە کران و ڕێکەوتننامەی ستراتیجی هەتا ساڵی دوو هەزار لێرە هەموو پیرۆزباییان لێ کراو خۆشمان گەیشتینە ئەو باوەڕەی خوا حەز بکات کە هەتاکو ماوەیەکی دوور گرفت دروست نابێتەوە، با هەتا وەکو ئەو ڕۆژەی میللەتەکەمان لە مەترسی دەچێتە دەرێ و ئەو تاقیکردنەوەیە بەدوا قۆناغی خۆی دەگات، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕێکەوتننامانەی کە کران وەکو پێویست جێبەجێ نەکران و هەر دیارە لە سەرەتاوە ڕێکەوتننامەکە لەبۆ چاوبەستەکێی خەڵکی کوردستان بووە، ئەگەرنا، لەسەری ڕێکەوتنو پێویستە هەموو لایەك لەسەر ئەو ڕێکەوتننامەیە بڕۆین و ئەوجا لە داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ چ لە جێبەجێکردنی یاسا بێت و چ لە ئازادی و دیموکراتی بێت لەسەرانسەری کوردستانداو لێرەش ئەمن چەندین جار داوام کرد، لەبەرئەوەم نەبوو کە خۆمان بە لاواز بزانین، چ منیش چ کاک جەوهەر دووبارە لەسەر ئەو بنەڕەتەش ئێمەیان هەڵبژاردووە، بەڵام داوام کردووە بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود یەکێکیان ببنە سەرۆکی پەرلەمان و یەکیان سەرۆکی حکومەت لەبۆ ئەوەی کەبێنە ناو شەرعیەت لە دەرەوەی شەرعیەت چ نەمێنێ، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕێککەوتننامانە جێبەجێ نەکران و تەقەلای زۆریشمان دا کە ڕێکەوتننامەکان جێبەجێ بکرێن، ئەمن لێتان ناشارمەوە لەگەڵ کاك د. ڕۆژدا چووین بۆ خزمەت بەڕێز کاك مەسعود لەوێندەرێ بینیمان و کۆبوونەوەمان کرد، دواجار هاتینەوە هیچ شتێکمان باس نەکرد و ئێستاش هەر نامەوێ باسی بکەم، چونکە ئومێدم زۆرە پەنا بەخوا چارەسەر ببێ و لێرە کاك جەوهەر و کاك فازڵ چوون و قسە کرا کە چارەسەر ببێ، بەڵام بەداخەوە ڕووداوێکی بچووك لە شارەکە نزیکی بەڕێز کاك مەسعود یانی نزیکی پایتەختی هەرێمی کوردستان لە شەقلاوە دروست دەبێت چوار ڕۆژ ناکوژێتەوە شەڕەکەش لەسەر کێیە؟ حەزدەکەم لەبەرئەوە زۆر بەرگری بکەم

شەڕەکە لەسەر حکومەتە، قایمقام "٨-٩" پۆلیسی لەگەڵە، بەڕێوەبەری پۆلیسە "٨-٩" کەسی لەگەڵە، معاونی ئاسایشە بەرپرسی کۆمیتەیە هەموو هێزەکانی کە لەوێندەرێن بڵێین لەسەر لیستی سەوز حیسابن لە "٦٠" کەس تێپەڕ ناکات، هەزار کەسی لێ کۆبێتەوە ئەوە زۆر کارەکی ناخۆشە، من ئەو قسانەی کە کردیش..... بە تەلەفۆن بە بەڕێز کاك مەسعودیشم گوتیە لە دوێنێکەوە چەندین جار پەیوەندیم کردووە، یانی .... ئەوە مانای وایە ڕێز لە یەکتر نەگرین، ڕێز لە یاسای خۆمان نەگرین، ڕێز لە رای یەکتری نەگرین.... ئەویش مەسەلەی ئەوەبوو کە میوانەکانی مام جەلال نەگەڕانەوە تالآن کران، دەربەدەر کران، ژن ..... منداڵیان خرانە دەرەوەی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە زۆر مەمنوون دەبین... ئێستاش لێرەوە داوا لە خەڵك دەکەین بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناوی هەموو .......... کوردانەی کە لەژێر دەسەلآتی رژێمن لە شارەکاندا ئێستا بارودۆخیان خراپە بگەڕێنەوە کوردستان.... کوردستان موڵکی هەموو کوردێکە خۆ ئێمە پێشمەرگەین خەباتمان نەکردووە تەنیا لەبۆ..... کەسانەی پێشمەرگە بووینە، خۆشتان دەبینن چەندین خەڵکی تر ئێستا بەرپرسی هەیە ... حکومەتیش و لە پەرلەمان، لەوانەیە حزبایەتیشیان نەکردووە تەنیا لەبۆ ئەو کەسانەی پێشمەرگە بووینە، بەلآم پیاوی دڵسۆز بوون و کاتی خۆشی کە راپەرین کرا، هەموو خەڵکی کوردستان کردی... راستە هێزی پێشمەرگەو لایەنە سیاسییەکان و بەرەی کوردستانی هەوێنی بوون، بەلآم هەموو خەڵکی کوردستان راپەرینی کرد، لەبەرئەوە کە ئەو خەڵکەش دێنەوە ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەنیمە هەستی هیچ کەسێك بریندار بکەین و دەبێ ئێمەش باوەڕمان بە ئازادی و دیموکراتی هەبێ و دەبێ چۆنمان پێشوەخت پێ خۆشە لەبۆخۆمان، لەبۆ بەرامبەرەکەشمان پێ خۆش بێ، ئا بەو عەقڵیەتە دەتوانین ئیدارەی وەزعی میللەتی خۆمان بکەین و کوردستان بەڕێوە ببەین... میللەتەکەمان ئازاد و سەربەرزبێ و بەو عەقڵیەتە ناتوانین لەهیچ شوێنێك سەیتەرە بکەین... بە خەڵك بڵێین دەبێ هەموو شتێك بەقسەی ئێمە بێ،

چونکە ئەوە سەری نەگرت لەبۆ ستالین..... بۆ بلۆکی رۆژهەلآت لەبۆ ئەو سەدامە زل و زەبەلاحەی کە گەورەترین سوپای هەبوو لەناوچەکە، پێموانییە بۆ کەسی تریش سەربگرێ، ئەوجا باشترین رێگایە کە ئێمە باوەڕمان بە دیموکراتی هەبێ باوەڕمان بەڕای بەرامبەرمان هەبێ و ئێستاکەش من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان. ئێستا ئێمە دەبێ مەسەلەکە ئاگر بڕ بکەین، ناکرێ بچینە درێژەی بابەتەکەوە، فلآن گومرگی نەداوە، فیسار گومرگی نەداوە، دەبێ گومرگ بدرێتەوە... ئەوەی گومرگ نەداتەوە، دەبێ باج بدات لەناو میللەتیش و لەناو خەڵکی دەرەوەش و ... حزبەکانیش ئەو پارەیە نە هی مام جەلالە، نە هی کاك مەسعودە، نە هی کاك جەوهەرە، نە هی کۆسرەتە، هی خەڵکی کوردستانە، بۆچی لەسەر سنوورەکان بوون "١٠" دیناریان نەبوو...کوردستان رزگار نەبوو نەیانتوانی حکومەتیان هەبێ، گومرگیان هەبێ، داهاتیان هەبێ، کوردستانیش هەبوو خەڵکی کوردستان بەشداری کردووە لە راپەڕیناو ئەو راپەڕینەش لەناو میللەتەکەماندا وێنەی نەبووە، ئەوە شتێکی گەورەیە، ئەوجا ئەمن ئێستاکە پێشنیاز دەکەم ئەو بارە چارەسەر بکرێ، ئەوە ئێستاکە من قسەم لەگەڵ برادەران لە مەسیف کردووە، ئەرسەلان و مامۆستا سەعد چوون، بەلآم هەتا ئەم ماوەیەی کە ئەمن هاتیمە ژوورێ، ئەو هەزار کەسە لەسەر ئەو "٦٠" کەسە کۆبوونەوە، هەر شەڕیان لەسەرە، یەکێکیان قایمقامەو، ئەوی تر بەڕێوەبەری پۆلیسەو لەگەڵ معاونی بەڕێوەبەری ئاسایش، ئەوانەش لە شەقلآوەن و خەڵکی شەقلآوەش زۆر جێگەی داخ و شەرمە لەبۆ هەموو کورد لەپێشەوە بۆ کاك مەسعود و مام جەلال ئەمڕۆ خۆپیشاندانیان کردووە، گووتوویانە:"نە یەکێتی نە پارتی، عارەبەکی پێ پەتی" ئەوە بەڕاستی سەرشۆڕیە لەبۆ هەموومان، پێویست نییە یانی خەڵك رامانکێشێ لەبۆ ئەوەی کە ماڵی مام جەلال دەگیرێ ماڵی فلان کەس دەگیرێ، چونکە ماڵی مام جەلال چەندین جار لەپێشمەرگایەتی بردراوە، سووتاوە ئەو کەسەی ماڵی مام جەلال دەگرێ، پێموانییە پێشمەرگە بێت یان ماڵی مام جەلال ئەگە چار حەرەسی لێ بێت

له شەقلاوە چۆل کرابێ ئەوە نابێتە شانازی، ماڵم بڕدرا هەر باسیشم نەکرد، ماڵی سەرۆك وەزیران بوو پێویست بوو پەرلەمان ئیدانەی بکات، دوو یاساوڵی تێدابوو ئەگەر ئەو ماڵانەی کە هێزی زۆریان لێیە با بێن بیانگرن ئەگەر پیاوی ئازانە، بەلام بەڕاستی من نامەوێ زیاتر بچمە ناو درێژەی مەسەلەکە، دەمەوێ لێرەدا ئێمە سنوورێك دابنێین لەبۆ ئەو مەسەلەیەو من پشتگیری ئەوە دەکەم، جارەکەی تریش باسم کرد گلەییم لێتان کرد گوتم دەکرا لە دەشتەوە کۆبوونەوە بکەن، لە هۆڵەکی دی کۆبوونەوە بکەن، لێرە کۆبوونەوە بکەن، کوردستانیش لەگەڵ پەرلەمانەو ئێستاکە دەست بەجێ داوا بکەن بەناوی هەموو پەرلەمانەوە ئەو شەڕەی شەقلاوە رابگیرێ، ئێمە داوامان کردووە شەڕی سەروچاوە راوەستاوە، شەڕیش لە کۆیە هیچ نییە، لە تەق تەق راگیراوە تەنیا شەڕی شەقلاوەیە، بەلام ئەگەر پشیلەیەکی لە جێگەیەك غەدری لێ بکرێ دەبێ بەرگری لەخۆی بکات، ئێستا من دڵنیاتان دەکەمەوە ئەگەر ئەو شەڕە رابگیرێ مەسەلەکان چارەسەر دەبن و منیش پشتگیری ئەو پێشنیارەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی و هەردوو فراکسیۆن دەکەم کە داوایان کردووە و ئەو دوو بەڕێزانە کە ئامادەبن لێرە من لەگەڵ د. ئەحمەد چەلەبی قسەم کردو لەگەڵ برادەرانی تری مەکتەبی سیاسی پارتی قسەم کردو گوتم هەقە بەهەر شێوەیەك بێت لە ماوەی "٤" سەعات هەموو مەرکەزی بڕیار بێ لە پەرلەمان دابنیشێ، چونکە ناکرێ بیروبۆچوونی وابدرێ، من لێتان ناشارمەوە ئەو شەڕە بە دوو سێ هەزار کەس ناکرێ، بە مەفرەزەیەکە فەرماندەی مەفرەزەیەکە فلانە، خەڵك تاوانبار مەکەن، بە بڕیاری مەرکەز هێزی گەورە دەجووڵێ و ئێستاکە من لەبۆ ئەوەی کە دەمەوێ ئاگرەکە بکوژێتەوە، باسی ناکەم، ئەگەرنا بەڵگەش هەیە بەبڕیاری رەسمی ئەو شەڕانە دەکرێتەوە، ئەوجا هیوادارم پەرلەمانی کوردستان ئەوجارە هەڵوێستی هەبێت، ئەگەرنا میللەتەکەشمان تێ دەچێت "غالب و مەغلوب" لەو شەڕەشدا نییە، ئەگەر ئێمە کیانێکمان هەبووبا و کیانەکەمان لە مەترسی نەبایە، مرۆڤ گوێی پێ نەدەدا، بەلام ئێمە کیانمان نییە وەختمان لەبەردەم نییە

بارودۆخەکە لە بەرژەوەندیمان نییە و لە دەرەوەش داوامان لێ دەکەن، بەرەسمی داوایان لەهەردووکیان کردووە، لەکاك مەسعود و مام جەلال و پێیان گوتوونە ئەگەر بێتوو ئەو شەڕانە رانەگرن ئەوە بەراستی چیتر هاوکاریتان ناکەین، ئیدانەی ئەو شەڕە دەکەین و لەلانی زۆر بالآشەوە پێیان گوتووین، ئەوجا حەقە بەگوێی ئەوان بکەن، هەم بەگوێی پەرلەمان بکەن و من لێرەش داوا دەکەمەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەکان چارەسەر بکەین، دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی بکرێ، بۆ نموونە برا تورکمانەکان و برا ئاشوورییەکان، هەندێ گیروگرفت هەبوو هی ئەوان چارەسەر کرا، ئێستا حکومەت لیستێکی ناردووە بۆ پەرلەمان تەنیا ماوە رابگەیەندرێ، بەلآم لێتان ناشارمەوە کە بە حکومەتیش ناکرێ تەنها بەدەست بەتاڵی حکومەت ناکرێ، تەنها لە بینایەی ئەنجومەنی وەزیران دەسەلآتی هەبێت دەبێ حکومەت هەموو لایەك دانپێدانی پێ بکەن و بەرگری لێ بکەن، بەرگری لە یاسا بکرێ و کەس نەتوانێ سەرپێچی یاسا بکات، ئێمە داواکارین لەبۆ حکومەت، بەلآم جارێکی ترش داوا دەکەم بەرژەوەندی کورد ئەوە دەخوازێ ئەو دوو برادەرە بێنە حکومەت و پەرلەمان، چونکە بەو رێگایە ناکرێ مەرکەزی بنەڕەتی لە دەرەوەی شەرعیەت بێ، سوپاس.

## بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (٢٠١١ – ٢٠١٢)

| ز | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگــەی میــدیا لەهەڵبــژاردنی ســەرۆکایەتی ئەمریکادا، ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری، فاکتەرو گرفتــەکانی دیموکراســی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیســلامو مۆدێرنــە، ئیســلام لەبــەردەم ئەگــەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | نوسینی.<br>محمد ڕەزا شالگونی<br>وەرگێڕانی.<br>عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روســیای قەیســەری بەرامبــەر بــەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطــات، اثــرت في حيــاة الكــورد وحركــاتهم القومية | عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی<br>فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | نوسینی.<br>مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو<br>هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٧ | سيكۆلاريزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عێراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاین‌و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثـورة كوردسـتان ومـتغيرات العصـر (الطبعـة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | نوسینی.<br>د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پـۆلێنکردنی هەڵوێسـتەکان پـێش پرۆسـەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە<br>عوسـمان حەمـە رەشـید گورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تێڕوانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوللا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێکۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوێ ناڤخۆ پەسەندکریێ سێیەمین کۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی ڕێکخستنی دهۆك بەشی روناکبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحي في كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکاو جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا<br>(روسی — کوردی) | ئامادەکردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٦ | كوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد كوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | کورد لەسوریاو ئازەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. ئامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان<br>و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ<br>لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم<br>فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مبادىء العدالة | محمد رشيد حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتن لەگەڵ<br>هەڤاڵ مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية بدءً من جنوبها | المحامي:<br>شيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە:<br>غسان نعسان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵبژاردم | ئیسماعیل عوسمان و ماتیاس شیلین و حەکیم کاکە وەیس | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئاینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دیموکراسیو دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو لەروانگەی مەلا بەختیارەوە | سردار عبدالكريم مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٤٤ | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنەتەدا، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤١) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٤٤٥ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینیو دیاردەی فرە نەتەوەیی، ز. هۆشیاری، ژمارە (٤٢) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٤٦ | مێژوی نەوتی کەرکوك | فەرهاد حەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٤٧ | باشوری سودان، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤٣) | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٨ | الديمقراطية دراسة فكرية سياسية، ز. هۆشیاری، ژ(٤٤) | عبدالرحمن كريم درويش | ٢٠١٢ |
| ٤٤٩ | الاكراد والديمقراطية والاندماج، ز. هۆشیاری، ژ(٤٥) | فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٠ | زمانی کوردی لەدەستورەکانی عیراقدا، ز. هۆشیاری، ژ(٤٦) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥١ | رۆڵی ژنان لەپەرەپێدانی کاری ڕێکخراوەییدا (ی. ن. ك) وەك نمونە. ز. هۆشیاری، ژ(٤٧) | جەمیلە شێخ مەحمود<br>شلێر رەشید<br>نیگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٢ | ئارامو رۆڵی لەبزووتنەوەی سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٣ | چەپکە گوڵ: قەفتەیەك ژ سەروەریو هەڵوستێن ئێکەتی نیشتمانی کوردستان، زنجیرە هۆشیاری، ژ. (٤٩) | قادر حەسەن عیدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤٥٤ | توماس هوبزو فلسفته السياسية | احسان عبدالهادی النائب | ٢٠١٢ |
| ٤٥٥ | حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان | محمد فاتیح | ٢٠١٢ |
| ٤٥٦ | المركز القانوني للمواطن وضماناته | دریڤان عبدالقادر بكر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٧ | ئەمنی ستراتیجی عیراقو سێ کوچکەی بەعسیان | ئەمین قادر مینە | ٢٠١٢ |
| ٤٥٨ | پرۆیسترۆیکا بن لادنو مۆنیکا | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٥٩ | دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا | دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٠ | دەوڵەتی عوسمانیو عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشور | خالد محمود كريم | ٢٠١٢ |
| ٤٦١ | دۆزی کورد لەبەردەم رای گشتی عەرەبدا (کۆمەڵە وتار)، ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە (٤) | وەرگێرانی:<br>رەسوڵ ئیبراهیم | ٢٠١٢ |
| ٤٦٢ | فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا | د. حەمید عەزیز | ٢٠١٢ |
| ٤٦٣ | الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة الجماعية في كردستان | نجم الدين فقي عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٦٤ | رۆژانی پێشمەرگایەتی | دارا محمد یاسین | ٢٠١٢ |
| ٤٦٥ | ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٦ | الدور الأمريكي في بناء الشعوب من المانيا إلى العراق | نظيرة اسماعيل ياري | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٦٧ | دەربـــارەی شـــێوەی ئاســـیایی بەرهـــەم هێنـــان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٨ | دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت | عابد خالید رەسوڵ | ٢٠١٢ |
| ٤٦٩ | کەلتور (ژمارە ٦) | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٠ | دپلۆمات‌و دیپلۆماسی | بەهرۆز گەلاڵی | ٢٠١٢ |
| ٤٧١ | الدعائم الأساسـية للدولـة الفدراليـة، ناميلکـەی هۆشیاری، ژ(٥٠) | د. شۆڕش حسن عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٧٢ | رۆڵی (ی. ن. ك) لەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگـەی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥١) | ئەنوەر حسین | ٢٠١٢ |
| ٤٧٣ | دەروازەیـــەك بـــۆ ئاسایشـــی نیشـــتمانی هـــەرێمی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥٢) | قادر حەمەجان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٤ | النظم الأنتخابية ونظام انتخاب مجلس المحافظـات العـراق واقلـيم كردسـتان، ناميلکـەی هۆشـیاری، ژ(٥٣) | د. دەرباز محمد | ٢٠١٢ |
| ٤٧٥ | ئیدارەی کوردی‌و ئۆپۆزسیۆن، نامیلکەی هۆشیاری (٥٤) | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٦ | المصالحة الوطنية بين التحدي والتحقيق، نامیلکەی هۆشیاری(٥٥) | د. اسماعيل نامق | ٢٠١٢ |
| ٤٧٧ | الطالبـــاني وجـــائزة نوبـــل للســـلام، ناميلكـــەی هۆشیاری (٥٦) | يوناتا ديوخ موسى | ٢٠١٢ |
| ٤٧٨ | بەتایبەتیکردن وەك میتۆدێکی ریفۆرمی ئـابوری، نامیلکەی هۆشیاری (٥٧) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٧٩ | ئیســـلام‌و مۆدێرنێتـــەی سیاســـی، نامیلکـــەی هۆشیاری(٥٨) | مۆریس باریيه | ٢٠١٢ |
| ٤٨٠ | (ی. ن. ك) پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیموکرات، نامیلکەی هۆشیاری (٥٩) | نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٨١ | ملحوظات عامة ودروس مستنبطة من معارك الشمال في عام ١٩٦٤ | مديرية للتدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية | ٢٠١٢ |
| ٤٨٢ | بازرگانی چەك لەجیهاندا | نجم الدين فقى عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٨٣ | دستور جمهورية العراق | دلاور عثمان مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٨٤ | التعددية السياسية واثرها على السلطة التشريعية | محمد صابر كريم | ٢٠١٢ |
| ٤٨٥ | بنەماكانی زانستە سیاسیەكان | ن: د. عەبدولڕەحمان عالم<br>و: دلاوەر عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٨٦ | قەیرانی قەرزە سیادیەكانی ناوچەی یۆرۆ | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٨٧ | گەندەڵی (هۆكار، كاریگەری، بەرەنگاربوونەوە) | حامد حاجی قادر | ٢٠١٢ |
| ٤٨٨ | الفساد والاصلاح | عماد صلاح عبدالرزاق | ٢٠١٢ |
| ٤٨٩ | ئەو پرۆژانەی كە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەساڵی ١٩٨٤ دا پێشكەشی حكومەتی عێراقی كردووە. | | ٢٠١٢ |

چاپ: چاپخانەی حەمدی